# دابڕان له حیزب وله تکردنی کۆمه ڵگا

## له پێناوی چیدا ؟!

.....................

**ڕووداوێکی دلتەزێن !**

**نووسراوێکی هەمە لایەنەی ڕووناکبیرانی کۆمەڵگا .**

**بۆلەبەر چاو گرتنی یاساو ڕێسای سیاسی و کۆمەڵایەتی .**

**بۆ زانیاری لاوان**

**ڕەشەممەی ١٣٨٥ هەتاوی**

**مارسی ٢٠٠٧ ی زاینی**

**نووسین و کۆکردنەوەی** سعید کاوە ( کوێستانی)

سەردێڕی ناوەرۆکی مەقالەکان بەکورتی .


چەند وشەیەکی کورت ........................................................... ٣
بەیاننامەی جیاخوازانو ح د ک ا ............................................... ٥٤
وەبەر چاو نەگرتنی دێموکرِ ............................................................ ٥٩
شیکردنەوەیەک ................................................................................ ٦١
دەسەڵات لە لووتکەوە بۆ لێژ............................................................. ٦٢
کێ خاوەنی .... ح د ک ا ............................................................ ٨٣
وتوو وێژی دارا ناتق ......................................................................... ٩١
ئینشعابەکان............................................................................................... ٩٥
پەیامی مستەفا هیجر............................................................................ ١٠٢
پەیام و کۆبوونەوە................................................................................... ١٠٨
بەیانی کۆمیتەکان بەیاننامەی کۆمیتەی سوئێد ......................... ١١٦
شێوە ڕەفتاری هەرەشە................................................................................ ١٢٥
مێژوویەکی کورت ............................................................................ ١٢٧
چەند پەیڤێک لەگەل رفۆرخواز ........................................................... ١٥١
دوکتور سادق ..................................................................................... ١٥٥
نیگاتیڤ و پۆزیتیڤ ................................................................................ ١٦٠
رفورم و شەمزین ................................................................................. ١٧٥
سکرتاریا و بەیان ................................................................................. ١٨٧
کێ دژایەتی دەکات ؟؟ .................................................................... ١٨٨
،مەلا عەولا بەشلوی کردنی ئاوی پاک..................................... ٢٠٩
گەڕانەوە ؟!............................................................................................ ٢١٠
هاوپەیمانی ....................................................................................... ٢١٢
چێشتی مجێور ................................................................................. ٢٢٠
روونکردنەوێ ................................................................................... ٢٢٥
سادیسمی سیاسی ........................................................................... ٢٢٧
کۆتایی ........................................................ ٢٤٥

# چەند وشەیەکی کورت !
## لە بارەی دابڕان لە حیزبو لەتکردنی کۆمەڵگا

زۆرجاران مرۆڤ بە هاتنە پێشی راداوێکی ناسروشت ئالوو گۆڕێکی قووڵیی بەسەر دا دێت ویژدانی هانی دەدا لەکۆنە هاوڕێی خۆی وەدەنگ بێت و توانای ئەوەی نە بێ چاوی لەو کردەوانەی بە دڵی نییە یان بە زیان بەخشیان دەزانێ بپۆشێت . هەر بۆیەشبوو، ڕووداوێکی نابەجێو بێوەخت و دوور لە بیرو هرزی سەردەم منی هاندا بە پێی ئەزموون و بیرو بۆچوونی خۆم و بە پشتیوانی هێندێك نووسراوەی کە دڵسۆزان و ڕووناکبیران کە لەو بارەوە نووسیویانەو ڕۆژانە لە سەر سایتەکانیان داناوە، گوڵبژێر بکەم .

هەروەها بە ئەرکی خۆم زانی ئەو بەشەی کە پێموایە لە گەڵ مێژووی سەردەم و خواستی ڕووناکبیرانی کۆمەڵگای ئەو ڕۆی کوردەواری دێتەوەو لە گەڵ یاساو پرنسیپی کۆنگرەیەکی بەرینی حیزبیدا دەنگی بۆ دراوەو لەگەڵ فەرهەنگ و کەلتوورو یاسای جێکەوتووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دژایەتی نییەو دێتەوە، یان بە پێچەوانە دەگەڵ یاساو دێموکڕاسی بەتایبەتی پێڕەوی ناوخۆی حیزبیدا نایەتەوە، کۆ کراونەتەوەو لە نێو نووسراوێکی زۆردا هەڵبژێردراون. ڕەنگبێ کەسانێك بە لایەنگری کردنی شەخسی لێکدەنەوە ، بەڵام سەرە ڕای ئەوەی بیرو باوەڕ ئازادەو هەر وەك ئەز تەحەملی بێرو ڕاو هەڵس و کەوتی بەرانبەرم دەکەم ، ئەوانیش پێویستە لەگەڵ بیرو ڕای کەسانی تر بسازێن بۆ ئەوەی فێری دێموکڕاسی بین .

ئەگەر بیروڕای بەرانبەر تحمول بکرێ ، ئەوکات پێش بە بیرو بڕوای هیچ کەس و هیچ خاوەن نووسراوەو خاوەن

ڕوانگەیەك ناگیرێ . هەموو کەس دەزانی کە مرۆڤی سیاسی و ڕووناکبیر ناتوانێ بێلایەن بێت. بەتایبەتی ئەگەر کێشە, کێشەی سیاسی بێو، خاوەن نووسراوەیش بۆخۆی لە نێوکێشە سیاسییەکە دابێت .

کاتێك کێشەیەکی سیاسی ڕوو دەدات ، بڕوا ناکەم کەسێکی کە بە وشەی دێموکڕاسی ڕاهاتبێ و تەکیە کەلامی ئازادی بێت و کاری دێموکڕاتیك بکات ، لە ڕۆژێکی وەك ئەوڕۆ دا بتوانێ چاوپۆشی لە شتێك بکات کە بڕوای پێیەتی.

ئەوەندەی ئاگادار بم و بزانم ، هیچ کەس بەقەرا ڕێبەرانی بەرپرسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، وشەی دێموکڕاسی بەکار ناهێنێت، تەنانەت پتر لە پەنجاساڵە بە وشەی خودموختاریو دێموکڕاسی خوویان گرتووەو شەوو ڕۆژ بە قەڵەم و بە زمان گوتوویانە و لە گوێیاندا دەزرینگێتەوە. بەڵام داخوا کێیە بڕوای پێیەتی؟ یان کێ بۆ بەرژەوەندی کاتی بۆ تاکتیکی خۆی بەکاری دێنێ؟ ئەوەش ڕۆژی خۆی دەردەکەوێ و لە نامێکەی بەردەستیشتاندا ئامازێك کراوە .

ئەگەر هاتوو بەرپرسی ئۆرگانێك تووشی هەڵە و لادانی خەتی دیاریکراوی یاسایی بوو ، مەگەر ئەندامێکی بێ باوەری حیزبی بێ، دەنا ناتوانێ لەحاستی پێشێلکاری و لە ژێر پێ نانی یاساو بڕیاری کۆنگرەدا بێلایەن بێت .

مرۆڤێکی سیاسی کە بڕوای بە پرنسیپ و چۆنیەتی یاساو کەلتووری کۆمەلگا و دێموکڕاسی و تەئیدکراوەکانی کۆنگرە و ئەو قەرارداده سیاسیانەی کە لە گەڵ هاوڕێیانی خۆی لە کۆنگرەی ڕەسمی حیزبێدا بە نێوی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆیی دەنگی پێدرابێ، ئەگەر هاتوو بە هێندی نەگرت و پێشێلی کرد، ئەندامی ئەو حیزبە بە گشتی و کادری سیاسی و نیزامی بە تایبەتی، ناکرێ و نابێ بێدەنگ دانیشێ ، بەڵکوو دەبێ ڕەخنە بگرێ و هەڵوێستی سیاسی

خۆی بنوێنێ . کەسانێکی خەتی سووری دیاریکراو لە ڕووی زانیاریەوە دەبەزێنن و بە زانیاریەوە یاساکان پێشێل دەکەنو گوێ نادەنە ئوسول و ڕوانگەی ئەندامانی حیزبی و بێدەنگی بە سوودو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەزانن، ئەوانە بە تەماشاچی دەژمێرێن !

چۆن دەبێ ئەندامی حیزب لە ڕوودانی ڕووداوێکی مێژوویی دا خۆی لە ڕێگای ئوسوڵی و یاسای حیزبەکەیدا هەتڵە بکات و بڕوای بەو کەسانە بێت کە بۆ پلە و مەقامی شەخسی، ڕیزەکانی تەشکیلاتی بەجێ دێڵن و برا لە براو، هاوڕێ لە هاوڕێی و هاوسەنگەری دڕدۆنگ دەکەن !؟ ئەو کەسانەی کە خۆیان بەسیاسی دەزانن و بە ئاشکرا دەستی تێکدەری و شێواندنیان هەیە، چۆن دەبێ پێیان وابێ بۆ میللەت هەوڵدەدەن؟ بۆ دەبێ بڕوای سیاسی بەکەسانی ئاوا بکرێت ؟ چۆن دەبێ ئێمە نەزانین کەسانی ئاوای کورسی خوازی کە بێ پەڕوا لە سێمی ئاخر دەدەن و بە خۆ جیا کردنەوە و بوختان هەڵبەستن و درۆ و دەلەسە و فریودان سنوورەکان دەبەزێنن و تەفرەقە پێك دینن نەناسرێن ؟!

ئەگەر بە وردی گوێ لە وتوو وێژەکان بگرین و ڕۆژنامە و گۆڤارو نووسراوەی سەرسایتەکان بخوێنینەوە، بەڵگە هاشاهەڵنەگرەکان بۆمان ئاشکرا دەکەن کە چۆن کردەوەی دوور لە ئوسوڵ و یاساکان بۆفریودان پێشانی خەڵکی ساویلکە و هاوڕێی خۆیان دەدەن، واتە: لێدەدەن و هاوار دەکەن . بەڵام خودا شوکر دنیای نەزانی و نەخوێندەواری وەك پێشوو نەماوەو ئێستا شەست، حەفتا لە سەتی کورد خویندەوارو تێگەیشتوون و ڕاستی و دروستی و پێچەوانەکان لێك دەکەنەوە . ئەو دەرسەتەی دەمێنێ ئەوانیش ڕۆژێك

وەخۆ دێنەوە کە بزانن یاساشکاندن چەندە گەل دواخەر و ناکۆکی پێك هێنەرەو چ زیانێکمان وێکەوتووە ؟!

بە کورتی بۆ مێژوو بەو کارە هەستاوم و ئەو بیرو ڕایانەم کۆ کردۆتەوەو دەزانم بە زیانی هاوڕێیانی پێشووی خۆم واتە برایانی کەمایەتی تەواو دەبێ و دڵیشیان لێم دێشێ. بە ڕاستی لە دڵەوە پێم ناخۆشە ئەو کارە دەکەم ، چونکە عومرێکە پێکەوە هاوکارو ئەندامی حیزبو تەشکیلاتێك بووینە و دەیان ساردی و گەرمی دەردەسەری و برسیەتی و توونیەتیمان پێکەوە چێژتووە، بەڵام ئایا داخوا دەکرێ ئەندامێکی حیزبی لە ئاستی بێعەدالەتیو کەڵەوە کێشیو پێشێلکردنی یاساو پرنسیپ و بڕیارە پەسندکراوەکانی کۆنگرەدا بێدەنگ دانیشمو هەڵوێست نەگرم . هاوڕێیانێك کە لەو کاتە هەستیارەدا ئەو هەڕەکەتە ناحەزو ناشیرنە دەکەن باش دەزانن کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران وەك حیزبێکی سیاسی ڕۆژهەڵات ئەوڕۆ لە مەیدانی تاقیکردنەوەیەکی نێونەتەوەیی دایە و لەوەتا کورد هەیە هەلوومەرجی ئاوای بۆ پێك نەهاتووە . ئەوڕۆ کورد لە کاتێکدایە کە چرای سەوزی بۆ لێداوەو هەرووەهاچرای سووری خەتەرناك بۆ ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران .

هیچ ڕوح لەبەرێك کە لە سیاسەت بزانێ لەو ڕۆژەدا ئەو کارە ناکات و دەزانێ لەت کردنی حزبی دێموکڕات، لەو ڕۆژەدا باری سیاسی دەگۆڕێو زیانێکی گەورە بە یەکێتی کۆمەڵگاو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دەگەیەنێ. ڕاستە بە بڵاوکردنەوەی کتێبێکی ئاوا، ئەو زیان و زەرەرەی وەکوردو کومەڵگا دەکەوێت قەرەبوو ناکرێتەوەو ئەوانەی دەستیان داوەتە ئەو کارە ناڕەوایە ناگەڕێنەوە، بەڵام لانیکەم ئەو کارەو ئەو نوسراوە ئەگەر ڕستەیەکیش بێت بۆ

لاوانی سەردەم ، وریا کردنەوەو خۆ پاراستنە لەو هەڵە مێژووییەی کە ئوسوڵ و یاساکانی خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکرات پێشێلکراوو وەخۆ دێنەوە. هەروەها وێڕای پڕکردنەوەی کەلێنێکی مێژووی حیزبی دێموکرات ، دەکرێ برە ئەزموونێك بێت لە کاری هەڵەی زیاندەر بۆنەسلی داهاتوو، و بیرەوەریش بێت لەداهاتوودا بەخاتر پلەو مەقام هەنگاوێکی ئاوا نابەجێ هەڵنەگیرێتەوە .
بەو هیوایە ببێتە ئەزموونێك هەرگیز نەتەوەی کورد بۆ مەقام و پەلەی شەخسی کارەساتی ئاوا ڕەچاو نەکات .

....................................

## هەڵسەنگاندنێك لە ڕوانگەی شەخسیەوە

### لە بارەی فەرهەنگو یاساو پێڕەو، دێموکڕاسی.

زۆر دەبیسم و تاکی کورد پێیوایە لەو سەردەمە نوێیەی ئێستادا ئەگەر ڕووداوە سیاسیەکان نە نووسرێن و زەبت نەکرێن، لەگەل ئەوەیداخۆ دزینەوە لە ڕووداوی مێژووییە ، مێژووی دوارۆژی نەتەوەی کوردیش پڕ دەبێ لەو کەم و کوڕیانەی کە کاتی خۆی خراونەتە پشتگوێ و ئێستا بۆمان قەرەبوو ناکرێنەوە . دیارە دوێنێ لە ئیمکانات و کەرەسەی پێویست بەرخوردار نەبووین، بەڵام ئەگەر ئەورۆ خۆی لێ بدزینەوە و نەیان نووسین ، بێشك وەباڵی داپۆشینی هەڵەکان دەکەوێتە ئەستۆی نەسلی روناکبیری ئەو ڕۆ .
بە پێی زانیاری و ئاگاداریەکی کە لە نیزیکەوە لە گەڵ جۆری خەباتو تێکۆشانو هەڵسو کەوت و چۆنیەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا هەمانە، کەمتازۆر لە باری سیاسەت و تەنانەت کلتوری تایبەتی ئەو حیزبە و لە

چۆنیەتی بەڕێوە بردنی کاری تەشکیلاتی و پیڕەو پڕۆگڕامیشدا لە ماوەی دوورو درێژی ئەو شەست ساڵە دا کەسێك کاری لە نێو دا کردبێ، شارەزایی هەیە.

ئەگەر لەو بارەوە ئەندامێکی سادە نەیزانێ شتێکە ، بەلام ئەگەر کادرێکی دەرەجە دوو ، سێی، تەشکیلاتی و تەبلیغاتی یان نیزامی و کۆمەڵایەتی: بڵێ نازانم ، ڕاست نییەو خۆی لە کوچەی عەلیچەپ داوە، یان هاوڕێ گەرایی‌و خزم خزمێن خراپی بارهێناوەو دەکرێ بڵێین: بە شێوەی گوێ لەمەستی ڕاهاتووە و زوڵمی لە خۆی کردووە کە بەبێ زانیاری خۆی تووشی خەباتی نەتەوایەتی و سیاسەت کردووەو نێوی خۆی ناوە ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی.

ئەوەندەی ئێمە ئەندامانی‌حیزبی دێموکڕات ئاگادارین لە کۆنگرکاندا هێندێك بڕیاراتی دراون‌و بە سەر پڕۆگڕام و پێڕەوی ناوخۆی حیزبدا چوونەتەوەو، هەروەها سیاسەتی نێوان دوو کۆنگرە ڕەخنەی لێگێراوەو هێندێك پێشنیاری نوێ کە بە زۆربەی دەنگ تەئیدو پەسند کراون و سیاسەتی نوێ لەو کۆنگرە بۆ کۆنگرەی داهاتوو داڕژاوەتەوە. هەروەها دەزانین و ئاگادارین کە لە کۆنگرە دا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و جێگیریش بە زۆربەی دەنگی نهێنی هەڵبژێر دراون. بەدوای کۆتایی کۆنگرەدا کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێر دراوی کۆنگرە، بۆخۆیان دەفتەری سیاسیان هەڵبژاردوەو سکرتێریان دیاری کردوە. دیار سکرتێریش جێگری بۆخۆی دەستنشان کردووە.

پاشی ئەو ڕیزە هەڵبژاردن و دیاری کردنە ، دەفتەری سیاسی، بەرپرسی کۆمیسیۆنەکانی دیاری کردووەو هەریەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەرپرسایەتی کۆمیسیۆنێکی وەستۆی خۆی گرتووە و بە گوێرەی تواناو پێویست هەڵی سووڕاندووە . کادری هەرە خوارێ ئەوە دەزانێت .

لەسەرەتای کۆنگرەوە تائەو کۆبوونەوەو دابەش کاریانە ، بێشك‌وگومان هەموولایەك لە هەمووشتێکدا یەکدەنگ نین و زۆرینە و کەمینەی لێدەکەوێتەوەو تەنانەت کەسی تووڕەی حەق بە خۆیشی تێدا دەبێ . بەڵام هەر وەك ئاماژەی پێکرا، هەم بە پێی هەڵبژاردن و زۆربەی دەنگ، هەم بە پێی فەرهەنگ و کلتووری داڕژاوی جێکەوتوو، هەم بەپێی پێڕەو پاراستنی دێموکڕاسی، کەمینە بۆ و هەڵبژاردن و زۆرینەیە رێزی داناوەو پەیرەوی لە یاساو پێڕەوی ناوخۆ کردووە . ئەگەر نەزەرێکی تایبەتی خۆیشی هەبووبێ کاری بۆ کردووەو تا کۆنگرەی داهاتوو وەك ئەندامێکی وەفادار بە بڕیاراتی ئۆرگانی خۆی ددانی بەجەرگی داگرتوەو، یاساو سیاسەت و کارو باری پێسپێردراوی ئۆرگانی بەو پەڕی ئەمانەت و ئیمان بە حیزبەکەی بەڕێوە بردووە.

ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی هەلبژێردراو بە هاوکاری کۆمیسیۆنەکان بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکی دیاری کراو درێژەیان بە خەباتی خۆیان داوەو لە پلینۆمەکانی حیزبدا لەسەر ڕاپەڕاندن و کەم و کووڕی ڕابردوو بۆ داهاتوو، وتوو وێژکراوەو بیرو باوەڕو ڕاوانگەی خۆیان گۆڕیوەتەوە .

مەبەست لەو ئاماژە کورتەی سەروو ئەوەیە، ڕەنگبێ تاڕادەیەك کەسانی ناشارەزای لاوەکی و لایەنگرانم لە چۆنیەتی بەڕیوە بردنی کار و باری تەشکیلاتی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێرانی ڕوونکردبێتەوە .

..........................................

## ئاکامی کۆنگرەی ١٣ بۆ وای لێهات ؟!

تا ئەو کاتەی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو مابوو، ئەو ئەرکو یاساو فەرهەنگە جێکەوتووەی حیزبی دێموکڕات بەڕێوە دەچوو ، هەرکاتێکیش دەفتەری سیاسی هەستی

بەوە کردبێ کەسێك یان کەسانێکی نارازی هەن، ڕێگایان پێ نەدراوە هەڵتۆز هەڵتۆز بکەن.
مەسەلەن بۆ وێنە لە کۆنگرەی شەشدا کادری سیاسی و نیزامی کە بیروڕایان لە گەڵ دروشمی دوا ڕۆژی حیزب ، واتە سوسیالیسمی مەوجود و سوسیالیسمی دێموکڕات، جیاوازی بوو، دوای کۆنگرە لە سەر بڕیاری دەفتەری سیاسی، بە مۆرە بۆرە مەشهوورەکەی کاك حەسەنی رستگار کە بەرپرسی کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب بوو، بۆ هەمیشە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەرکران !
دەرکراوەکانی دوای کۆنگرەی شەش، ئامادە بوون لە سەختتری شوێنی کوردستان کاربکەن و بڕیاراتی پەسند کراوی حیزبی بەڕێوە بەرن، تەنیا بۆئەوەی دەر نەکرێن. بەڵام گوێیان پێ نەدراو بۆ هەمیشە لە حیزب دەرکران . بڵێی کاك حەسەن ڕستگارو کاك مەلاعەبدوڵڵاو کاك جەلیلی گادانیو کاك فەتاحی کاویانو کاك حوسێن مەدەنی ، ئەو ڕاوە کادرەی دوای کۆنگرەی شەشیان لە بیر چووبێتەوە؟ یان ئێستاکە پاش کۆنگرەی ١٣ فەزای ئازادی بیروڕا پێك هاتووە، بۆیە ئەو هەڵڵاو هەنگامەیان پێك هێناوەو مێژووی چەندساڵ لەمەو بەریان فەرامۆش کردوە !؟ بڵێی ئەو کات حەق و حەقانییەتی پەسندکراوی کۆگرەیان قبووڵبووبێ؟ یان ئەو کات پلەو پایەی دەفتەری سیاسی زمانی گرێدابوونو حەزیان لە ڕاوە کادر بوو کە بە زۆر لە باوەشی دوژمنیان باوێن، یان ئاوارەی هەندەرانیان بکەن؟
ئەو پرسیارە دێتە پێش : چۆنبوو کە بۆخۆیان کۆنگرەی ١٣ یان وەك کۆنگرەکانی ڕابردو بەشەرعی زانیو دەنگیاندا و بەپێی سەنەدی مەوجوود پیرۆزباییان پێکترگووت ، بەڵام دوایە پلەو پایە برینی کولاندنەوە بۆیە ئاوایان کرد؟؟!!

ئێستا دەردەکەوێت کە بڕوایان بەکردەوە و گوتەی خۆیان نییە، بۆیە دوو ساڵە خەریکی سرت و خوورتن و لەو لاولاو لەسەر سایتەکان نهێنی حیزب دەدرکێنن و ستۆپیان بە کارو باری حیزب کردووە، ویستیان بە هۆی بەڕێوە نەبردنی سیاسەت و بڕیاراتی حیزب، کۆنگرە بکەنەوە هیچ و لە جیاتی بەرەو پێش بردنی بڕیارە پەسندکراوەکانی کۆنگرە کە بە دەنگی نهێنی خۆیان بریاری لەسەر دراوە، گۆپاڵی لێبەدەستەوە بگرن و دژی یاساو پێڕەوی ناوخۆی حیزب ڕابوەستنو لە ژێر نێوی نە خوازراوی ئۆپۆزیسیۆن دا دەستەبەندی و دوو بەرەکی پێك بێنن و ڕیزی حیزبی تێك بدەن، ئەویش کەنگێ ؟ لەو کاتە ناسکە چاوەڕوان نەکراوەدا کە تێگڕای کۆمەڵگای کوردەواری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاواتیان یەکێتیو برایەتییە .

بەڕاستی مرۆڤ نازانێ بەکام بۆچوون و تێبینی سیاسی ئاوا خەنجەریان لە بڕبڕە پشتی پێشڕەوی گەلی کورد، واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا !؟ سەرڕای وەبەرچاو نەگرتنی خواستی خەڵك و هەلومەرجی بەرچاوی نێو نەتەوەیی، لە ڕۆژی هەوەڵی دوای کۆنگرەی ۱۳ بە ئاشکرا بناغەی کێشە و ناکۆکیان بۆ پێشمەرگە و ئەندام و لایەن گرانی حیزب و کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵات داڕشت !!

بڵێی لە خۆیان بپرسن و بە خۆیان بڵێن: ئێستا کە لە حیزب خوا حافیزیمان کردووە و بەجێمان هێشتووە، حیزب و کۆمیتە ناوەندی و دەفتەری سیاسیو هەروەهاسکرتێرمان بەبێ کۆنگرو هەڵبژاردن، نایاسایی دروست کردووە، با نێویکی لێ نێین بۆ ئەوەی دووبەرەکی و ناکۆکیو دوژایەتی لە نێو ئەندامان و کۆمەڵدا پێك نەیە. ئەوان ئەوە دەزانن خۆ جوێ کردنەوەو نەگۆڕینی نێوی حیزب و نێوی ڕۆژنامەی کوردستان و قەوارەی حیزب، جڵغەگێڕانە بۆ کارەسات .

مرۆڤی سیاسی باش دەزانێ ئەگەر لە وڵاتێکی یاسایی وەك ئوروپا، کەسێك ئەو کارە بکات جێگای زێندان دەبێ .
نازانم کاك مەلا عەبدوڵڵا بۆ لە بیری چۆتەوە کە پاش جویێ بوونەوەی کۆنگرەی هەشت، نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چۆن ببوو بە خوێنی سیاوەش و شەش حەوت کادرو پێشمەرگە بە ناحەق کرانە قوربانی و بەرژەوەندی دەمارگرژی؟ ئەدی بۆ ئێستا ئەو هەڵە مێژوویە خوێناویە دووپات دەکەنەوە، ئەزموونی لێوەرناگرن ؟ ؟ !
پێیان وایە مێژووی بەخوێن دووپات کردنەوە هونەرە؟؟
کەی بیری لێدەکەنەوە بزانن داخوا لە خۆیان بەولاوە لە کەسانێکی دیکەی سیاسی دەوەشێتەوە؟!
بۆ لە ڕوانگەی ئێوە پێشنیار خەڵك نرخ و بایی نەماوە؟!
سیاسەت و حیزبایەتی کردنی ئاوا بێجگە لەوەی کە بە ملهووڕی دەژمێردرێت، دەبێتە دەرسێکی بەد ئاموزیش بۆ نەوەی داهاتتو، هیچ سوودێکیشی تێدا نییە ؟

.........................................................................

## بەڵگەی لەتکردن .

بەچاوپۆشی لە کۆمەڵگای خۆمان، لانیکەم ئەندام و لایەن گرو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەزانن کە لە نێو ڕیزی تەشکێلاتی حیزبی دێموکراتدا ناکۆکی و دوو بەرەکی و کێشەی غەیرە سیاسی هەیەو هەر پێشنیارو داواو پاڕانەوەیەك بۆکۆتایی هێنان بە وردە حیساب و پلە و پایە لە ئێوە بێ سەمەرە . وەڵامی ئێوەش هەر ئەوەیە دەڵێن ( بابزانین کێ ڕاست دەکات و بە کوێ دەگات) وەڵامی ئاواش ئەوە دەگەیەنێ؛ هەر کەس بۆی هەیە لەجیاتی کار و تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی، بەتایبەتی هاوڕێیانی بەڕێوەبەری ، نێوەی ئەنەرژی خۆیان بۆ لایەنگر

پەیدا کردن و هاوڕێ خستنە ژێر ڕکێف، بۆ زۆربوون تا لە ڕۆژی دەنگدان بکرێن بە پلیکان ئێوە دەنگ بێننەوە !!
ئەو ڕەوشە بە زەقی پاش کۆنگرە شەش دەستی پێکردووە . ئەگەر پێشتریش ئەو کارە کرابێ تاکووتووك بووەو بەرچاو نەبووە، بەڵام پاشی کۆنگرەی شەش لەترسی تەسویەی نێو حیزب لە لایەك و لەلایەکی دی چوون بۆ پلەی سەرتر.
ئەو ڕەوشتە دوای لێکترازان و پێکهاتنی لادەرو فراکسیۆن هەروەها پێك هاتنەوەو هاوکاری، بەدوای کۆنگرەی هەشتدا، بە ئاشکرا دەستە بەندی لە ژێر ناوی ئاڕاستە کردنو ڕێگە دان بە بیرو باوەڕ و دێموکڕاسی، بە کردەوە دەستی پێکرد. کاك مەلاعەبدوڵا بۆ مانەوەی خۆی و بۆ ئەوەی لە پۆستی سکرتێریدا بمێنێتەوە، پێویستی بەو بەرنامەیە بوو . ئەو مێتۆدە درێژخایەنەش بە تەواوی کەڵکی لێوەرگیرا. پاش هەشت ساڵ کارو تێکۆشانی دەستەبەندی و مانەوەی کاك مەلاعەولا لە پلەی سکرتێریدا بێ سوود نەبوو ، دوای زیانێکی زۆر سەر ئەنجام دەستە بەندی لایەنی بەرانبەر، واتە کاك مستەفای هێجری زاڵبوونی خۆی لە کۆنگرەی١٣ دا بەسەمەر گەیاندو لە هەڵبژاردن و دەنگدانێکی قانوونیدا بە ئامادە بوونی کۆی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی یاسایی کۆمیتە و شانەی ژوورەوەو دەرەوەی کوردستان، کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد. دیارە هەڵبژادنی کۆمیتەی ناوەندیش، دەفتەری سیاسی و سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی لێ‌پێك دێت .
پرسیار لێرە دایە؛ ئەگەر مەلاعەولا هاشا لەوە بکات دەستە بەندی نەکردووە، ڕاست نییە! ئەدی چۆنبوو لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە دوێنێ دەستووری کوشتنی دەدان و نێوی لادەری لەسەر دانابوون، یەکیان گرتوو لە دژی پەسند کراوەکانی کۆنگرەی سێزدە و پێڕەوی پەسندکراو بە دەستە

بەندیەکی سەردەمیانە ! واتە؛ لە ژێر نێوی ئۆپۆزیسیۆندا لەو کاتە هەستیارو ناسکە دا بە دژی ڕێبەرایەتی حیزبی دێمو کڕاتی کوردستانی ئێران ڕاپەرینو جیا بوونەوە ؟؟
دیارە سەدان کەسی وەکوو منی نووسری ئەو چەند دێڕانە پرسیاریان بۆ دێتە پێش و دەڵێن :
کاك مەلاعەولا! بەو تەمەنە زۆرەی هەتەو خزمەتی خۆیشت کردووە بۆ پشوو نادەی جێگا بۆ لە خۆت لاوتر بەجێ بێڵی دەست لە کورسی و پلە و پایەی سکرتێری هەڵگری؟ بۆ کینە دایگرتووی ڕابردووی خۆت هێناوەتە ژێر پرسیار؟
کوان ئەوانەی لەو گۆمە قووڵەیان هاویشتوی و ئێستا مرتەقیان لەبەر نایەتە دەر، شەڕ بە تۆ دەکەن و خۆیان بەتۆ ساغ دەکەنەوە . ئەوەیش لەو دەورانە دا محاڵە !
یان دەست لە پشتدانت پێخۆشە و لە بەرپرسایەتی سەرێ واز نایەنی و ئەو لەتبوونە بە کاری سیاسی دادە نێی ؟!
تۆ کە لەسەر پشمینێك بەندی، بۆ ناچی وەك ئەدیبێك بنووسی و کتێب وەرگێڕی، سکرتێری بێ بەرهەم تا کەی ؟ !
،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## هۆی وەبەر چاو نەگرتنی دێموکڕاسی ؟

ئەگەر تاکی سیاسی بەڕەوشی دێموکڕاسی هەڵس و کەوت بکات و خۆی لە هەستی خۆ ویستی و قوچخوازی جیاکاتەوە، هەرگیز تووشی هەڵەی گەورە نابێ . تاکی سیاسی بۆ دەبێ ئەوەی بچێتە مێشکییەوە، کە ئۆپۆزیسیۆن پێی دەڵێ :
ـ دەبێ وەك زۆرینە ڕای یەکسانمان هەبێ؟! باشە ئەگەر ئەوە قووچخوازی نییە، بۆ دەبێ داوا بکرێ کۆمیتەیەك پێکبێ لە سەرووی کۆمیتە ناوەندی و تۆش پێت ڕاستبێ !؟
یان بۆ دەبێ بیست خالی پێشنیارکراو بەکارێکی جیایی خواز نەزانرێ ؟ لە جیاتی هەوڵدان بۆ یەکێتی تەشکیلاتی،

بۆ دەبێ ئۆپۆزیسیۆن لە حیزبدا دروست بکرێ ؟ مەگەر حیزب دەوڵەتە !؟ ئایا تائێسا شتێکی ئاوا لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا دیتراو بیسراوە؟!
یان کەس بیستوویەتی کە کاتێك کەسێك ئیستعفابدا، بۆی هەبێ کەسێکی دیکە لە جێی خۆی دانێ؟!
نیزیك بە دووساڵ سیاسەتی حیزب نەبردنە نێوخەڵك و بە پێچەوانە بەربەرەکانی و کارشکێنی کردن، دژی پێڕەو و یاساو بڕیاراتی کۆنگرەو پرنسیپەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بکرێ، کوا ئەرکی کەمینە ئەوەیە؟ سەرەڕای هەمووی ئەوانە و پێشێل کردنی دەیان خاڵیی تری نایاسایی ، دواییش هەستان بە حیزب لەتکردن !؟
ئەو کردەوانە وێڕای هەڵەیەکی گەورەی تارێخی کە بە دژی یاسای دێموکڕاسی دەژمێردرێت، هیچ پارتو ڕێکخراوێکیش ئەو ئیستدلال و بیانوو هێنانەوانە هەرگیز ناسەلمێنێت .
بە تایبەتی کەسێکی بڕوای بە مێژوو بێ کاری وا ناکات .
..................................................
دێموکڕاسی ؟

دێڤیدبووێل(Devidbowel) لەبڵاوکراوەکانی یۆنسکۆدا دەڵێ ( ئەو کەسانەی لە هەڵکەوتێکی تایبەتیدا دەکەونە دەوری کەمایەتی، لە هەلێکی تردا دەبنەوە زۆرینە . دۆڕاندنیان لە خولێکی هەڵبژاردن، لەداهاتوودا بەبردنەوەیان قەرەبوو دەکرێتەوە. لە ڕاستیدا تەسلیم بوونی کەمایەتی لە بەرانەر ڕوانگەی زۆرینە دا پشت بە ئەسڵی بەرابەری دەبەستێ و نۆرەی ئەوانیش دێ ببنە زۆرینەو ئەوجا ئەوان ملیان بۆ ڕاکێشن، بەڵام بە مەرجێ ئەوان ئەو ئەسڵە یاساییە بپارێزن تا نۆرەیان دێت )

بۆ ئێمەی کوردیش ئەو پرسیارە دێتە پێش ؛ داخوا کەمینەی دوای کۆنگرەی ١٣ ئەو کارەی کرد؟ یان بە پێچەوانەی دێموکراسی ئێستاش نەچووە ژێر ئەسڵی کەمایەتی و تەنانەت نێوی ئەسلی کەمایەتیشیان ڕەتکردەوە! بە نێوی ئۆپۆزیسیۆن داوای گۆڕینی بیست خالیان کردکە هێندێکیان دژی پێڕەوی ناوخۆ بوون. دیارە داوای ئاواش لەبەر شتی دوور لە ئوسول و پێڕەو دەبێتە هۆی ڕەت کردنەوەی کۆمیتە ناوەندی لەبەر ئەوەی بڕیاراتی پەسندکراوی کۆنگرەی ١٣ خەدشەدار دەبوون .

**سوئێد . سەعیدکاوە "کوێستانی"**

بەڕاستی ئەگەر کەمینە مەبەستی جوێ بوونەوەو جیایی خوازی نەبوو، بۆچی دژی پێڕەو، دژی یاساو فەرهەنگی جێکەوتوو، دژی پەسندکراوەکانی کۆنگر، دژیدەنگی خۆیان و تەنانەت دژی خاوەنی ئەو نووسراوانە بوون کە باسیان لە ئاشتی و یەکڕنگی و یەکێتی و تەبایی حیزبی دەکرد !؟
هاوڕێ سعید کوێستانی دەنووسێ: تکا لە خوێنەرانی ئەو مەقالانە دەکەم قەزاوەت بکەن بزانن لە ئامۆژگاری زیاتر ئەو چەند دێرە نووسراوەی من شتێکی دیکەی تێدایە؟ یان داخوا بە دژی کەسێك نووسراون و بێ پرنسیپی و هێرشی بۆ سەر کەسێك تێدایە؟ دەی با خوێنەران و هاوڕێیان قسە و نووسراوەکانی ئەوان هەڵسەنگێنن بزانن زەڕڕەیەك بۆنی یەکێتی و یەکڕیزی و هاوڕێیەتی سیاسی و دێموکڕاسی لێدێت؟ یان بزانن یەك جار ئامۆژگاریەکیان بۆ تەبایی نووسیوە؟ بێجگە لە فڕ هاویشتن و تەبلیغاتی دژی ئەو ڕێبەرایەتیەی کە کۆنگرە هەڵیبژاردووە؟ بزانن لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا شتێکیان بە دژی دوژمنانی داگیرکەر نووسیوە؟
ئەگەر مەبەستیان تێکدانی ڕیزی تەشکیلاتی نە بوو، بۆ ئاوا لە گژ هاوڕێی خۆیان ڕۆ هاتبوون و چیغیان بەلای دوژمنان و دێموکڕاسیەوە نابوو ؟!
ئەگەر کورد مەبەستی خەبات بۆ ئازادی نەتەوایەتی بێ، بەربەرەکانی دژی یەکتری چ مانایەکی هەیە ؟

..........................................

ئامازێك بە یاساو فەرهەنگی دێموکڕاسی

کاتێك ێیمە باس لە دێموکڕاسی دەکەین، لە باسێکی گشتی دێموکڕاسی ڕا دەست پێبکەین، یان یەکێك لە بەشەکانی وەك سیاسی و ئابووریو کۆمەڵایەتی ، بە جیا هەڵبژێرین ؟

باشتروایە لە باسێکی گشتی ڕا، وردە وردە بچینە سەر لقوو پۆپی دێموکڕاسی و ئەوەندەی بۆمانکرا شی بکرێتەوە .
دێموکڕاسی شتێك نییە ئەوڕۆو دوێنێ پێی نابێتە مەیدان و کەوتبێتە سەرزاران و بە تازەگی تاقیکاری کرابێتەوە . بەڵکوو زیاتر لە هەزار سال پتر، لە ئیتالیاو یۆنانی باستان بناغەکەی دارژاوە . بەگوێرەی مێژوو نووسان دیاردەی دێمو کڕاسی هەورازو نشێوێکی زۆری بە سەرهاتووەو ڕێگایەکی دوورو درێژی بڕیوە تاگەیوەتە ئێرە.
بەسەرهات و پشتگوێ خران و بە ئەنقەست لە پەڕاوێز هاویشتنی دێموکڕاسی تەنیا بە سوودی دەسەڵات دارانی توتالیتێر بووە، زۆر جار بەڕێوەبردنی دێموکڕاسی دەرگای لەسەر داخراوەو تەنانەت ئەگەر کەسانێك بۆ بەرگریش بێ نێویان هێنابێ تووشی زیندان و گرتن و دەردە سەری بوون .
دێموکڕاسی لە سەرەتای سەدەی بیستمەوە بە مێژوویەکی نەپساوە لە وڵاتانی ڕۆژ ئاوایی پەرەیساندووە و گەشەی کردووە . لەو سەدەیەشدا بە هاتنەپێش و پشکوتنی بیری مارکسستی لەو شوێنو وڵاتانەی بەربەرەکانی لەگەڵ ئازادی دەکرا، دیارە دێموکڕاسی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی نێوی دەهات، بەڵام نێوێکی بێناوەرۆك و دوور لە واقیعیەتی بە خۆیەوە گرتبوو .
لە نێو پارت و گرووپی مارکسست کومونیستیدا دیکتاتۆری پرۆلتاریا پێشی بە بەرەو پێشچوونی دێموکڕاسی گرتبوو . پرووپاگاندی ڕێکخراوی چەپ، دێموکڕاسی بە دیاردەیەکی رۆژئاوایی تەبلیغ دەکرد، ئێستاش لەڕوانگەی کۆمونیستی یەوە، بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات، درۆشمی دیکتاتۆری پرۆڵتاریا ڕەواج و دێموکڕاسییە. ئەو بیرو تەبلیغیە تا ساڵانێك لەمەوبەر بێ بڕوایەکی تەواوی لە نێو توێژی ڕووناکبیردا پێك هێنابوو.

دێموکراسی کە لە ئازادی و هەڵبژاردن و مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی خەڵك مایە وەردەگرێ، لە ڕاستیدا دەسەڵاتی تووتالیتێر بەکردەوە لەتەنگژە داوێ و بەرە و نابوودی ، یاخۆ تەسلیم بوونی دەبات .
دێموکراسی دەسەڵاتی خەڵك بەسەرخەڵکدایە. کاتێك دەسەڵاتداری بە دەست خەڵکەوەیە، داد و ئازادی و ئەو مافانەی کە لە یاسای مافی مرۆڤدا باسکراون دێنە دی و چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەست مرۆڤ لە گۆڕێدا نامێنێ .
هەزاران ساڵ لەمەوبەر بناغەو فەلسەفەی دێموکراسی لە ئیتالیا و ئاتێن واتە یۆنانی کۆن لەدایك بووە. لەو کاتەوە تا ئێستا ئەگەر بێتوو باسی چۆنیەتی دێموکراسی بکەین، بە دەیان جار گیروگرفتی بۆ هاتۆتە پێش . تەنانەت جاری وابووە لە وڵاتێ دێموکراتیشدا پتر لە سەد ساڵ ڕەو ڕەوەی بەرەو پێش چونی دێموکراسی بەئەنقەست ڕاوەستاوە.
دەتوانێن بڵێین؛ دێموکراسی لە ژێر فەرمانی گەلێ وڵاتی دەسەڵاتداردا دێموکراسی و، وشەی دێمۆکراسی قەدەغە کراوە . لە برێ وڵاتیش وشەی دێموکراسی وەك وەشە بەکار براوە بەڵام نەیان هێشتووە کاربوردی بووبێت ، بەڵکوو تەنیا بۆ فریو و فریودان و پتر چەوساندنەوەی چینی هەژار بەکار هاتووە. سەرەڕای گیرو گرفتێکی زۆری کە بۆ دیموکراسی هاتۆتە پێش و نەیان هێشتووە بەرەو پێش بچێت، بوون و حەقانییەتی خۆی لە دەست نەداوە و لەو ئاڵوو گۆڕانەدا کە دەورو دەسەلات گۆڕاوە دەستی کردۆتەوە بە ڕەوتو گەشەکردن .
هەرچەندی پێش بە دێموکراسی گیراوە، ئەوەندە کۆمەڵ لە بەرەو پێش چوون وەستاوەو لە جێگای خۆی دەرجای لێداوە.
برتراند ڕاسێل دەڵێ: لە هەرشوێنێك کە بیرو ڕا دەربڕینی ئازاد نییە، هەستو شعوری مرۆڤەکان بە هەدەر دەروات .

لەو کاتەوە کە بیچمی سوسیالیستی لە سۆڤیەت گۆڕاوە و مەسەلەی دیکتاتۆری پڕۆلتاریا کە پێشتر لە سۆفیەت و لەلایەن کۆمونیستەکانەوە بەجێگای دێمو کراسی تەبلیغ دەکرا، دوای ئەو گۆڕانە دەکرێ بڵێین؛ دێموکڕاسی زۆرتر کەوتۆتە سەر زمانان و پتر روشتی کردووەو . . . .
پێموایە باشترو پێویستتر ئەوەیە لە درێژەدان بە ڕوانگەی سوسیالێزم و بۆڕژەوازی دا پازد بدرێ و لێی ڕەد بین، راست و دروستی ئەوانە بە داهاتوو بسپێرین .

## چ بیرێك زاڵبووە ؟

ئەو شتانەی لەسەر دێموکڕاسی باس دەکرێن‌و پێویستە دوو شێوەی هەم موسبەت هەم مەنفییەکەی لەبەرچاو بگیرێ . دێموکڕاسی شێوەی عەینی هەیەو دەبێ لەکردەوەدا بزانین چدەکرێ و داگیرکەرانی کوردستان دەسەڵاتی خۆیان چۆن بەکار دێنن؟ بە کردەوە کارو هەڵس‌وکەوتی ئەو دەوڵەتانە بە شێوەی جۆربەجۆر دەبینین‌و شارەزایی تەواومان بەسەریاندا هەیە. ئەوەندەی وەبیرمان دێ و مێژوو دەخوێنینەوە نوختەیەك نییە هەڵوێستەی بۆبکەین بزانین بۆکاری ئیداری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری لەباری دێموکڕاسی هەوڵدراوە باسی بکەین. دەبینین نەك هەر کاری بۆ نەکراوە، ئەگەر کەسێك هەوڵی دابێ تووشی کێشەبووەو دەرگیری سیاسیشی بۆ دروستکراوە.
بە تێڕوانین‌و ئەزموونی خۆمان دەبینین؛ کارو کردەوەکان بەشێوەی توتالیتێر ئەنجام دراون‌و تەئسیری دژی دێموکڕا سیی لەسەر کۆمەڵگا داناوە . بۆ وێنە بە زاهیر سیاسەتی پارتو ڕیکخراوەکانی ناوچە بەچەپ و ڕاست و مامناونجی

که هەڵگری درۆشمی دێموکڕاسین و بڕواشیان وایە و دەڵێن داخوا وایە ؟ بە داخەوە دەبینین وا نییە .
ئەگەر ڕوانگەی مرۆڤێکی سیاسیی و دێموکڕاتێکی ڕاستە قینە هەلیسەنگێنین، دەردەکەوێ تەنانەت لەگەڵ ئەندامی خۆیشیان هەڵس و کەوتیان دێموکڕاسی نییە. خۆ پاراستن لە دێموکڕاسی شتێك نییە بە ئەنقەست بەڕێوە نەچێ، بەڵکوو ئەو تەئسیرەی توتالیتێرەی باسمان کرد شوێنی خۆی لەسەر داناوەو بڕوای بەریوە بردنی دروست هەتڵە دەکاو بەڕێوە ناچێ و نایەڵێ دێموکڕاسی جێگیر بکرێ .
کۆنە بەرپرسە سیاسیەکان ئەوندە لە خۆ ڕازین‌و خۆیان بە زاناو دانای سیاسی دەزانن پێیان وایە؛ هەرچی دەیکەن و دەیلێن، ڕاستە . ڕێگاش نادەن بە لاوانی ئاکادمیك بێنە سەرو ئەو دێموکڕاسییە بە تەواوی لە نێو تەشکیلاتدا بچەسپێ و لە ویڕا ڕەگاژۆ بکاتە نێو کۆمەڵیی کوردەواری .
دێمەوە سەر باسی زۆرینەو کەمینە، یان بە قەول‌و وتەی برادەران ئۆپۆزیسیۆن! نامەیەکی زۆر لە هەردووك لاوە نووسران چوونە سەر سایتەکان . تەنانەت نهێنی و ئەوەی کە دەبوایە تەنیا تەشکیلاتەکانی حیزبی دێموکڕات لێی ئاگادار بن و لە گەڵ یەکتر ڕوانگەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن، بە داخەوە ئی بن بەڕەش هاتە سەر بەڕەو هیچ یەك لە کەم و کوڕیەکان لە دوژمن شاراوە نەمان . کاك حوسێنی مەدەنی کە ئێستا کەوتۆتە پەراوێزی تەشکیلاتی حیزب ، نامەیەکی پڕ لە ڕەخنەی لە جیاتی ئەوەی لە چوار چێوەی تەشکیلاتیدا بیڵێتەوە لە سەرشاشەی سایتی ئەلەکترۆنیکی قووت کردەوەو دوایەش هاشای لەبڵاو کردنەوەی ئەو نامە دوورو درێژ کرد کە گۆیا لە دەستی دەرچووەو کەسێکی دیکە بردوویەتە سەر سایتی کوردستان نێت، دوای ئەوەی دۆست‌و دوژمن خوێندیانەوە، لایبرد. بەلام بە قەولی کورد گوتەنی :

پاشی ترێ خەبشەی برێ. کاتێك ناحەزانی دژ بەگەل تێمان گەییشتن، داخوا لابردنی سوودێکی دەمێنێ ؟
بە دوای ئەودا کاك ئەحمەد عەزیزیش بە نامەیەکی دوورو درێژی پڕ ڕەخنەو پێشنیاری بە قەولی خۆی سازندە، بەڵام بێجگە لە فیلمێکی نیشاندەری حیزبێکی بێ ڕێبەرایەتی و بی تواناو، هەروەها بێهیوا کردنی ئەندامان سوودێکی دیکەی نە لی بەدی دەکرا، نە لێی شین بۆوە. کەسێکی کاك ئەحمەدی عەزیزی نەناسێ، پێیوایە: ئیلا ماشاڵڵا شەوو ڕۆژ ڕاناوەستێو دڵسۆزانە تێدەکۆشێ ! ئیدی نازانن کە ئەو هاورێیە لە ڕەخنە بەولاوە کاری بە شتێکی دیکەوە نییەو هەرچی بۆی دانێن و پێی بسپێرن بە ڕەخنە وەڵام دەداتەوە . بە داخەوە حیزبیش لە جیاتی ئەوەی بانگی بکات و لە نیزیکەوە بیدوێنێ و بەشێك لە پێش نیارەکانی خۆی پێ بسپێرێ و جارێکی دێکەش تاقی بکاتەوە، بۆ شەش مانگی هەڵپەسارد. دەکرێ بڵێم جارێکی دیش کاك ئەحمەد لە حیزبی دێموکڕات کەوتەوە پەڕاوێز .
لە ڕاستیدا نامەیەکی گەلێك زۆر لەسەر سایتەکان بڵاو کرانەوە بەڵام لەبەر ئەوەی ؛ یان بێناو نیشان بوون، یان هێرش و بێحورمەتی بۆلایەنەکان تێدابوو، بەناچار لەو شێوە نووسینانە بۆ نێو ئەو نامیلکەیە خۆم بوارد .
لێرەدا بە باشی دەزانم نامەیەکی کاك ڕەحیم ڕەشیدی بەرپرسی یەکێتی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە بڵاو بکەمەوە . وا سەرنجتان بۆ و نامەیە ڕادەکێشم .
.....................................................
*Wednesday, April 19, 2006*
هەڵوێستی یەکگرتوانەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ، لە ئاست قەڵەمە بێ ناونیشانە ساختەچیەکان دا.

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەهەم، سەعات 9:30 پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی 8ی خاکەلێوەی ساڵی 1385ی هەتاوی، بەرانبەر بە 28ی مارسی 2006ی زایینی، حەوتەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی، جێگران و موشاویرانی کومیتەی ناوەندی پێك هێناو پاش دوو ڕۆژ کاری بەردەوام، سەعات 8ی دوای‌نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە 9ی خاکەلێوە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

١- خالێکی جێگای سەرنج و بایەخی بەیاننامەی دەفتەری سیاسی، سەبارەت بە کۆتایی هاتنی حەوتەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی ئەم چەند دێرەی خوارەوەیە"....

پلینۆم لە بەشی کۆتایی کارەکانی خۆیدا، لەو نووسراوو بابەتانە دوا کە بەناوی خوازراوەوە لەسەر سایتەکان دانراون و لەواندا درۆو چەواشەکاری بەرانبەر بە حیزب و ڕێبەرایەتی کراون. بەشدارانی پلینۆم بە تێکڕای دەنگ ئەم کارەیان بە توندی مەحکووم کردو بە کردەوەیەکیان دانا کە لە خزمەت سیاسەت و پیلانی دوژمنانی بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دایە . . .

٢- ئاشکرایە کە کۆنگرەی 13ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران،" لە ڕێکەوتی 13ی پووشپەڕی 1383ی هەتاویدا، بەرامبەر بە 3ی مانگی جولای 2004ی زایینی پاش 5 ڕۆژ کاری بەردەوام، ئێوارێ ڕۆژی چوارشەممە 17ی پووشپەر، بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

٣ ـ شیاوی ئاماژەیە کە پێش کۆنگرە بە گشتی و، پاش کۆنگرە بە تایبەتی، کۆمەلێک لە بەدخوازان و بوغز لە زگ و قین لە دلانی حیزبی دێمۆکرات، وەکوو پێشەی هەمیشەی خۆیان، کەوتنە چەواشەکاری و بە کەڵک وەرگرتنی ناڕەوا لە تۆڕی جیهانی ئەنتەرنێت و هەندێ ڕۆژنامە و میدیای

دیکە کە قەت خێری حیزبی دێمۆکراتیان نەویستوەو ناوێت...، لافاوێک لە قسەی سوک و بوختان و درۆی داتاشراوو هەڵبەستراوی زەین و بیری مێشکی خۆیان، ئاراستەی حیزبی دێمۆکرات بە گشتی و، رێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات بە تایبەتی کرد. خاڵی جیاوازی ئەم هێرش و پەلامارە تەبلیغیەی بەد خوازانی حیزبی دێمۆکرات، لە پاش تەواو بوونی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی 13 ، ئەوە بوو کە بەشی هەرە زۆریان لە ژێر ناوی دڵسۆزی بۆ حیزب و جوڵانەوەی میللی دێمۆکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، خۆیان دەناساند. تەنانەت بەشێکی بەرچاو لەم قەڵەمە ژەهراویانە، خۆیان بە ئەندام و لایەنگری حیزب دەدایە قەڵەم و، لە هەمان حاڵدا لە سەنگەری دوژمنانی حیزبەوە تەقەیان لە سەروەرییەکانی حیزبی دێمۆکرات دەکرد و، لە یەک قسەدا لە کۆی نوسراوەکانیان یەک وشەشیان هیچ قازانج و خێر و بیرێکی بۆ کورد و بزوتنەوەی کورد تێدا بەدی نەکراوە. ئەمە لە حالێک دایە کە یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی ئێمە، پاراستنی ئازادی بیروباوەڕە و پێک هێنانی بواری ئازادانەی بیرو رەخنەیە لە هەموو ئاستەکاندا لە حیزبی دێمۆکراتدا.

هەر چەندە حیزبی دێمۆکرات لە مێژووی خەباتگێڕانەی خۆیدا، گەلێک جار لە گەل پیلان و رەشەکوژی و داپلۆسین ڕووبەڕوو بووەو قەتیش چۆکی دانەداوەو دایناداتە ، بەڵام ئەم پیلانە نوێیەی ناحەزانی دێمۆکرات، بە پێچەوانەی ئاکارو کرداری پێشووی بەدخوازانی حیزبی دێمۆکرات، هەر وەها پاش زۆر هەڵوێست و روانگەی کەسایەتی و بەرپرسانی حیزبی و مەحکوم کردنی ئەم مێتۆدە لە لایەن ئەوانەوە، دیسان درێژەی هەبوو. بۆ وێنە دەتوانیین ئاماژە

بەم هەڵوێست و لێدوانانە بدەین کە سەرجەمیان پێش گرتنی پلینۆمی حەوتەمی کۆمیتەی ناوەندی، ئەم هەلوێستە دروست و دلسۆزانەیان دەربڕی بوو، کە ئەو جۆرە نوسینانە قازانجی کورد و بزوتنەوەی کوردی تێدا نیە....
رێزدار کاک عەلی مێهرپەروەر ئەندامی دەفتەری سیاسی، لە وتووێژێکدا لە گەل رادیۆ دەنگی کوردستان ، کە پاشان دەقی ئەو وتووێژە لە ژمارە 428ی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیدا، بلاوکرایەوە ، ئازایانە و بوێرانە لەم پەیوەندییەدا قسەی کرد. ناوبراو لە وڵامی پرسیارێکدا لەم بارەوە ئاوا دەڵێت:
- با لەپێش دا ئەوە بڵێین کە ئوسوولەن لە هەر حیزبێکی زیندوودا لە هەر حیزبێکی فەعال و تێکۆشەردا بوونی بیروڕای جیاواز، سەلیقەی جیاواز بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی کارەکان وجوودی هەیەو ئەوە شتێکی سروشتییە، بوونی ئیختلافی نەزەر مەعناکەی لە راستیدا زیندوویی ئەو جیزبەوئەو جەرەیانە سیاسییە دەگەیەنێ .ئەگەر حیزبێك ئازادی تیا نەبێ، ئەگەر حیزبێك دەرتانی دەربڕینی بیروڕاو نەزەری جیاوازی تیا نەبێ ئەوکات مومکینە هەموو یەك قسە بکەن هەموو یەك نەزەریان بێ، ئەوە بە مەعنای موسبەتی شتەکە نابێ لێك بدرێتەوە بەڵکوو مەعنا مەنفییەکەی لێك دەدرێتەوە، ئێمەش چاومان لەو سایتانە کردوە زۆر بابەت یا زۆر بەناو گلەیی یان ئیرادو ئیشکالیان لە سەر حیزبی دێمۆکراتی تێدایە، زۆربەی ئەو کەسانەش بەناوی نەناسراوو خوازراوو موستەعارەوە قسەکانیان دەکەن، هەندێك ئیتیهام دەدەنە پاڵ کەس یا کەسانێك کە پێم وایە ئەم جۆرە کارانە جگە لەوە کە وەزعەکە ئاڵۆزتر بکەن، جگە لەوە کە تەعبیراتی جۆراوجۆری لێبکرێ تەئسیرێکی دیکەی نابێو رەوایش نیە کەسانێکی دیکە بە

ناوی خوازراوەوە بە ناوی موستەعارەوە هەرچییەك بەدەمیان دا دێ یا بە قەڵەمیان دا دێ بینووسن، بێ ئەوەی مەعلووم بێ تەرەفەکە کێیەو مەعلووم بێ قسەکان لەسەر چ ئەساسێکن‌و دەرەتانێك بە تەرەف نەدرێ کە ئەویش قسەی خۆی بکاو نەزەری خۆی بدا؟ بۆیە من پێم وایە دڵسۆزانی حیزب یا ئەو کەسانە کە بەپەرۆشن بۆ حیزبی دێمۆکرات رێگەی دیکەیان هەیە بۆ دەربڕینی نەزەراتەکەیان بۆ دەربڕینی بیروڕاکەیان، من بەش بەحاڵی خۆم ئەو شێوەکارانە بە کارێکی نادروست دەزانم‌و بە کارێکی ئوسوولی نازانم..

٤ ـ پاشان رێزدار مامۆستا سکرتێری پێشووی حیزب لە سمینارێکی ئەنتەرنێتی‌دا کە بە بۆنەی 60 تەمین ساڵوەگەری دامەزراندنی کۆماری کۆردستان، لە پاڵتالک بۆ بەرێزیان رێکخرابوو، لە وڵامی پرسیاری کۆمەڵێک لە بەشدارانی ئەم سمینارەدا سەبارەت بەم تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ حیزب و رێبەرایەتی حیزب، ڕاشکاوانە و بێ پێچ و پەنا فەرمووی:

ـ سەرفەنەزەر لەوەی کە بیروباوەڕی جۆراوجۆر لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌دا دیومە و هەمیشەش پێم شتێکی باش بووە، چونکوو حیزبێکی کە بیروباوەڕی جۆراوجۆری تێدا نەبێ یان مردووە یان دیکتاتۆری تێدایە، بەڵام پێم خۆشە لەم تریبونەوە بڵێم هەموو ئەوانەی لە سەر ئەو سایتانە نوسراون هەمویان مەحکوم دەکەم؛ جارێک ئەوانەی لە زیدی من نوسراون مەحکوم دەکەم، هەزار جار ئەوانەی بە تەرەفداری لە من نوسراون مەحکوم دەکەم. با هەموو ئەو کەسانەی بە تەرەفداری لە من ئەو شتانە دەنوسن گوێیان لە من بێ، ئەمن ئەو شتانە مەحکوم دەکەم و پێم شتێکی زۆر خراپە. حیزبی دێمۆکرات ڕەنگە مەسایلی

هەبێ وەکوو هەموو حیزبێکی ، ئەگەر نەیبێ مردوویە، بەلام لە نێوخۆی دا مەسایلی خۆی باس دەکا.
٥ ـ شیاوی سەرنجە کە هێژا مەلا حەسەن رستگار ئەندامی دەفتەری سیاسی لە وتووێژێکدا لە گەل زایەڵە بەشی کوردی رادیۆی نێونەتەوەیی سوئێد، هەمان هەڵوێستی دووبارە کردەوەو ئاکاروکرداری نوسەرانی نیقاب پۆشی مەحکوم کرد و پێی لە سەر ئەو راستی‌یە داگرتەوە کە لە حیزبی دێمۆکراتدا بیروباوەر و قسە و دیالۆگ ئازادە و هەموو ئەندامێکی حیزب بۆی هەیە لە چوارچێوەی بەرنامە و پێرەوی ناوخۆی حیزبدا بیروړای خۆی ئاراستە بکات و کۆر و کۆبوونەوە پێک بێنێ و لە سەر کێشە و بابەتەکان قسە بکات و هەڵوێستی هەبێت و....
٦ ـ هەر بۆیە هەڵوێستی یەکگرتوانەی پلینۆمی حەوتەمی کۆمیتەی ناوەندی لە ئاست ئەم دیاردەدا شیاوی رێزە و وەکوو هەڵوێستی تەواویەتی حیزبی دێمۆکرات لە ئاست ئەو کەسانەدا کە هەوڵی چەواشەکارانە دژ بە بزوتنەوە ڕەواو بەرحەقەکەمان دەدەن، گرینگ و شیاو و جێگای رێز و وانە لێوەرگرتنە بۆ ئەوانەی کە هەوڵێکی زۆریان بۆ بەدناوکرانی تێکۆشەرانی دێمۆکراتدا، بەلام ئێستا دەبینن کە تەنها شکەست و ناکامیان بۆ ماوەتەوە، تاکوو حیزبی دێمۆکراتیش یەکگرتوو بێت، لەمە پتریان بەرناکەوێت. روون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانی لە ماوەی نزیک بە سێ دەیەی ڕابردودا بە هەموو شێوەێک هەوڵی بەدنێو کردنی رێبەرانی دێمۆکرات و تێکۆشەرانی دێمۆکراتیان داوەو دەیدەن. ئامانج و مەبەستی هەرە گەورەو مەزنی پیلان گێڕانی ئەم مێتۆدە، ئەوە بووە کە حیزبی دێمۆکرات لە جەماوەری کوردستان داببڕن و بە تەنهای بهێڵنەوە. کام خەباتگێڕی دێمۆکرات

هەیە کە ئاشنا بەم کردارە دزێوەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە تێکۆشەرانی دێمۆکرات نەبێت و لەم پەیوەندی‌یەدا خەرمانێک ئەزموونی بەنرخی کەڵەکە نەکردبێت؟!
شیاوی ئاماژەیە کە سکرتێری گشتی حیزب بەرێز کاک موستەفا هیجری و، هێژا کاک حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی و زۆربەی نزیک بە تەواوی کادری رێبەری و کادرەکان و ئەندامان، لە سەرجەم وتوویژ و لێدوانەکانی خۆیاندا ئاشکرایان کردوە کە ئەگەریش لە حیزبی دێمۆکراتدا کێشە هەبێت، پەیوەندی بە حیزبی دێمۆکراتەوە هەیە و تێکۆشەرانی دێمۆکرات لە سەر بنەمای رێزگرتنی یەکتر و پاراستنی کەسایەتی یەکدی، بۆ خۆیان هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکانیان دەدەن.
٧ ـ ئەگەر واشی لێک بدەینەوە کە لە حیزبی ذیمۆکراتدا کێشە وناکۆکی هەبێت، کە بە باوەڕی هەموو تێکۆشەرانی دێمۆکرات ئاسایی‌یە و، نیشانەی زیندوو بوونی حیزبە، ئەوە خۆ دژبەران و نوسەرانی چەواشەکار ناتوانن لە دەرەوەی تێگەیشتنی ئەم بیر و روانگانە بن و لانی کەم دەبێت خۆیان لە دەروێکدا ببینەوە. لێرەدایە وەکوو رۆژی روناک ئاشکرا دەبێت کە ئەو جۆرە نوسیانە لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا دلسۆزی و خەمخۆری بۆ حیزبی دێمۆکرات و لەوەش گەورەتر بۆ کورد و بزوتنەوەی کورد لێ هەڵناهێنجرێت و تەنانەت فڕیان بەسەر راستی‌شەوە نیە و لە چوارچێوەی کلتور و تێگەیشتنی حیزبی دێمۆکراتدا، جێناگرن.
هەڵوێستی هاورێیانی حیزبی لە هەموو ئاستەکاندا لە مەڕ ئەم جۆرە نوسینانە، سەلمێنەری ئەم راستی‌یە کە ئەم جۆرە قەڵەمانە بۆ هەر مەبەستێک نوسیبێتیان و بنوسن،

خێریان بۆ حیزبی دێمۆکرات تێدا نەبووەو هیچ کاردانەوەێکی باشیان بە قازانجی جولانەوەی کورد بە گشتی و حیزبی دیمۆکرات بە تایبەتی بەدوادا نەهاتووە. هەوڵ دان بۆ بەدنێوکردنی حیزبی دێمۆکرات، جیا لە خێر و بزەی دوژمنانی سوێند خواردوی گەل کێی پێی شاد دەبێت خێرەکەی دەچێتە گیرفانی کێوە؟! ئەگەر واش لێک بدرێتەوە، کە کەسانێک بە نیازی دوژمنایەتی ئەم مێتۆدەیان رەچاو نەکردوە، ئەوە دەبێت بەو ئاکامە گەیشتبێتن کە هەوڵی تیرۆر کردنی کەسایەتی و رێبەرانی ئێستا و رابردوی حیزب، هیچ دەستکەوتێکی بۆ کەس تێدا بەستە نیە و، هیچ بەرهەمێک بۆ ئێمە و خەباتەکەمان نادات. ئەگەریش ئەم میتۆدە هەر درێژەی هەبێت، ئەوا راشکاوانە دەکارین بێژین کە ئەم جۆرە کەسانە وەکوو ئەولادی خراپ، لەم ماڵە باوانە بێبەریین. ئێستا ئەرکی هەمووان ئەوەیە کە بۆ یەکریزی و هاوخەباتی کار بکەین و، بە شاندانە ژێر کار، هەموو هەولێکی ناحەزانی بزوتنەوەکەمان بۆ لاوزکردنی حیزبەکەمان هیوا بڕاوو دەستەوەستان بکەین. لە هەمان حالدا ڕاشکاوانە رەخنەکانی خۆمان ئاراستە بکەین و لە ئاست کەموکوری‌یەکان بە خاوەن دەرکەوین. لە بەشێکی وتارەێکم دا سەبارەت بە کێشەکان و ناکۆکی‌یەکان و ئەم هەوڵە چەواشەکارانەیە ئاوا بیروڕای خۆم خستەبووە ڕوو" ... بۆ هەموو ئێمە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە حیزبدا چالاکیمان بووە و سەرکەوتنی حیزبیشمان بۆ گرینگە، باش دەزانین کە ڕەخنە و ڕەخنەگرتن شتێکی زۆر ئاسایی‌یە وهەموو کەس بۆی هەیە ڕەخنە بگرێت .ڕەخنەگرتن لە سکرتێر و دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی شتێکی ڕەوایە و هەمیشە بووە و هەر دەشبێت، جا کە وایە بڵاوکردنەوەی پرس و بابەتی

نێوخۆیی) ئەویش بە دوور لە ڕاستی) دەکرێت چ لێکدانەوەیەکی لەسەر بکرێت؟ من بەش بە حاڵی خۆم پێمخۆشە هەموو کەس لەسەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بنووسێت و بیر و باوەڕی خۆی دەربڕێت و پرسیار بکات. حیزب حیزبی هەموو ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان بە وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستانە و جیا لەمەش هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بۆی هەیە پرسیار بکات و لەمەر چارەنووسی گەل ونیشتمانەکەی خاوەن هەڵوێست بێت. ئەمە هەرگیز بە مانای تیرۆری کەسایەتی و بوختان و قسەی سووك نییە.

٨ ـ ئەوەتا هەموان باس لەوە دەکەن کە حیزبی دێمۆکرات بە بێ دێمۆکراسی مانا نادات. ئەم کلتورە وەها ئاوێتەی حیزب و بەرنامە و کرداری خەباتگێڕانی دێمۆکراتە، کە مەحالە بە بێ ئەم چەمکانە دێمۆکرات بناسرێتەوە و، خەباتەکەی لە لایەن جەماوەری بەوەفای کوردسانەوە، پشتیوانی لێبکرێت. جا ئێستا کە هەوڵی بەدخوازان و، قەڵەمە ژەهراوییەکان بۆتە بلْقی سەر ئاو، با هەر دەهۆڵی درۆیین بکوتن، کێ هەیە باوەریان پێبکات و بە هەندیان بگرێت

رەحیم رەشیدی_ پاریس 19/3/2006

<u>ژێدەر</u>

بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

( (30/3/2006) 1385 /10/1، سەبارەت بە تەواو بوونی پلینۆمی حەوتی کۆمیتەی ناوەندی.

.2هەمان سەرچاوە

.3راگەیێندراوی کۆمیتەی ناوەندی سەبارت بە تەواو بوونی گۆنگرەی13

4_ ژوماره 428 کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران
5 = ماڵپەری‌پێشمەرگەکان .

......................................................

هەوڵدەدرا شەرو کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێن و ئەو پێشهاتەی کە لەرێکەوتی 2006 / 12 / 6 دا ڕوویدا پێشی پێ بگیرێ، بەڵام بە داخەوە پێشتر بڕیاری جیا بوونەوەی خویاندابوو، لە ئێمەی بێخەبەر ( کەشکەك سڵەوات !)

کاتو بەزمی جیابوونەوە هەر دەهات نیشانەی یەکلای کردنەوە پتر دەردەکەوت . زۆرکەس لە ئێمەو مانان لە دەرەوەی وڵات باوەرمان نەدەکرد لەو هەلوومەرجەدا ئاوا بێ لێکدانەوە جوێ بنەوە و ئەو کارەساتە بەسەر حیزبی دێموکڕات بێنن بۆ خاتری پلەو مەقامی کاتی !!

زۆرجار بۆخۆمان پێکترمان دەگوت:

ئەوە کوا لێکدانەوەیە کە ئێستا چرایەکی سووری خطر بۆ کۆماری ئیسلامی لێدراوە، بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتیش چرای سەوز قەت شتی واناکەن کە کارباری حیزبی دێموکڕات بکەوێتە ژێر پرسیار ؟

کات و بەزمی جیابوونەوە هەر دەهات تەنگتر دەبووە، ئێمەو مانان لە دەرەوەی وڵات نێگەران بووین نەکا شتێك بقەومێو لەو کاتە هەستیارەدا کارەساتێ ڕووبدات بکەوینە سەر زمانو ژێر پرسیارو ئەو چرا سوورەی بۆ ئێران لێدراوە، خوایە کارێکی وا نەکەن ئیمەی کورد لەو چرا سەوزە، بێبەش بێن و بکەوینە ژێر پرسیار .

هێندێك لەو برادەرانەی دەرەوە بە گەرمی چیلکەیان تێوەر دەدا و ئالۆزتریان دەکرد، کار گەیشتە جێگایەك؛ سەرەڕای دەست تێوەردانو لەتکردنی یەکێتی لاوانی دێکوکڕات، درۆ و بوختانیشیان بە زاریەوە هەڵدەبەستن . برادەرانی

یەکێتی لاوان ناچاربوون ڕوونکردنەوە بنووسن . کە لە خوارەوە دەیخوێننەوە .

## ڕوونکردنەوە!

مێژووی ناردن - Tuesday, September 05 : lawan22:23:34 GMT

بە ئاگاداری هەموو ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەگەیەنین کە کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوان لە کوردستان هیچ پەیامیکی بۆ کۆبوونەوەی لاوان لە سوئێد نەناردووە کە ڕۆژی 2 ی مانگی سێپتامبر لە شاری ستۆکهۆلم گیراوە.

بەڵام بەداخەوە بەڕێوەبەرانی کۆبوونەوەی ناوبراو لە هەوڵێکی چەواشەکارانە و بە دوور لە هەموو پرەنسیپە ڕێکخراوەیی و ئەخلاقیەکان بە ناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی لە کوردستانەوە پەیامیان خوێندۆتەوە، لە کاتێکدا ئێمە پەیاممان نەناردووە .لەڕێگەی ئەم ڕوونکردنەوەیەوە ڕادەگەیەنین کە دەبێ بەڕێوەبەرانی ئەو کۆبوونەوەیە لە ڕاگەیەنراوێکی ڕەسمی‌یەوە داوای لێبوردن لە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان بەگشتیی و بە تایبەت لە سوئێد بکەن.

هەیئەتیی ئیجرایی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران 2006-09-05

بۆیە تەنیا نموونێکی زۆر بچووکی یەکێتی لاوان باسکرا، بۆئەوەی نەبێتە شەڕە دندووکە . چوونکە لایەنی ئەسلێ لاوان دەیان و سەدان بەڵگەنامە و دوکومێنتیان هەیەو نووسیویانە، بەڵام باسیان ناکەم مەگەر پێویست بێت . ئەگەر بە وردی ئەوە بخوێننەوە، دەبێنن هێشتا لەسەر کۆمیتە ساغ نەبوونەتەوە باس و پروپاگاندیان لەسەر ئەوەیە و دەیانەوێ ئاڵۆزی بخەنە نێو یەکێتی لاوان و ئەو کەمیەتەی کە پێویستیانە، لاوەکان لە ڕیزی یەکێتیە کەیان هەڵاوێرنو بۆلای خۆیانیان ڕاکێشن. دیارە دوایە ئەوەشکرا. ئەوە سەرەتاکەیەتی، کە دوایە سایتی یەکێتی لاوان و ئآرشیف و ئەوەی ڕەبتی بە یەکێتی بوو وێڕای سایتی شەهیدیش دەستیان بەسەردا گرت و کردیانە ئیخۆیان و تەنانەت لاوەکانیشیان فێری نێوان ئاڵۆزی و دوبەرەکی دژایەتی یەکتر کرد.

بۆیەش نامەوێ باسی یەکێتی لاوان لێرەدا بنووسم، پێموایە؛ دەست تێوەردانی لاوان خەتایەکی گەورە و نە بەخشراوە، تەنانەت زەدە کردنی کۆمەلگایە. چونکە ئەندامانی یەکێتی لاوان لە تەمەنی شەشساڵیی ڕا تا دەگەنە بیستو چەند ساڵیی دەگرێتەوە . هەر بۆیە ئەوەی بوو بە هۆی دەست تێوەردانی لاوان و منداڵان، وەك خەتابارێك بە مێژوویان دەسپێرم .

---

دێموکڕاسی بۆ ئاسایش .

لەبنچینەدا دێموکڕاسی بۆ دابین کردنی ماف و ئازادی و ئاسایش و پێك هێنانی یەکێتی و هاو کاری مرۆڤەکانی

کۆمەڵگایە، بۆسڕینەوەی ئاساری چەوسێنەرو گەیشتنی چەوساوە بە مافی بەرانبەرو هاندان و بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا بەرەو مەدەنییەت.
لە لایەکی دیکەشەوە هاندانی مرۆڤدۆستانە بۆ کۆ مەڵگایەکی ئازادی میللی دادپەروەرو پێشگیری لە بە هەدەردانی ئابووری کۆمەڵ و بەفیڕۆنە چوونی سەروەت و سامانی میللی.

---

بیروڕاکان لەسەردێموکڕاسی !
بۆرژوازی لەسەر ئەو باوەڕەیە؛ کە دامەزران و بەڕێوە بردنی دێموکڕاسی دواپلەی دەسەلاتداری کۆمەڵ و هەروەها کۆتایی بەربەرەکانی چینایەتی یە لە کۆمەڵدا .
بەڵام ئەوانەی سوسیالیست و کۆمونیستن بڕوایان وایە؛ دێموکڕاسی پلەیەکە لەنیزیك بوونەوەی دەسەلات، واتە؛ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی کرێکاری.
لە ڕوانگێکەوە هێندێك پێیان وایە؛ دێموکڕاسی ناوەرۆکی تێڕوانینی کۆمەڵگایە و ئەو ناوەرۆکە هەمان ناوەرۆکی بیچمی سەرمایەدارییە خۆی بەو بەو شکڵە هێناوەتە دەر.
هێندێك لە ڕوانگەکانی تریش لەسەر ئەو باوەڕەن؛ کە بیچمێکی نوێی کۆمەڵایەتییە لە سوسیالیزم نیزیك دەبێتەوە .
لە هێندێك ڕوانگەش ڕا؛ دێموکڕاسی کە ئازادی تێدایە، لە مەیدانێکی بەرێنی ئازادیدا دەتوانێ و دەکرێ هەرجۆرە بیرو باوەڕێك بە ئازادی دەرببڕدرێ.
ڕۆسۆ دەڵێ؛ بیروباوەڕی دێموکڕاسی تێکەڵاوێکە لە ئازادیو بەرابەری لەسەرئەساسی دەسەڵات داری میللی .

کارۆکائوتسکی، پێیوایە؛ بەبێ بوونی دێموکڕاسی هیچ دەسکەوتێك بەدی نایە. بە بڕوای ناوبراو دێموکڕاسی بەیانگەری حاکمیەتی زۆرایە تییە.
جان ئیتوارت؛ لە کتێبی (ئازای) دا دەنووسێت؛ خەفە کردنی دەربڕینی بیرو باوەڕ حەیبەکەی لەوەدایە، زیاندەرە بۆ نەسلی ئێستاو داهاتوو، جگەلەوەی کۆمەڵ تووشی خەسارەت دەکات، زۆریشی وەدوا دەخات .

---

وتەی رۆژنامەوانێکی کوردو
عەینی وتوو وێژەکەی، بێتفسیر!

کاك عەلی سابڵاغی لە وڵامێکی تەلەفونیدا بۆ کانالی تیشك تێڤێ دەڵێ؛ زۆر جار باسی کەم و کوڕی دێموکڕاسی و کردەوەی نا دێموکڕاسی و شێوەکانی جۆراو جۆری دێموکڕاسی دەکرێ. لە کۆمەڵێکی سیاسیدا کەمایەتی یا رێکخراوەکانی کەمایەتی لە لایەنی موسبەتیدا مشاوەڕی راوێژکاری زۆرایەتییە، کە وایە، ئەحزابی دێموکراتیش فۆڕمێکی چکۆلەیە لە کۆمەڵێکی دێکراتیکداو لە قەوارەی حیزبکدا کە بەرنامەو پیڕەوێکی پەسند کراوی دیاریکراوی سەرجەم ئەندامانی پێیە، بەڵام ئیدی ناکری و ناتوانێ ئۆپۆزیسیۆن بێ. هاوکات لەگەل ئەوە، پێویستە مافی کەمایەتی بپارێزرێ . ئەوەش نابی بەومانایە لێك بدرێتەوە کەمایەتی دەبی خاوەنی مافی تایبەتیو بگرە زیاتر لە زۆڕایەتیش بێ و مافی دەسەڵاتی تایبەت.
ئەوە کە کەمایەتی لە رێکخراوێکی دیموکڕاتدا بیەوێ بە وەبەرچاو گرتنێکی زۆرایەتی عەمەل بکات، ئەو پێچەوانەی دێموکڕاسییەو لە راستیدا پیشیلکردنی ئەودێموکڕاسییەیەو تەنانەت کەمایەتی بۆخۆشی بڕوای پێ هەیە .

باشە ئەگەر کەمایەتی مافی دەسەڵاتی تایبەت و ڕۆیشتنی ئەندامان و بەپێچەوانەی دەنگی زۆرایەتی دەسەڵات بەدەست بێ، ئیدی هەڵبژاردن چمانایەکی هەیە و بۆچیە؟ واتە هەڵبژاردنێك کەبەپێی سروشتی دەکرێ، کەسانێك تێیدا سەر دەکەونو کەسانێك هەلنابژێردرێنەوە، کەمایەتی و زۆرایەتی لێدەکەوێتەوە . لێرەدا ئەگەر کەمایەتی تابعی بریاراتی زۆرایەتی نەبێ، پیتوا نییە ئەساسی دیموکڕاسیی دەکەویتە ژیرپرسیار ؟ تابیعیەتی کەمایەتی لە زۆرایەتی دیارە باشتر نییە هەلبژاردنی نێو دێموکڕاتی دەتوانێ ئەو معادلاتە بگۆڕی تەنانەت پیچەوانەی لێبکاتەوە .بەلام دەسەلاتی زۆرایەتی بە لەبەر چاو گرتنی مافی کەمایەتی دەو نێوەدا تابعیەتی کەمایەتی تاهەڵبژاردنی داهاتوو لە زۆرایەتی، ئەسلێکی دێموکراتیکە کە پیویستە رەچاو بکرێ.
لە نیزامێکی دێموکڕاتیك و ڕێکخراوێکی دێموکڕاتدا یاساکان و بریارەکان بە هۆی زۆرایەتیی دابین دەکرێن و بەڕێوە دەچن، کەمایەتی بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی ئەگەر لە هەڵبژاردن‌دا سەر نەکەوتن هەر چەندیش پێیان ناخۆشبێ بەپێی پەیمان و بەڵێنی تەعەهودێك کە پێشتر داویانەو لە ئەسانامەی نێوخۆییدا دیاری کراوە ، لەراستیدا دێموکڕاتیکیشە رەزایەت دەدەنو بە هاوکاری کار دەکەن تا هەڵبژاردنێکی دیکەی داهاتوو .

---

دێموکڕاسی لەدەرەوە .
ئێمەی کورد کە ئاوارەی دەرەوەی وڵاتین ، باشوایە وڵاتی سوئێد بە وێنە بێنینەوە . سوئێد وڵاتێکی شانشینە و هەر ڕۆژێکیش پارەلمان بیهەوێت شا وەلانێ، دەتوانێ بەهاسانی لە جێگای سەڵتەنەت کۆمار، ڕابگەیەنێ، بەڵام تائێستا

نەیویستووە ئەوکارە بکات. هۆیەکەشی ڕوونە، لە سوئید شا ئەرك بۆ خەڵك دیاری ناکات، تەنانەت بۆخۆیشی لە لایەن پارلەمانەوە ئەرکی بۆ دیاریکراوەو هیچ دەسەڵاتێکی ئیجرایی نییە و هەموو کاروبارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوور و ... وڵات بەپێی بیچمی پارلەمانی، زۆرینە دەنگی لەسەر دەدات و هەموو بەرنامەیەك لەو ڕێگەوە بەرێوە دەچێ .

پاڕلمانی سوئێد بە دەنگی زۆرینەی هاو وڵاتیان هەر چوار ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێت. هاوکات شارەوانی شارو شارۆکەکانیش هەڵدەبژێردرێ .

هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ پارلمان هەرچواساڵ جارێك پێکدێ. هەرپارتیەك 51% لە سەدی دەنگ بێنێتەوە، بە تەنیا دەتوانێ حکومەت پێك بێنێ . ئەگەر هاتوو بە تەنیا نەی توانی 51% لەسەدی دەنگەکان بەرێتەوە، لەگەڵ پارتێکی دیکەی خاوەن دەنگ ڕێك دەکەوێ، دەنا دەتوانن لەگەڵ پارتی تری لێك نیزیك ئیئتلاف بکەن، وێگڕا دەوڵەت پێك بێنن .

پارتەکانی سوئێد بەریتین لە: سوسیال دێموکڕاتو لیبڕاڵو بۆڕژەوازیو سوسیالیستو کۆمونیستو کریستیانو ......

ئەگەر بێتوو چاو بە تاریخچەی سوئێددا بخشێنی دەبینی لە زۆربەی هەڵبژاردنەکان و تەشکیلی حکومەتدا سوسیال دێموکڕات بە تەنیا یان بە ئیتلاف لە گەڵ پارتی مەیل بە چەپدا دەوڵەتیان پێك هێناوە. ئەوساڵ واتە ساڵی 2006 زاینی پارتی سوسیال دێموکڕات دۆڕاندی و تەنانەت لە گەڵ پارتیترێش دەنگەکان نەیانگەیاندە ئەوەی کە حکومەت پێك بێنن. پارتی بۆرژەوازی لەگەل 3 پارتی ڕاستگەرای تر دەوڵەتیان تەشکیلدا .

سەیرەکەی لەوە دایە؛ لە هاتنە سەرکاری ئەو پارتە چەپ و ڕاستانە ، لە ئاڵوو گۆری پێکهاتوودا بیچم هەرهەمان بێچمەو هەست بە گۆڕانێکی واناکرێ لەباری ژیان و ئاسایش و ئاڕامیش .

ئەگەر ئاڵووگۆڕێکی بەرچاویش پێکبێ بە دەنگی زۆرایەتی پارلەمان دەبێتو بەرژەوەندی وڵاتیان لە هەموو شتێ پتر وەبەرچاودەگرن. ڕەتکردنەوەی ڕەخنەو ڕوانگەی کەمینە تەنیا لە ڕادیۆی و گۆڤارو ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیاندا ڕەنگ دەداتەوە .

ئەکسەریەت و ئەقلییەت !

لینین لەسەر ئەو باوەڕەیە قەزاوەتەکان بە تێبینی مارکسستی و سوسیالیستی هەڵسەنگێندرێن و بە شێوەی بۆرژەوازی، لیبراڵ، دێموکراتیانە هەڵسو کەوتیان لەگەڵ بکرێ و ڕوانگەی لەسەر دەربڕدرێ. چونکە دێموکڕاسی زۆرینە پێکی دێنێت . بەشی هەرە زۆری سوسیالیستەکان هەر ئەوە دەڵێن، جا چەندیان بڕوا پێیە، ئەو جێگای پرسیارە. چونکە لە ڕاستیدا بە باوەڕی سوسیالیزم لە وڵاتێکی بۆرژەوازیدا دەنگی زۆرینەی کۆمەڵایەتی خنکێنراوە ، لە ڕێگای مۆنۆپۆڵەکانەوە کڕدراوە، چونکە کۆمەڵ دوا کەوتووە بۆیە کەمینەیەکی بچووکی چەوسێنەر دەنگ دێنێتەوەو دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت . لە تەبلیغی خۆیاندا نایشارنەوە، پێیان وایە؛ لە ئەسەری ناگاییدا چینی دواکەوتووی زەحمەتکێش و کرێکار فریو دراوەو تەنانەت لە کاتی هەڵبژاردندا دەنگەکەی دەکڕدرێ. بەڵام سوسیالیستەکان سەرە ڕای ئەو باوەڕو زانیارانە وێڕای ڕەخنەگرتن، مافی کۆمەڵ دەپارێزن و ڕێزی بۆ دادەنێن . ..........................................

## پرۆسەی ئێستای ئەحزابی کوردی ؟؟

لەسەرئەو باوەڕەم رێکخراوە کوردیەکان بەڕاست و چەپ و خێڵەکی و. . . ئەوەی لە باری دێموکراتیدا لەبەرنامەو ئەساسنامەی خۆیاندا گونجاندویانە ، یان لە بەیان و ڕۆژنامە و ئۆرگانی زمانحاڵیی خۆیاندا دەینووسن و لە کردەوەدا بە هۆی پێشێل کردنی ئەسڵەکانی دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ و یاسا و پێڕەوی نێوخۆیان، بێجگە لەوەی زۆر بەکەمی لەبەر چاو گیراوە، هەوڵی پێویستیشیان نەداوە ڕەو ڕەوەی دێموکڕاسی ڕەگازۆی نێو کۆمەڵگای کوردی بکات. تەنانەت لە سەر ئەندام و لایەنگرانی خویشیان ئە و تەئسیرەی کە دەبێ کردبێتی ، یەکجار زۆرکەم بووە . نموونەشم زۆرە لەسەر یەك یەکی پارت و گروپ و ڕێکخراوی کوردستانی دەزانم، بەڵام بە هۆی لە کەمیندا بوونی دوژمنان ، باشتر وایە بەسەریدا تێپەڕم و بڕۆم

.......................................

### سەرئەنجامی ئەو پڕۆسەیە ؟

پاشی ئەو هەموو هێنو من هێنە و جوولانەوە بە پێچەوانەی دێموکڕاسی، لە بەرەبەیانیکدا لە سەرسایتکان نووسراوێکم بە نێوی بەیاننامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دیت . کە دەیخوێنمەوە، لە لایەن کەمینەوە نووسراوە .
وەك گێژان تاوێك واقم وڕما، کە بۆچی بە نێوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران؟!
ئەوە دەیخەمە بەدەستی خوینەرانی بەڕێز !

دوای ئەوەی حیزب وەڵامی بیست خالی داوە هەر چەند ڕوون نە بوو وەڵامەکە بە نێوی دەفتەری سیاسی ، یان کۆمیتەی ناوەندیە، دەردەکەوت لەبەر ئەوەیە کە ناوەرۆکی نامە پێشنیارکراوی کەمینە پێرەوی ناو خۆی حیزبی بێ ئیعتبار دەکرد بۆیە بەبێ ئیمزا وەڵامیان دابوونەوەو هەروەها ٣ خاڵ لە داواکانیان کە دوور لە یاساو پێڕەوی حیزب بوون، بێ وەڵام مانەوە

دوای ئەوەی حیزب هیندێك لەو وەڵامانەی داوە. ئەوەندەی ئاگادارىم، زۆرلە ئەندامانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات ، ئەو وەڵامدانەوەیان پێ ناخۆشبوو، و ئیعتراف بە ئۆپۆزیسیۆنیان دەزانی . بەدوای ئەو دوو نووسراوانە، واتە پێشنیارەکانی ئۆپۆزیسیۆن و، وەڵامدانەوەی حیزب ، ئەندام و لایەنگرانی حیزب لە هەر دوولاوە دەستیانکرد بە شت دەنووسین . تەنانەت کەسانی تری بێناونیشانیش بە نێوی ساختە لەو نێوەدا بە نێوی بێنێو، بە کەڵك وەرگرتن لە ئاوی قوڕڕاو ، بۆ تێکدەری‌و گێرەشێوێنی دەستیانکرد بە نووسین و ئاور خۆشکردن . دیارە ئەندامانی بەئەزموونی حیزب دەیان زانی بەشی زۆری خاوەنی ئەو نووسراوانەی کە بەنێوی ساختە دەنووسرێن، دەستی ناحەزو دژ بە تەشکیلاتی حیزبیان لەپشتە، لەگەل ئەوەشدا لە باری تێکدەری و گێرەشێوێنی بێ تەئسیرنەبوون و شوێنی خراپیان لەسەر ئەندام و لایەنگری سادەی حیزب دانا .

نامەی ئۆپۆزسیۆن و وەلامی ئەو نامانە، تەواو خەڵکی وە جووڵە خست بۆ ئەوەی ڕوانگە و بیرو بۆچوونی خۆیان بە نووسینی لە سەرکاغەز دەرببڕن و لە سەر سایتی دانێن .

یەکێك لەوانە هاوڕێیەك بە نێوی سعید کوێستانی لە نامەیەکی بێ قەڵلەو دەڵلە دا داوای لە ئەندامانی حیزب کردبوو ئوسوڵ و پرنسیپ و یاساو پێڕەوی ناخۆی حیزب و

پەسندکراوەکانی کۆنگرە لەبەر چاو بگرن‌و گوێ لە مستی لەو لا دانێن . بەڵام تۆ مەزانە خۆیان بۆ لەتکردن دانابوو، دیان خوختان تاوانیان بۆساز کرد چونکە باسی لە یاساو دڵسۆزی بۆ حیزب تێدا بوو.
بەکورتی ئەو نووسراوانەی کە سووکایەتی کەسایەتی یان وشەی قەڵسەگێڕیان تێدا نەبوو ، گوڵبژێرم دەکردو لە لای خۆم زەبتم دەکردن . هیندێك لە عەینی ئەو نووسراوانەی کە بۆخۆیان لە سەر سایتی ئینترنێتیان دانابوو ئێستا لەلامن و منیش بە مەبەستی بیرخەرەوەی مێژوو بۆ دوا ڕۆژ، بایەگانیم کردون . بەڵکو بەکەڵك بێت و بکرێ بە ئەزموون جارێکی تر هەڵەی ئاوا دووپات نەبێتەوە پشتی کوردی پێ بشکێ و ساڵیانێك خەباتی کورد لاوازو وەدوا بکەوێت .
نامەیەکی بەڕێز شکوفەی قوبادی بەرپرسی ڕێکخراوی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان لە سوئێد وەپێش هێندێ لەو نامانە دەخرێت کە پێشتر لە سایتەکانی ئینترنێتدا بڵاو کراونەتەوە. دیارە بە شێوەی ڕێکەوت و دەر چوون و دانانی لە سەرسایتەکان نەگونجالێرە دایان بنێم .

## باسێک‌لەسەرنامەی‌هاورێیانی‌بەنێو ئۆپۆزیسێون.

لە پێشدا پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە من سەر بە هیچ جناحێک نیم و تەنیا لایەنگری ئازادی و دێمۆکراسی و پاراستنی مافی ئەندامانی حیزبم و باوەڕم بە مافی یەکسان و ئەرزشی یەکسانی مرۆڤە. هاوکات داوا لە هەموو هاورێیان دەکەم کە بە دوور لە رۆحی جیناحی و رەشبینی، بە دڵێکی فراوانەوە ئەم باسەی من بخوێننەوە و قەزاوەتێکی مونسیفانەی لێ بکەن. ئەمن بە تەعەهوددەوە

دەڵێم کە ئەم باسەم نە بۆ پشتیوانی لە جیناح یان کەسێک نووسیوە و نە بۆ دژایەتی یان کوتانی لایەن یان کەسێکی دیکە. مەبەست تەنیا شیکردنەوەیەکی زانستیە لە سەر ئەو نامەیە کە هاورێیانی بە نێو ئۆپۆزیسیون ئاراستەی رێبەرایەتی حیزبیان کردوە.

میزانی توانایی و پلەی زانستی ئەندامانی حیزبێک لە گەڵ یەک جیاوازە، ئەمە شتێکی سروشتیە و دەبێ هەر وایش بێت، بەڵام کاتێک دێتە سەر دەنگدان، دەنگی هەموو کەس ئەرزشی بەرابەر و یەکسانی هەیە.

سیاسەتمەدار و مێژووزان و شۆرشگێربوون بە مانای رۆشنبیربوون نیە و هەر رۆشنبیرێکیش ناتوانێت سیاسەتمەدار و شۆرشگێر بێت، بەلکو رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە سەر بۆ ویستی زۆرینە دانەوێنی و خۆی لە خەڵکیتر پێ گەورەتر نەبێت. رۆشنبیر خزمەت بە بەروپێش چوونی رەوتێ دێمۆکراسی دەکات و نابێتە بەردی سەر رێگای خەباتی کەسانی تر .

دێمۆکراسی دەرون سازمانی لە هەر حیزبێکی سیاسیدا بەو مانایە نیە کە ئەندامانی حیزبەکە چییان پێ خۆش بێت وابکەن و ئەوەی بە سەر زمانیاندا بێت بیڵێن. هەر کەس کە ئەندامەتی حیزبێک قەبوول دەکات پێش لە هەموو شتێک دەبێت ئەوەی قەبوول کردبێت کە ئازادی بێقەیدوشەرت لە هیچ حیزبێکی دونیادا مانای نیە. ئێمە دەبێ لە بەینی ئازادی دەربرینی بیر و بۆچوونو کردەوە لە لایەک و ئانارشیزمو پاشاگەردانی لە لایەکی دیکەوە فەرق و جیاوازی دابنین.

ئەو بەرێزانەی کە خۆیان وەک ئۆپۆزیسیونی نێو حیزب ناو دەبەن، زۆر باسی ئەوە دەکەن کە مافیان چیە، بی ئەوەی کە بۆ یەک جاریش بووە باس لە ئەرکی خۆیان وەک

ئەندامی حیزب بکەن ، ئەوە بۆ خۆی جێگای سەرنجە . هەر بەو ئەندازەی کە ئەندامێک دەبێ مافی لە لایەن حیزبەوە بپارێزرێت دەبی ئەو ئەندامەش ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بەجێ بێنێ و خۆی لە ئاست حیزبەکەی بە بەرپرس بزانێت.

لە نێو ئەحزابی ئۆروپایی دەڵێن: پێش ئەوەی باس لە مافەکانت بکەی، بزانە چەندە ئەرکەکانت بە جێ هێناوە. ئەوەلین ئەرکی ئەندامبوون لە هەر حیزب و رێکخراوێکدا پاراستنی نهێنیەکانی ئەو رێکخراوەیە. ئەرکی دێکەی سەرشانی ئەندامی هەر حیزب و رێکخراوێک ئەوەیە کە هێز و هزر و وزەی خۆی لە خزمەت حیزبەکەیدا دابنێت ، نەک هێز و پوتانسێلی حیزبەکەی لە خزمەت بەرژە وەندی تایبەتی خۆی دابنێت . حیزبێک نابێت و ناتوانێت لەگەل ویستی شەخسی هەموو ئەندامانی خۆی رێک بخات، بەلکو ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندامانی ئەو حیزبەیە کە ویست و داخوازی شەخسی خۆیان لە خزمەت بەرژەوەندی درێژخایەنی حیزبەکەیان دابنن *. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بویە پێک هاتووە کە کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران چارەسەر بکات ، نەک کێشەی شەخسی تاکەکان و هەر وەها تاکەکانیش دەبێ لە حیزب وەک ئامرازێک کەڵک وەربگرن بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکەیان ، نەک بۆ چارەسەری کێشەی شەخسی خۆیان.* ئینسانی سیاسی دەبێ رئالیست بێ و لە عالەمی زهنی خۆیدا بەدوای ئوتۆپیدا نەبێت و حیزبەکەی وەک مەدینەی فازیلە چاو لی نەکا. هاوکاتیش دەبی لە ئاست کەم وکوریەکاندا بێ دەنگ نەبێت و بۆ چاکسازی هەوڵ بدات. *هەموو ئەندامانی حیزبێکی سیاسی نە پێویست دەکا و نە دەتوانن دۆستی شەخسی یەک بن یان لەباری عاتیفییەوە*

*<u>یەکتریان خۆش گەرەک بێ ، بەڵام دەبێ ئەوەندە زەرفییەتیان هەبێ کە بتوانن پێکەوە کاری هاوبەش بکەن.</u>*
( بە داخەوە ئەم فەلسەفە و ئەقڵییەتە هێشتا لە نێو بەشێک لە ئەندامانی حیزبی ئیمە جێ نەکەوتووە).
ئەرکی سەرشانی هەر ئەندامێکە کە خۆی لەگەڵ بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبەکەی رێک بخات ، نەک بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبەکەی بە قازانجی خۆی بگۆری یان داوای گۆرانی بکات. دیارە هەوڵ بۆ گۆرانی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبێک لە لایەن ئەندامانیەوە مافێکی رەوایە، بەو مەرجەی کە شێوەی هەوڵدانەکە لە گەڵ ئەساسنامەی حیزبەکە و ئوسوولی دێموکراسی ناتەبایی نەبێ. ئەو تاکانە کە خۆیان لە حیزبەکەیان پی گەورەترە پیویستە جارێکی دیکە بیر بکەنەوە بە خۆیاندا بچنەوە. چوونکە لە هەر حیزبیکی سیاسیدا ئەوە ئەرزشی حیزبەکەیە کە ئەرزشی تاکەکان دەباتە سەر. دیارە کەسایەتی تاکەکان لە نێو حیزبیکی سیاسی جیگای شیاوی خۆی هەیە.
<u>لە حیزبێکی سیاسیدا رەنگە زۆر کەس هەبێت کە شیاوی رێبەرایەتی بێت، یان رەنگە زۆر کەس خۆی لە سکرتێری حیزبەکەی پێ زاناتر و بەتواناتر بزانێت، بەڵام لە حیزبێکی دێمۆکراتدا کە باوەری بەکردەوە بە ئوسولی دیمۆکراتیک لە نێویدا نەهادینە بوبێت و رێز بۆ دەنگی ئەندامانی خۆی دابنێت، تەنها و تەنها رێژەی دەنگی ئەندامانە کەچونیەتی رادەی دەسەلات دیاری دەکات و هەر کەس باوەری بە کردەوە بە ئوسولی دیمۆکراتیک بێت دەبی سەر بۆ ئەو بریارە دانەوێنێت.</u>
جیناح لە حیزبێکی سیاسیدا لە سەر بناغەی بیر و بۆچوونی جیاواز لە سەر ئادیۆلۆژی یان ستراتژیکی ئەو

حیزبە پێک دێ، بەلام بەداخەوە ئەمن بە غەیری شەری دەسەلات و داوای کورسی ومەقام هیچ مەبەستێکی دیکەی لەم نامەیە دا نابینم.
ئەو هاورێیانە لە نامەکەیاندا باسی ئەوە دەکەن کە زۆر کەس لە دوای کۆنگرەی 13 ریزەکانی حیزبیان بەجی هێشتووە کە ئەمە وەک تاوانی رێبەرایەتی ئێستای حیزب باسی لێ دەکەن . پرسیارێک کە دێتە گۆر ئەوەیە کە پێش کۆنگرەی 13 و بە تایبەت لە بەینی گۆنگرەی 10 تا 13 چەند کەس لە کادر و پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب دانیشتن و حیزبیان بە جێ هێشت؟ ئەوە خەتای کێ بوو؟ بۆ ئەو کات کەس دەنگی دیفاعی لە {مەزلوومان} هەلنەبڕی؟
ئەم کەسانە کە ئێستا داوای کورسی هاوبەش دەکەن بۆ لە کۆنگرە خۆیان کاندید نەکرد؟ بۆ چی هاورێیانێک کە ئەو کات حازر نەبوون بەرپرسایەتی بە ئەستۆ بگرن یان پێیان درا وەریان نەگرت ئێستا باس لە مافی خوراویان دەکەن ؟!
لە باری زانستی کۆمەڵناسییەوە، کۆمەڵگای ئێمە ئەرزش بۆ کەسایەتی واقعیی خەلک دانانێ. کەسایەتی ئینسانەکان گرێ دەدرێت بە پلەی کۆمەلایەتی تاکەکان. بۆ وینە: ئەگەر خەڵک کچ بە مێرد دەدەن پێش هەموو شتێک دەڵێن کە کابرا دۆکتۆر یان موهەندیسە و باس لە سەر کەسایەتی راستەقینەی کابرا ناکەن. ئەوە دیاردەیەکە کە ئێمە لە کۆلتووری خۆمانەوە وەرمان گرتووە و لەگەڵی گەورە بووین و کاردانەوەی خۆی لە شیوەی بیر و کارکردنی ئێمە داناوە.
شەری دەسەلات دیاردەی ئەم کۆلتوورە نالەبارەیە کە تاکەکان بۆ خۆیشیان ئەرزشی واقعیی خۆیان نازانن و هەموو کات بە شوێنی پلەو ماقامدا دەگەرێن تا کەسایەتی خۆیانی پی بەرز کەنەوە. من پێم وایە کە کاتی ئەوە هاتووە کە رۆشنبیران بە گشتی و حیزبی ئێمە بە تایبەتی

لەگەڵ ئەم دیاردە کۆنەپەرەستانەیە بەرەنگاری بکەن و ببن بە ئاڵاهەڵگر و پێشەنگی خەباتێکی تازە بۆ رفۆرمێک لە شێوەی بیرکردنەوە بۆ نرخ دانان بە کەسایەتی راستە قینەی تاکەکان.

لە حیزبە سیاسیەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو، شارەزاکانی بواری سیاسی هەوڵ نادەن کە لە نێو بەرێوبەری حیزبەکەیان نێویان هەبێت، ئەوان لە پشتی پردەوە حیزبەکەیان بەرێوە دەبەن. لە زۆربەی حیزبەکاندا شارەزایانی سیاسی کە خەتی ئەسڵی سیاست دادەرێژن بۆ خۆیان کاربەدەست نین و وەک یاریدە دەر و موشاویر هەڵس و کەوت دەکەن. ئەوە نێشانەی ئەو پەری هەستی باوەر بە خۆ بوونە و بە کۆلتۆرێکی پێشکەوتوو دەژمێردرێ.

ئەندامانی حیزبێکی سیاسی بە گشتی و کادرەکانی ریبەرایەتی ئەو حیزبە بەتایبەتی نە تەنیا لە بەرانبەر نەسڵی خۆیاندا بەرپرسیارن، بەڵکوو لە ئاست نەسڵەکانی داهاتوویشدا بەرپرسن. پەیامی ئێمە یان باشتر بڵێم ئەو هاورێیانە بۆ نەسلی دوای خۆیان بە لە بەر چاو گرتنی نامە و داخوازیەکانیان چییە؟

بە بروای من پەیامەکە ئەوەیە کە: <u>بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و کورسی و بۆ بەرز کردنی پلەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەتوانن پرینسیپە دێمۆکراتیکەکان لە ژێر پێ بنن و چۆنیان پێ خۆش بێ وا بکەن</u> **!!**

بەشێک لەو هاورێیانە کە ژیری ئەم نامەیان ئیمزا کردووە، ئێستا لە بەرێوبەری حیزبدان و بۆ خۆیان لە دەسەڵاتدا بەشدارن و ئەوانی دێکەش کە بە رەزامەندی خۆیان ئامادە نەبوون لە کۆنگرەدا خۆیان کاندیدا بکەن و کار وەربگرن، دەبی بە پێی هەموو پرینسیپە ئەخلاقی و دێمۆکراتیکەکانی زانستی سیاسی دنیا پاڵپشتی هاورێیانی

ریبەرایەتی بن کە یەکگرتووانە حیزبی دێمۆکرات بە شیوەی ئۆسوولی بەرەو دێمۆکراسی و ئازادی دەرون سازمانی زیاتر پێش بەرن.

پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە کردەوەی ئەو بەرێزانە و ساز کردنی جیناح بۆ بە دەست هێنانی دەسەلات، زەرەرەکەی بۆ خودی ئەو هاورێیانە زۆر زیاترە و بگرە بە قازانجی لایەنەکەی دیکە تەواو دەبێ. چۆنکە حەرەکەتێکی ئاوا تەنانەت ئەو کەسانەش کە لە هیچ لایەک نین ناچار دەکات کە بۆ پاراستنی حیزبەکەیان و دیفاع لە پرینسیپە دێمۆکراتیکەکان دژی ئەوان هەڵوێست بگرن.

شێوەی بەرخوردی ئەو هاورێیانە وا دەکات کە تەنانەت رێگای رخنە گرتن لە نێو ئەندامانی حیزبدا نەمێنێت . نەپارستنی نەهێنیەکان و تێکەڵکردنی رخنە بە شانتاژ و رقی شەخسی، بایەخێکی بۆ رخنە نەهێشتوەتەوە و ئەمنیەتی کاری و رۆحی رخنە گرتنی کونستروکتیڤ ( سازەندە) ی لە نیو بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزبدا لاواز کردوە. ئەم دیاردەیە مەترسیەکی گەورەیە لە هەر حیزبێکی سیاسیدا.

پۆستی سکرتێری حیزبێکی سیاسی یان ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی شەخسییەتێکی حقووقی دەدات بەو کەسانە. ئەوە بۆ خۆی دوو لایەنی هەیە:

1- تۆهین بە شەخسییەتی حقووقی سکرتێری هەر حیزبێک ، بێئیحترامی بە هەموو حیزبەکەیە، لە ئامانجەکان را بگرە تا ئەندامان و شەهیدانی ئەو حیزبە.( ئەمە ئەسڵێکی حاشا هەلنەگرە.)

2- ئەو شەخسییەتە حقووقیە بە نەبوونی پۆستەکە لە بین دەچێت بەلام زانست و ئەزموونەکان هەر دەمێنن. لێرەدا لە گەڵ 2 ئاڵترناتیڤ روبەروین: یان زانست و ئەزموونەکان بە

بی لە بەرچاو گرتنی لە دەستدانی شەخسییەتە حقووقیەکە لە خزمەت بەرژەوەندی حیزبەکەدا بێ ( کە ئەمە باشترین شیوەیە)، یان یەکجار بۆ هەمیشە قەبوولی کەین کە ئەو شەخسییەتە حقووقیەمان نەماوە و تا گرتنی کۆنگرەیەکی دیکە ئەگەر کار ناکەین لانی لەم سەددی ڕێگای کارەکانێش نەبین. لە هیچ ولاتیکی دۆنیا نابینی کە سەرۆک کۆمار یان ئەندامانی کابینە دوای ئەوە کە لە هەڵبژاردندا دەنگیان نەهێنا داوای دەسەڵاتی هاوبەش بکەن. ئەوە لە هیچ حیزبێکی سیاسیشدا تا ئێستا بەرچاو نەکەوەتووە.

ئیمە بۆ ئەوەی کە زیاتر پەرە بە دێمۆکراسی لە نێو حیزبەکەمان بدەین دەبێ چاو لە وڵاتان و حیزبە پێشکەوتووەکان بکەین. ئەگەر ئولگوی ئێمە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بێت، ئەو کات بەرەو دوا گەراوینەتەوە و خۆێنی شەهیدانمان بە فیرۆ داوە. چۆنکە ئەوە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە حیزبی ئێمە دێمۆکراتترین حیزبی ئەو ناوچەیە. ڕەنگە بوونی رێبەرایەتی حیزبی ئێمە لە شوێنی ئێستای خۆی تەئسیری لە شێوەی بیرکردنی هاورێیانی ئێمە دانابێت و باوەر بە دێمۆکراسی و رێزدانان بۆ دەنگی ئەندامانی لەواندا لاواز کردبێت.

لە کۆتاییدا بە باوەری من، باوەر بە دێمۆکراسی و رێزدانان بۆ دەنگی ئەندامانی حیزب و پەیرەویکردن لە ئە سەسنامە و ئۆسوولە دیموکراتیکەکان تەنیا رێگای چارەسەر کردن و سەرکەوتن بە سەر کێشەکاندایە.

شکۆفە قۆبادی/ سۆئید 18 / 08 / 2006

.......................................

مەقالەی هاوڕێ شکوفە قوبادی لە گەڵ ئەوەیدا پڕە لە ئامۆژگاری بۆ ئەندامانی حیزبی، تەنانەت لە باری دێموکڕاسیشەوە ڕێنوێنی هاورێیان دەکات کە بە گوێرەی یاساو کلتوورو پێڕەوی پەسند کراوی کۆنگرەکان هەڵس و کەوتی سیاسی بکەن, بەلام بەداخەوە هێندێك کەسی دژ بە ئوسول و نەپاراستنی پرنسیپی مرۆیی، وێڕای دژکردەوەیی و بێ حورمەتی، هیچ تێبینیەکی هاوڕێیەتی ودۆستایەتیان وەبەر چاو نەگرت، بێجگە لە هێرشو تەلەفوناتی بێجێ !!
هەروهك پێشتر ئاماژەم پێکرد، من خۆم لە مەقالێکدا کە لە ژێر ناونیشانی: ( بەپێچەوانەی سەردەمی نوێ و گلوبالیزم) نووسیبووم و بۆ سایتەکانم ناردبوو . کە بەڵکوو ئەو نووسراوە بتوانێ لە یەکدەنگیو یەکریزی هاوڕێیانی حیزبیدا ئەرکێك ئەنجام بدات ئوسول وەبەر چاو بگرن، بەداخەوە لە زۆرشوێنەوە بە نێوی (جعلکراو ) گەلێك شتی پڕلە بوختان و درۆی قەشانو تەوهینیان بۆهەڵبەستم و لە دژیان نووسیم ، بەلام خۆشبەختانە ئەوانەی لێم بیستنەوە، بە نووسراوەی نۆکەرو بەکرێگیراوی هاوسوی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان قەبڵاند بوون . پێویستە بکوترێ ؛ نووسراوەکانی بێ ناو ساختە لە دژی هەر ئوسول یاساو پرنسیپێك لە سەر سایتی (بۆکوردستان) کە بە مەکۆی درۆ ناسراوە دادەنران.
لەو نووسراوەی کوێستانیدا بێجگە لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی تەشکیلاتی، نە شتێکی دیکەی تێدابوو، نە نێوی کەسێك بە خراپی هاتبوو، نە بێحورمەتی بەکەس کرابوو، بەڵام دوایی دەرکەوت کە هەرکەس داوای یەکڕیزی و یەکێتی کردبایە پێی قەلس و تووڕە بوون. کاتێ پەیوەندیم گرت لەگەڵ هاوڕێ سعید، دوای هندێك وتوو وێژ گوتی: ( من بێخەبەر لە وەی کە ئەو هاوڕێیانە بڕیاری دووبەرەکی نانەوەی

خۆیان داوەو تەمای خۆیانگرتووە جوێ دەبنەوەو سەنگەرێ هاورێ کانی خۆیان بەجێ دێڵن و هەوڵی من ئەوە بوو کە بەشکم تەئسیرێکم هەبێ و کارێکم کردبێ کە ڕووداوێکی دوور لە یەکڕیزی و ناتەبایی کە حیزبی پێ لاواز بێ و خواستی کۆمەڵانی کورد نەبێ نەیەتە پێش دوژمنمان پێخۆش بن . بەڵام ئەوان بڕیاری خۆیان داوەو نەیانەویت شتێکی کە بۆ ئەندامان ئامۆژگاری تێدابێ بنووسرێ، ئێستا دەزانم بۆچی بە نووسینی ئاوا قەڵسن ! ئەو تاقمە چوونکە بڕیاری جوێ بوونەوەی خۆیان داوە، هەر جۆرە ئامۆژگاریو تەبلیغاتێك، ڕاکێشانی دڵسۆزانەو کەسانی سادەو ساکاریان لێ پەشیمان دەکاتەوە بۆیە لێم تووڕەن )

منیش کە بیرم لێکردەوە بۆم دەرکەوت کە هەرکەس شتێکی خێرخوازانە و بە قازانجی حیزبی نووسیبایە، زوو بە نێوی جەعلی تەوهینیان پێدەکردو بوختانیان بۆ هەڵدەبەست ، بۆ ئەوەی فەرمایشی بێ مەنتیق و چەواشەکارانەیان جێ بگرێ و بە نییەتی ڕووخێنەری خۆیان بگەن .

بۆ ئیسپاتی زیاتر، من شتێکی دۆستانەو هاوڕێیانەم نووسی کەچی لە گەڵ چەندین ئیعتڕازو جنێو تەنانەت بوختانی هەڵبەستراو روو بە روو بوومەوە .

ئەگەر نووسراوەکەتان خوێند بێتەوە ، جەزانن چەندە بێلایەنانەو دۆستانە بوو، بەڵام دەرکەوت کە هەرکەسێك لە بارەی یەکێتی تەشکیلاتیدا شت بنووسێت دەکەوێتە بەر جنێوو بێ مەنتقی و بوختان هەڵبەستنی ئەو کەمینەی کە تەماو بڕیاری لەتکردنی و بەجێ هێشتنی حیزبیان هەیە .

**ئەوەش بەیاننامەی کەمینە کە لە ژێرەاوە دەیخوێنەوە !**

## بەیاننامە ی حیزبی دیموکراتی کوردستان _ئێران

**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران !**
**کۆمەلانی خەباتگێڕی خەلکی کوردستان!**
**حیزب و رێکخراوە سیاسیە کوردستانی و ئێرانییەکان!**
**دۆستانی گەلی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەلکی کوردستان لە یەکێک لە ناسکترین هەل ومەرجەکانی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا، نیزیک بە دوو سال و نیوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی جێگای متمانە و پشتیوانیی زۆربەی زۆری خەلکی کوردستان، حیزبێک کە بە دەستی بە توانای پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا و بە بیری تیژی دوکتور قاسملوو نوێ کرایەوە، لە ئاکامی پاوانخوازیی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندیدا تووشی قەیرانێکی قوولی تەشکیلاتی بووە کە سەرانسەری قەوارەکەی هەر لە سەرێ ڕا تا خوارێ داگرتوە و بە کردەوە کردوویەتە دوولەت. پاش پتر لە دوو سال هەولی نهێنی بۆ گێڕانەوەی یەکڕیزی و یەکدلی بۆ نێو حیزبی دێموکرات، رۆژی 7ی گەلاوێژی 1385 ئێمە بە ناوی "ئوپوزیسیۆن" یادداشتێکی بیست مادەییمان خستە بەرچاوی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی کە قەبوولکردن و جێبەجێکردنی دەیتوانی میکانیزمێک بۆ چاری گیروگرفتەکان و گێڕانەوەی یەکپارچەیی بۆ ریزەکانی حیزب بە دەستەوە بدا. هەر چەند ئەم یادداشتە وەک سەنەدێکی نهێنی ئامادە کرابوو، بەلام بێ ئەوەی بمانەوێ کەوتە نێو میدیاکان و ئەو کەسانەی ئۆگری چارەنووسی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتن لێی ئاگادار بوون.**

بەداخەوە چەند کۆبوونەوەی وتوویژ لەسەر ئەو یادداشتە و هەروەها هەوڵ و تەقەلای هێندێ لە دڵسۆزانی کورد لە نێوەوە و دەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەوڵی نێوبژیکردنی هێندێ حیزبی کوردستانی لەوانە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و هەروەها هەوڵی نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە هۆی رەدکردنەوەی قۆڵی زۆرایەتیەوە بێ ئاکام مایەوە و قۆڵی دەسەڵاتبەدەستی کومیتەی ناوەندی بە رەفتاری توندوتیژ بەرامبەر جودابیران رۆژ بە رۆژ کەلێنی نێوان خۆی و لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی گەورەتر و فرەوانتر کرد. لە راستیدا ئەو لایەنە بە ئاشکرا هەوڵی داوە لەتکردنێک کە لە دوای کۆنگرەی سێزدەوە بە کردەوە بەسەر حیزبی دێموکراتیدا سەپاندوە، رەسمییەت پێ بدا و ستراتیژیی لەمێژینەی خۆی سەبارەت بە پووچەڵکردنەوەی هەنگاوی "وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" لە دوای کۆنگرەی دەیەم، پیادە بکا . ئێستا ناچارین بەوپەڕی داخ و کەسەرەوە هەموو لایەک ئاگادار بکەین کە هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە بۆ پاراستن یان باشتر بڵێین بۆ گێڕانەوەی یەکپارچەیی بۆ ریزەکانی تێکۆشەرانی دێموکرات گەیشتۆتە بنبەست و ئەگەر ئێمە نەمانتوانیوە یەکڕیزی بەسەر لایەنی بەرامبەردا بسەپێنین، ئەوان توانیویانە لەتبوونی حیزب، حیزبێک کە بە فرمێسکی چا وو خوێنی دلڕ و شەو و شەونخوونیی هەزاران تێکۆشەری شەهید و بریندار و کەم ئەندام گەیشتۆتە ئەمڕۆ، بەسەر ئێمەدا بسەپێنن. لەو پێوەندییەدا حەز دەکەین چەند مەسەلەی گرنگ و بەپەلە رابگەیەنین . هەڵوێستە سیاسییەکان و بنەما تەشکیلاتییەکانی ئێمە کە دیارە ریشەیان لە سیاسەت و هەڵوێست و بنەما فکری و تەشکیلاتییەکانی حیزب دایە و لەگەڵ پێدا ویستییەکانی هەلومەرجی تازەی خەبات و

ئاڵوگۆڕەکانی ئەم سەردەمە موتوربە دەکرێن، لە دەرفەتێکی دیکەدا بە ئاگاداریی تێکۆشەرانی حیزب و بیروڕای گشتی دەگەیەندرێن. مەبەست لە دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە زۆرتر ئەوەیە کە رابگەیەنین لەمڕۆ بەدواوە ئێمە تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتیمان بە جیا لە قۆڵی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی درێژە_پێ دەدەین و لەو رێگایەشدا بە پشتیوانیی سەدان کەس لە باشترین و بە ئەزموونترین کادر و پێشمەرگەکان و هەزاران کەس لە ئەندامە دڵسۆزەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان پشت ئەستوورین.- مل راکێشانمان بۆ لەتبوونی حیزب تەنیا بۆ ئەوەیە کە چیدیکە توانا و لێوەشاوەیی تێکۆشەرانی حیزب بە فیڕۆ نەچێ و سەرفی گیروگرفتی نێوخۆیی نەکرێ، بەڵکوو هەوڵەکان روویان پێ بکرێتە وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان و بەربەرەکانی دژی دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، نەک قۆڵ و لایەنەکانی نێوحیزب. بۆیە بەرەسمی رادەگەیەنین کە کاری ئێمە دژایەتی و بەربەرەکانیی سیاسی و تەبلیغاتی و .... دژی هاوسەنگەرەکانی پێشوومان نیە و لە هیچ مەیدانێکدا دەستپێشخەر نابین. ئاواتمان ئەوەیە لایەنی بەرامبەریش هەر ئەم هەڵوێستە بگرێتەبەر و رێگا نەدا دوژمنانی بزووتنەوەی کورد پێمان خۆش بن و دۆستانمان نا ئومێدی دایان بگرێ - ئاشکرایە کە رێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات و بەشێکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی و بە سەدان بنەماڵەی تێکۆشەرانی حیزب، لە کوردستانی عێراق و لە ژێر سێبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەژین، کە لە هەموو کەمپەکاندا بنەماڵەکان تێکەڵ و دراوسێی یەکترن. ئەم وەزعە تا پێش کۆنگرەی سێزدە زۆر سروشتی و لە دوای کۆنگرەش تا ئێستا بەهەرحاڵ "قابل تحمل" بووە. بەڵام ئێستا ئیدی هەموو شتێک پێویستیی بە لێک جیاکردنەوە هەیە. لەو پێوەندییەدا ئێمە لە

لایەنی بەرامبەر داوا دەکەین هاوکاری بکا تا بە شێوەیەکی شارستانیانە و بێ کێشە و ناخۆشی لێک جیابینەوە و دوژمنان بە خۆمان خۆش نەکەین. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی ئارەزووی ئێمە ئەوان مل بەو کارە نەدەن، سروشتییە کە بەرپرسایەتیی ئەو کارە دەکەوێتە سەر شانی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان. هیوادارین هەم سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هەم حکوومەتی هەرێم و هەم دوو حیزبی دۆست و برامان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەرپرسایەتیی نەتەوەیی و ئەخلاقیی خۆیان لەو پێوەندییەدا بەجێ بێنن و هەموو ئاواتمان ئەوەیە لەم هەل و مەرجەی کوردستان و ئێران و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە چاوەدێرە سیاسییەکان ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسی لە ئێران و ناوچەکەدا پێش بینی دەکەن هەموو لا جۆرێک رەفتار بکەن کە زەبر لە یەکیەتیی ریزەکانی خەڵکی کوردستان نەدرێ و ئەگەر نەمان توانیوە لە نێو حیزبی دێموکراتێکی یەکپارچەدا هەوڵەکانمان وەسەریەک بخەین، رێگای ئەوە کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی کوردستانیدا پێکەوە کار بکەین بەربەست نەکرێ.سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل و لە ریزی پێشەوەیاندا قازی ، قاسملوو، شەرەفکەندیسڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانسەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی میللی - دیموکراتیکی گەلی کورد کۆمەڵێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی و جێگران و موشاویرانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران . کۆمەڵێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی و جێگران و موشاویرانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران¨15.9.1385 هەتاوی 6.12.2006ی زایینی

ئەو تەماو بڕیارو بەیاننامە دەرکردنەی کاک مەلا عەوڵاو برادەرەکانی، گەلی کوردی بەگشتی ئەندامو لایەنگرانی بە تایبەتی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیئێراندا تاساند.
ئەو ئەزموونەی ناوبراو هەیبوو، چاوەڕوانی ئەوەی لێ نە دەکرا لەو کاتە هەستیارەدا ئەو دەستە گوڵە بە ئاو دادا، لەو کاتەیدا کە گەلی کورد لە ژێرچاوەدێری تاقیکردنەوەی نێو نەتەوەییدایە، لە کاتێکدا کە مرۆڤی غەیرە سیاسیش دەزانی رژێمی ئاخوندی لە هەمووڵایەکەوە کەوتۆتە بەر گوشاری نێو نەتەوەیی، لە کاتێکدا چرای سەوز بۆکورد لێدراوە، لەکاتێکدا گەلی کورد بە گشتیو کوردی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی چاوەڕوانی یەکێتی و یەک پارچەیی پێشڕەو و خەباتکارانی سیاسین، ببڵام بە پێچەوانە تاقمێکی بە ئەزموونی نێوحیزبی دێموکڕات، تەشکیلاتێک لەت دەکەن و لەهاوڕێ و هاوسەنگەرانی خۆیان دادەبڕێنو کوڵمەی سووری نیشتمانپەروەران زەرد هەڵدەگێڕنو چاوانی گەش فرمێسک دەڕێژن، بە لە تکردنی تەشکیلاتێکی کە خۆیان ساڵانێکە کاری تێدا دەکەن، بۆ پلەو مەقام بێجگە لە وەی پێی دێنە خوار، خۆیان قەرزداری تاریخ دەکەن . ئەوەی کە هیچ ئینسانێکی سیاسی چاوەرانی نەبوو، ئەوەی کە نەدەبوو کرابایە، بەبێ لێکدانەوە کراو بوو بە ڕووداوێکی جەرگ بڕی و هەتا دنیاماوە لە مێژوودا سەبتکراو دەمێنێ .

...........................

بە دوای ئەو بڕیارو بەیاننامەی ئۆپۆزیسیۆن کە بە نێوی کۆمەڵێک لە کادری دەفتەری سیاسیو ناوەندی مشاورو . . .
کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یاسایی، ئەو ڕووداوە ناخۆشە وەک ڕووداوێکی چاوەڕوان

نەکراو پشتی دڵسۆزانی کورد تەزاند.  بەدوای ئەو ڕاگەیاندنەدا، حیزبیش بەیانی خۆی دەرکرد  کە وا دەخرێتە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز !

هاونیشتمانانیبەڕێز!
کۆمەلا  نی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان
ئەندامانو لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی
دێموکراتی کوردستانی ئێران!
حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان!
دۆستانو دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد!

لە هەلومەرجێکدا کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە لە بەرژەوەندیی کورددا دەچنە پێشو ئاسۆی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران روونتر دەکەوێتە بەرچاو، لەو کاتە هەستیارەدا کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆو لە دەرەوەڕا کەوتۆتە ژێر تەوژمو فشارەوەو بزووتنەوەی کورد لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیی بە یەکیەتیو یەکریزی هەیە، بەداخەوە ژمارەیەک کادرو پێشمەرگەی حیزب سەرەڕای هەموو دڵ فراوانییەکی رێبەرایەتیی حیزبو هەوڵو تێ کۆشانی دۆستو دڵسۆزانی کورد بەتایبەت دوو هێزی برامان پارتی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان بۆ مانەوەی ئەم جەمعە لەنێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، لە رێکەوتی 1385/9/15ی هەتاوی بەرابەر بە 2006/12/6ی زایینی، بە دەرکردنی بەیاننامەیەک

جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیاندوە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی پێناخۆشبوونی خۆی لە هەڵوێستی ئەو برایانە، ڕادەگەیەنێ کە ڕێبەرایەتیی حیزب پاش چەندین کۆبوونەوەو باسو وتووێژ لە سەر داخوازیی ئەوانو تەنانەت قبووڵی بەشێکی بەرچاو لە داواکانیان . هەرچەند نارەواش بووبن . لە پێناوی پاراستنی یەکڕیزیی حیزبدا لە بەرچاو گیراون، بەو حاڵەش ئەم ژمارەیە لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لە نیازپاکیو دڵفراوانیی ڕێبەرایەتیی حیزب کەڵکی خراپیان وەرگرتو ڕۆژبەڕۆژ بەهانەی جۆراوجۆرو شەرتو پێش شەرتی تازەیان بۆ درێژەی دیالۆگ هێنایە گۆڕو دواین داوای ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ دانیشتنو درێژەی دیالۆگ بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە خۆیان لە ڕۆژی دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی سێزدەهەمەوە بۆ حیزبیان دروست کردو، جار لەگەڵ جار زیاترو بەرفراوانتریان کرد، ڕەت کردەوە تا ئەو جێگایەی کە بە کردەوە ڕیزی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا کردەوەو ئێستاش ئەو جیاکردنەوەیان بەڕەسمی ڕاگەیاندوەو بە سەر حیزب یاندا سەپاندوە.
خۆشەویستان!
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشەوای نەمر قازی محەممەدو دوکتور قاسملووی ڕێبەرو دوکتور شەرەفکەندیی زانا، لە ڕەوتی خەباتی 61 ساڵەی خۆیدا زۆر جار لەگەڵ هەلو مەرجی لەو بابەتە بەرەوڕوو بووەو، زۆر جار ئەم ڕێبەرە شەهیدانەمان بە شێوەی جۆراوجۆر تۆمەتبار کراونو تەنانەت ژمارەیەک لە کادرو

پێشمەرگەی حیزب لە کاتی ژیانو رێبەرایەتیی ئەواندا ریزەکانی حیزبیان جێهێشتووەو ناوو ناتۆرەیان وەپاڵ داون. بەلا م هەرەوەک ئەم رێبەرانە خۆیان فەرموویانە ئەم حیزبە بەم جۆرە هەڵوێستو لێدابڕانانە کز نەبووەو کز نابێو لە ژێر هیچ فشارو بەربینگ پێگرتنێکدا لە رەوتی دێموکراتیو پرنسیپە دێموکراتی‌یەکانی خۆی دوور نەکەوتۆتەوەو دوور ناکەوێتەوە، دیارە پاش شەهید بوونی ئەم رێبەرانەش سەیر نیە کە درێژەدەرانی رێگایان لەگەڵ ئەم جۆرە هەڵوێستو لێدابڕانانە بەرەوڕوو بین. بەلا م بە گرتنە پێشی رێگاو رێبازی ئەم رێبەرە شەهیدانە لە لایەن رێبوارانیانەوەو بیری وردو واقیعبینانەی کۆمەلا نی خەڵکی کوردستان، هەموو جارێک راستی‌یەکان دەر کەوتوونو ئەمجارەش خەڵک بە چاوی ئاواڵەوە دەڕواننە راستی‌یەکانو زۆر زوو هەست دەکەن کە بەڕێوەبەرایەتیی حیزب چ دڵسۆزیو دڵفرەوانییە کی بۆ پاراستنی یەکریزیی حیزب لە خۆی نیشان داوە، کێ سوور بووە لە سەر لێک دابڕانو وەلانانی رەوتی دیالۆگ بە مەبەستی چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی کە بە ناحەقو ناڕەوا بۆ حیزب پێک هێندرانو کێ تەنانەت تەحەمولی ئەم هەموو کارشکێنیو بەرگرتن لە بەرەو پێشچوونی رەوتی تێکۆشانی حیزبی کردووە؟

ئێمە سەرەڕای پێ ناخۆش بوونمان لەو هەڵوێستە کە ژمارەیەک لە کادرو پێشمەرگەکانی پێشووی حیزب گرتوویانە، هەموو هەوڵو تێکۆشانمان لە رەوتی خەباتدا بە هەموو شێوەکانیەوە تەنیاو تەنیا رووی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دوژمنو زەوتکەری مافو ئازادییەکانی گەلانی ئێرانو خەڵکی کوردستان دەبێ.

سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە داهاتووشدا هەر لە سەر ئەم رەوتو رێبازە دەبێ کە تا ئێستا رێبەرانی گەورەو شەهیدمان قازیو قاسملوو و شەرەفکەندی بوویانەو پێیان لە سەر داگرتووەو ئێستاش ئەم رێبەرانە لە بیروباوەڕدا زیندوونو لەگەڵمانن.

سلا و لە گیانی پاکی ئەو رێبەرە شەهیدانەمانو سەرجەم شەهیدانی حیزب و گەل .

سلا و لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدانو هەموو زیندانیی‌یە سیاسی‌یەکان.

سلا و لە خەڵکی خەباتگێڕو خۆڕاگری کوردستان پشتیوانانی هەمیشەیی حیزبی دێموکرات .

سلا و لە ئەندامانو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و رێ بوارانی رێبەرانی سەربەرزو شەهیدمان قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی.

سلا و لە کادرو پێشمەرگە فیداکارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سلا و لە حیزبی پێشڕەو و خۆشەویستی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

حیزبی دێموکراتیکوردستانی ئێران.

کومیتەیناوەندی

1385/9/15ی هەتاوی 6/12/2006ی زایینی.

.......................................................

ئەو بەیاننامەیەی کەمینە و بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانی حیزبی بە هۆی چۆنیەتی ئەو بڕیارو کردەوە نابەجێ و نەخوازراوەی کەمینە، هاندران و هەرکەس دەردی دڵوو گلەی خۆی بە شێوەی جۆراو جۆر دەنووسیو ڕەوانەی سەر سایتەکانی دەکرد. یەکەم کەس دوای بەیانی دابڕاوان ، نووسەری ئەو چەند دێرە نامەی خوارەوەی بڵاو کردەوە، لە خوارێ دەیخوێننەوە.

.............................................

رۆوداوێکی نەخوازراوی دڵتەزێن!

ئەو ڕۆ بەیانی چوارشەممۆی 2006 / 12 / 6 زاینی بە داخەوە هەواڵی دابڕانی بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەیاننامەیەکی دوولاپەڕە جیا بوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند . هەموو هەول و دەولی چەندین مانگەی حیزب و ئەندامانی حیزب و خێرخوازان و ناوبژیوانان هەمووی بە هەدەرچوو . تەنانەت نووسین و پاڕانەوەو ئامۆژگاری نووسەرانیش جگە لەوەی بوو بە کاغەز ڕەشکردنەوە، کەڵکێک و سوودێکی نە بهخشی و سەر ئەنجام کەمینە تەمای خۆی گرت و بڕیاری جوێ بوونەوەی خۆی ڕاگەیاند.

ئەوەندەی من ئاگادارم و هەڵس و کەوتی دڵسۆزانی کۆمەڵگای کوردەواریم هەڵسەنگاندووە ، ئەوەندەی لەگەڵ ئەندامانی بەرپرس و غەیرە بەرپرس دواوم ، هەرەکەتی ئەو جیا بوونەوەیان پێ ناخۆش بووە . لە ماوەی ئەو چەند کاتژمێرەی کە بەیاننامەکەیان ناردۆتە سەر سایتەکان ، لەگەڵ هەرکەسێک تەفونم کردووە

هەواڵەکەم پرسیوە، بێجگە لە دەربڕینی ناڕەحەتی و بێزاری و داخ و کەسەر ، گوێم لە کەسێک نەبوو خۆشحاڵیی خۆی لەو ڕووداوە دڵتەزێنە ماڵوێرانکەرە دەر ببڕێ .
بەداخەوە ئەو زیانە قەرەبوو نەکراوە ناخۆشە لە کاتێکدا ڕوو دەدا کە گەلی کورد لە هەموو سات و کاتو سەر دەمێک پترو هومێدەوارتر چاوەڕوانی یەکێتیو یەکڕیزی تێکۆشەران بوون کە حیزب پتەو ڕابگرن .
لەکاتێکدا ئەو هەواڵە پشت شکێنە لە نێو مێدیاکاندا بڵاو دەبێتەوە کە ئاڵووگۆڕی نێو نەتەوەیی بە توندی بەرەو پێش دەڕۆنو جیهانی ڕۆژاوا گوشاری خستۆتە سەر دوژمنی داگیرکەری ئێران و سەری لێشێواندووە . لە کاتێکدایە کە خاتەمی و ئەردۆغان و بەشار ئەسەد لە دژی بەرەوپێش چوونی پرۆسەی ئازادی لە باشوور، کەوتوونەتە جووڵە جووڵو هاتوچۆ و، بەستنی پەیمانی نهێنی لەگەڵ یەکتری خەریکی پێکهێنانی گیروگرفتو پیلانگێڕین .
لەکاتێدایە کە گەلی کورد لە تورکیا و سوریا بەتایبەتی لە ئێران کەوتوونەتە بەر هێرشی بێ بەزەیانەی ئاخوندی و دەستە دەستە پیاوانو ژنانو لاوانی خەباتکار ڕەوانەی ڕەشەچاڵەکان دەکرێنو دەکەونە ژێر ئازارو شکنجەو حوکمی درێژخایەنو تەنانەت ئێعدامیان بەسەردا دەبڕێ. بەهەر حاڵ ئەوەی کە نەدەبوو ڕوویدات، ڕوویداو چەرمەکە ئاوبردی.
هەروەک لەسەرو ئاماژەی پێکرا لەهەموو ڕێگاکانەوە شەرێ خۆمانکرد، پێش بەو ڕوودوا نەگیرا. تەنیاو تەنیا هەرحیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانیش نییە تووشی ئەو قەیرانە پشت شکێنە دەبێت . بەو هیوایە هیچ جۆرە ناخۆشیو کارەساتێکی لێ

نەکەوێتەوە کە دوژمنانی گەلەکەمان لەوە پتر خۆشحاڵ بکات و، کورد و دۆستانی گەلی کورد تووشی پرۆشی بکات .

هیوادارم بەرپرسانی‌حیزب بەو پەڕی بەرپرسایەتی پێش بە هەر جۆرە ئاڵۆزی و ڕقو کینەیەک بگرن، بەشکم لە داهاتوودا وەک مەلاعەولا چەندساڵ لەوە پێش نووسیبووی: قطرەکان‌تێکەڵی دەریادەبنەوە .

سەعید کاوە ( کوێستانی ) 6 / 12/ 2006

www. kurdland.com/said

# دەسەڵات لە لووتکەوە بۆ لێژی !

تاقیکردنەوەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە سەری سەرەوە بۆ خواری خوارێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەو شێوەیەی کە پێویستە رێگای بۆ خۆش نەکراوە و زۆریش بە سانایی ئەو رەوتە ناتوانێت وەک ئەوەی کە لە وڵاتانی ئازاد و دێموکراتیکدا روودەدەن، روو بدات , بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە گەرای ئەو رێچکە پێویستە و ناتوانێت لە ئێمە و لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆ بگرێت و جێو رەنگ بگرێت!
شەستویەك ساڵ لەمەوپێش لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیەکەمجار بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بناغە سیاسییەکان کەوتنە سەر رەواڵێکی زانستی و ئەم حیزبە هەر زۆر زوو توانی رێبەرایەتی خەڵک بکات و هێزەکان بخوێنێتەوە و لە پاش راگەیاندنی کۆماری کوردستان ، پەنا بەرێت بۆ دەرکردنی گۆڤار و رۆژنامە و پێکهێنانی یەکێتییەکانی لاوان و ژنان و باس لە مافی شارۆمەندی کە تا ئەودەم لە سەرجەم بەشەکانی کوردستاندا ئاڵوگۆڕی لەو شێوەیە نەهاتبوونە گۆڕێ !
پاش رووخانی کۆماری کوردستان و پەرەوازەبوونی رێبەرایەتی ئەو حیزبە و دۆڕانی ئەو ئەزموونە جوانەمەرگە، راستە کە کورد لەو ساتە مێژووییەدا دۆڕا، بەڵام ژیلەمۆی ویستەکانی گەلی کورد هەنگاوێکی زانستییانەی بەرەو پێشەوە نا کە بوو بە هەوێنی زیاتری بە زانستیکردنی ئەو بزووتنەوەیە، پاش چەند دەیە لە خەباتی نهێنی. ئەوانەی کە رۆژێک لە رۆژان لە خزمەت حیزب و ئەو کۆمارەدا بوونە، یان لە ئورگانە سنفییەکانی وەک یەکێتی لاوان و یەکێتی ژناندا چالاکییان هەبووە ،

پاش چەند دەیە ، هەر ئەوان بوون کە ئەزموونی سیاسی و فەرهەنگی و کولتووری و ئابووری و دەسەڵاتدارەتی کۆماری کوردستانیان کردە تێشووی ڕێڕەوی ژیانی سیاسی . پاشی چەند دەیە بوون بە ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران .

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران کە ئاکامەکەی ڕووخاندنی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران بوو، کێشە و ململانێ سیاسییەکان لە نێو حیزبدا گەیشتنە ئاستێک کە کۆمەڵێک کەس پشتیوانییان لە حیزبی توودە دەکرد و دەیانەویست کە حیزب بەشێکی جیانەکراوە لە ئەوان بێت و لە کوردستاندا خەبات بکات. بەڵام ویستی ئەو کەسانە سەری نەگرت و ڕوو بەڕووی بیرێکی دیکە بوونەوە کە حیزب دەبێ کوردستانی و سەربەخۆ بێت لە حیزبی توودە. دەتوانین بڵێین کە سەرهەڵدانی ئەو دوو بیرە، خۆی لە خۆیدا وەڵامی ئەوەی پێ بووە کە کەسانێک ئەو حیزبە بە جێدێڵن ، بە تایبەت ،غەنی بلووریان کە لە حیزبی توودەدا پۆستی باشی پێدرابوو.

ئەو نرخە کە حیزبی دێموکرات لەو کاتەدا دای لەوانەیە قورسایی خۆی هەبووبێت. بەڵام ئایا گەر ئەو نرخە نەدرابا و حیزبی دێموکرات گرێدراوبا بە حیزبی توودەوە، هەر بە هەمان دەردی حیزبی توودە نەدەچوو؟

لە لایەکی دیکەشەوە بەو باس و لێکۆڵینەوە و دژبەرییە سیاسییە حیزبییە، دەرگایەکی دیکە بە سەر لێدوان و دەربڕین و ئازادی دەربڕینی بیروڕای جیاواز لە نێو حیزبی دێموکراتدا کراوەتەوە. ئەوەی کە زۆر گرنگ و جێی بایەخە ئەوەیە کە ئەو ڕووبەڕووبوونە سیاسی_ تەشکیلاتییانە لە کۆنگرەیەکی حیزبیدا ڕێگایان بۆ خۆشکراوە! کەواتە لێرەدا سەروەریی کۆنگرە کە بەرزترین ئورگانی حیزبییە، بەرزترە

لەوەی کە ویستی کۆمەڵێک کەس بتوانێت بە لاڕێیدا بەرن و هێزی بڕیاردان و پیرۆز مانەوەی لێ بستێنێتەوە !
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زۆر کۆنگرەکانی دیکەیدا ئەم کێشانەی بە خۆیەوە دیوەو لە چەند کۆنگرەی دیکەیدا، پاش کۆنگرە دەبینین کۆمەڵێک کەس لە بەر ئەوەی ویستەکانیان جێبەجێ نەبووە و بە ئاوات و حەزەکانی خۆیان نەگەیشتوون، هەوڵیان داوە سنوور ببەزێنن و گوێڕایەڵی بڕیار و پەسەند کراوەکانی حیزبی نەبن و شەلم کوێرم کەس نابوێرم، بکەنە درۆشم . وێستوویانە تەنیا شتێک ببینن و بپارێزن کە لە سوودو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دابێت !
راستە هەمووی ئەو کێشانە ، لە لایەک کۆمەڵێک بنەمای سیاسییان هەبووە، بەڵام لە راستیدا کۆمەڵێک حەزی تاکیی ئەو تاکانە بوونەتە بنەما بۆ قووڵ بوونەوەی ئەو وردە کێشانەی کە لە کۆنگرەکانی حیزبیدا حەزەکانیان جێبەجێ نەکراوە . دیارە ئەوەش کە تاکێک لە کۆنفرانسێک یان کۆنگرەیەکدا دەنگ ناهێنێتەوە، یان بۆچوون و پێوانە و پێشنیارەکانی دەنگی پێنەدراوە، نابێت ببێتە هەوێنی خۆسەپاندن بە سەر کۆنگرە و بەرنامە و پێڕەوو سەروەری یاسایی، سیاسی ئورگانەکانی حیزبێک یان رێکخراوێک، کە ئەو حیزبە یان ئەو رێکخراوەی لە سەر دامەزراوە.
کە حەز بوو بە بناغە بۆ بە دەستەوە گرتنی یاساو دەستەبەر کردنی ئورگانەکان، بێگوومان لێرەدا کۆمەڵێک کێشەی دیکە سەرهەڵدەدەن. کە ئەو کات تاکەکان رۆژ لە دوای رۆژ زیاترویستی خۆیان دەبەنە سەرو وردە وردە ئەوەی کە خۆیان باسی لێوە دەکەنو بۆچوونیانە بە خۆدزینەوە لە کارو هەڵخەڵەتاندنی دەورو بەر دەیکەن بە بڕوا بۆیان و بەشێوەیەک راستییەکان دەشێوێنن کە وەک

ئەوەی بڵێی ئەوان لە کاتی بەشدارییان یان بوونیان لە کۆنفرانسێک یان کۆنگرەیەکدا، زۆر جیاواز لە بەشدارانی دیکە، باسیان لە کۆمەڵێک شت کردووە و ئەوانی دیکەش لە باس و بابەتی زۆر جیاوازی تر! . واتە لێرەدا کایەکردن بە ووشە و هێنانە ئارای هێزی سۆزو هەوڵدان بۆ وەگەر خستنی بیری ناوچەیی، هاوزاراوەیی، هاوبیری، هاوسۆزی و زۆر شتی لاوەکی دیکە دەبنە گوتەی سەری زمان و بنی زمانی تاک، یان گوروپی پەنابردوو بۆ ئەم چەمکانە!

لێرەدا ئیدی سۆز زاڵ دەبێ بە سەر ئاوەزدا تاکاتێک دەسەلآت دێتەوە دەست ئەو تاکە یان ئەو گوروپە. هەر بە گەڕانەوەی دەسەلآت بۆ ئەو یان ئەوانی دۆڕاو، بێگوومان هەم دیسان " آش همان آش و کاسە همان کاسە "، باس و خواستی پاراستنی پرنسیپە تەشکیلاتی و سیاسیەکان دێنەوە گۆڕێ . بەشێوەیەک کە ئەمجارەیان ئیدی ترسەکە لەوە نامێنێت کە خەڵکانی دیکە لە دەرەوەی ئەو ئورگانە پێکهاتووە، هێرش بکەنە سەر پۆستەکەیان و هەموو هێزەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی ئێستا لە گەڵیاندا بوونەتە پەیکەرەی ئەو پێکهاتە نوێیە، لە داهاتوودا نەبنە هەڕەشە بۆیان و هەم دیسان تووشی قەیرانی لەدەست دانی پۆست و مەقام نەبنەوە !

لەم قۆناغەدا گوروپ یان تاقمێک کە ئورگانێکیان پێکهێناوە و پێشتر لە چوارچێوەی ئۆرگانێکی بەربڵاوتردا تێکۆشانیان هەبووە و خەڵک بە باشی دەیانناسن، هەوڵدەدەن کە ئەو کەسایەتییەی کە هەیانبووە و هەیانە، لەدەستی نەدەن و وا نیشان بدەن کە ئەوان " تافتەی جدا بافتە" ن و بە بێ بوونی ئەوان ئەو ئورگانەی پێشوو کە خۆیان سەردەمانێک بوونایەتییەک بوونە لە پێکهاتەیەکدا، دەڕووخێ و بەرەو نەمان دەچێت!

هەربۆیە ئەمانە پێویستییان بەوەیە کە هەم خۆ تاقی بکەنەوە، هەم خەڵک و هەم ئورگانی پێشوو، تا بزانن چەندە خۆیان هێزیان تێدایە و چەندە خەڵک گوێڕایەڵیان دەبن و چەندە هێزی پێشوو یان حیزبی پێشوو کە ئەوانیش لە ژێر چەتریدا بوون، دانیان پێدا دەنێت !

لەم بەشە لە باسەکەماندا دێیینە سەر کۆنگرەی 13 ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە پێی توانا هەموو لایەنەکانی کێشەکانی ئەم حیزبە و هەموو هەڵە و سەرپێچییەکانی ئەو کەسانە دەدەینە بەرباس کە هەوڵیانداوە بەربەست بۆ حیزب دابنێن و کۆنگرەیەک ببەنە ژێر پرسیار کە بۆ خۆیان تێیدا بەشداری بوونە و تا دواترین خوولەکی کاری کۆنگرە دەنگ و رەنگیان هەبووە. پاش کۆنگرەش بەشدار بوونە لە رێبەرایەتی ئەو حیزبەدا.

بە پێی لێدوانەکانی ئەو بەڕێزانەی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا بوونەوە و بە پێی لێدوانەکانی هەندێک لە بەڕێزانی رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی دەیەم سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکان دەبێت! بێگوومان هەوڵدان بۆ هێنانەوە یان تێکەڵکردنەوەی کەسانێک کە سەردەمانێک لە حیزبی دێموکرات جیاببوونەوەو خەریکی کاربوون، بەڵام ئەوەی کە ئێستا ئەو کێشانە بە ئێمە دەفرۆشن ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوکات هاوڕێیانی رۆیشتوو باوەڕیان چۆن بووە، نەگۆڕاونو هەروەك پێشوون و پێیان وایە رێبەرانی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەودەم بە کەمینەیان دەناسێن ، لە ناخەوە رازی بەو یەکگرتنەوەیە نەبوونە. هەر وەک لە کردار و ئامانجەکانیشیاندا کە بە کردەوە نیشانیان داوە، لایەنی مامۆستاش، بە بەرنامەوە

ڕێگایان خۆشکردووە بۆ هاتنەوەی ئەو بەڕێزانە !
پرسیار لێرەدایە کە ئایا :
١= ئەگەر لایەنی کەمینەی ئەودەم بیویستایە هەڕەشەی ئەوە بکات کە گەر ئەوان بێنەوە، لە حیزب جیا دەبێتەوە و خۆی بە ناوی حیزب دەناسێنێت، تاچەندە زۆرینەی ئەو کاتی حیزب ئەو مافەی پێدەداو چۆنی لە گەڵ ڕەفتار دەکرد؟

2 ـ لە ووتووێژێکی کاک قادر وریادا لە گەڵ هەفتەنامەی جەماوەردا ، باس لەوە دەکات کە لە کۆنگرەی دەیەمدا ئەوان، واتە ڕێبەرایەتی ئێستای حیزب، دژی ئەوە بوون کە حیزب ببێتەوە بە یەک، بەڵام چوون کۆنگرە بڕیاریدا، ناچاربوون قەبووڵی بکەن! کەواتە ئایا ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەوان سەرەڕای ئەوەی رازی بەو هاتنەوەیە نەبوونە، لە بەر ئەوەی بڕیار بڕیاری کۆنگرە بووە، قەبووڵیان کردووە؟

3= ئایا پاش کۆنگرەی 13، ئەوان، واتە ئەو هاوڕێیانەی کە حیزبیان بە جێهێشت تا چەندە توانییان بڕیارەکانی کۆنگرە بپارێزن؟

4 =ئایا مرۆڤە بە ئەزموونە شۆڕشگێڕەکان هەرئەوەندە باس لە رابردوو و بڕیاراتی کۆنگرە و پرنسیپ دەکەن تا کاتێک بەرژەوەندییەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە؟

5 - .ئایا گەر ئەو بەڕێزانە دەم لەوە دەدەن کە زۆرایەتی کۆنگرەکانی دەیەم و یازدەهەم و دوازدەهەم بوونە، ئەزموونی ئەوەیان پەیدا نەکردووە کە بە راستی کەمینە بوون چۆنە و چۆن دەبێت بڕیارەکانی زۆرینە جێبەجێ

بکرێت؟
6ـ ئەوان زۆر جار باس لە دێموکراسی و مافی کەمینە دەکەن و ئێستا کە کەمینەن، هەندێک تاریف بۆ کەمینە بوون لە نێو حیزبی دێموکراتدا دەدۆزنەوە. ئایا بە راستی گەر هاورێیانی ئەودەم بابەتی ئاوا و کێشەی ئاوایان لە گەڵ ئەوان هێنابایە گۆڕێ، هەڵسوکەوتی ئەوان چۆن دەبوو؟
7 ئایا کۆنگرەی 11 بۆ ناوی لێنرا، کۆنگرەی خەباتگێڕانی خۆڕاگر؟
8= نزیک بە 450 ئەندامی حیزب لە ماوەی نێوان کۆنگرەی 10 و 11 دانیشتن و وازیان لە حیزب هێنا. هۆکاری ئەو دانیشتنانە چی بوون؟ ئایا هۆی ئەو دانیشتنانە هەر سەرەڕۆیی و پاوانخوازی زۆرینەی ئەودەم نەبوو؟ ئایا هەر ئەو رەوتی دانیشتنە نەبوو کە مامۆستا پێی لە سەر ئەوە داگرت کە دەبێت کۆنگرەی 11 ناوی لێبنرێ: کۆنگرەی خەباتگێڕانی خۆڕاگر؟
بابەتێک کە پێشوەخت لە گووتارەکەمدا باسی دەکەم ئەوەیە کە ئایا مامۆستا کە هوونەری وەسەر یەک خستنەوەی ئەوەندە بەهێز بوو، توانی حیزبێک(مەبەست لە رێبەرایەتی شۆڕشگێڕە) لە ریشەوە هەڵتەکێنێت و تێکەڵ بە حیزبی دێموکراتی بکاتەوە، چۆن بوو کە پاش کۆنگرەی 13 نەیتوانی چاوەڕێی ئەوە بکات کۆنگرەی 14 بگیرێت؟
وەک کورد دەڵێت: ئەم ماستە بێ موو نییە! خۆگێل کردن لە وەڵامدانەوە و داتاشینی ووشە و هێنانە کایەی زاراوەی سیاسی نوێش ناتوانن پردەباز بن بۆ دەرباز بوون لە دەستی ئەم پرسیارانە !
کەواتە لێرەدا جارێکی دیکە رستەکانی یەکەمی ئەم نووسراوەیە پشتڕاست دەبنەوە کە هێنانەوەی ئەو بەڕێزانە

بۆ نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەبەستدار بووە و بۆ مەبەستی تایبەت بووە نەک بۆ وەسەر یەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزب !

ئەو رەوتە، واتە رەوتی پاراستنی زۆرایەتی لە نێو حیزبی دێموکرات بە قازانجی مامۆستا، رەوتێک بوو کە درێژەی کێشا تا کۆنگرەی 13 ی حیزب. لایەنی مامۆستا پابەند بوو بە هەموو خاڵەکانی بەرنامە و پێرە و تا کۆتایی پێکهاتنی کۆنگرەی 13. ئەوان کە هەر لە سەرەتاوە بۆیان دەرکەوت کە لە کۆنگرەدا سەرناکەون، دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە بە دژی نامەی کاک مۆستەفا هیجری بۆ کەسێک یان کەسانێک لە دەرەوەی وڵات و ئەوەیان کردە هەوێنی هەوڵەکانیان بۆ ئەوەی واپیشان بدەن کە کاک موستەفا بە پێچەوانەی بڕیاراتی کۆنگرەی12جوڵاوەتەوە و دەستەبەندی کردووە بە نهێنی و ...هتد ! پرسیار لێرەدایە:

1ـ ئایا ئێوە زۆرینە نەبوون لە کۆنگرەی ١٢ ؟

٢ ـ بۆ هەوڵتان نەدا کە کۆنگرە وەدوا بخەن و بە شێوەی ئورگانی رەفتار لە گەڵ کاک مستەفادا بکەن؟

٣ ـ هاوڕێیەک کە لە دەرەوەی وڵات بێت، جگە لە ئێمایل و رێگاکانی دیکەی ئەلیکترۆنی یان نامە یان فاکس، چۆن بتوانن لە گەل کوردستان پێوەندییان هەبێت؟

( مەبەست پێوەندی نووسراوەییە )

.4 ئایا ئەو شتانەی کە کاک موستەفا ئاماژەی پێداون بۆ هاوڕێیانی دەرەوەی وڵات، بە قەولی ئێوە، هەر هەمان باس و بابەت نین کە ئەو بە ئاشکرا لە نێو هاوبیرانی خۆیدا پڕوپاگەندەی بۆ کردوون لە کوردستان؟

.5 ئایا ئێوە خۆتان چاوەدێر نەبوونە بە سەر کاری کۆنگرە و شێوەی بەڕێوەچوونی کۆنگرە و دیاریکردنی نوێنەر و چەندایەتی و چۆنایەتی کۆنگرەدا؟

6 گەر وەڵام بەڵێیە، تکایە روونی بکەنەوە کە ئێستا کۆنگر چەندە خاوەن رێز و متمانەیە لە لایەن ئێوەوەو چەندەتان ئاکامەکانی پاراستووە؟

بەشی 2

هەژموونی بیری ، خۆ بە هەموو شتێک دانان، لە مرۆڤدا ، وادەکات کە تاک دەستبەرداری ئەورۆ و سبەیەک نەبێت کە رابردووی، تێکەڵ بە رابردووی ئەو مرۆڤە یان ئەو تاکەیە! ئەوەش دەتوانێت خۆ بەستنەوە و دڵبەستن بە وڵات، خۆشەویستی و دارایی یان چەمکی سیاسەت بێت! بەڵام خاڵی هەرە بنەڕەتی ئەوەیە کە ئایا ئەو ئەورۆ یان سبەی، چەندە لەسەر چوارتەگەرەی دوێنێ بەرەو پێشەوە دەچێت و چەندە بەستراوەتەوە بەوەوە!؟ یان ئایا تا چەندە ئەو سیناریۆگێڕەی دەیەکانی رابردووی ئەو ڕۆیە، دەتوانێت ئەورۆش، وەک دوێنێ هەڵسووڕێنێ و ئەورۆش ویستەکانی کۆمەڵگا یان حیزب یان گرووپی ئەورۆ جێبەجێ بکات !؟ هەر بە گووتەی ئەو بەڕێزانە خۆیان کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جوێ بوونەتەوە، چەندا یەتییەک لە پێکهاتەیاندا هەیە کە خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژن لە خەبات کە ئەمەش کەس حاشای لێناکات!

گەر لە ئەو ڕۆ ئەو بەرێزانە وورد بینەوە ، ئەوان لەو باوەڕەدان کە راستە، پێشەوا قازی و دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی هەنبانەیەکیان لە ئەزموون و شێوەی سیاسەتکردن پێبوو بۆ حیزب کە ساڵانێک حیزبیان لە سەر بەڕێوەچوو، بەڵام پێیان وایە کە دەبێت سایکۆلۆژی سیاسی تاکی حیزبی بچێتە ئاستێکی دیکە و سیاسەت بە شێوەیەکی دیکە بکرێت! ئەو دوو روانگە، واتە رابردووی ئەو تاکە بە ئەزموونە بە تەمەن رۆیشتووانە کە خامە و رەنگ گرتنی بیری سیاسی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ چەند دەیە پێش

کە بێگوومان ئێستاش هەر هەمان ڕێچکەی هەنبانەی سیاسەتی لەمەو پاشیشیانە_ لە گەڵ ئەو درووشمانەی کە هەر لە ئێستاوە خۆیانی لێ بێبەری دەزانن لە میتۆدە سیاسییە زانستییەکانی دوکتۆر قاسملوو و دەیانەوێت بە قەولّی خۆیان میتۆدی نوێ بێننە کایە، ناتوانن هەڵ بکەن!
کۆنگرەی 13 ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەر لە لایەک خاڵی تەقینەوەی بۆ جارێکی دیکەی کێشەکان بوو، لە لایەکیش پێویستیەک بوو کە دەبوو بهاتبایە پێش و گەر ئەو کۆنگرەیەش هەوێنی ئەو روونبوونەوانە نەبا، بێگوومان رۆژێک ئەو روو داوە هەر رووی دەدا. جیابوونەوەی ئەو بەڕێزانە لە حیزبی دێموکرات چەند شتی گرنگی روون کردەوە :
.1 ئەو هاوڕێیانە کە سەردەمانێک لە گەڵ بچووکترین سەرپێچی بە قەولّی خۆیان، بوڕڕاترین دژکردوەیان پیشان دەدا، لانیکەم بۆ من روون بووەوە کە یاسا و پرسنیپ و بەرنامەو پێرەو تا سەردەمانێک بۆ ئەوان جێگای رێز بووە و هەیە کە بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بووە !
.2 لەو کۆنگرانە کە ئەوان رێبەرایەتی حیزبیان کردووە، راستە لە سەرەوە بە دەنگدان کردوویانە، بەڵام لە بنەوە لە مافی سیاسی تاکیی ئەندامانی حیزب خۆیان دزیوەتەوە و بە رێکەوتن لە گەڵ لایەنی بەرامبەردا، رێکەوتوون . سەرنج بدەنە ووتووێژێکی کاک قادر وریا لە گەڵ هەفتەنامەی جەماوەر کە دەڵێت: بە هاوڕێیانی زۆرینەمان گووتووە : لە کام کۆنگرەدا کە خراپترین بەش بۆ ئێوە وەک کەمینە هەبووە، بیدەن بە ئێمە، جا ئێمە رازی دەبین، بەڵام ئەوان ئەوەشیان نەکرد! ئەم رستە خۆی لە خۆیدا ئەوە روون دەکاتەوە کە رێبەرایەتی ئەو حیزبە نایەوێت هیچ شێوە رێکەوتنێک بکات کە بەرنامە و پێرەو بێنێتە ژێر

پرسیار و لە لایەکی دیکەشەوە ئەوە روون دەکاتەوە کە ڕێبەرایەتی حیزب دەیەوێت نوێکارییەک لە حیزبدا بکات کە چیدی لە سەر بنەمای ڕێکەوتن، حیزب بەڕێوەنەچێت و دەرگا بە سەر لێهاتووی تاکییدا بکرێتەوە و نوێبوونەوەیەک لە حیزبدا دەستپێبکات. بە واتایەکی دیکە لەو هەڵانەی کە ئەو بەڕێزە رۆیشتووانەی ئێستا لە کاتی خۆیاندا کردوویانە، ڕێبەریی ئێستا فێر بووە کە نابێت جارێکی دیکە حیزب تووشی ئەو هەڵانە بکرێت !

بێگوومان کە کار دەکێشێتە ئەم قۆناغە ، ئەوانەی کە پێشتر ڕێبەریی حیزبیان کردووە، بەو باوەڕە دەگەن کە گەر بیر لە ڕێگا چارەیەک نەکەنەوە، شەپۆلی ئەو بزووتنەوە نوێیە، دەیانگرێتەوە و بەرەو کەناری ئاوابوون پاڵیان پێوە دەنێت. لە کێشمەکێشمەکانی ئەو دواییانەدا، زۆر کەس ئاوایان باس دەکرد کە کوا نوێبوونەوەیەک کە بەڵێنی درا بوو!؟ لە هەمان کاتدا ئاماژە دەدەن بە کۆمەڵێک تاک کە مێژوویەکی دوور و درێژیان لە خەباتدا هەیە! ئایا پێتانوانییە کە دەبێت شانازی بەوەوە بکرێت، ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن ڕێبەرانێکەوە ڕێبەرایەتی دەکرێت کە لە پاش شۆرشی گەلانی ئێران بوونەتەوە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؟ ئایا ئەو ڕێبەرییەی ئێستا زیاتر نزیکە بە نەوەی نوێ و سیاسەت و تێگەیشتنی ئەوڕۆیی نوێوە، یان هەڤاڵانی بە ئەزموونی خاوەن تێکۆشانی 40 یان 50 ساڵە؟ بە هەر زمانێک یان هەر لێکدانەوەیەک لە بابەتەکان بڕوانین، ئەوەی کە نزیکترە لە ئەم سەردەمەی ئەوڕۆی ئێمەوە ، دەبێت نزیکتر بێت بە تێگەیشتن لە ویستەکانمان! ڕاستە ئەو تاکانەی کە دوو نەوە یان 3 نەوە لە نەوەی ئەوڕۆی ئێمەوە دوورن، لە ویستە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی

و ئابوورییەکانی ئێمە تێدەگەن! بەڵام لە راستیدا لە سەر بنەمایەکی تەواو عەقڵانییەوە نییە کە لەو داوایانە دەگەن. بگرە لە رووی ناچارییەوەیە ! ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەوانەی ئێستا رێبەرایەتی ئەو حیزبە دەکەن، بێکەموکۆڕین و هیچ شێوە هەڵەیەکیان نییە!
ئەوەی کە لە لای تاکی حیزبیدا روونە، ئەوەیە کە ئەوانە بە میکانیزمەکانی دەنگدانی رێکخراوەیی تایبەت بە حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەدا کە بەرزترین ئۆرگانی حیزبییە، دەنگیان پێدراوە. لە هەمووش گرنگتر ، لایەنی ناڕازی پێش لە جیابوونەوە لە حیزب، بۆ خۆیان بەشداریی دەستپێک تا کۆتایی ئەو کۆنگرەیە بوونە! کەواتە دەبێت ئەو بەرنامە و پێرەوە کاری پێ بکرێت تا کۆنگرەیەکی دیکە! ئەوە هیچ پاساوێک هەڵناگرێت کە بە هەر بەهانەیەکەوە بتەوێت کۆمەڵێک خاڵ دابهێنی کە خۆی بە سەر کۆنگردا بسەپێنێت!
دەڵێن: یەکێک لە شارەوە دێتەوە و یەکێک هەواڵی شار دەپرسێت! گەر بێت و سیاسەتەکانی ئەو حیزبە بەو شارە دابنێین، دەتوانین مامۆستا عەبدوڵا یان هەرکام لە هاوڕێ بە ئەزموونەکانی دیکە لەنێو کۆی ئەو کەسانەدا دابنێین کە لە شارەوە دێنەوە! ئێستا گەر من بڵێم مامۆستا دەنگ و باسی شار چۆن بوو لە سەردەمانێکدا کە جۆغرافی ئەو شارە لە دەستی تۆدا بوو، لەوانەیە کوون و کەلەبەرەکانی بە پێی حەزی خۆی بگۆڕێت لە بەر ئەوەی رێبازێک بدۆزێتەوە بۆ دەرچوون لە ژێر باری ئەو پرسیارە! بەڵام گەر ئەودەم ئەو سکرتێر بوو ، لێمپرسیبا دەنگ و باسی شار چییە؟ بێگوومان دەیگووت: ئارامی ئارامە و وەک ماستی مەیو وایە . مامۆستا ئەوەی چەند جارێک لە سمینارە حیزبییەکانی دەرەوەی وڵاتدا گووتووە کە ئەوەی ئێوە

لێرەدا باسی دەکەن، هیچ شتی وانییە و هیچ شێوە کێشە و دووبەرەکییەک لە نێو حیزبدا بەدی ناکرێت و ئەوە ئێوەن ئەو شتانە گەورە دەکەن !

پاش ئەوەی کە رەوت و رەهەندی چەند کۆنگرەی لەوەو پێش کە ئاکامەکەی جیاوبوونەوەی لایەنێک بوو لە حیزب بە هاوکاری و هاوبیری مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، لە کۆنگرەی 13 دا سەرنەکەوت، ئیدی وردە وردە سنووری رقی ئەوان دیاری کراو بۆگەیشتن بە ئەو سنوورە بزووتنەوەیەک نەخشەی بۆ کێشرا. دەڵێم: سنووری رق! لە بەرئەوەی لە راستیدا هیچ جیاوازییەک لە شێوەی سیاسەتکردنی ئەو حیزبە یان لە نێوان دوو ئایدولۆژیدا نەبوو کە ببێتە بنەما بۆ سەرهەڵدانی رقەبەرایەتییەکان و بگرە بنەمایەک کە سۆزی کۆمەڵێک کەس بۆ دەسەڵات یان پۆست بوو کە ناچاری کردن رق و بیرۆکەی چاندنی ئەو رقە بکەنە بنەما بۆ رووبەڕووبوونەوەکانیان!

دیارە ئەوانەی کە بابەتە 11 لاپەڕەییەکەی کاک حوسێن مەدەنی خوێندبێتەوە کە بە ناوی" بۆ هاوڕێ خۆشەویتەکانم" بۆ کۆمەڵێک کەسی ناردبوو و پاشان لە سەر ماڵپەڕێ کوردستاننێت دا دانرا، زۆر بە باشی ئەوەی لە لا روون دەبێتەوە کە ئەو کەسانە چێیان کرد بە سووژە بۆ رووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! سنووری ئەو حەزانەی ئەوان گەیشتە ئەوەی کە سۆزی ناوچەگەرایی ئەندامانی حیزبی ببزوێنن و وا پیشان بدەن کە ناوەندی کوردستان خەریکە لە حیزبی دێموکرات تەریک دەکرێتەوە و ...هتد !

دیارە رەنگە ئەو پەنا بردنەی ئەوان بۆ خوێندنەوەی حەزەکانیان، شتێک بێت کە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەبێت! بەڵام ئایا بە راستی ئەوە لە گەڵ ئاوەزدا یەک

دەگرێتەوە کە کەی حەزت بڕیاری بە سەرتا دا ، ناچار بیت بۆی جێبەجێی بکەی؟ !
یان ئایا گەر بێت و ئەو حەزانەت بخەیە چوارچێوەی جێبەجێبوونەوە، چەندە زیان یان قازانجی بۆ دەوروبەرت دەبێت؟ یان ئایا تا چەندە و کەی و لە کوێ بۆ کوێ دەتوانیت لە گەڵ ئەو حەزانەدا بەرەوپێش بچیت!؟
کاتێک ئەو تاکانە توانییان ئەو ڕێبازە تایبەتیانە بۆ وەگەڕخستنی ڕەوتی کۆکردنەوەی لایەنێک بە ناوی دژبەر، سەر بخەن، بێگوومان بیر لەوە دەکەنەوە کە مۆتۆری ئەو جووڵانەوەیە بن و دەست بکەن بە داڕشتنی ڕێبازێکی وا کە نەهێڵێت ئەو هەژموونییە لە دەست بدەن! مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە و هاوڕێیانی دیکەی ڕاست ئەو کارەیان کرد. بە گەڕانەوە بۆ وەسەرخستنی بڕیارەکانی حەزی خۆیان. هاتن ئاوەز و کردارە باوەڕهێنەرە پرنسیپدارەکانی خۆیانیان خستە پشت گوێ، بەو ئۆمێدەی کە جارێکی دیکە ئەوان ببنەوە بە سەرچاوەی دانانی یاسای حیزبی و ئورگانی و ئەوان سەرچاوەی دەرکردنی بڕیارەکان بن. کە کار دەگاتە ئەوەی ئەوان ببنەوە بەو سەرچاوەیە، ئیدی شێوەیەک هەوڵدان دێتە کایەوە بۆ دەستەپاچە نەبوون و دابەشکردنی خێرای کار لە نێو گوروپێکی ئاوادا بۆ ڕەنگدانەوەی بەپەلە بە خۆیان کەئەوەش خێرا دەچێتە پێش! بەڵام ئەوەی کە دەبێت بیری لێبکرێتەوە، ئەوەیە کە ئایا ئەو وەخۆکەوتنە خێرایە لە سەر چ بنەمایەک هاتۆتە کایەوە و بەرەو کوێوە ملی ڕێگا دەگرێتە بەر؟ گەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی سەرەوە ئەوەمان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێت کە کاتێک حەز، یاسا تێکدەدات، مەترسی ئەوە هەیە هەمدیسان ئەو ڕەوتە حەزاوییە، جارێکی دیکە داوێنی ئەو پێکهاتەیە بگرێت و هەمدیسان ریسەکەیان لێبکاتەوە بە خووری. بەڵام لە

بەرامبەردا ، ئەو لایەنەی کە پێرەوە زانستی و ئەقڵانی و ئورگانییەکان دەکاتە پێوەر بۆ هەڵس و کەوت و بڕیارە ئورگانییەکانی خۆی، بێگوومان ،رەنگە بۆ جێبەجێبوونی بڕیارەکان هەندێک جار نرخ بدات، بەڵام لە هەمانکاتدا دەستکەوتێکی دیکە دێنێتە دەست کە ئەویش ئەوەیە ئەو رەوتە ئورگانییەی کە هەیبووە و هەیەتی و ئەو میکانیزمەی کە لە رێبازی دێموکراتیکەوە و بە پێی دەنگ لە سەری دامەزراوە، نایدۆڕێنێت و بۆ خۆشی بەرەو پاشەوە ناگەڕێتەوە! لە پاش جیابوونەوەی ئەو بەرێزانە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو قەوارەیە لە بواری میدیاییەوە هەوڵیاندا جارێکی دیکە لە بەر بکەن، بەڵام هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و وەک نوێنەرانی ئەو حیزبە خۆیانیان بە خەڵک ناساند بە بێ ئەوەی هەر بە گووتەی مەلا عەبدوڵا خۆی : ئەوان مەشرووعییەتیان نییە و دەبێت هەوڵبدەن بە گرتنی کۆنفرانس یان کۆنگرە ، ئەو مەشرووعییەتە وەدەست بخەن . لە هەمانکاتدا ئەوان باس لە کۆنگرەی 14 دەکەن و خۆیان بە پێرەوانی کۆنگرەی 13 دەزانن لە کاتێکدا بەو چەند کەسەیانەوە کە لە رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتدا بوونە، یەک لە سێی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی پێکناهێین. بابەتێکی دیکە کە جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە دینامۆی، زۆرلە جووڵانەوەکانی ئەوان بێبەری نییە لەو لایەنەی کە سەردەمانێک رێبەرایەتی شۆڕشگێڕیان پێکدەهێنا، کەچی ئەوانەی وا زیاتر وتوو وێژەکان دەکەن و خۆ بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە دەناسێنن، ئەو هاوڕێیانەن کە پێشتر لە گەڵ رێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا نەبوونە. ئێستا کە هاوڕێیانی نەبوو، لە رێبەرایەتی شۆڕشگێری پێشوو، دەمڕاستی ئەو بەڕێزانەن ، دەتوانێت لە

داهاتوودا بۆ هاوڕێیانی پێشووی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، نرخدانێکی بە دواوە بێت !

لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا تاکە دەلاقەیەک بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان ئەم جیابووانەی ئێستا بە ناوەکانی پێشوویان نەناسنەوە، دەتوانێت ماموستا و ... بن! کەواتە لێرەداو لە داهاتووشدا ئەو قەیرانە سەرهەڵدەدا کە کێ خاوەندارەتی ئەو پێکهاتە نوێیە بکات. لە ووتووێژێکی ڕۆژنامەوانی ماموستا عەبدوڵا لە هەولێر ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ماموستا زەمینەی ئەوەی ساز کردووە کە ئاوا خەڵک تێبگەیەنێت و بە سەر خوودی ئەو بەڕێزانەشیدا بسەپێنێت کە ئەوانە تەنیا پێنج لە سەدی ئەوان پێکدێنن !هەرچەند کاک فەتاحی کاویانیش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە درزێکی گەورەیە کەهەر لە ئێستاوە جەستەی ئەو پێکهاتەیە کەوتووە! ئەوە سەرەڕای ئەوەش کە لایەنێکی دیکە بە ناوی لایەنی ریفۆرمخواز لەو پێکهاتەیەدا خۆی دیوەتەوە، کە تەنیا داهاتووە کە دەتوانێت بۆمان ڕوون بکاتەوە ئەوان بەرەو کوێوە دەچن و چۆن دەتوانن ئەو کێشانە چارەسەر بکەن! هەر لەو کۆڕە ڕۆژنامەوانییەدا کاک فەتاحکاویان گەواهی ئەوە دەدات کە ماموستا هەردەم لە کورسی هەڵاتووە و دەسەڵاتی ناوێت !! ماموستاش بۆ خۆی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە چی لە وەڵامی پرسیارێک لە مەڕ هەوڵدانی ئەوان بۆ وەدەست گرتنەوەی دەسەڵات، دەڵێت: خۆ کفریش نابێت گەر بۆ دەسەڵاتیش وابکەین و...هتد!

دیارە ئەوە عەقڵانیترە کە دان بەوەدا بنرێت بەڵێ، دەمانەوێت دەسەڵات و کورسیمان هەبێت و ئەوەش لای هەمووان ڕوونە ! بەڵام خۆ ئەوەش دەزانن کە دەسەڵات و گەیشتن بە دەسەڵات لە نێو حیزبی دێموکراتدا، ڕێباز و

میتۆدی ئورگانی خۆی هەیە ! ئەوان لەو هەولانەی خۆیاندا لە پاش جیابوونەوە بەشێوەیەکی دیکە دەربڕینەکانی خۆیان دادەڕێژن کە بەڵێ، ئێمە هیچ دژایەتییەک لە گەڵ هاوڕێیانی پێشووماندا ناکەین، مەگەر ئەوان ئەو دژایەتییە تووشی ئێمە بکەن! لە راستیدا ئەو شێوە گووتارانەش هەندێک شتی دیکەی لە پشت حەشار دراوە کە بریتین لە :
١ ـ زەمینەسازی بۆ خۆ زەق کردنەوە لە بەرامبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران .
.2لە گەورەیی هێزی سیاسی ئورگانی حیزبی دێموکرات، کەڵکوەرگرتن بەمەبەستی مەترەح بوونی زووتر و پێناسە بەخۆدانی خێراتر.
.3 هێنانەبەرباسی دابەشکردنی دارایی حیزب و کاک جەلیل گادانی گووتەنی : دابەشکردنی ئاخر فلسی حیزب ماموستا عەبدوڵا حەسەنزادە هەر لە ووتووێژەکانیدا دەڵێ: گەر ئەو هاوڕێیانە ژیر بن، ئەو فرمێسکانە دەبنە قاقای پێکەنین! دیارە خوودی ئەو رستەیە بە باوەڕی من هەڕەشەیەکی روونە کە حیزب بەرەو ئەوە رادەکێشێت کە تووشی جەنگی برا کووژی بێت! دەنا ، گەر ئەو هاوڕێیانە ژێر بن، واتای چی دەدات؟
بە کوردی و کرمانجی واتە: گەر ئەو ئاخر فلسانەی کە کاک جەلیل باسیان دەکات، لە گەڵماندا بەشی نەکەن ، تووشی شەڕتان دەکەین! دیارە هیوادارم ئەو بۆچوونەی من هەڵە بێت و ئەوە مەبەستی مامۆستا نەبێت! بەڵام لێکدانەوەی من بۆ ئەو رستەیە ، ئەوەیە !
هاوکاری و هاوبیری مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، لە کۆنگرەی 13 دا سەرنەکەوت، ئیدی وردە وردە سنووری رقی ئەوان دیاری کراو و بۆ گەیشتن بە ئەو سنوورە بزووتنەوەیەک نەخشەی بۆ کێشرا. دەڵێم: سنووری رق! لە

بەرئەوەی لە راستیدا هیچ جیاوازییەک لە شێوەی سیاسەتکردنی ئەو حیزبە یان لە نێوان دوو ئایدولۆژیدا نەبوو کە ببێتە بنەما بۆ سەرهەڵدانی رقەبەرایەتییەکان و بگرە بنەمایەک کە سۆزی کۆمەڵێک کەس بۆ دەسەڵات یان پۆست بوو کە ناچاری کردن رق و بیرۆکەی چاندنی ئەو رقە بکەنە بنەما بۆ رووبەڕووبوونەوەکانیان !

دیارە ئەوەی بابەتە 11 لاپەڕەییەکەی کاک حوسێن مەدەنی خوێندبێتەوە کە بە ناوی" بۆ هاوڕێ خۆشەویتەکانم" بۆ کۆمەڵێک کەسی ناردبوو و پاشان لە سەر ماڵپەڕێ کوردستان_نێت دا دانرا، زۆر بە باشی ئەوەی لە لا روون دەبێتەوە کە ئەو کەسانە چێیان کرد بە سووژە بۆ رووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! سنووری ئەو حەزانەی ئەوان گەیشتە ئەوەی کە سۆزی ناوچەگەرایی ئەندامانی حیزبی ببزوێنن و وا پیشان بدەن کە ناوەندی کوردستان خەریکە لە حیزبی دێموکرات تەریک دەکرێتەوە و ...هتد !

دیارە رەنگە ئەو پەنا بردنەی ئەوان بۆ خوێندنەوەی حەزەکانیان، شتێک بێت کە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەبێت! بەڵام ئایا بە راستی ئەوە لە گەڵ ئاوەزدا یەک دەگرێتەوە کە کەی حەزت بڕیاری بە سەرتا دا ، ناچار بیت بۆی جێبەجێی بکەی؟ !

دەسەڵات لە لووتکەوە بۆ لێژی بەشی 3

بەشی سێهەم و کۆتایی:

ئەم پێکهاتە بێ چوارچێوەیە، پاش جیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردسیتانی ئێران، ئەوەیان لە لا روون بووە و روونە کە لە ئێستادا گەر بە پەلە خۆیان لە هەموو

سەرەوەرییەکانی ئەو حیزبە دوور بخەنەوە، سەرەتای کز بوون و وونبوونی یەکجارییان لە روانگەی خەڵکەوە زۆر زوو جێدەگرێت! بۆیە ئەرکەکانیان بەشێوەیەک دابەش کردووە کە لە لایەک کەموکۆڕییەکانیان داپۆشێت و لە لایەکی دیکەوە بۆ خۆیان بە نهێنی و لە بنەوە خەریکی خۆ کۆکردنەوە بن !

ئەوە لە لای ئەوان روونە کە تا چەندە خۆیان بە حیزبی دێموکراتەوە هەڵواسن، ئەوەندە ناویان دەچێتە سەر و لە داهاتوودا وەک حیزبێکی خاوەن هێز خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا دەبیننەوە. بێگومان گەر بگرە و بەردە و کێبەرکێ سیاسییەکان بکەونە نێوان حیزبی دێموکرات و ئەوانەی کە جیابوونەتەوە، ئەوان هیچ لە دەست نادەن جگە لەوەی کە شت وەدەست بێنن !

کەواتە زۆر باشترە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خۆی بە ئەوانەوە ماندوو نەکات و تەنانەت بە لاپەڕە و بە رستەش لە سەریان نەنووسێت و لە ئاست ئەو هەراو هوریایانەی ئەوانیش کە بێگوومان دەیانەوێت حیزب زیاتر وەدەنگ بێنن، زۆر وریایانەتر بجووڵێتەوە ! هەوڵدانی ئەوان بۆ خۆ زلکردنەوەی خۆیان ئێستا بەستراوەتەوە بە هەڵوێستەکانی حیزب لە سەریان. دەنا ئەوان و هەموو کەس ئەوەی لە لا روون بووەوە کە ئەو هێڵەش ئەوان خستیانە نێوان کوردستان و ئێران، مەبەستەکە ئەوە نەبوو کە ئەوان خۆ زیاتر بە کوردستانی بکەن و لە قەوارەی سیاسی_جوغرافی ئێران، خۆ دوور بخەنەوە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بدەین بە قسەی گووتەبێژەکەی ئەوان ، بەرێز خالد عەزیزی کە لەگەڵ دەنگ و رەنگی فارسی ئامریکادا هەیبوو ! لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئێوە کوێ بە کوردستان

دەزانن، گووتی: ئیلام، کرماشان، کوردستان و بەشە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی رۆژ ئاوا !

ئەوەش تا هەنووکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نە گووتوویەتی و نە وەک سیاسەتی خۆشی دەرگای باسێکی ئاوای کردۆتەوە کە ئێمە تەنیا بەشە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا بە کوردستان دەزانین .

بێگوومان ئەو رەوتە بە چەند قۆناغدا تێپەڕیون !

قۆناغی یەکەم: هەوڵدانێکی بێووچان بۆ خۆ تاقیکردنەوەیەک کە زیاتر لەسەر شانس بەن بوو بۆ ئەوەی دەسەڵات لە دەست نەدەن لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. وەک بەشداریی هەتا سەری ئەوان لە کۆنگرەی 13.

قۆناغی دووەم: خۆ ئامادەکردنی ئەوان بۆ ئەوەی کە لانیکەم کارێک بکەن لە رێبەرایەتی نوێدا ئەوەندە نفووزیان هەبێت ، گرتنی پلێنۆمەکانی حیزب پێش پێبگرن بە بەشدار نەبوونیان لە پلینۆمەکاندا.

قۆناغی سێیەم: دانانی میکانیزمی بەربەرەکانی لە گەڵ بڕیارە پەسەند کراوەکان و خۆ زەقکردنەوە لە بەرانبەر پلینۆم و دانی پێناسەی نوێ بە خۆیان. بۆ نموونە جلوبەرگی " ئوپۆزسیۆن" لە بەر کردن .

قۆناغی چوارەم : جیابوونەوەی ئەوان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران !قۆناغی پێنجەم: خۆناساندنی ئەوان وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان و . . . . !

قۆناغی شەشەم: پەلە قاژەکانی ئەوان بۆ خۆناساندنێکی خێرا و بەپەلە ، وەک ئەوەی بڵێی، ئەوە بە کۆپنی ژمارە ئەوەندە رۆن دەدەن و ئەوان هەوڵبدەن خۆیان وەپێشخەن بۆ ئەوەی زووتر رۆنەکەوەرگرن !

قۆناغی حەوتەم: پێکهاتە پێکەوە نانی ئەوان و دیاریکردنی ڕۆڵی لقەکانی ئەو پێکهاتەیە کە پێکدێت لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، ریفۆرمیستەکان و تاقمی عەبدوڵا حەسەنزادە !
قۆناغی هەشتەم: ئێستا کە لە شەقامی پێچاوپێچی ئەو قۆناغانەدا هەر وا لە سووڕانەوەدان و لانیکەم،وەک خۆیان دەڵێن: لە حیزب جیابوونەتەوە، بێگومان گۆڕەپانێکی دیکە چاوەڕوانیانە. ئەویش ئەوەیە کە ئەوان لەوڕۆ بە دواوە وان بە دوای یاساکانی تایبەت بە بوونایەتی حیزبێکی سیاسی، بە تایبەت حیزبێکی نوێ لە باشووری کوردستان ، پێوەندی ئەو حیزبە بە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، شێوەی خەبات سیاسی و چەندایەتی و چۆنایەتی مانەوەی لە باشووری کوردستان و خۆرێکخستن یان خۆرێکنەخستنی لە گەڵ قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە ئاکامدا روونکردنەوەی خۆیان بە تەواوی لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا کە ناسنامە بێت بۆ ئەوان کە هەروەک لە بەشەکانی دیکەی ئەم بابەتەدا باسم کردووە، بێگوومان ئەرکێکی قورس و ئاڵۆزە کە کۆیەکی ئاڵۆز دەیانەوێت جێبەجێی بکەن!

مەنسور عەزیزی : 2007 / 01 / 04



## کێ خاوەنی ناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە؟

بەداخەوە برادەرانی ئۆپۆزسیون نەیان توانی کار و خەبات و چالاکی خۆیان، لە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، ئیدامە پێبدەن و لە رۆژی 06-12-2006 رایانگەیاند کە تێکۆشانی سیاسی خۆیان بە جیا لە حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران درێژە پێدەدەن.

دیارە ئەو بریارەی هاوسەنگەرانی پێشوو، نەتەنیا خەسارەتێکە بۆ حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بەلکۆ دەبێتە زەربەیەکیش لە یەکریزی خەباتی جەماوەی گەلی کورد، لە هەلومەرجی دژوارو ئاستەمی ئێستای کورستانی رۆژهەڵاتدا. دیاردەی جیابونەوە و ڕاوەستان لە بەرابەر بریاراتی کۆنگرەی حێزب دا، روداوێکی تازە نیە، لە ناو حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا . ئێمە لە دوای کۆنگرەی چوار و کۆنگرەی هەشت، بەداخەوە شاهیدی ئەو لێکدابڕانانە لە ریزەکانی خەباتی حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا، بووینە. ئەم جارەشیان هەر وەك دوو جارەکەی پێشو، برادەران هەر بەدوای تەواوبونی کۆنگرەی 13،(2.5 ساڵ لەمەوبەر)، بەکردەوە، دەستیان کرد بە دژایەتی و بەربەرەکانی کردنی کۆنگرەی 13 و

رێبەری هەلبژاردراوی کۆنگرە و کارشکێنی و وازهینان لە کاری ئاکتوو و بەشداری لە کارو خەباتی حێزبی دا.(دیارە من لێرەدا تەنیا مەبەستم موقایسەی مکانیسمی دەستپێکردنی بەربەرەکانییکانە کە، راست بە دوای بەستن و تەواو بوونی کۆنگرەکاندا بووە، نەك بۆچون و هەلویستەکان و رێبازەکان).
برادەرانی هاوسەنگەری کۆن، کۆنگرەی 13 ی حێزبیان پێ شەرعیە و کۆمیتەی مەرکەزی و سکرتێری هەلبژێردراوی کۆنگرەی 13دەشیان قەبولە. لە هێڵە بنەرەتییەکانێشدا، هەر پەیرەوی لە بنەما تەشکیلاتی و سیاسیەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەکەن. ئێستا هۆی جیابوونەوەیان چی بووە؟ یان وەک بۆخۆیان دەڵێن، بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان لەت کردوە؟ دەبێ ولامدەرەوە بن بۆ کۆمەلانی خەلکی کورستان و خەباتگێرانی رێگای ئازادی گەلی کورد و رێبوارانی رێگای شەهیدانی سەر بەرزی نەتەوەکەمان.
ئەگەر ئەو برادەرانە، وایان بەباش زانیوە کە دوور لە تەشکیلات و رێکخستن و پرینسیپەکانی پەسندکراو لە کۆنگرەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا، لە خەبات و چالاکیەکانی خۆیاندا بەر دەوام بن، ئیتر ئەوە هەرچەند بریارێکی ناخۆش و تالە، بەلام، دەبێ جێگای رێزو حورمەتی ئەندامانی حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بێ. بەباوەری من باشتر دەبووو، ئەگەر برادەران، چاوەروانی ئەمرازە دێمۆکراتیەکانی ناو تەشکیلاتی حێزبیان، وەك کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆمیتەکان، کردبا و لەو رێگایەوە بۆ هەلبژیران بۆ پۆستە گرینگەکانی حێزب لە پێناوی خزمەتی زیاتر بە گەل و نیشتمان و حێزبدا هەولیان دابا. بەلام ئێستا بەداخەوە ئەوەی نەخۆازراو بوو، ئەوەی لە قازانجی گەلی ئێمەدا نەبوو رویدا.
لە هەلومەرجی ئاوادا، ئەوەی کە کەمترین زەرەری بۆ جولانەوە و بەرژەوەندی گەلی کورد، بەتایبەت لە رۆژهەلاتی کورستاندا

هەیە، دەبێ رەچاو بکرێ و ببێتە هەوێنی کار و خەبات و چالاکی نواندن لە بەرامبەر یەکتریدا. ئەوە دەبێتە زامنی، پاراستنی فەزایەکی سالم و سیاسی و شارستانیانە، فەزایەکی پڕ لە ئێحترام و حورمەتی یەکترگرتن. بەخۆشیەوە ئەو شێوە هەڵویستگرتنە لە هەوەلین بەیاننامەی برادەران لە رۆژی 06-12-2006 دا و دوایش لە راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، بەدی دەکرا. هیوا دەخوازرا، کە ئەم رەوتە، هەر وا بەردەوام بێ و لە ئەزمونەکانی پێشتری ناو حێزب دەرسمان وەرگرتبێ. بەڵام بەداخەوە زۆری نەکێشا برادەران، کە پێشتر بەیاننامەکەی خۆیان، تەنیا بە ناوی( بەیاننامە) نێودێر کردبو، ناویان نا( بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان- ئێران) و بەمەش رانەوەستان و رۆژنامەیان بە ناوی (رۆژنامەی کوردستان) ژمارەی 450 بڵاو کردەوە. دیارە ئەوان بە وتەی خۆیان، پابەندی بنەما فکریەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن و کەسیش شکی لەوەدا نییە کە لە ناو ریزەکانی حێزبدا کارو چالاکیان نواندوە و بە ساڵەها ئەندامی حێزب بوونە. بەڵام نەتەنیا ئەمانە، بەڵکو هیچ شتێکی دیکە، هیچ بەلگەیەکی دیکە، رێگایان پێنادا ناوی قانوونی و یاسایی و رەسمی و مێژویی رێکخراوێك، واتە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ خۆیان هەڵبژێرن. حێزبێك کە رێبەرییەکەی (کۆمیتەی مەرکەزی) دەستەڵاتی مەشروعی کۆنگرەیی پێدراوە بۆ پاراستنی حێزب لە هەر چەشنە دەستدرێژیەکی غەیرە یاسایی بۆ سەر ناو و ئورگانەکانی. لە هیچ وڵاتێکی دێموکراتیك و غەیرە دێموکراتیك، کە کمتاکورتێك یاساو قانوونی تێدا بەرێوە بچێ ، یاساو دەستەڵاتی ئەم شوێنە، ئیزن بە هیچ تاك یان گرۆپێك نادا، سەربەخۆ ناو و ناوبانگ و رۆژنامەی رێکخراوێکی سیاسی دیکە بۆ خۆی تۆماربکا. بە خۆشیەوە ئێستا هەرێمی باشووری

کورستان، لە ژێر یاساو حوکمی سەرۆکی کوردستان و پارلمانی کوردستاندا بەرێوەدەچێ. وا باشترە، برادەران، بەر لە وەی سکالاو گرفتەکە بچێتە بر دەستی حکومەتی کوردستان، واز لە ناو و رۆژنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بێنن و ناوێکی شیاو بۆخۆیان هەلبژێرن و لەژێر ئەو ناوە تازەیەدا خەباتی سیاسی و شارستانیانەی خۆیان بە روحی رێزگرتن لە یاساوو رێکخراوەکانی سەر گۆرەپانی سیاسی کوردستانی ئێران بەرنە پێش. (دیارە ئاشکرایە ، نوسینێکی دیکە، لە ناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەوەی ئێستا _ تیرە ئێران_ زۆرتر بۆ جغزە گێرانە).
بەلاّم ئەگەر هەر وەك کاك برایم جەهانگیری کە لە جوابەکەی بۆ کاك حەسەن شەرەفی دا، دەنوسێ" دیارە حیزبی دێمۆکراتیش دەپاوانی هیچ ئینسانێک دانییە و ئەساسەن ملکی تایبەتی هیچ کەس ولایەنێک نییە"، بیر بکرێتەوە، ئەوکات، بەداخەوە برادەران بێ هلّسەنگاندنی ئاکامی هەلویستی خۆین، هەلومەرجەکە بە رێگای ئاستەم و دژوارو مەترسیدار دا دەبەن، کە لەوانەیە رێگا خۆشکەر بێ بۆ دووپات بوونەوەی کارەساتەکانی جیابونەوەکانی پێشوو. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بەر لە هەموو شتێك ملکی گەلی کوردو جولاّنەوەکەیو شەهیدانیەتی، کە لە رێگای کۆنگرەوە، وەك بەرزترین دەستەلاّتی حێزب، ئەکەوێتە سەرشانی ئەندامەکانی. تاك یان گروپێك لە ئەندامانی حێزب، ئەگەر حێزب بەجێدێلّن، ناتوانن داواکاریان هەبێ لە سەر بەشێك لە ناو و نیشانی حێزب. تاكو گروپێك کە هاتۆنەتە ناو حیزبو جولاّنەوەکە، هیچ ناوو نیشانێکیان بۆ حێزب نەهیناوە کە ئێستا لە گەلّ خۆیانی بەرنەوە. ئەندام تەنیا هەلّگرێ ئەو درۆشم و ئالاّیەیە کە رێکخراو لە رێگای کۆنگرەوە بۆی داناوە. کەسایەتی گەورە و نێشتمان پەروە و جێگای متمانەی خەلّك، بێشك هێزوتوانای

حێزب بۆ راپەراندنی ئەرکەکانی دەباتە سەر. هەر بەم جۆرەش ڕۆیشتنیان جێگای رەزامەندی نییەو لەوانەیە بە شێوەی کاتی حێزب تێیدا زەرەرمەند بێ. بەڵام دیسانیش، ئەم کەسایەتیانە ناتوانن هەڵگرێ ناوی ئەو رێکخراوە بن کە خۆیان لێ هاتوونەتەدەر. نەتەنیا یاسای حێزبی(پێرەوی حێزب) بەڵکو یاسای کۆمەلیش رێگایان پێنادا.

بەداخەوە وتەکانی کاک قادر وریا، کە لە وتوویژ، لە گەڵ رێبازی ئازادی کردویەتی زۆرتر رێگا خۆشکەرە بۆ تەنیش و بەربەرەکانی و پاساو هێنانەوەیە بۆ کاری غەیرە یاسایی.

کاك قادر دەڵی: " زۆرینە بوونی ئەوان، ئەویش لە رێبەریی حیزبدا، نەدەتوانێ رێگربێ لە کارکردنی ئێمە بە ناوی حیزبی دیموکرات، نە بە مانای ئەوەیە ئەوان لە نێو بەدەنە (قاعیدە)ی حیزبدا زۆرینە بوون. ئەگەر زۆرینەی رێبەری، هەڵبژێردراوی کۆنگرەیە ، کەمایەتیی رێبەرییش هەر هەڵبژێردراوی کۆنگرەیە. ئەگەر زۆرینە دەڵێ بەشێک لە حیزبەکەم لەگەڵ دایە، دەتوانم بڵێم کەمایەتیی رێبەری، ژمارەیەکی زیاتریشی لە حیزبی دیموکرات لەگەڵدایە. بە تاییەتی کە زۆربەی تێکۆشەرانو کادرە لەمێژینەکان لەگەڵ ئێمەدان. جگە لەمەش ئەگەر زۆرینەی رێبەری پشت بە کۆنگرەو پەسندکراوەکانی دەبەستێ، ئێمەش هەر وەها. چونکە نە مەشرووعیەت (رەوایی) کۆنگرەمان بردۆتە ژێر پرسیار، نە پەسندکراوەکانیمان ژێر پێ خستوە."

لە وڵامی کاك قادر دا دەتوانم ئاماژە بە چەند خاڵ بکەم :

1. لە تەمەنی 60 ساڵی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، و لە 13 دە کۆنگرەی ئەم حێزبەدا، وشەی کەمینە و زۆرینەی ناو حێزب، لە هیچ جێگایەك و لە هیچ بەلگەیەکی مێژوویی و ئەسنادێکی حێزبیدا نەهاتوە.

2. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، هەتا کۆنگرەی 13 و تەنانەت لە ناو کۆنگرەی 13 شدا و ماوەیەکیش دوای کۆنگرەی 13 ، کەمایەتی و زۆرایەتی تێدا نەبووە.
3. ئەندامانی حێزب لە هەموو شوێنێك، لە رێگای هەلبژاردنێکی دێمۆکراتیك، لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەی 13 ی حێزبیدا، دەنگیان دا بە نوێنەرانی کۆنگرەی 13 ، نەك بە نوێنەرانی لایەنی کەمینە و زۆرینە، چوونکی شتێکی ئاوا، ئەساسەن نەتەنیا مەترەح نەبوو، بەڵکو وجودیشی نەبووە.
4. بە وتەی ئێوە، کۆنگرەی 13، پێرەوپروگرامی پەسەندکراوی کۆنگرەی 13، هەموو ئەسنادەکانی کۆنگرەی 13، رێبەری هەڵبژاردراوی کۆنگرەی 13، سکرتێری هەڵبژاردراوی کۆنگرەی 13، هەر هەمووی ئەمانە، پەسندکراو یاساییو قەبوول و شەرعی بوونە.
5. بەداخەوە پاش تێپەر بوونی ماوەیەك ، لە ناو کۆمیتەی مەرکەزی حێزبدا، ئێستا بە هەر هۆیەك بووبێ ، راست یان نادروست، کەمینە و زۆرینە سازدەبێ. بێشك ئەم دیاردەیە لە سەرەوەرا، تەشەنە دەکاتە، ناو بەدەنەی حێزبیش.
6. ئێستا پرسیار ئەوەیە،( رووی قسەم هەم لە کەمینەیە و هەم لە زۆرینە) ئایا تۆ، وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی، یان وەك ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی، تەنانەت وەك سکرتێریش بۆت هەیە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەت کەی؟ ئایا ئەندامانی حیزبی، ئەو منداتەیان(ئەو دەنگەیان) داوە بە تۆ یان بە ئێوە، کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، حێزبێك کە 60 ساڵە گەلی چەوساوە و بێدەرەتانی ئێمە، بە هەزاران شەهیدو ماڵ ویرانی و دەربەدەری پاراستویەتی و جلەوی

شۆرشی پێسپاردوە، لەتی کەی؟ تۆ کە ماندات و دەنگ و متمانەی ئەندامانی حێزبت پێنییە، چۆن ئیجازە بە خۆت دەدەیێ تاوانی ئاوا، دوور لە یاسا، دەر حەق بە حێزب و ئەندامەکانی بکەی؟ چۆن ولام دەرەوەی کۆمەلانی خەلکی کوردستان دەبێ؟ تۆ چۆن دەتوانی ببیە جێگای متمانەی کۆمەلانی خەلك؟ لە کاتێدا، بە مەیلی خۆت و بێ پرس و رای، تەنانەت ئەو کەسانەی کە تۆیان بۆ رێبەری و بەرێوەبردنی ئەرکی حێزبی هەلبژاردبوو، حێزبەکەت لێ لەت کردن. مادام ئەو بەشە لە کادرەکانی حێزبی، کە دەستەلات و حەق و ئیجازەی، لەت کردنی حێزبیان، لە لایەن ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەی 13 دەوە، پێنەبووە، ناتوانن ئیدەعای ئەوە بکەن کە حێزبیان لەت کردوە.

7. ئەگەر رێبەرایەتی رێکخراوێك بیهەوێ، رێکخراوەکە هەلوەشێنێتەوە، یان بیهەوێ تێکەلاوی رێکخراوەێکی دیکەی بکا، ئەوەتا لە رێگای رێفراندۆم یان کۆنگرەوە، پێوستی بە کۆکردنەوەی دەنگی زۆرینەی ئەندامانی رێکخراوەکە هەیە، ئەگینا هەر بریارێکی بێدا بێ پشتیوانەی یاسایی دەبێ و سەزای بۆ دیاری دەکرێ. بۆ لەت کردنیش، هەر بە هەمان شێوە، دەبی ئیجازەی یاسایی حێزبت، واتە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پێکهێنەری رێکخراوەکەت پێبێ. ئەگینا نە دەتوانی حێزب لەت کەی و نە ئەساسەن هیچ کەس، ئەوەت بۆ دەسەلمێنی کە ئێوە توانیوتانە حێزب لەت کەن. ئێوە تەنیا یەك کارتان کردوە، ئەویش بەجێهێشتنی حێزبە و پێکهێنانی رێکخراوێکی دیکە، لە ژێر ناوێکی دیکە.

8. برادەرانی ئێمە، نەتەنیا لە کۆنگرەی 13ی حێزبدا، دەنگی لەت کردنی حێزبیان پێنەبوو، بەلکوو لە سەر

کۆنگرەی 14ی حێزبیش کە ساڵ و نیوێکی مابوو، رانەوەستان کە یان بۆ وەدستەوە گرتنی حێزب یان ئەوەتا بۆ لەت کردنی حێزب، دەنگ لە ئەندامانی حێزب وەرگرن.( ئەگەر ئەو جۆرەی کاك قادر دەڵێ ژمارەیەکی زیاتریش لە گەڵ ئەواندا بووە، دەبوایە هەر راوەستابان). بەداخەوە هەولیشیان نەدا، کە دوو لە سەر سێی(2\3) کۆی دەنگی ئەندامانی حێزب بۆ کۆنگرەیەکی نائاسایی کۆکەنەوە و لە رێگای قانوونی بۆ وێستەکانی خۆیان هەنگاو هەڵێننەوە. کە وابوو برادەران لە رێگای یاسایی‌وە نەیان توانیوە حێزب لەت کەن، ئەگەر بۆ خۆشیان پێیان خۆشە ئەم تاوانە وەپاڵ خۆیان دەن، ئیتر ئەوە شتێکی دیکەیە.

کەوابوو بۆمان دەردەکەوی کە ئەو هاوسەنگەرانەی پێشومان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان بەجێهشتوە و چالاکی خۆیان بەجیا لە حێزب بەرێوە دەبن. هەروەها چاوەروانیان لێ دەکرێ بە بەرپرسایەتی‌وە هەڵس و کەوت لەگەل ناو و ئارم و نیشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا بکەن. لە هەمان کاتدا داوام لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەیە، کە بە پاراستنی کەرامەت و حورمەتی ئینسانی و بە بەرخوردی شیاوی مرۆڤی ئەورۆیی، بروانە ئەو هەڵومەرجە ناسکەی کە حێزبەکەمان و گەلی کوردی کوردستانی ئێرانی تێدایە. هەروها داوای برایانەم هەیە لەو ئەندامانەی حێزب کە هەتا ئێستاش بە تەواوی وازیان لە رابردوی بە دەیان ساڵەی پر لە شانازی خۆیان، لە ریزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا، نەهیناوە، جارێکی دیکەش بە هەستی بەرپرسایەتی بەرانبەر بە شەهیدان و گەل، چاو بە سەر

بریاری خۆیاندا بخشینەوە، بزانن ئایا ئەوەی دەیکەن لە گەڵ مەسلەحەتی خۆیان و گەلدایە ؟؟
لە ڕووی دڵسۆزیەوە دەڵێم، هیوادارم بە بەر پرسایەتییەوە بیر لە داهاتوو بکەنەوە .

حوسێن ئازەری- سوئید 2006-12-22

<u>سەرچاوەکان:</u>

- سەرنجێک لەسەر وتو وێژەکەی کاک حەسەنی شەرەفی- کاك برایم جەهانگیری
- ڕێبازی ئازادی 2006.12.14 وتووێژی، بەڕێز کاک قادر وریا لەگەڵ ڕێبازی ئازادی
- بەیاننامەی کۆمەڵێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی و جێگران و موشاویرانی حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

## وتووێژی رۆژنامەیی لەگەل

## بەڕێز کاک دارا ناتق

1. بەڕێز کاک دارا وەک یەکەم پرسیار پێم خۆشە سەبارەت بە رەوتی رێفۆرم بۆمان باس بکەی.

گرووپی بەنێو رێفۆرم کە لە ئەساسدا سەر بە تاقمی جیا بوو لە حیزب بوو و بە کەڵک وەرگرتنی خراب لەو بحرانە کازبەی کە بۆخۆیان دوای کونگرەی سێزدەهەمی حیزب پێکیان هێنابوو، پێک هات. لەراستیدا مەبەستی ئەوان لە پێکهێنانی ئەم گرووپە چەواشە کاری و شانتاژ و لە ژێر پێنانی ئوسوول و پرنسیپەکانی کونگرە و هەلخەلەتاندنی ئەفکاری عومومی بوو بۆ دژایەتی کردن لەگەل رێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کونگرەی سێزدەهەمی حیزب و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بە شێوەیەکی نامەشروع و نارەوا. ئەم گرووپە دەستکردە هەر لە سەرەتاوە لەلایەن تاقمی بەنێو ئۆپۆزیسیۆنەوە رێبەری دەکران کە دواتریش دیتمان ژمارەیان نەیتوانی لە 6 کەس تێپەڕی .

2. ئێوە وەک کەسێک کە لە سەرەتاوە لەگەل ئەو رەوتە کەوتن دواتر لەبەر چ هۆیەک کشانەوە؟

و . ئەوان زۆریان هەولدا کە من لەگەڵیان بکەوم و بەنێوی من زۆرجار قسەیان دەکرد، بەڵام من هیچ کات نەکەوتمە ژێر هەڵسوکەوتی نامەسۆلانەی ئەوان، چوونکە ئەو گرووپە هەرلە سەرەتاوە دیار بوو کە گرووپێکی دەستکردن و هەوڵەکانیان تەنیا لەچوارچێوەی دژایەتی کردن لەگەل زۆرینەی رێبەری هەڵبژێردراوی

کونگرەی سێزدەهەمی حیزب و پێکهێنانی ئالۆزی و شانتاژ دابوو، لە پێناو بە دەستهێنانی دەسەڵات دا .

3. هەڵەکانی ئەو رەوتە چی بوون و دەبوو چۆن هەڵوێست بگرن؟

و – دروست کردنی ئەم گرووپە دەستکردە هەر لە سەرەتاوە شتێکی هەڵە بوو، چونکە لە حیزبی دێموکرات دا ئازادی بیرورا هەیە و هەموو کەس دەتوانێ رەخنە و پێشنیارەکانی خۆی لە رێگەی تریبوونەوە بەبێ هیچ ترسێک دەرببڕێ. ئەو گرووپە مەبەستێکی سیاسیی لەپشت بوو، ئەویش خزمەت کردن بە کەسانێک بۆ گەیشتن بە لووتکەی دەسەڵات لە رێگەی پێکهێنانی کەش و هەوایەکی ناسالم لە نێو حیزبی دێموکڕاتوپرۆپاگەندەی نارەوا بەدژی رێبەرایەتیحیزب بۆ خەلەتاندن و کۆ کردنەوەی نەفەرات بە دەوری خۆیان لەراستای قازانج و بەرژەوەندیی جەناحی ئوپۆزیسیۆن.

ئەوان باسیان لە خراپ بوونی جەناح لەنێو حیزبی دێموکراتدا دەکرد و بۆخۆیشیان بەرەوا دەزانی کە تاقم و دەستەبەندی دروست بکەن ! ئەوان بە سووکایەتی و بردنە ژێرپرسیاری بەشێک لە رێبەری حیزب دەهاتنە پێش کە ئەوە نیشانەی هەوڵی بەپەلەی گەیشتن بە دەسەڵات و لایەنگرانیان لە کەمینە و شۆردنەوەی رابردووی حیزب بوو، کە دژکردەوەی لەنێو حیزب دا دروست کردو ئەوان زۆر زوو بۆ ئەندامانی حیزب ناسران و دەرکەوت کە دەمامکیان لەسەر چاوەوجگە لە چەند کەسێک خەڵکیان بۆ فریو نەدرا.

لە وتووێژێکدا لە ژمارەیەکی چاوەدێر، یەکێک لەو کەسانە بەرووونی ددان بەوە دادەنێ کە ئەندامێکی رێبەری بەناوی س . ب سەر بەباڵی کەمینە، گەڵاڵە دارێژی کارو کردەوەیان بووەو خەتتی پێ

داوەو ئێستا ئەویش لەگەڵ جیابووەکان کەوتووە .

4 . پێتوایە کێشە سەرەکییەکانی حیزبی دێموکرات بەرەوتی ڕێفۆرم چارەسەر دەبێت ؟

و . ئێمە لەنێو حیزبی دێموکراتدا کێشەیەکی وامان نییە کە بەچەند مۆرەیەک بەنێو ڕووناکبیر، تینووی دەسەڵات چارەسەر بکرێ. بوونی بەرنامەو ئەساسنامەیەکی بە تەواوی دێموکراتیک و بە ئیقراری زۆر کەسایەتیی سیاسی هەتا غەیری کورد دەسەلمێنەری. ئەوە ڕاستییەیەکە لە حیزبی دێموکراتدا کە دێموکراسی فەرهەنگە و یاساش سەروەر، بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە حیزبەکەمان لەگەڵ هیچ حیزبێکی سیاسی دیکە قابلی موقایسە کردن نییە. نەتەنیا لە ئاستی کوردستاندا، بەڵکو لە ئاست تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا. هەربەپێی پرنسیپە دێموکراتیکە کانی لەڕێگای میکانیزمە یاساییەکانی حیزبی دێمو کراتەوە، زۆر شت ئالوگۆڕیان بەسەر دا هاتووەو کونگرە وەکوو شوێنی خاوەن سەلاحییەتی بڕیاردان لەسەر ڕێفۆرمی حیزب بڕیار دەرە.

بۆ وێنە: کونگرەی سێزدەهەمی حیزب، کونگرەی ئالوگۆڕی جیددی لە کارو تێکوشانی حیزبی دێموکرات دا بوو ، ئەوانەی کە ئێستا لە حیزب جیا بوونەتەوە، دژ بەو ئالوگۆڕانە بوون، کە ئێستا دروشمی چەواشەکارانەی ڕێفۆرمیان هەڵگرتووە. زۆر سەیرە بە دەیان ساڵە لە حیزبی دێموکراتدا لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتدا تەنانەت لە ئاستی هەرە سەرێی حیزب، واتە سکرتێری حیزب بوون هیچ ئالوگۆڕیان نەکرد و ڕێفۆرمیان نەکرد و لە بەرامبەر ئالوگۆڕەکانی کونگرەی سێزدەدا کار شکێنیان کرد. ئێستاش دروشمی ڕێفۆرم دەدەن! کە وابوو پێکهێنانی دەستەو تاقم و دروست کردنی کەش و

هەوایەکی ناسالم لە حیزبێکی ئاوادا لادانە لە ئوسوول و پرنسیپە دێموکراتیکەکانی ئەم حیزبە. رێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو دەفەرموون: لە حیزبی دێموکرات دا چەند جەناحمان نییە، تەنیا یەک جەناحمان هەیە ئەویش جەناحی دێموکراتە .

5. دەبوا رەوتی رێفۆرم میکانیزمەکانی بۆ چارەسەر کردنی ئەو قەیرانانە چ بووایە؟

و . ئەو گرووپانەی کە بۆ خۆیان کێشە خوڵقێنن و مۆرەی کەسانێکن کە ئەوانیش تئوریسیۆنی تێکدان و ئالۆزییەکانن تەنانەت لە ماوەی چەند سال دەسەڵاتی خۆیاندا گەورە ترین هێزی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستانیان بەرەو کزی و لاوازی برد.

چۆن دەتوانن مکانیزمێک بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەگەر هەبێت) بدۆزێتەوە.

و . پێکهێنانی ئالۆزی و گەیشتن بە دەسەڵات لەلایەن ئەوانەوەباشترین کانیزمەبۆچارەسەریکێشەی دەسەڵاتیان!

دارا ناتق.

.......................................................

**باسێک لە سەر ئینشیعابەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران!**
**موستەفا زارعی**

هەر حیزبیک کە ئازادی و دێمۆکڕاسی بە تەواو مەعنا لە ناویدا ڕەوایی هەبیت، بیرو بۆچونی جیاوازیش تێیدا بە ئاشکرا خۆی دەنوێنێت. دیارە حیزبی دێمۆوکڕاتیش لە ئەو قاعیدەیە جیاواز نیە. کولتوری دیموکراسی لە ناو حیزبی دیموکراتدا ئەوەندە گە شە ی پێ دروا‌ە کە لە ئە ندامیکی ڕەدەکانی خوارەوە تا سەرکردایەتی بۆی هەیە و دە توانیت بیرو بۆچونی خۆی باس بکاو بەنوسراوە بیخاتە بەردەستی ئەندامانی حیزبی . حیزبی دیموکرات ڕێکخراویکی میللی دیموکراتیکەو ئالا هەلگری جولانەوەی نەتەوایەتی خە لکی کوردە لە کوردستانی ئیران. دیارە لە ناو ئە م حیزبە دا لە چەپی چەپ ڕا تاراستی‌ڕاست هەیەو جیگای خۆی دۆزیتەوە. هەر لە بەر ئەوەشە بیروبۆچونی جیاوازی زۆر تێدا وە بەرچاو دەکەویت. من لێرەدا دەتوانم بەنفوزی حیزبی تودە لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا ئاماژە بکەم . دوای سەرکەوتنی شورشی گەلانی ئیران و ڕۆخانی ڕژیم پاشیە تی مە یدان بۆتێکۆشانی سیاسی لە بار بوو . هەر لەو سەردەمانەدابوو کە حیزبی دیمو کراتی کوردستانی ئیران تیکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند. دەکریت لێرە

دا بلێین بیرو بۆچونی تودەیی تەواوی تە شکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی داگرتبوو، و تە ئسیرێکی زۆری مەنفی لە سەر سازمانی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە تایبەتی ناوچە ی موکریان دانابوو. لە هەمانکاتدا رەوتی دیموکراتی و نەتەوە خوازی بە ریبەری شە هیدی نەمر دوکتور قاسملوو لە ناوحیزب دا سەری هە لدا لە

ئەوە بوو کەخەباتی دەرون حیزبی بە ئەوجی خۆی گە یشیت، بەلام بە سەپاندنی شەری نامرۆڤانەی رژێمی کۆنە پەرستی خومەینی بە سەرمیللەتی کورد دا، حیزب دیموکڕاتی کوردستانی ئیرانی نا چار کرد بۆ بەرگری لە مەوجودیە تی نەتەوەی خۆی ڕاپەڕێ .

ئیترئەو دەرفەتە بۆ حیزب نەرەخسا کە خەباتی دەروون

تەشکیلاتی رەوتی ئاسایی خۆی بپێوێت . هەر لەو سەر دەمدا بوو کە حیزبی دێموکڕات خەریکی پیکهێنانی کونگرەی چوارەم بوو. جەناحی تودەیی نێو ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات لەگەل رژیم خەریکی ساتو سەودای سیاسی بوون و بە ئاشکرا دەیانویست ریبەرایەتی حیزب بە دەستە وە بگرن و حیزبی دیموکرات و خواستو ویستەکانی گەلی کورد تەسلیمی رژیمی ئاخوندی بکەن.

دیارە رژێمی خومەینی لەو کاتەدا لە یارمەتی دانی ماددیو مەعنەوی بۆ مامەغەنیو داروەستەکەی دریغی نەدەکرد. دەکرێ بڵێین: نفوزی حیزبی تودە تا ئەو ڕاددەیە بوو، کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ببوو بە جوجکەخانەی حیزبیتوودەی ئێران. بەلام لە هەمان کاتدا ریبەری لێوەشاوەی حیزب بەتایبەتی دوکتورقاسملوو زۆر زیرەکانە حیزبی لەو کۆسپ و تەنگنایە دەرهێنا.

بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی نفوزی حیزبی توودە لە ناو حیزبی دیموکراتدا ڕیشەی داکوتا بوو، بۆ پاککردنەوەیان  لە نێو حیزبدا محاڵبوو  لە کونگرەی چواردا چاریان بکرێ . ئەگەر لە بیرمان بێت 26 مادەکەی هەیئەتی نوینەرایەتی خەلکی کورد بە ئاکام نە گە یشت . هۆی ئەوە بوو کە  دارو دەستەی  هەڵبژێردراوی تودەیی نێوحزب بە گۆرینی 26 مادە بە6 مادە و دروشمی خودموختاری بە خودگە ردانی ،  دەیانەویست لە حیزبی دایک* توودە* نیزیک ببنەوە . ڕەوتی دێمۆکڕات و نەتەوە خواز بە ریبە ری دوکتورقاسملو ئەوەی رەد کردەوە.

لە رێکەوتی 25 / 3 / 59 گروپی حەوت کەسی کە بریتی بون 1 غەنی بلوریان2 رەحیم سەیف قازی
3 . فەوزیەیقازی4 ئەویدموعینی 5 فاروق کەیخوسرەوی
6 ئەحمەدعەزیزی 7 مامۆستا هێمن.

پیویستە لێرە دا ئەوە بلێم: دوایی حیزب بریاریدا  ناوی مامۆستا هێمن لە ناو ئەو لیستە دا  پاک بکریتەوە. تاقمی باسکراو لە حیزبی دێموکڕات کوردستان جوێ بونەوەو ئەو پێشکەوتووانە!! پالیان وەرژێمی خوێنخۆرو کۆنە پەرستی خومەینیدا. تەنانەت خەیانەت و سیخوری ئەو پاڵەوانانە بۆ رژێم بەو پەڕی خۆی گەیشت. خۆفرۆشی ئەوانە ئەوەندە بەرچاو بوو، روی تودەیەکانی سپیکردەوە. نفرەتی خەلکی مە هاباد وای لێهاتبوو کە منداڵانی لە کۆلانان دە یانکوت : مامە غەنی هاتەوە یاخودا بەخێر نە یەتەوە یاخوا بگیرێیتەوە *

بەداخەوە هەتتا بەرۆیشتنی تاقمی حەوت کەسیش  نفوزی حیزبی تودە لە ناو حیزبدا خاشە بڕ نەکرا. هەبوون لێرە و لەوێ سەریان

هەڵدەدا، بەلام بە خۆشیەوە توواناى نەفەس كێشانیان كەم ببۆوە .
.نوسراوەیەكم خۆێندەوە كە گویا دوكتور قاسملوى نەمر لە دەرەوەى ولات چاوى بە غەنى بلوریان كە وتبوو، مامەغەنى وتبوى من ئیستا كە تودەییم ، دەتوانم ئیش بۆ حیزبى دیموكرات بكەم! دوكتور بە زەردە خەنەوە لەوەلامدا گوتبوى؛ بەڵێ بروات پێ دەكەم! كاتى خۆیشى لەناوحیزبى دیموكراتدا كارت دە كرد !!
بە پاك بونەوەى حیزب لە تاقمى حەوت كەسى ریبازى سیاسى حیزب گەرایەوە دۆخى پێویست . رەوتى سیاسى ناو حیزب لە بەینى كونگرەكانى ، 7،6،5 بە باشى بەرەو پێش چوو. لە ماوەى گرتنى كونگرەى8 جەماعەتێك دانە دانە بە بیانووى جۆراو جۆر لە حیزب تۆران و لە بریارەكانى كونگرەى 8 لایانداو یەک یەک و دوو دوو رۆیشتن. جیگاى سەرنجە، ئەوبرادەرانەى بەئیستلاح رێبەرایەتى شۆرشگێر بە كۆمەل نە رۆیشتن، بە لكو تاك تاك دواى یە ك دو مانگ بە وەسیلەى رێكخراوى موجاهیدینى خە لک خركرانەوەو بە بلاوكردنەوەى نوسراوەیەک مەوجوو دیەتى خۆیان راگەیاند. دیارە ریبەرى شۆرشگێر هیچ پەیوندیكى لە گەل حیزبى دیموكراتدا نەما تاكونگرەى 10 ، لەو كات و فرسەتە دا بوو كە بەهەولدانى بەرێز حەسەنزادە هاتنەوە ناو باوەشى حیزب. لەو سەر دەمانە دا كاك مەلاعەولا زۆرى باسى یە كگرتنەوە دەكردو پێیەوە دەنازى كە جارێكى دى بنەمالەى گەورەى حیزبى دیموكراتى كوردستانى پێك هێیناوەتەوە!! بەلام ئێستا دەر دەكەوێ ئەو پێكهێنانەوە بەمەبەستى تایبەتى بووە نەک لە رووى دڵسۆزیەوە .
بەرێزمەلاعەولا لە كونگرەى 12،11،10 دا كە ریبەرایەتى حیزبى بەدەستەوە گرتبوو، لە ماوەى ئەو12 سالەدا كە ناوبراو

سکرتێری ئەو حیزبە بووە با کارنامەی ئەو 12 سالە بینیتە بەرچاو تا ئیمەش هەلی سەنگێنین بزنین چی کردووە ؟ بەبروای من حیزب لە ماوەی ئەو 12 سالەدا نە تەنیا هیچ هە نگاوێکی بەرەو پێش نەناوە، بەلکوو ئەگەر بەرەو ئەمانی نە بردبێ ، بە دەرجالێدان وەدوای خستووە .

دوێنێ بوو ئێمە هەمومان بە چاوی خۆمان لە سەرکردایەتی دیتمانو دەزانین چیکردووە. نامەوێ زۆر لە سەر ئەوەی باس بکەم، لە دەرەوەی ولاتیش دیتمان کە تەواوی ئەو مەسولیەتانەی هەبوو دابووی بەیەک دووکەسی لایەنگری خۆی و هاوریانی فەعالی حیزبیشی لە کاری تەشکیلاتی هەلپەسارد بوون دانیشتبون دەستیان لە ئەژنۆ وەرێنابوو . دیارە ئیشەکان هەر وا ناهومێدانە بە رێوە دەچوون ، بۆیە حیزبیش بەرەو داهاتوێکی نادیار هەنگاوی هە لدێناوە.

هۆشیاری ئەندامانی دلسۆزی حیزب بوو بە هۆی ئەوەی کە ریبەرایەتیەکی تازە بە درۆشمی حیزبی نوێ بۆ سەردەمی نوێ و دەرفەت بۆ لاوان و ژنان کە بتوانن چالاکی بنوینن و مەسئولیەت وەربگرن. هەروەها دیتمان لە کونگرەی 13 بە ئەکسەریەتی ئاراوە هەلبژێردران. دیارو ئاشکرایە بیرو بۆچونی هەلبژاردراوانی کونگرەی 13لە گەل بیرو بۆچوونی ریبەرایەتی پێشوو یەکی نەدەگرتەوەو دوای یەک دوو حەوتوو، و تەواو بونی کونگرە، کارشکێنی و نافەرمانی لە لایەن ئەو جیاخوازانەوە دەستی پێ کرد. دیتمان سال و نیوێک دوای کونگرەی 13 ئەو جەماعەتە چاویانبەسەرکە وتنەکانی ریبەرایەتی تازەی حیزب هەل نەدەهات، بەنێوی ئۆپۆزیسیون لە نێو حیزبدا هەلتۆقین و بۆ ئالۆزی تەرحێکی20

مادەیان ئاراستەی کۆمیتە ناوەندی حیزب کرد. بەداخەوە، ئەوە تەرح نەبوو، بەڵکوو ئەوە بریاری جویّ بونەوە بوو لەژێر پەردەی داواکاری و ئۆپۆزیسیۆندا درا بە کۆمیتە ناوەندی حیزب . ئەوە شتێک بوو کە خەلکی کورد هەرگیزچاوە روانی ئەوەی نەدەکردجویّ بوونەوە ڕوو بدات، بەداخەوە ئەویش لە کاتێکی ناسکدا ئەڕۆ دا.

سەرئەنجام دیتمان کە ڕۆژی 2006/12/6 زاینی ئەو جەماعەتە جیابونەوەی خۆیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ڕاگەیاند، مۆرەی ئەسلی ئەو جەماعەتە بەرێز حەسەنزادە بوو. دیارە جێگای داخە دوای ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانە کەوتە بەرەی ناحەزان و کارشکێنانی حیزبی دیموکرات. دوای هێنانەوەی جەماعەتی کونگرەی 8 کاک مەلا عەولاّ هەمیشە باسی لە ڕەسالەتی مەلەکوتی خۆی دەکرد کە بنە مالەی گەورەی حیزبی دێموکڕاتی رێک خستۆتەوە!! داخوا ئەو ڕێکخستنەوە بۆ ئەوە نەبووە کە زەربەیەکی گە ورەتر لە حیزبی دێموکڕات بدا ؟

دیارە ئەو پرسیارە بۆ هەموو کوردیکی دلسۆزی نیشتمان پەروەر دێتە ئاراوە کە بلێت: بۆ دوێنیّ بنە مالەی گەورەی حیزبی بە قەولی خۆی پێک دێناوەو ئەو ڕۆ بۆ دەیڕووخێنیّ و تێکی دە داتەوە ؟؟

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کە ئالا هەڵگری جولانەوەی نەتەوایەتی خەلکی کوردستانی ئیرانە. بە بڕوای من بەرێز مەلاعەولاّ و دارو دەستەکەی سەرە رای ئەوەی کە زەربەیان لە حیزبی دیموکرات داوە، لە هەمان کاتیشدا زەربەیان لە جولاّنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە بەشی کوردستانی ڕۆژ هەلاّتداوە .

ئێمە باش دەزانین کە پشتیوانانی ئەو تاقمە بریتین لە چریکی فیدایی خەلک ئەکسەریەت، و کۆنە توودەییکانی دۆڕاوی مەیدانی خەبات .

دیارە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران وەک دارێکی گەورە وایە کە ریشەی خۆی لە نێو کۆمەلگای کوردستاندا تەنیوەو بەو وشک بوونی ئەو لقو پۆپانە ، بەهێزتر دەبێ و هەروا بە هاسانی لە بەین ناچێتو دانایە .

سەرکەوتووبێت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران.

گەشەداربێ بەرێوە بردنی یاساو پیرەوی پەسندکراو .

بەر دەوام بیت ریبازی شە هیدانی سەر بەرزی حیزبو گەل قازی ، قاسملو ، شە رەفکەندی !

موستەفا زارعی 2007 / 01 / 09

پەیامی هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب, بەبۆنەی جیابوونەوەی ژمارەیەك کادرو پێشمەرگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران !
19/9/1385 - 10/12/2005

هاونیشتمانانی بەڕێز!
کۆمەلاَنی خەڵکی کوردستان!
ئەندامانو لایەنگرانی ماندوویی نەناسی حیزبی دێموکرات!
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانو زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی!
پێشمەرگە دوژمن بەزێنەکانی حیزب و گەل!
حیزبو رێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان!
لە هەلومەرجێکدا، کە ناوچەکەمان ئاوسانی ئاڵوگۆڕی نوێ بە قازانجی گەلانی بندەستەو، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، پێویستی بە یەکڕیزیو تەباییو هاوهەڵوێستی هەیە، لە رەوشێکدا کە گۆڕانکاری‌یە نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەیی‌یەکان بەگشتی لە بەرژەوەندیی کورد و بزووتنەوە دێموکرات و خەباتە رەواکەیدا دەچنە پێش و ئاسۆی خەباتو سەرکەوتن لە هەر کاتێکی دی روونتر دێتە بەرچاو، بەداخەوە ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی پێشووی حیزب، لە راگەیەندراوێکدا بەرەسمی جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی پێشڕەوی گەلی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، راگەیاند .
پێکهاتەو هەوێنی ئەو کۆمەڵە کادرانە بریتی‌یە لەو کادرانەی کە لە کۆنگرەی8 ی حیزب و لە سەردەمی رێبەرایەتیی رێبەرانی شەهیدمان دوکتور قاسملوو و دوکتور

شەرەفکەندیدا ریزەکانی حیزبیان بەجێ هێشتو چەند کەسێك لەو کەسانەی کە لە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبو لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیکدا دەنگی متمانەی کۆنگرەیان بۆ ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی نەهێنایەوە.
ئەو جیابوونەوەیە لە حاڵێکدا رووی دا، کە رێبەرایەتیی حیزبو شەخسی خۆم بە هەست کردن بە بەرپرسایەتیو هەستیاریی وەزعی کوردستانو ئێران، سەرەڕای:
- کارشکێنیو بەهانەگرتنی ئەو کۆمەڵە لە کادرەکانی حیزب بەدوای ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە کۆنگرەی سێزدە
- بەزاندنی هێڵە سوورەکانی حیزب لە رووی سیاسی و تەشکیلاتییەوە
- پێکهێنانی تەشکیلاتی موازی لە نێو ریزەکانی حیزبدا
- پێشێل کردنی پێڕەوی نێوخۆی حیزبو ئاییننامەکانی کومیتەی ناوەندی کە تەنانەت پێش کۆنگرەی سێزدەو لەکاتی دەسەلاَتداری خۆیاندا پەسند کرابوون،
بە شێوەی مودارا کردن هەلسوکەوت کراوەو داخوازەکانیان
- بێجگە لەو خالاَنەی کە پێڕەوی نێوخۆ رێی پێنەداوە، یان سەلاحییەتی کومیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسییان بردۆتە ژێر پرسیار
- لە لایەن حیزبەوە قبووڵ کراونو، رێگای وتووێژیش لەگەڵیان بەربەست نەکراوە.
بە کورتی رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو دۆستانو دڵسۆزانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان، هەموو رێگایەکی گونجاوو شیاویان گرتەبەر، تا ئەو برایانە لەو هەڵوێستەی کە هیچ قازانجێك بە جوولاَنەوەی کوردو حیزبە تێکۆشەرەکەمان ناگەیەنێت، پەشیمان بکەینەوە، بەلاَم بەداخەوە هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانە نەیانتوانی کار

بکەنە سەر ئیرادەی جیایی خوازانەی ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگانەی پێشووی حیزبەکەمان .
بێگومان بەجێهێشتنی ریزەکانی حیزب لە لایەن هەرکەس‌و هەر ژمارەیەك لە هاوڕێیانەوە بۆ هەموو لایەك بە گشتیی‌و بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی، جێگای داخەو لەو هەلومەرجە دا هەڵوێستی دابڕانی ئەو هاوڕێیانە ناخۆشترو ئاسەواری خراپی بۆ جووڵانەوەکەمان زیاتریشە.
خۆشەویستان!
ئەمە یەکەمجار نیە کە دابڕان لە ریزەکانی حیزبدا روودەدا، بەڵکوو پێشتریش بەدوای هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و لە سەردەمی ژیان‌و خەباتی رێبەرانی گەورەماندا حیزبەکەمان بەرەوڕووی 2 رووداوی لەو چەشنە بۆتەوە، بەلاَم پاش هەر دابڕانێك و کۆسپەکانی لەوە گەورەتریش رێبوارانی رێگای سووری شەهیدانمان فێر بوون کە، رێگە نەدەن قامەتی بەرزی ئەو حیزبە بچەمێت‌و بە کاری بەردەوام و وزەی شۆڕشگێڕانەوە بە چیا سەرکەشەکانی خەبات و نەسرەوتندا هەڵگەڕێن و تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێران، چرکەیەك هەدا نەدەن.
دڵنیام ئەمجارەش بە پێڕەوی لە راسپاردەکان و رێنوێنی‌یەکانی رێبەرانی شەهیدمان قازی‌و قاسملوو و شەرەفکەندی و بە یارمەتی بێدریغی کۆمەلاَنی هەراوی خەڵکی کوردستان، بە هێزی لەبن نەهاتووی کادرو پێشمەرگە گیان لەسەر دەست و ئەندام و لایەنگرە لەخۆبوردوەکانمان، سەری حیزب هەر بەرز و بەرزتر دەبێت و دڵی دۆستانمان شاد.

بەم چەشنە هەموو ئازادیخوازانی ئێران، کۆمەلانی خەڵکی کوردستانو دۆستانو دڵسۆزانی گەلو نەتەوەکەمان دڵنیا دەکەم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا قورسو قایم لە جێی خۆیەتیو بە دۆستو دوژمن نیشان دەدا کە لە ئێستاو لە داهاتوودا دەورێکی بەرچاوتر، گرینگترو شوێندانەرتر لە رەوتی خەباتی کورددا دەگێڕێ و، ئەو پرستیژو ئێعتیبارەی کە هەیەتی دەیپارێزێ و بەرزتری دەکاتەوە.

لەو کاتە هەستیارەدا داوام لە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان پشتیوانانی هەمیشەیی و هەتاسەری حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە بە هیوای تەواوەوە لە خەبات بەردەوام بن و بە پشتیوانی حیزبی دێموکرات پشت ئەستوور بن هەروەك حیزبە خۆشە ویستەکەیان بە پشتیوانی ئەوان پشتی ئەستوورە.

لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە بە کاری زیاتر، فیداکاری پتر، ئیمانی قایمتر شان بدەنە بەر ئەو ئەرکانەی کە بۆیان دیاری کراوەو پێیان ئەسپێردراوە. بێگومان مێژووی حیزب وجوولانەوەی گەلەکەمان هەروەك کارو فیداکاریی رابردوویانی تۆمار کردوە، رەنج و زەحمەت و فیداکارییەکانی ئەو برگەیان زەقو بەرچاوتر بۆ تۆمار دەکاو، جێگاو مەکانی ئەو تاقمانەشی دیاری کردوەو دیاری دەکا کە لە کاتە هەستیارەکاندا پشت دەکەنە حیزبی دێموکرات، حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد.

خۆشكو براکانم!

بە پێویستی دەزانم بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئەو راستیەش رابگەیەنم کە خۆمان بە دوژمنی

ئەو هاورێ دابڕاوانەمان نازانینو ئامادەی دامەزراندنی پێوەندی‌یەکی دۆستانەین لەگەڵ ئەواندا. بەلاَم چۆنیەتی ئەو پێوەندی‌یەش دەبەسترێتەوە بە هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر بە جوولاَنەوەی کوردو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
لە کۆتایی‌دا بە پێویستی دەزانم سوپاسو پێزانینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو ئەو حیزب و کەسایەتی و دۆستانە رابگەیەنم کە لەم کێشەیەدا لە قسەی خێرو دڵسۆزی و رێنمایی کردن درێغییان نەکردوە .
سوپاس بۆ ئەو هەموو دڵسۆزی‌و، دڵنیگەرانی‌و هەوڵدانەی ئەندامانی حیزب لە ناوخۆی ولاَت و لە دەرەوە، کە لە ماوەی چەندین مانگی رابردوودا بە پێوەندی گرتنی راستەو خۆو ناڕاستەوخۆ، ویستیان بەرگری لەو رووداوە بکەن، بەلاَم بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتن.
- سلاَو لە گیانی پاکی رێبەرانی شەهیدمان قازی‌و قاسملوو و شەرەفکەندی‌و سەرجەم شەهیدانی کوردستان!
- سلاَو لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدانو هەموو زیندانیە خۆڕاگرە سیاسی‌یەکان!
- سلاَو لە خەڵکی خەباتگێڕو خۆڕاگری کوردستان، پشتیوانانی هەمیشەیی حیزبی دێموکرات!
- سلاَو لە ئەندامانو لایەنگرانو کادرو پێشمەرگە فیداکارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
- سەرکەوێ خەباتی میللی - دێموکراتیکی خەڵکی کورد بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
مەرگو نەمان بۆ رێژیمی ئازادی کوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران !

12 Dec 2006

***************************************************

سەرە ڕای پەیامەکانی پشتیوانی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوە و ناوخۆوە، لە کۆبوونەوەو ڕوو بە ڕوو بوونەوە لە گەڵ دڵسۆزانی گەلەکەمان نە دیترا کەسێك کە دڵسۆزی نەتەوەکەی بێت هەستی بریندار بووی خۆی لەو ڕەوشت و هەڵوێستەی برادەرانی هەڵبڕاو لە حیزب دەر نەبڕن و ناڕەحەتی و نیگەرانی داهاتووی خۆیان بەیان نەکەن ، بەڵام بەداخەوە کەسانێکی کە گوێ بۆ پەندو ئامۆژگاری مرۆڤی سیاسی و ڕێکخراوی نەگرن و هەست بە هەلوو مەرجی ئەو ڕۆی جیهان و چرا سەوزێکی کە بۆکورد لێدراوە نەکەن، ئەو برادەرانە بوون کە ڕیزی حیزبیان بە جێ هێشت . بۆ ئەوەی زیاتر گوێ لەو پەیام و هەواڵانە بگرین ، با پتر بڕوانینە ڕوانگەکان .

---

ناوەندی خەبەری، **85/9/20**: لە پاش جیابوونەوەی کۆمەڵێك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب، ئەندامان و لایەنگرانی نهێنی حیزب لە نێوخۆی وڵات لە ڕێگەی ئیمەیل، فاکس و تەلەفوونەوە بە سەدان پەیامی پشتیوانیی خۆیان لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، هەڵبژیردراوی کۆنگرەی سێزدەهەم دەربڕیوە. ئەو شوێنانەی کە پشتیوانی‌یان ڕاگەیاندووە بریتین لە :
مەهاباد، سنە، بۆکان، مەریوان، کامیاران و بێڵەوار، کرماشان، سەقز، دیواندەرە، سەردەشت، شنۆ، پیرانشار، نەغەدە، ورمێ، سەڵماس، ماکۆ، پاوە، سەرپێڵ و قەسری شیرین، جوانڕۆ، سەلاسی باوەجانی .

لەهەموو ئەم پەیامانەدا وێڕای بەداخبوون بۆ ئەو کردەوە نادیمۆکراتیکەی کۆمەڵێك کادرو پێشمەرگەی پێشووی حیزب، ئەم حەرەکەتەیان مەحکووم کردووە و ئامادەیی خۆیان بۆ ئەنجامی هەموو کارێك لە ڕێگەی حیزب و بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتدا دەربڕیوە. لەو پەیامانەدا وێڕای دڵنیایی لەوەیکە حیزبی دیمۆکرات هەروەك ڕابردوو بە هێزو بە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵك دەمێنێتەوە، ئامادەیی بەرەنگاری زیاتریان لە ژێر سێبەری ڕێبەرایەتیی حیزبی دیمۆکرات دا دژی ڕژێمی فاشیستی کۆماری ئیسلامیی ئێران راگەیاندووە.

* پەیامی کومیتەی وڵاتی ئوتریش حیزب . بەبۆنەی دابڕانی تاقمێك ئەندام لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کومیتەی ئوتریشی حیزب لە پەیامێك دا بەبۆنەی دابڕانی تاقمێك ئەندام لە رۆژی 15ی سەرماوەزدا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکووم کردنی کردەوەکە، ئەم کارەی بە قازانج ویستیو مەسڵەحەت خوازی ناو بردەوەو پشتیوانیی خۆی لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو ڕێبەرانی شەهیدمان قازی، قاسملووو شەرەفکەندی راگەیاندوە.

ئەندامانو لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە دیواندەرە، راگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبیان بڵاوکردەوە

بەبۆنەی دابڕانی تاقمێك ئەندام لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی 15ی سەرماوەزدا، ئەندامانو لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە شاری دیواندەرە لە چالاکی‌یەکی تەبلیغاتی‌دا راگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی

حیزبیان لەسەر ئەم لێك دابڕانە لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاوکردەوە:
گەڕەکەکانی فازی 1و2و3، دەوروبەری مزگەوتی جامێعە، شەقامی ساحلی، کوی کەشاوەرز، بان پارك، شەقامی ئازادەگان، شەقامی 16 میتری، قوتابخانەی ئازادەگان، قوتابخانەی کوڕانەی بەهەشتی، دەبیرستانو خەوتنگەی کچانەی عێسمەت، پێش دانشگایی کوڕانەی رازی، قوتابخانەی شەوانەی موفەتێح، دەبیرستانی فەننیی ئیمام غەزاڵی، خەوتنگەو دەبیرستانی دوکتور حیسابی، خەوتنگەی کچانەی کومیتەی ئیمداد، هونەرستانی کارودانشی هاجەرو هیجرەت.
دەستخۆشیو ماندوونەبوونی لە رۆڵە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری دیواندەرە دەکەینو ئاواتی سەرکەوتنی زیاتریان بۆ دەخوازین. هەر بژین بە سەربەرزی

..................................

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
پێشمەرگە دلێرەکانی حیزب و گەل!
بەداخەوە رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی 85/9/15ی هەتاوی، ئاگادار بوینەوە کە کۆمەڵێك لە کادر و پێشمەرگەکانی پێشووی حیزب، بە رەسمی ریزی خۆیان لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جوداکردەوە. ئێمە وێڕای دەربڕینی کەسەری خۆمان لەو پێوەندییەدا، جارێکی دیکە لەگەڵ رێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 13ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی

ئێران پەیمان نوێ دەکەینەوە کە هەردەم خەباتکارێکی ڕێگای پڕ لە شانازیی حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی بین. دڵنیاین کە حیزبی شەهیدانی ڕێبەر، قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی لەم ئەزموونەش دا وەك ئەزموونی کۆنگرەکانی 4 و 8ی حیزب سەربڵند دێتەدەرێ و دڵی دۆستان شادو، دوژمنان و نەیارانی نەتەوەکەمان دڵسارد دەکاتەوە. سەرکەوێ خەباتی میللی ـ دیموکراتیکی نەتەوەی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی ئاخوندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

کومیتە تەشکیلاتی‌یەکانی، سلێمانی، هەلەبجەی شەهید، هەلەبجەی تازە، سەید سادق، زەڕایەن، نەسر، باریکە، عەربەت، دەربەندیخان، کەلار و دەوروبەری

---

پەیامی پشتیوانیی بنەماڵەی شەهیدانی گوندەکانی نیرو تەنگی‌سەر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێز کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!

خەڵکی مافخوازی کوردستان!

پێشمەرگە فیداکارەکانی حیزب و گەل!

ئاگاداربووین کە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی 85/9/15ی هەتاوی، تاقمێك لە کادرەکانی حیزب، ریزی حیزبی شەهیدانی کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان بەجێ هێشت. ئێمە وێڕای پێناخۆشبوونمان لەو هەڵوێستە نابەجێیە، بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 13ی حیزب دا،

پەیمان نوێ دەکەینەوە، کە درێژەدەری ڕێبازی سووری شەهیدان و حیزبی شەهیدان، قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی بین. حیزبێك کە بە خوێنی هەزاران شەهیدی سەرفەراز ئاودرابێت، بەو دابڕانە ناچەمێت و تا سەرکەوتنی یەکجارەکی هەر ڕێگا دەپێوێ. سەرکەوێ خەباتی میللی ـ دیموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێران، بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی ئازادی کوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بە نوێنەرایەتی بنەماڵەی 56 شەهیدی سەرفەرازی گوندی قارەمانی نیەری ناوچەی ژاوەرۆی سنە و بنەماڵەی شەهیدانی سوورخەڵاتی گوندی تەنگیسەر.

---

پەیامی پشتیوانیی کومیتەی حیزب لە بریتانیا بەبۆنەی دابڕانی چەند ئەندامی پێشوو، لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کومە ڵانی رزگاریخوازی کوردستان!

لایە نگران، ئە ندامان، لاوان، کادر و پێشمە رگە تێکوشە رە کان!

بنە ماڵە ی سە ربە رزی شە هیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

هە روە کو هە موو لایە ک ئاگادارن لە ڕیکە وتی 12/06/ 2006 زایینی ، بە رانبە ر بە 15ی سە رماوزی ساڵی 1385 هە تاوی، بە داخە وە کۆمەڵێك لە ئە ندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە زۆربە یان هە ر ئە وانە ن کە جارێکی تر نە شتە ری قازانجخوازانە یان لە زە مانی بە ڕێبەرایەتیی سە رداری دێموکراسی و دارێژە ری

سیاسەت گێڕیی جیهان بینی، شه هید دوکتور قاسملووی نه مردا له پەیكەرەی حیزبی دێمو كراتی كوردستانی ئێران دابو كه دیسان ڕێبازی خویان له ڕێبازی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ، به دەربڕینی بەیانامەیەک جیا كردۆته وه. ئاشكرایه كه حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران له مێژووی پڕ له سه روه ری و هاورازو نشێوی خۆی دا چه ند جارێک تووشی كێشه و گرفت بووه و هۆیه كه شی ده گه ڕێته وه بۆ قازانجخوازی و كورسی ته ڵه بی كۆمەڵێك .

هه ر چه ند پێشێل كردنی بڕیارەكانی كۆنگره ئەو جارەش برینه كانی كنگرەی هه شتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانیكولاندەوه و دڵی كۆمه ڵانی كوردستان ولایه نگران و ئه ندامان و پێشمه رگه دڵسۆزەكانی بریندار كرده وه.

به لام ئه وه ش نابێته هۆی چۆک دانەواندن به حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران و له ڕەۆتی هەوڵه سیاسیه كانی حیزب كەم ناكاته وه.

ئێمه وه ک كۆمیته ی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ـ بریتانیا، هه رچه شنه قازانجخوازی و كورسی تەڵەبییه ک مه حكوم ده كه ین وپشتیبانی و وه فاداریی خومان له ڕێبه ڕایەتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران كه مه شروعییه تی كۆنگرەی 13ی هه یه ، دەردەبڕین و كۆمەڵانی دڵسۆزی خه ڵكی كوردستان دڵنیا دەكەینەوه كه لەڕەوتی كارەكانمان كەم نابێتەوه و هەوڵی ئێمه، خه باتی دیپلۆماسییانه دەبیت له سەنگەری مۆدێرنیزمی دێموكراسی و مافخوازی جیهانی ئه و ڕۆدا. به متمانه ی ئێوه كۆمەڵانی دڵسۆزی گه له كەمان و حیزبه خوشەو یستەكمان ڕوانگه ی نیشتمانپه روری دێموكراسیانمان به هێزتر دەكه ین بۆ پتر گەشه كردنی تەشكیلاتی حیزبه خوشه ویسته كمان.

لاوانی ئه ورووی دێموکرات رێگا نادەن که جارێکی تر کورسی تەلە بی و قازانجخوازی ، حیزبە خۆشەویستەکەمان دووچاری قەیران و دوو بەرەکی بکات . ئێمە هه موو مان دەبێ هەوڵ بدەین حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ کات نه گه ڕێتەوە بەرەو دواوە. چون به رەو پاش رویشتن و پێشێل کردنی بریارەکانی کۆنگرە دەبێتە هوی سویسادی سیاسی .

بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سەرکەوتوو بێت ڕیبەرایتی هەڵبژێردراوی کنگرەی13ی حیزبی دێموکڕات . مه رگ و نه مان بۆ دوژمنانی کورد!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،

کۆمیتە ی بریتانیا ۱۲/ ۸ / ۲۰۰٦

---

بەیاننامەی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ نۆروێژ

بە بۆنەی دابڕانی چەند ئەندام لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!

خوێندکارانو لاوانی دڵپڕلە گڕی نیشتما نپەروەری!

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لە رێکەوتی 2006/12/6، بەرانبەر بە 15 سەرماوەزی 1385ی هەتاوی، هەواڵی جیابوونەوەی کۆمەڵێك لە کادرو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان پێگەیشت. هەواڵێك کە لە ناخی دڵەوە ئێمەی خوێندکارو حیزب خۆشەویستی تەزاند. لە هەمانکاتدا ئێمەی خوێندکارانی بەوەفای رێبەرانی شەهیدی لێهاتوومانی

هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە هەمیشە درێژەدەری ڕێگای بەرزو پیرۆزی سەرجەم شەهیدانی حیزبو گەلەکەمان بین.
لەو هەلو مەرجە ناسکەدا بەو ئاڵوگۆڕانە کە لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا لە ئارادانو لە هەمان کاتدا کە رێژیمی دژبەگەلی، کۆماری ئیسلامی لە قەیرانێکی سەختو دژواردا تێدەپەڕێ، بەجێهێشتنی ڕیزەکانی حیزبە خۆشە ویستە کەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەسارێکی نەك هەر گەورەیە بەڵکوو لە بەدیهێنانی ئامانجی دوژمنەکانماندا هەنگاوێکی گەلێك گەورەیە.
ئەگەر چاوێك بە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەگشتیو خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە تایبەتی بخشێنینەوە بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە هەتا ئێستا هەزاران رۆڵەی قارەمانو بەوەج خۆیان فیدای گەلو نیشتمان کردووەو لە باشترین رێبەرەکانی خۆی قوربانی داوەو بەسەدانو هەزاران رۆڵەی دیکەی لە سیاچاڵەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە گیان فیدایی نەوەستاوە.
خەڵکی خەبات گێڕو تێکۆشەری کوردستان!
ئێمە وەك یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ نورویێژ، پشتیوانیی خۆمان لە بەیاننامەی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنینو لە هەمانکاتیشدا بەڵێن نوێ دەکەینەوە کە هەردەم قوتابییانی بە وەفای رێبەرانی زاناو لێهاتوومان، پێشەوا قازی موحەممەد، دوکتور قاسملووی گەورەو دوکتور سەعیدی زاناو سەرجەم شەهیدانی سوورخەلاتی گەلەکەمان بین.

سەرکەوێت خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بڕوخێ حکوومەتی کۆنەپەرەستی دژ بەگەلی، کۆماری ئیسلامیی ئێران
یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - نۆروێژ
رێکەوتی **2006/12/8** بەرانبەر **1385/9/17**

.................................................................

بەیاننامەی کۆمیتە ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وڵاتی سوئێد
ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەر و دڵسۆزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!
کادر و پێشمەرگەکان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!
ئەندامان و جێگران و موشاورانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!
ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!

بە داخەوە لە ڕێکەوتی **06-12-2006** کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە بەیانیەک داجیابونەوەی خۆیان لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران راگەیاند.
ئێمە وێڕای دەربڕینی پێناخۆشبوونی خۆمان لەو رووداوە، پشتیوانی خۆمان لە رێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی

کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 13هەمی حیزبەکەمان دەردەبڕین.
و بەو پەڕی پەرۆشیمانەوە داوا لە هەموو هاوڕێیانی تێکۆشەری حیزبەکەمان دەکەین کە ریزەکانی خۆیان پتەوتر بکەن و وەک هەمێشە لێبڕاوانە و بەرپرسانە خەباتی خۆیان بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانی گەلەکەمان درێژە پێ بدەن. سڵاو لە بنەماڵەی بەرێزی شەهیدان.
سڵاو لە زیندانیانی سیاسی.
سڵاو لە خەڵکی قارەمانی کوردستان.
سڵاو لە ڕێبەرانی شەهیدمان قازی و قاسملوو وشەرەفکەندی.
حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کومیتەی سوئێد
2006-12-07..... دوبارە 11 Dec 2006

..........................................

پشتیوانیو پیمان نوێ کردنەوەی کومیتە شارەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکانی وڵاتی سوئێد:
رۆژەکانی شەممە و یەک شەممە کومیتەی شارەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد بە پێک هێنانی کۆبوونەوەی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی سەر بە سنووری کار و چالاکی کومیتەکانیان، جارێکی تر وێڕای دەربڕینی پشتیوانی هەمە لایەنەی خۆیان لە حیزبی ڕێبەرانی شەهید قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و رێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 13 هەم دوو پات کردنەوەی پیمان و بەڵێنی دووبارەی خۆیان بۆ درێژەدان بە کار و تیکۆشانی بێ وچان بە پێی بەرنامە و پێرەوی نێوخۆیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

پەسند کراوی کۆنگرەی 13 حیزب و لە ژێر رێنوێنی بەیاننامە و بەخشنامەکانی رێبەرایەتیدا.
-1کومیتەی یوتبۆری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد.
-2 کومیتەی کارلستاد حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد.
3 کومیتەی فالۆن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد.
4 کۆمیتەی ڤێستروس حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد .
5 کومیتەی ستوکهۆلم حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد.
6 کومیتەی ئوریبرۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد.
7 کومیتەی مالمۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد.
حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کومیتەی سوئێد .
2006-12-11 .........................
دەقی راپۆرتی کۆبوونەوەکانی بە سایتی پێشمەرگەکان گەیشتوون:
کۆبوونەوەی سیاسی تەشکیلاتی کومیتەی شاری فالۆن لە وڵاتی سوئێد
ڕێکەوتی 2006-12-09
...................................
کۆبوونەوەی تەشکیلاتی سیاسی کومیتەی شاری ڤێستروز لە وڵاتی سوئێد
رۆژی شەممە رێکەوتی 2006-12-09

کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
لە شاری ئوریبرۆی وڵاتی سوئێد
رۆژی یەک شەممە رێکەوتی 2006-12-10

.......................................

هەیئەتی کومیتەی سوئێد پێک هاتبوو لە بەرێزان کاک سەعید کاوە، کاک بەهرام سوڵتانپەنا، کاک مەولوود عەبدیلزادە. 9.30 بەیانی تا 14.30 خایاند 2006-12-11

---

کۆبوونەوەی گشتی کومیتەی مالمۆی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
رۆژی یەکشەممە رێکەوتی 2006-12-10

.......................................

بەیانیەی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو پرۆسە :

.............................................

راگەیاندراوی کۆمیتەی بەریوەبەری گشتی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات
هاونیشتمانانی خۆشەویست!
ژنانی خەباتگێر و ئازادەی کوردستان!
ئەندامانو دوستانی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!
ئەندامانولایەنگرانیحیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!
بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی جودابوونەوەی بەشێک لە ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانمان پی گەیشت. بریاری ئەم بەرێزانە لە کاتێکدا کە

ئاسۆی شورشی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە هەموو کاتێک رونترە و گەلی کورد پیویستی بە یەکدەنگی و یەکریزی هەیە جێگەی داخ و سەرسوورمانە .

ئێمە یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی ولات هاوکات کە پێناخۆشبوونی خۆمان لەم هەلویستە دەردەبرین، پشتیوانی خۆمان لە رێبەرایەتی هەلبژاردراوی کۆنگرەی 13 حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەردەبرین.سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بە رێبەرایەتی حیزبی خۆشەویستی گەلەکەمان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران! یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی ولات.

07-12-2006

............................................................

پەیامی پشتیوانیی سەدان کەس لە پەناخوازانی کوردی ئێرانیی دانیشتووی تورکیە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەرێز حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بلاو بوونەوەی هەوالی ترازان و لادانەوەی ژمارەیەک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لەو هەلومەرجە ئەستەمەدا، بە داخ و پەرۆشی کردین.

لە کاتێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پتر لە ڕابردوو، پێویستی بە یەکریزی و یەکدەنگی هەیە و کومەلانی خەلکی کوردستانی ڕۆژهەلات، چاویان بڕیوەتە خەباتی حیزبی ڕەسەن و خۆشەویستیان حیزبی دێموکراتی

کوردستان ، ترازانی بەشێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب و لادانەوەی ئەو بەشەی لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزب دا دژی ڕێبەری مێژوویی گەلەکەمان دکتۆر قاسملوو، دەنگی خۆیان خستە پاڵ نەیارانی حیزب ، ناتوانێ خزمەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەلی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی بکا.

دەرس وەرنەگرتن لە مێژوو و قبوڵ نەکردنی دێموکراسی، نەریتێکە بە وتەی دکتۆر قاسملووی ڕێبەرمان، شیاوی تێکۆشەرانی دێموکرات نیە.

ئێمە وێڕای مەحکوم کردنی جیا بوونەوەی دووبارەی ئەو ژمارە لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب ، پشتیوانیی خۆمان لە کومیتەی ناوەندی و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی شەهیدانی مەزن پێشەوا قازی ، قاسملووو شەرەفکەندی دەردەبڕین و هیچ ڕێکخروێکی دیکە بە ناوی ئەو حیزبەوە بە ڕەسمی ناناسین.

سەدان کەس لە پەنابەرانی سیاسیی کوردی ئێران :

لە وڵاتی تورکیە 2006 / 12 / 09

وەڵامێکی کورت بە درۆیەکی زل

ئۆسلۆ،2006/12/14

ڕۆژی2006/12/12، نووسراوەیەکی پڕ لە درۆ و خۆهەڵکێشانێکی بۆش و بەتاڵ لە ژمارەیەک ماڵپەڕی سەر بە ئەو کەسانەی کە 2006/12/6 ریزی خۆیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جیاکردەوە، لە ژێرناوی " پشتیوانی کردنی هەیئەتی ئامادەکاری و بەرێوەبەری کۆنفەرانسی حیزبی دێموکراتی کوردستان - ئێران کۆمیتەی نۆروێژ" بڵاوکراوەتەوە کە گوایە کۆمیتە

ناوچەکانی ئەو حیزبە لە وڵاتی نورویژ پشتیوانی خۆیان لەوان راگەیاندووە.
ئەم نووسراوە بێ بناغەیە، بە خەیاڵی خەیاڵ پڵاویی خۆی و بە ریزکردنی ناوی کۆمیتە ناوچەکان، وای نیشان داوە هەموو کەس لە گەڵ ئەوانە و چاوەڕێی فەرمانە!
بۆ زانیاری زیاتری خوێنەرانی بەڕێز، بە ناوی کۆمیتەی گشتی حیزب لە وڵاتی نورویژ و کۆمیتە ناوچەکانی ئەم وڵاتە رادەگەیەنین:
1- لە هیچ کام لەو ناوچانە کە ئاماژەی پێکراوە نە کۆمیتە ناوچەکان و نە ئەندامانی حیزب ئاگایان لە نووسینی ئەو نووسراوەیە نی یە و بە هی خۆیانی نازانن.
2- کۆمیتەی وڵات و سەرجەم کۆمیتە ناوچەکان لە کۆبوونەوەی گشتی 2006/12/10، بۆ جارێکی دیکە پشتیوانی خۆیان لە حیزب و رێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی13 راگەیاند .
3- لە سەرجەمی کۆمیتە ناوچەکان دوو تا 3 کەس وەک ئەندامی کۆمیتە چوونەتە پاڵ دەرچووەکان، سەرەڕای ئەوەش کۆمیتەکان لە حاڵی حازردا سەرگەرمی کاری حیزبی و رۆژانەی خۆیانن.
4- بۆیە جارێکیتر وەبیر نووسەری ئەو نووسراوە چەواشەکاری یە دێنینەوە کە درۆ دوای کۆتایە و خۆبەخاوەنی ماڵی خەڵکی دیکە زانین نە رەوایە و نە لە چوارچێوە و پرنسیپەیاساییەکانی ئەم وڵاتەدا یەکدەگرێتەوە.
ئەم نووسراوە بێناوەرۆکە دەسەلمێنێ کە ئەوەی سەرۆکی ئەو جیابووانە ئیدەعای دەکا کە گوایە زۆرینەی بەدەنەی حیزبیان لە گەڵە، چەندە لە راستی یەوە دوورە !

ئێمە بەڵێنی مان بە حیزب و خەڵکە تێکۆشەرەکەمان داوە کە جێگای ئەو گێرەشێوێنانە بە کاری باش و خەباتی پیرۆز قەرەبوو بکەینەوە .

لە کۆتاییدا، رادەگەیەنین حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەر یەک حیزبە و ئەوەی دەبێ تەکلیفی خۆی روون بکاتەوە، ئەو کەسانەیە کە ریزی حیزبیان بە جێ هێشتووە.

سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بە رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

یەکگرتوو بێ ریزەکانی حیزب و گەل

بڕووخێ کۆماری ئیسلامی ئێران

کۆمیتەی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - نورویژ

کۆمیتە ناوچەکانی 1ـ کۆمیتە ناوچەی ئۆسلۆ(Oslo)

2- کۆمیتە ناوچەی تروندهایم(Trondheim)

3- کۆمیتە ناوچەی ئۆیسفۆڵد (Østfold)

4- کۆمیتە ناوچەی کریستاندساند (Kristiansand)

5- کۆمیتە ناوچەی بەرگن(Bergen)

6- کۆمیتە ناوچەی وێستفۆڵد (Vestfold)

7- کۆمیتە ناوچەی ڕۆمەریکە(Rommerike)

8- کۆمیتە ناوچەی ئۆپلاند (Oppland)

9- کۆمیتە ناوچەی درامن(Drammen)

10- 1شانەی هەوگەسویند (Haugesund)

11- 1شانەی شییەن(Skien)

12- 1کۆمیتە ناوچەی کونسوینگر (Kongsvinger)

لە نووسراوەکانی پێشووی لایەنگرانی جیاخواز دا تۆزێك شێوەی هەرەشە و بێحورمەتی کەم بۆوە. بەڵام ئەو جار وردە وردە بوو بەجەوسازی و سیاسەتی ڕۆژیان و هەروەها جلغەگێڕان بۆ پێك وەرکردنو کارەسات دروستکردن !

بۆ وێنە ڕۆژنامەی کوردستان هەر بەو نێوە لەلایەن جیاواز خوازەکانەوە، دەرکردنی بەیانو نامەی جۆراوجۆر بە نێوی کۆمیتە ناوەندی ، یا دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ٢ کەسن، بەکورتی هەر نێوو نیشانو شتێکی حیزبی هەیە، بەبێ گۆڕانکاری بەکاری دێنن. ئەگەر کەسێکیش پێیان بڵێ بۆ وا دەکەن؟ ئێوە کە جوێ بوونەتەوە بەو مانایەیە کە ئێوە حیزبی دێموکراتتان بەجێ هێشتووەو بڕواتان بەو حیزبە، یاخۆ بە کۆنگرەو پێڕەوی حیزبی دێموکرات نییە بۆیە بەجێتان هێشتووە، ئێستاکە بۆخۆتان خوازیارن بە جیا کاربکەن بۆ واز لە درۆشمو شعارەکانیان ناهێنن؟ ئەگەر بەرنامەی کارو پێڕەوی حیزبەکەتان قبوول نییەو جلغە ناگێڕنو ناتانەوی لەوە زیاتر ناکۆکیو کارەسات پێك بێت ڕێگای سیاسی بگرنو حیزبێکی سیاسی دروست بکەن بالەوە پتر گاڵتە بە ئابڕوو ئیعتباری کورد نەکرێت . لە وەڵامدا دەڵێن:

ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێمە پترمان بەش پێوەیە !! با کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نێوی حیزبیان بگۆڕن!!

باشە ئەگەر ئەو ئاکارانە جلغەگێڕانو کارەسات دروست کردن نەبێ، مرۆڤ دەتوانێ چ نێوێکی دیکەی بۆ ببینێتەوە؟؟

یان دەڵێن ئێمە ئێرە بەجێ ناهێڵین ئیوە بڕۆن !! واتە زۆرینەی یاسایی کە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣یە، بۆ کەمینەی ڕۆیشتو جێگا چۆل بکات و داوا و ویستی کەمینە بەسەر زۆرینە دا بسەپێ و هەموو بڕیاراتێکی کۆنگرە پێشێل بکرێ !!!

بەڕاستی سەیرە! لەو کاتە ناسکەدا کە گەلەکەمان چاوە ڕوانی ئاکارو کردەوەی باشی ئەو حیزبەیەو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە پشت و پەناو چاوسووری خۆیان دەزانن، تاقمێك هەستێ ئاوا بۆ سووککردنی خۆیان کۆمەڵی کوردەواری بە هێند نەگرنو بریندارى بکەن. تەنانەت لە چوار کەسی بەویژدان ناپرسن تابزانن کەس هەیە تەئیدی ئەو کردەوە غەیری سیاسیەیان بکات و ددانی خێریان پێدا بێنن؟

هاوڕێیەك گوتی: ئەوان بۆیە بە خۆیان دەڵێن ئۆپۆزیسیۆن بەربەرەکانی لەگەڵ حیزبی دێموکڕات بکەن، کارشکێنی بکەن، دژایەتی بکەن. ئەگەر وانەکەن ئۆپۆزسیۆن نین . گرۆپێکی وا لە دژی هاورێی خۆیان ڕاپەڕن و دژایەتی بگەیەنێتە ئەو جێگایە هەموو یاساو ڕێساو پێڕەوێك پێشێل بکەن ، دەبێ بەرنامەی دژایەتی دوارۆژیش دارێژێ .

مەبەستی من دژایەتی لەگەڵ هیچ کەس و هیچ شەخسێك نییە، بەڵکوو بۆ تاریخ نووسینێکی ئەو سەردەمە، ئەو پێش هاتە غەیری سیاسی و ئوسوڵیە بە پێویست دەزانم کە لە دوارۆژدا گەلی کورد تووشی حاڵەتی ئاوا نەبێتو لەجیاتی ڕەچاوکردنی ئاکاری ئاوا ڕووخێنەرو غەیری دێموکڕاتیو غەیرە سیاسی، ڕێگای یەکێتیو تەباییو برایەتی هەڵبژێرن و دووری لە کردەوەی ئاوا بکەن و لە پشتیوانی کردنی پێك هێنەرانی ئەو ڕووداوە خۆیان بپارێزن .

لە لاپەڕەیەکدا ئەو ئارم دروشمانەی دەستیان بەسەردا گرتووە بەراوردێك بکەن بزانن ئەگەر کەسێك جیابێتەوە، دەشێ ئەو ڕەفتارە ڕەچاو بکات ؟؟

بە کورتی بۆ ئەوەی زیاترو شیاوتر بسەلمێندرێ کە ئەو کۆنە هاوڕێیانە زوڵمێکی گەورەیان لە مێژووی ڕابردوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرد، هێندێك زیاتریان شیی بکەینەوە بۆ ئەوەی وەك پێشێلکاری مێژوو پترو زیاتر بناسرێن . لەوەش

باشتر ئەوەیە کورتە مێژوویەکی پێشوو کە شەهید دوکتور قاسملوو کاتی خۆی نووسیویەتی لێرەدا جێ بکرێتەوە، ئەو ڕووداوە مێژووییە بۆ خەڵك پترو باشتر ڕوون دەکاتەوە . ئەوەش ئەو کورتە مێژووەیە کە دوکتور قاسملوو کە ساڵی ١٩٨٨ی زاینی بەرانبەری ١٣٥٩ی هەتاوی نووسیویەتی دەخرێتە بەرچاو بە بێ دەست لێدان و دەست تێوەردان .

.......................................................................................

## مێژوویەکی کورتی بە ڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرتاوە تا ئێستا چەند قۆناغی بەسەردا هاتوە. یەکەمین قۆناغی ڕێبەرایەتیی ئێمە لە زەمانی کۆماری کوردستان دایە. لەو سەردەمەدا ئوسووڵێکی ئەوتۆ کە ئێستا ئێمە هەمانە بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی نەبوەو ئێمە بە دروستی هەتا ئێستاش ناتوانین دیاری بکەین کە ئایا ئەو ڕێبەرایەتی‌یە لە کونگرەی حیزبدا هەڵبژێردراوە؟ یان لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی‌دا؟ کە پاش چەند مانگێکیش بۆتە ڕێبەرایەتیی کۆماری کوردستان. دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە ئەگەر پێشەوا قازیو یەك دوو کەسی دیکە (ئەوانیش فاسیلەیان زۆر بووە لەگەڵ پێشەوا قازی) لەو لا دابنێین ئەوەی کە وەك ڕێبەرایەتیی ئەو وەختە هەبوو، بە هیچ شێوەیەك نە ئامادەیی سیاسی هەبوو بۆ ئەو کارە، نە تەجرۆبەوو تاقیکردنەوەی پێشووو، نە تەنانەت بیروباوەڕێکی قووڵی وەك ڕێبەرایەتیی جووڵانەوە. چونکە لە چەند مانگان یان ئەو پەڕەکەی لە ماوەی یەك ساڵدا ئەوانە لە پێشدا وەك ڕێبەر دیاری کران، لە پاشان بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بوون بە وەزیرو کاربەدەست. بێ ئەوەی کە پێشتر

ئامادەییان هەبێ بۆ ئەم کارە. ئەم راستییە لە پاش تێکشانی کۆماری دەرکەوت.

پێشەوا شەهید بوو لەگەڵ چەند کەسی دیکە، هێندێکیان لە مەهابادو هێندێکیان لە بۆکانو سەقز. لەو رێبەرانەی کە مانەوە من وەك شەخسێك پاشان چەند کەسێکم ناسین. ئەو وەختە کە من ئەوانم ناسی لە واقیعدا لەساڵەکانی زەمانی "مصدق"دا بوو کە دووبارە فەعالییەتی حیزب دەستی پێ کردبۆوە. راستی ئەوەیە زۆرم پێ سەیر بوو کە ئەو کەسانە وەختێك بەڕێوەبەر بوونو، لەم رووەوە هیچ سەیرم نەهاتە بەرچاو کە ئەو جووڵانەوەیە سەرنەکەوت. نامهەوێ شەخسێك بە چووك دابنێم .کارم بە شەخس نیە. بەڵام ئەوانەی کە لە زەمانی حکوومەتی دوکتور" مصدق"دا ئێمە دیتمانو ماوەیەکیش لە حەوزەیەکدا بەناوی حەوزەی کۆنەدێموکراتان تێکۆشانیان هەبوو، هەرچەند زۆربەیان لە وەختی خۆیدا وەزیر بوونو ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوون، بەڕاستیو بەبێ موبالەغە دەتوانم بڵێم بە قەد کادرێکی دەرەجە چواری ئێستای ئێمە نە زانیاریی حیزبیو نە زانیاریی سیاسییان نەبوو. هەرچەند ئەو وەختە کە من بە خزمەتیان گەیشتم بە تەمەن بوونو هیچیان تەمەنیان لە پەنجا ساڵ کەمتر نەبوو.

ئەو رێبەرایەتییە پاش کۆماری ئیدامەکارییەکی نەما. یانی پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد هیچکام لەو رێبەرانە نەهات دەست بە زیندووکردنەوەی تەشکیلاتی حیزبی بکاتەوە. تەنانەت بەرەبەرە کە تێکۆشان دەستی پێ کردەوە زۆر کەمیان بەشدارییەکەیان فەعال بوو ئەوانی هەرە سەرێ نەبوون. بۆ نموونە: "حسین فروهر" یەکێك لەوانە بوو کە بەشدارییەکی فەعالی هەبوو لە زیندووکردنەوەی تەشکیلاتی حیزبیدا .ئەوانی دیکە وەکوو لایەنگرێکی ئێستا بەشدارییان

دەكرد. یانی ئەگەر لە هەلومەرجی ئێستادا هەبان، پێمان دەگوتن لایەنگر.

بەم چەشنە رێبەرایەتیی پێشوو نەماو بۆ قوناغی تازە پێویست بوو رێبەرایەتی‌یەكی تازە پێك بێ. ئەو رێبەرایەتی‌یە كە دەبوایە پێك بێ هەم لەباری وەزعی تازە پێویست بوو رێبەرایەتی‌یەكی تازە بێو هەم لەباری تەمەنیشەوە .چونكە ئەوانەی كە هەڵسووڕ بوونو دەستیان بە زیندووكردنەوەی حیزبی دێموكرات كرد لە ئەساسدا لاوەكان بوونو لە نەتیجەدا بەرەبەرە رێبەرایەتی كەوتە دەست ئەوان.
لە سایەی تێكۆشانی ئەو لاوانە كە زەمانی دوكتور "مصدق" پێش هات تا رادەیەك ئیمكانات بۆ تێكۆشان ئامادە كرابوو .لە پێش‌دا كومیتەیەك پێك هات بەناوی "كومیتەی مەهاباد" كە پاش "28 مرداد "كرا بە "كومیتەی كوردستان"، بەڵام هەر لەو وەختەدا دوو جەرەیان هەم فكریو هەم لە شێوەی كاردا، لەو كومیتەیەدا كە رێبەرایەتی بوو بەرچاو دەكەوت: یەكێكیان پاشماوەی جەرەیانی ژ ـ كاف بوو (بۆیە دەڵێم ژ ـ كاف، چونكە حیزبی دێموكرات لەواقیعدا ماوەی ئیمكانی فەعالییەتی یەكجار كەم بوو، لە حاڵێكدا ژ ـ كاف پێشتر تەقریبەت زەمینەی دوو ساڵ، سی ساڵ فەعالییەتی هەبوو). شێوەی فكركردنەوەی ژ ـ كاف لەباری بیروباوەڕەوە دوو شتی تێدا بوو: یەكەم ناسیۆنالیزمێكی توخ كە داوای رزگاریی هەموو میللەتی كوردی دەكرد، كە ئەو شێوە بۆچوونە لە چاپەمەنیی حیزبی دێموكراتی ئەو وەختەش‌دا دیارە، دووهەم، لەباری كارەوە شێوەیەكی عەشایری هەبوو كە ئەم شێوە كارە لە كۆمەڵی كوردەواری خۆمان هەڵقوڵابووو فەردی بوو نەك دەستەجەمعی. بۆ ئەوەی روونتر بێتەوە، نموونەیەكتان بۆ دێنمەوە كە پێم وایە لە چل ساڵ خەباتیش‌دا نووسراوە :یەكێك لە ئەفسەرەكان كە

دیهەویست بچێتەوە گوندی خۆیو یەك ئەستێرەی بەسەر شانەوە بوو، چووبووە لای پێشەواو گوتبووی: ئەوە عەیبە بۆ من بە یەك ئەستێرەوە بچمەوە. پێشەواش دیارە بە شێوەی خۆی زۆر ژیرانە حەلی کردبووو گوتبووی: باشە من ئەستێرەی زیادیت دەدەمێ، بەڵام ئەگەر هاتییەوە دەبێ ئەو ئەستێرە ئەمانەتییانە بدەیەوەو هەر یەك ئەستێرەت هەبێ!... هەر لەو نموونانە زێڕوبەگ بۆ خۆی، خۆی کردبوو بە مارشاڵ، بە ژێنڕاڵیش رازی نەبوو!... حەمەڕەشید خانیش ژنڕاڵ بوو! بەڵام جەرەیانی دووهەم کە پاش کۆمار بە تایبەت دەستی پێ کردبووو لە زەمانی" مصدق"و پاش "مصدق"یش زۆر بەرچاو بوو، جەرەیانی توودەیی بوو. چونکە ئەو تەشکیلاتە کە زیندوو کرایەوە لەڕاستیدا بە یارمەتیی حیزبی توودە بوو. حیزبی توودە هەرچەند یارمەتی دابوو، حیزبی دێموکرات زیندوو بێتەوە، بەڵام بە کردەوە هەر ناوەکەی حیزبی دێموکرات بووو تەواوی خەتی سیاسیو رێبازەکەیو هەتا دەستووری تەشکیلاتی، هەموو لە تارانەوە لە لای حیزبی توودەدا بۆی دەهات! ئەمە ببوو بە هۆی ئەوە کە حیزبی توودە شێوەی کارکردنی خۆشی بهێنێ کە دیارە فەرقی هەبوو لەگەڵ شێوەی کارکردنی عەشیرەتی. نهێنیکاریو فێربوونی ئوسووڵی کاری نهێنی، پێکهێنانی شانە، پێکهێنانی کومیتەو بەگشتی پێکهێنانی تەشکیلات هەموو لە حیزبی توودەدا هاتە نێو حیزبی دێموکرات. کومیتەی مەهاباد کە پێك هات (کە پاش کودیتای 28ی مورداد بوو بە کومیتەی کوردستانو ئەو وەختە لە هاوڕێیانی سنە رەحمەتی شەریعەتیش لە کومیتەدا بەشدار بوو) شێوەی بەڕێوەچوونی بەم جۆرە بوو کە لە تاران کۆمیسیۆنێك پێك هاتبوو بە ناوی "کاك" (یانی کۆمیسیۆنی ئازەربایجانی کوردستان). لەو کۆمیسیۆنەدا نوێنەری ئازەربایجانی تێدا بوو کە دیارە کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە دیاریی کردبووو

نوێنەری کوردستانیشی تێدا بوو کە ئەویش حیزبی توودە دیاریی کردبووو ئەو وەختە "کاك سارم سادق وەزیری" بوو. کومیتەی "کاك" کاری ئەوە بوو کە دەستووراتی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی توودەی بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات ڕادەگەیاند بۆ جێبەجێکردن. یارمەتی ماڵیشی دەدا، هەرچەند زۆر کەم بوو بە نیسبەت ئەو یارمەتی‌یەی کە دەدرا بە ئازەربایجانو بە نیسبەت ئەو داهاتەی کە حیزبی توودە ئەو وەختە هەیبوو. دوای 28ی مورداد ئەم یارمەتی‌یەش درا کە لە چاپخانەی تەورێز ڕۆژنامەی "کوردستان "چاپ ببێ کە هاتا 5 ژمارە لەو ڕۆژنامەیە چاپ بوو. بەڵام بە هەر حاڵ یارمەتی‌یەکە کەم بووو ئەوە دەگەیەنێ کە بەداخەوە حیزبی توودە پێش 28 ی مورداد ئەهەمییەتێکی ئەوتۆی نەدەدا بە مەسەلەی کوردستان. ئەو هەموو ئیمکاناتە لە زەمانی "مصدق"دا هەبوو، بەڵام هیچ ڕۆژنامەیەك یان بڵاوکراوەیەکی کوردی دەرنەدەچوو. بەکورتی ئەو رێبەرایەتی‌یە هەتا ساڵی 1334 بەناوی "کومیتەی کوردستان" فەعالییەتی هەبوو. بەرەبەرە وەزعیی داخڵیی حیزبی توودە تێك چوو، ئەفسەرەکان گیرانو زۆر کەس ئیعدام کرا. دەرکەوت حیزبی توودە "پولیس زدە" بووە، بۆیە ئێمە ئەو دەم کۆبوونەوەیەکمان پێك هێنا کە لەوانەی ئێستا لەم جەمعەدا هەن کاك عەبدوڵلا عێزەتپوورو ئەمن تێیدا بەشدار بووین. ئەو کۆبوونەوەیە کە پاشان ناومان نا "کۆنفرانسی یەکەمی حیزب" لە گوندی "کەوتەر"ی مەنگوڕانی مەهاباد بە نهێنی پێك هات. لەوێدا ئێمە بڕیارمان دا لەگەڵ حیزبی توودە قەتعی رابیتەی تەشکیلاتی بکەینو حیزبی دێموکرات بۆخۆی سەربەخۆ فەعالییەتی خۆی بکا. چونکە هەم نەزەرمان ئەوە بوو حیزبی توودە لەسەر مەسەلەی "مصدق"و هەم لەسەر کودیتای 28ی مورداد چەوت ڕۆیشتوە، هەم نەزەرمان ئەوە بوو کە پولیس زەدە بووەو هەر تەماسێك لەگەڵ

حیزبی توودە لە تاران بگیری، نەتیجەی ئەوە دەبێ گیری پولیس بکەوین. ئەوە بوو کە قەتعی رابیتەمان کرد. لەو وەختەوە ئیعلانمان کرد کە حیزبی دێموکرات خۆی سەربەخۆ فەعالییەت دەکا. بەشدارانی کۆنفرانسی یەکەم ئەوەی لە بیرم بێ غەیری خۆمو کاك عەبدوڵڵا حززەتپوور، بریتی بوون لە : عەزیز یووسفی، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، ئەسعەد خودایاری، هاشم ئەقەلئەلتوللاب) قادر شریف)، پێم وایە هەموومان حەوت هەشت کەس زیاتر نەبووین.

ئێمە ئەو وەختە لەبەر خاتری ئەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو تەماسمان لەگەڵ حیزبی توودە هەبوو، بیروباوەڕی توودەییمان تێدا زۆر بەهێز بوو. بۆیە پێمان وابوو ئەو تەشکیلاتەی حیزبی توودە کە لە نێو خۆی وڵاتدا فەعالییەت دەکا، چەوت رۆیشتوە. بەڵام ئەوانی دەرەوە وەك "رادمنش"و "اسکندری"و ئەوانی دیکە باشترن. لەسەر ئەو ئەساسە کومیتەی کوردستان بڕیاری دا کە ئێمە لە دەرەوە پێوەندییان لەگەڵ بگرینو من بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مەئمووریەتە چوومە عێراقو لەوێڕا چوومە دەرەوە. لە دەرەوە پێوەندیم گرت، هەم لەگەڵ حیزبی توودەو هەم لەگەڵ سۆڤیەتییەکان. لەو تەماسەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی **1334** یانی **34** ساڵ لەوە پێشو بە دوورو درێژی قسەم دەگەڵ کردن، ئەوان گوتیان: بەڵێ داخوازەکانتان راستو رەوایەو جێبەجێیان دەکەین، تۆ بگەڕێوە داخڵی وڵاتو بە هاوڕێیانیش بڵێ . نومایەندەی حیزبی توودە "رادمنش" بوو (لەو وەختەوە رادمنش هەر پێی دەگوتم ئەمن لە ژیانمدا هەر سوپاسگوزاری تۆم، چونکە ئەتۆ نەبای نەیاندەهێشت من لە یەکیەتیی سۆڤیەت بێمە دەرو ئەو یەکەك جارە کە هێشتویانە بێمە پڕاگ بۆ چاوپێکەوتنی تۆ(!

بەهەر حاڵ هەتا من گەڕامەوە" کیانوری"و هەموو ئەوانەی دیکەی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی توودە کە لە نێوخۆی وڵات

بوون، چووبوونە دەرێو ئەوەی کە مابوو وەك "یزدی"و "علوی " گیرابوون. لە نەتیجەدا بڕیارمان دا کە ئێمە بۆ خۆمان فەعالییەتی خۆمان درێژە پێ بدەین. لە جەرەیانی ئەم فەعالییەتەدا، بۆ یەکەم جار لە عێراق پێوەندیمان لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراق گرت کە ئەو وەختەش سێ چوار دەستەش بووو دەگەڵ هەر سێ چوار دەستەکە پێوەندیمان گرت. دەگەڵ پارتی پێوەندیمان گرت کە ئەویش دوو دەستە بوو. بەم چەشنەو بەرەبەرە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراقیش ئاشنا بووین‌و لەگەڵ عێراق ئاشنا بووین. ئەو بەڕێوەبەریە بەو شێوەیە مابوو تا ساڵی 1337 کە بەداخەوە کاك عەزیز یووسفی‌و پاشان لە ساڵی دوایی کاك رەحمەت شەریعەتی‌و غەنی بلووریان کە ئەویش ئەندامی کومیتەی کوردستان بوو، گیران‌و بەدوای ئەواندا تەشکیلاتی حیزب لێك هەڵوەشا. منیش کە ماوەیەك پێشتر چووبوومە دەرێ لەوێ مامەوە. بەم جۆرەش ئەم ڕێبەراتی‌یەش تێك چووو ئیدامەکاری‌یەکەی نەما.
پێویستە ئەوەش بڵێم کە پاش شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم لە عێراق لە ساڵی 1958 (1337) مەلا مستەفا بارزانی کە خەریك بوو بگەڕێتەوە عێراق، زۆر ئیسراری کرد کە منیش کە ئەو کات لە پراگ بووم بگەڕێمەوە. لە نەتیجەدا پێکەوە گەڕاینەوە عێراق. ئینجا عەبدولڵێ ئیسحاقی کە مابوو وەك بەڕێوەبەری ئەسڵی هات‌و پێکەوە کۆبووینەوە. دیسانەکە هەوڵی ئەوەمان دا کە بەڕێوەبەریی حیزب زیندوو بکەینەوە.
جموجۆڵێکیش لە نێوخۆی ئێران پێك هاتبوو. بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵە سەرنەکەوت. چونکە پاش ماوەیەك ئەو شێوە عەشیرەتی‌یە کە پێشتر باسم کردو مەلا مستەفاش پێشی خۆش بوو، لە نێو ئێمەدا جێگیر بوو. عەبدوڵڵا ئیسحاقی (احمد توفیق) کە تێگەیشتنی زۆر کەم بووو زۆریش لە خۆڕازی بوو، هیچ موتالیعەی نەدەکرد کە شت فێر بێ. لە نەتیجەدا ئەو شێوە

عەشایریەی پێ باش بووو کەوتە ئەو خەتە. ئێمەش کە موخالیف بووین ئاخرەکەی لە عێراق پێیان گوتین لە ماوەی 24 سەعاتدا دەبێ بڕۆنو سەرەنجام لە ماوەی هەفتەیەکدا لە عێراق وەدەریان ناین. ئەوە ساڵی 1960 بوو. بەم چەشنە ئەمن لە ساڵی 1339 هەتا 1349 بەش بە حاڵی خۆم تەنیا لە دەرەوەو لە دوورەوە ئاگاداری وەزعی حیزب بووم. لە ماوەی ئەو 10 ساڵەدا حیزبی دێموکرات بەتەواوی لەبەر دەستی مەلا مستەفادا بووو هیچ شتێکی وەك حیزب نەدەچوو. ئەوانە لەو "حیزبە"دا فەعالییەتیان دەکرد لەو ماوەیەدا کۆنگرەی دووهەمیان پێك هێنا کە بەیانەکانی هەر ماون. لە کۆبوونەوەی دووهەمدا زۆر کەس دەرکراوە بە ناوی ئەوە کە جاسووسە. یەکێك لەوانە منم! هەر لەو ماوەیەدا بوو کە لە ساڵەکانی 1346و 47 هێندێك ئەفرادی سادقی حیزبی کە لە کوردستانی عێراق بوو بەڵام نەیان دەویست بچنە ژێر باری ئەو سیاسەتەی کە عەبدوڵلا ئیسحاقی دایمەزراندبوو، کوردستانی عێراق بەجێ بێڵنو بێنەوە ئێرانو بەناچار ئەو جووڵانەوە چەکدارانەیە ساز بکەم کە بە داخەوە بێجگە لە یەك دوو نەفەر ئەوانی دیکە هەموویان شەهید بوون وەك: مەلا ئاوارەو سمایلی شەریفزادەو موعینیو ئەوانی دیکە.
کەوابوو لە واقیعداو لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات هەر بەناو مابوو، دەنا هەموو سیاسەتەکەی لە لایەن بارزانییەوە دیاری دەکرا. هەتا بەیانی 11ی ئازاری ساڵی 1970 لە عێراق کە من هاتمە عێراقو لەگەڵ چەند کەسێك لە برادەرانی دیکە کونفرانسی سێهەمی حیزبمان پێك هێنا. پێکهاتنی بەڕێوەبەرایەتی بۆ حیزب لەو قۆناغەدا لەگەڵ چەند گیرو گرفتێکی گرنگ بەرەوروو بوو: یەکەم، ئەوە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بەرهەمی ئیدامەکاری نەبوو. یانی هەموو شتێکی لە سەرڕا دەبوا دەست پێ کردبا. دووهەم، لە لایەك ئەو

شێوەیەی حیزبی تووده هێنابووی (ڕەنگە وەك دژکردەوەی شێوەی عەشیرەتیی عەبدوڵڵا ئیسحاقی) نفووزێکی عەجایبی هەبوو. یانی سانترالیزمێکی بوروکراتیك لە حیزبدا پێك هاتبوو کە زۆر دژی دێموکراتیك بوو. هەروەها دەروێش سیفەتی بەرامبەر بە یەکیەتیی سوڤیەتیو وڵاتانی سوسیالیستی پێك هێنابوو. لە لایەکەی دیکە نفووزی سوننەتەکانی بارزانی ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگی دامەزراندبوو. هەروەها ماکیاولیزمی کردبووە باو؛ بەو مانایە کە لە سیاسەتدا لەگەڵ هەموو کەس دەتوانیێ ڕێکە کەویێو کڵاو لە سەر هەموو کەس بنێیو فێڵ لە هەموو کەس بکەی. لەوانەش خراپتر دوو شتی دیکە بوو، یەکیان ئەوە بوو کە: بۆ ئەندامانی حیزبی ئێمە کە مابوونەوە گرنگترین شت بریتی بوو لە چەكو پارە، کاریان بە هیچ شتێکی دیکە نەبوو. تەشکیلاتو سیاسەتو نووسینو ئەوانە هیچ ئەهەمییەتێکی نەبوو! ئەمە دیارە لە خودی بارزانییەوە هاتبوو کە زۆر جار تەوهینی بە زۆر رووناکبیر دەکردو قسەی خراپی پیێ دەگوتنو ئەمە چووبووە مێشکی زۆر کەسانەوە. ئەوی دیکەشیان دامەزرانی سلسلە مەراتیی عەشیرەتی بوو. یانی ئەوەی مەسئوول بووو هەمە کارە بووو کەس هەقی نەبوو لێی بپرسێ چ دەکەی؟ ئەوەی مەسئوولییەتی نەبوو وەك نۆکەر ڕەفتاری لەگەڵ دەکرا.

لەڕاستیدا، جووڵانەوەی ساڵەکانی 46 ـ 47 ببوو بەهۆی ئەوە کە باشترین ئەندامانی حیزب شەهید بن. زۆر لەوانە کە ئیمکانی ئەوەیان هەبوو بەڕێوەبەرایەتیی ئەو حیزبە بە دەستەوە بگرن، وەك: مەلا ئاوارەو موعینیو سمایلی شەریفزادە نەمابوون. لە نەتیجەدا ساڵی 1348 ئەوانەی بۆ بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لە کوردستان مابوونەوە بریتیبوون لە: کاك ئەمیری قازی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، هێمنی شاعیرو حەسەن ڕەستگار. ئەو چوارە وەك باڵی ناسیۆنالیستی لە

حێزبدا دەهاتنە بەرچاو. لە لایەکی دیکەشەوە محەممەد ئەمین سێراجی کە ساڵی 47 هاتبوو، مابووەوەو یووسف رێزوانی کە ئەندامێکی کۆنی حیزب بووو ئەویش لە بەغدا کاسبی دەکرد. ئەم دوانەش لەو لاوە بە ئیستلاح باڵی چەپو پێشکەوتنخوازی حیزب بوون.
ئەو دەم کە ئێمە هاتینەوە کە حیزبی دێموکرات زیندوو بکەینەوە، هەلومەرجێکی زۆر لەبار پێك هاتبوو. عەبدوڵڵا ئیسحاقی کە ویستبووی بە خەیاڵی خۆی لە ئێراندا فەعالییەت بکا، لە سنووری ئێران دوور خرابۆوە. لە واقیعدا ئەو تەعەهودی بارزانی بوو بەرامبەر بە رێژیمی شا. ساڵی 1969 هەڵات چووە بەغداو لەوێ بوو بە هاوکاری حکوومەتی عێراق. لە کونفرانسی سێهەمی حیزب بە دەستەجەمعی بڕیار درا پێوەندیی پێوە بگیرێ. ئەگەر حازر بوو وەك ئەندامێکی بە دیسیپلین کار بکا باشە، دەنا لە حیزب وەدەر بنرێ. پاش کونفرانس قسەی لەگەڵ کراو لەبەر ئەوەی حازر نەبوو ئوسووڵی حیزبی قبووڵ بکا لە حیزب دەرکراو دوایە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە گیراو بێ سەرو شوێن چوو.
ئێمە کە ویستمان حیزب وەکار بخەینەوە لەڕاستیدا تەشکیلاتێك لەگۆڕێدا نەبوو. بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ نەبوو. ئەو شتەی" کونگرە"ی دووهەم پەسندی کردبوو نەك هەر ئێمە، بەڵکوو تەنانەت بەشدارانی کونگرەی دووهەمیش پێی رازی نەبوون. رێبەرایەتیش نەبوو .بەکورتی دەبوایە لە سیفرەوە دەست پێ بکەین. یەکەم شت کە من پێشنیارم کرد ئەوە بوو کە: ئێمە لە پێشدا بەرنامەی نێوخۆ دابنێین هەتا بزانین لەباری سیاسییەوە نەزەرمان یەکە؟ پاشان ماوەیەك لە ژێر سێبەری ئەو بەرنامەیەدا تێبکۆشین. دوای ئەوە پاشماوەی تێکۆشەرانی حیزبی هەرچی هەیە، لە ئێرانو لە عێراق ئەوانەی کە دەستمان کەوێ، کۆ بکەینەوەو کونفرانسێك پێك بێنین کە

لەوێدا هەڵبژاردنێك بكەین‌و مەشرووعییەتێك بدەین بە بەڕێوەبەری‌یەكە.
هەروەك گوترا، ڕێبەرایەتی كە لە واقیعدا بریتی‌بوو لەو 7 كەسە، یانی: خۆم‌و كاك یووسف ڕێزوانی‌و محەممەد ئەمین سێراجی‌و ئەمیزی قازی‌و ماموٚستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادەو حەسەن رەستگار .كەریمی حیسامیش پاشان هات، قاوەخانەیەك هەبوو "فارابی"یان پێ دەگوت كە ئێستا نەماوە، چونكە جێگامان نەبوو دەیان كۆبوونەوەمان لەو قاوەخانەیەدا كرد بۆ ئەوەی حێزبی دێموكرات زیندوو بكەینەوە.
لە جەرەیانی ئەم زیندووكردنەوەی حیزبدا دانانی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب درا بە من‌و سێ مانگیان وەخت دا بە من كە تەرحێكی بەرنامەو پێڕەو پێشنیار بكەم كە قسەی لەسەر بكەین.
هەر لە جەرەیانی ئەم تێكۆشانە تازەیەدا بڕیارمان دا هەموو كارێك بكەین بۆ وەی لەمەو بەدوا وەك حیزبێكی سەربەخۆ بین‌و ئەو سەربەخۆیی‌یەی دەستەبەر بكەین. لە پاشان ئوسووڵێكی نێوخۆی تەشكیلاتی دابمەزرێنین كە هەم دژی ئەو سانترالیزمە بوروكراتیكی‌یەی زەمانی حیزبی توودە بێ‌و هەم دژی شێوەی عەشایری بارزانی كە دای‌مەزراندبوو. لە عەینی وەختیشدا پێویست بوو لەباری فكری‌یەوە دەگەڵ دوو جەرەیان خەباتێكی بەڕاستی توند بكرێ؛ یەكەمیان ئەو جەرەیانە بوو كە ناوی دابنێین "بارزانیسم" لە هەموو بارێكەوە. نوێنەری ئەم جەرەیانە ئەمیری قازی بوو. ئەمیری قازی هەتا ئەو وەختە كە هاتین لە بەغدا دانیشتین، بێ ئیجازەو نەزەری مەلا مستەفا بارزانی ئاوی نەدەخواردەوە .هەر كارێك دەمانهەویست بیكەین دەی‌گوت دەبێ بچین ئیجازە لە مەلا مستەفا وەرگرین. خەتی دیكە "توودەئیسم" بووو كەریمی حیسامیش كە هاتبۆوە، نوێ،وەری ئەو خەتە بوو. توودەیی‌یەكان دیارە دەروێش سیفەت

بوون نیسبەت بە یەکیەتیی سۆڤیەتی. محەممەد ئەمین سێراجی ئەودەم لە ڕێگای هێندێ کەسەوە وەك کوورش لاشاییو ئەوان کە مائۆئیست بووو هاتبوونە کوردستان فەعالییەتیان کردبوو زیاتر مائۆئیست بوو. لەو دەمەدا مائۆئیسم زۆر پەرەی گرتبوو. ئەو لایەنگری مائۆتسەدون بووو کەریمی حیسامی تیرژنێف! ڕۆژ هەتا ئێوارێ لە بەینی ئەم دوو نەفەرەدا کێشە بوو. هەردووکیشیان دیارە موخالیفی جەرەیانی ئەمیزی قازی بوون. ئەویش موخالیفی نەزەری ئەوانو بە توندی زیدی کومونیزم بوو. جا دەبوایە لەو وەزعەدا هەماهەنگیو هاوکاری پێك بێنین! لە بەینی ئەوانەدا بە کردەوە من وەك سکرتێر وابووم، بەڵام چونکە هێشتا کونفرانسمان نەگرتبوو ئەمە جارێ ڕەسمییەتی نەبوو .خەبات دژی ئەم جەرەیانە بەتایبەت لەم بارەوە زۆر پێویست بوو کە لەڕاستیدا ئەوانە ئیدی جەرەیانی فکری نەبوونو ببوونە هۆی بەستراوەیی (وابستگی). ئەوەندە کە ئەمیری قازی وابستە بوو بە بارزانی، کەریم حیسامیش وابەستە بوو بە حیزبی توودە، یانی ڕاستەوخۆ دەگەڵ توودەیییەکانو لەگەڵ سوڤیەتییەکان تەماسی هەبوو. خەبات بۆ پساندنی ئەو بەستراوەییيە زۆر دژوار بوو. بەتایبەتی کە لە پاشان حەمەد ئەمینی سێراجی زیاتر لایەنی حکوومەتی عێراقی گرتبووو لە بەینی ئەوو ئەوانەدا لایەنی بارزانی بوون. وەزعێکی دژوارمان هەبوو. لەو نێوەدا دەبوایە وەزعێکی وا رابگرین کە دژی هیچ هیچیان نەبین. بۆ نموونە ئێمە بەرنامەیەکی رادیۆییمان هەبوو، حکوومەتی عێراق چاوەڕوانی لە ئێمە ئەوە بوو کە لەو بەرنامە رادیۆییيەدا جنێو بە بارزانی بدەین، چونکە بارزانی سەناری مامەدی گرتبووو حکوومەت دەیگوت لە بەرسەنارەکە ڕەفیقی خۆتان جنێو بە بارزانی بدەن. ئێمەش دەمانگوت جنێو بە بارزانی نادەین، تازە ئەگەر جنێو بدەین دەبێ خۆمان بڕیار بدەین. لە نەتیجەدا حکوومەت رادیۆیەکەی داخست، بەڵام ئێمە

نەچووینە ژێر بارو خۆمان راگرت .لەو لاشەوە بارزانی چاوەروانی هەبوو کە ئێمە شت بنووسین دژی حکوومەت کە ئەویشمان قبووڵ نەدەکرد. لە نەتیجەدا شەخسییەتێکی تایبەتیمان بۆ خۆمان پەیدا کردو لە باری نەبەستراوەیی‌و سەربەخۆیی بڕیاردانەوە سەرەڕای هەمووی ئەو دژوارییانە تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتین .

یەك ئەرکی دیکە کە بۆ خۆمان دیاری کردبوو، پێکهێنانی تەشکیلات لە نێوخۆی وڵاتدا بوو کە راستی ئەوەیە لەوەدا سەرنەکەوتین. یەك دوو نەفەرمان بۆ ئەو کارە دیاری کردبوو، یەك دوو نەفەریشمان لە نێوخۆی وڵات هەڵبژاردو لە پاشان وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی دیاریمان کردن. بەڵام ئیدی فەعالییەتێکی وامان پێ نەکرا، چونکە بارزانی بە هەموو هێزی‌یەوی پێشی پێ دەگرتین‌و نەی‌دەهێشت بە هیچ شێوەیەك فەعالییەتمان لە کوردستانی ئێران‌دا هەبێ.

بە هەر حاڵ، پاش هێندێك تێکۆشان لە ساڵی **1349**دا بڕیارمان دا کونفرانسی سێهەمی حیزب پێك بێنین. کونفرانسی سێهەم ساڵی **1350** لە شاری" کۆیە"ی عێراق گیرا. لەو کونفرانسەدا کومیتەی ناوەندی‌یەك هەڵبژێردرا، بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ پەسند کرا کە ئەو سەرکەوتنێکی گەورە بوو .ژمارەی بەشدارانی ئەو کونفرانسە سی‌و چەند نەفەرێك دەبووین. دوای هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی، دەستمان کرد بە هێندێك تێکۆشان کە پێوەندیگرتن دەگەڵ رێکخراوەکانی دیکە لە دەرەوەو دەگەڵ دەوڵەتەکانی سوسیالیستی‌و پتەوکردنی پێوەندیمان دەگەڵ حیزبە کوردستانی‌یەکانی کوردستانی عێراق بەشێك لەو تێکۆشانە بووو بەم جۆرە وەزعێکی تارادەیەك باشمان بۆ خۆمان پێك هێنا. پاش دوو ساڵان‌و لە ساڵی **1352**دا لە بەغدا کونگرەی سێهەممان پێك هێنا، چونکە لە کوردستان بەداخەوە بارزانی رێگای نەدا لە هیچ جێگایەك ئەو کونگرەیە پێك بێنین. لەو

کونگرەیەدا ئیدی رەسمییەتمان دا بە کومیتەی ناوەندی، لە کونگرەی سێهەمدا 49 نەفەر بەشدار ببوون. لەوانە چەند نەفەرێك لە ئێرانەوە هاتبوونو ئەوانی دیکە زیاتر هەر ئەو برادەرانە بوون کە لە دەرەوە بوون. پێم وایە 15 کەسێك هەڵبژێران بۆ کومیتەی ناوەندیو لەوانەش 5 کەسێك هەڵبژێران بۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی.

بەم جۆرە بەرەبەرە لە ساڵی1352 وە فەعالییەتی خۆمان درێژە پێداو وەزعمان لە هەموو بارێکەوە رێکوپێکتر بوو تا ساڵی 1353 (1974). لە ئێرانیش فەعالییەتمان دەکردو تەماسمان دەگرتو وەزعمان خراپ نەبوو.

کاتێك لە ساڵی 53 شەڕی نێوان حکوومەتی عێراقو بارزانی دەستی پێ کرد، ئێمە دانیشتینو بڕیارمان دا بۆ ئەوەی لە هیچ لایەکەوە نەکەوینە ژێر فشارو دابەش بین. ئەوە بوو کە من گەڕامەوە بۆ "چیکسلواکی". برادەرانی دیکەش هێندێکان هاتنە کوردستانو لە کۆیەو جێگای دیکە مانەوە، بەشێکیش هەر لە بەغدا مانەوە. ئەم وەزعە بەردەوام بوو هەتا شەڕەکە تەواو بووو ئاش بەتاڵ کرا. بەم جۆرە گەیشتینە ساڵی 1356 کە جموجۆڵ لە ئێراندا دەست پێکرا. پاش جەرەیانی تەورێز لە زستانی ساڵی 56 من هاتمەوە عێراقو لە کوردستانی عێراق کۆبوونەوەیەکی بەرینی کومیتەی ناوەندیمان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوەی لە کادر هەمانبوو کۆمان کردەوەو مەسەلەکەمان هێنایە گۆڕێ. گوتم بە نەزەری من وەزعی ئێران لە گۆڕانێکی زۆر توند دایە. ئەو جەرەیانی تەورێزە بەتایبەتی نیشانی دەدا کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە ئێراندا خەریکە دەست پێ دەکاو فەرقی هەیە دەگەڵ شتەکانی پێشوو. پێشنیاری روونم ئەوەیە کە بچینەوە ئێران. بەڵام کومیتەی ناوەندی تەقریبەن هەموویان لەگەڵ ئەو پێشنیارە موخالەفتیان کرد. لە کەریمی حیسامیڕا بگرە هەتا مەلا رەسووڵی پیشنمازو حەسەنی

ڕەستگارو حەمەدەمینی سێراجی، ئەو وەختە زستان بوو، کە بوو بە هاوینی 57 دیسانەکە کۆبووینەوەو سەر لە نوێ پێشنیاری گەڕانەوەمان بۆ ئێران کردو دییسانەکە کومیتەی ناوەندی موخالەفەتی کرد. ئەمجار پێشنیار کرا ئێمە کومیتەیەکی تایبەتی بۆ هاتنەوە دابنێین کە سەلاحییەتی کومیتەی ناوەندی بدرێ بەو. لە سەر ئەو پێشنیارە کومیتەیەکمان دانا کە ناومان نا "زاگرۆس". ئەندامانی ئەو کومیتەیە شەش کەس بوون. ئەمیری قازی، ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، حەسەنی شێوەسەڵی، سەید ڕەسووڵی دیهقان، من (عەبدولرەحمان قاسملوو)و هاشمی کەریمی. سەلیمی بابانزادەش هەرچەند ئەندامی زاگرۆس نەبوو، بەڵام هەر لەگەڵ ئەو شەش کەسە گەڕایەوە وڵات. جێگای سەرنجە کە ڕاست لەو وەختەدا "حەسەن ڕەستگار"و "ڕەسووڵ پیشنماز" چوونە ئورووپا! بە هەر حاڵ هەرچی هەمان بوو درا بەو حەوت کەسە کە بێنەوە لە ئێراندا فەعالییەت بکەن. پێش هاتنەوەی کومیتەی زاگرۆس ئەمیری قازیو ئەگەر لە بیرم مابێ برادەرێکی دیکەش تاڕادەیەك لەسەر چۆنیەتی هاتنەوەکە دوو دڵیان هەبوو. لە پێشدا گوتیان دەبێ بەر لە هەموان سکرتێر بچێتەوە جێگاو شت ئامادە بکا، جا ئەو وەختە ئێمە دێینەوە. ئەمنیش قبووڵم کرد. شەوێ وا دیار بوو لە بەینی خۆماندا کۆبوونەوەیان کردبوو، هاتنەوە دیسان ئەمیری قازی گوتی: ئەتۆ نابێ ئەوەڵ کەس بڕۆیەوە. چونکە ئەگەر تۆ بڕۆیەوە حکوومەتی عێراق هەمووومان دەگرێ، بەڵام ئەگەر تۆ ئاخر کەس بی تۆ ناگرێ) !حکوومەتی عێراق موافیق نەبوو کە ئێمە لە ڕێگای عێراقەوە بچینەوەو دەیگوت بڕۆن لە تورکیە بچنەوە ئێران .

بە هەر حاڵ ئێمە گەڕاینەوەو حەمەدەمینی سێراجییش کە لە پێشدا ئامادە نەبوو بگەڕێتەوە، کاتێك هەستی بەوە کرد مەسەلەکە جیددیە، دوای ئێمە گەڕایەوە. دوای گەڕانەوە کاك

حەسەن شێوەسەڵیمان دانا بۆ ورمێ، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ مەهاباد، هاشمی کەریمی بۆ سنە، ئەمیری قازی بۆ کرماشان، حەمەدەمینی سێراجی بۆ سەقز، سەلیم بابانزادە بۆ بۆکان، سەید رەسووڵ دیهقان بۆ پیرانشارو نەغەدەو منیش تاران

ئێمە کە هاتینەوە ژمارەیەکی زۆر کەم بووینو لەگەل ژمارەیەکی زۆر کەمیش لە خەڵك پێوەندیمان هەبوو. لە نەتیجەدا زۆر زەعیف بووین، بە تایبەت لاوان زۆریان داکێشرابوون بۆ لای رێکخراوەکانی دیکەو ئێمە بەڕاستی درەنگ گەیشتبوینەوەو زۆر لەوانەی دەیانتوانیو دەکرا ئەندامی حیزب بن لە کیسمان چوون. ئیمکاناتیماڵیشمان یەکجار زۆر کەم بوو. پاشان کە وەزعەکە خۆش بووو شا رووخا، هێمنو حەسەن رەستگارو رەسووڵی پیشنمازو کەریمی حیسامی هەموو هاتنەوە. چونکە ئەوانە هەموو ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوون لە یەکەمین کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا کومیتەی زاگرۆس هەڵوەشاو گوتیان ئەوە کومیتەی ناوەندی لێرەیەو کارەکانی خۆی دەکا. ئەوەش بڵێم کە ئەو وەختەی ئێمە لە دەرەوە بووین لە کونفرانسی سێهەمدا پێشنیار کرا کە دوو هاوڕێ کە لەمێژ بوو بەناوی حیزبی دێموکرات لە زینداندا بوون، یانی غەنی بلووریانو عەزیز یووسفی، ئەوانیش وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی دابنێین بۆ ئەوەی لە هەلومەرجی لەباردا بتوانن ببن بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. بۆیە کاتێك هاتینەوە ئێران غەنی بلووریان کە ئازاد ببوو، بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە پاشانیش دەزانن کە پێش ئەوەی بگەینە کونگرەی چوارەم هەڵبژێرا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی .کاك عەزیز یووسفیش کە بە داخەوە هەر لە بەهاری ساڵی 57دا کۆچی دوایی کردبوو.

بەم جۆرە هەتا گەیشتینە کونگرەی چوار لە زستانی ساڵی 1358 .لە کونگرەی چوارەم لە واقیعدا سێ جەرەیان هەبوو. یەکەمیان جەرەیانی توودەیی بوو کە نوێنەری هەرە گەورەی دیارە غەنی بلووریانو هێندێکی دیکە وەك محەممەد ئەمین سێراجیو ئەوانی دیکە بوون. دووهەم، دیسان نوێنەرانی ئەو شێوە عەشیرەتییە کە هەر مابووو، سەرەنجام ژمارەی هەرە زۆری بەشدارانی کونگرەکە کە لە هیچ لایەك نەبوونو ئەوانە بوون کە تازە هاتبوونە نێو حیزبو دیارە بەڕاستی هیچ تەجروبەیەکیان نەبووو زۆریشیان نەدەزانیو لە زۆر شت حاڵی نەبوون. لە نەتیجەدا، لەگەڵ ئەوەی کە بە نەزەری من هەڵبژاردنی کونگرەی چوار لەسەر یەك خراپ نەبوو، بەتایبەت ئەگەر سەرنج بدەین کە کەریمی حیسامیو حەمەدەمینی سێراجی بەو ناوبانگەی هەیانبوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵنەبژێران، بەڵام دیسانەکە هێندێ کەسیش هەڵبژێردران بێئەوەی بەڕاستی روون بێ کە بۆوەی دەبێ ببنە ئەندامی کومیتەی ناوەندی یا نا؟ ئەوەش شتێکی ئاساییە، چونکە لە پاش شۆڕش ژمارەیەکی زۆر هاتبوونو کونگرەیەکی ئاشکرا لە ساڵۆنی سینەمایەکی مەهاباددا پێك هاتبوو. لەو شەرایەتەو بەو تەنیا چەند مانگ یەکتر ناسینەش هەر ئەفرادێ ئاوا هەڵدەبژێردران. نوێنەرانی هەر کام لەو سێ جەرەیانە بۆ کومیتەی ناوەندی هەڵبژێران :

ژمارەیەك تازە هاتووی کەم ئەزموونو بێلایەن، ژمارەیەك توودەیی، ژمارەیەکیش هەڵگری ئەو بیرو باوەڕە کۆنە عەشیرەتییە. بۆیە ناکۆکیی ئێمە لە یەکەم کۆبوونەوەدا دەرکەوت .وەختێك کۆبووینەوەو پێشنیار کرا سکرتێری هەڵبژێردرێ، توودەییەکان غەنی بلووریانیان پێشنیار کرد. بەرەبەرە کە باس کرا، دەرکەوت کە ئەکسەرییەت موخالیفی ئەوە، ئینجا غەنی کەمێك پاشەکشەی کردو لە رێگایەکەوە

پێشنیاری کرد ئەو ببێ بە رەئیسی حیزبو من ببم بە سکرتێر، بەڵام دیارە ئەوە نەدەکرا. چونکە کونگرە تەواو ببووو لە ئەساسنامەی پەسندکراوی حیزبیشدا شتێك وەك رەئیس نەبوو. ئەگەر پۆستی ریاسەتی حیزب لە کونگرەدا پێشنیار کرابا پەسندیان کردبا. بەهەر حاڵ جەرەیانی توودەیی لە دانانی غەنی بلووریان وەك سکرتێر یان رەئیسی حیزبدا سەرنەکەوتن . بەڵام کارکردن بە خەتی حیزبی توودەیان لە نێو حیزبی دێموکراتدا درێژە پێدا هەتا سەرەنجام حیزبیان بەرەو ئینشعاب برد. هۆی ئەساسیی ئینشعابەکە جیا لە زەعفی فکریو بیرو باوەڕی، دەتوانین بڵێین دوو شت بوو: یەکێکیان دەخالەتی راستەوخۆو هاندانی حیزبی توودە. دووهەمیان ماندوویی‌و بێورەیی. لەڕاستیدا ئەو کەسانە زۆریان لە شەڕی سێ مانگەدا ئیدی ماندوو ببوونو تێگەیشتبوون کە مەردی مەیدانی خەباتی چەکدارانە نین .غەنی بلووریان دەیزانیو ئیقراری دەکرد کە تەحەممولی وەزعێکی تازەی ئاوای بۆ زەحمەتە. بەڵام خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە: ئینشعابەکە کە پێك هات هێندێك کەس کە بە دڵ دەگەڵ ئینشعابی‌یەکان بوونو ئەو وەختە یا نەیانوێرا دەگەڵیان بچن، یا جارێ نەیاندەزانی وەزعەکە چی لێ دێتەوە. وەکوو رەحمانی کەریمیو... قادری عەبدیو ئەوانە بەو دوو دڵی‌یە دیارە مانەوە، بەڵام پاشان بەرەبەرە ئەوانیش لەبەر ئەوە کە هەر ئەو بیرو باوەڕەو ئەو شێوە فکرەیان هەبوو، رۆیشتن. مەبەست ئەوەیە کە هەرچەند توودەیی‌یەکانی نێو حیز ئینشعابیان کرد، بەڵام بیروباوەڕی توودەیی، ئەوەی کە پێمان دەگوت "توودەئیسم" یانی دەروێش مەئابی بەرامبەر بە موسکوو وڵاتەکانی سوسیالیستی لە حیزبی ئێمەدا تا رادەیەکی بەرچاو مابوو، هەتا گەیشتینە کونگرەی پێنجەم.

لە کونگرەی پێنجەمدا وەزعی حیزبەکەمان لە چەند بارەوە زۆر باشتر ببوو. یەکێکیان ئەوە کە حیزب خۆی گرتبووو توانیبووی

موقاوەمەت بکا لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیداو زەربەی لێ بدا. لە نەتیجەدا شەخسییەتێکی زۆر تایبەتی بۆ خۆیو مەسئوولو بەنفووز ناوی لە سەرانسەری ئێراندا دەرکردبوو. لە پاشان چونکە بەرەبەرە ئینشعابییەکان بڵاو ببوونەوەو شوێنەوارێکی ئەوتۆیان نەمابووو حیزب لەم تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتوو هاتبووە دەرێ، توودەئیسم لە نێو حیزبدا کز ببووو بە ئاشکرا خۆی نەدەنواند. بێجگە لەوە تا ڕادەیەك شێوەی ئوسووڵی کاری تەشکیلاتی، کاری حیزبی، شێوەی پێوەندیی دێموکراتیکی نێوخۆیی حیزب لە حیزبدا جێگیر ببوو. فێر دەبووین کونگرە چۆن بگیرێ، کونفرانس چۆن بگیرێ، لە کونگرەدا نەزەر چۆن بدرێ، هەڵبژاردنی دێموکراتیك هەبێ. هەمووی ئەوانە حیزبی ئێمەی بەرەو پێشەوە بردبوو .بۆیە بە نەزەری من کونگرەی پێنجەمی ئێمە لە کونگرەی چوارەم زۆر باشتر بوو. بەڵام هەروا کە گوتمو کونگرەی پێنجەمیش دەریخست، ئەو شێوە فکرکردنەوەی حیزبی توودە لە حیزبی ئێمەدا هەر مابوو. بەرەبەرە دەرکەوت کە ئەو شێوە بیرکردنەوە نەك هەر ماوە، بەڵکوو پاش ماوەیەك کزیو بێدەنگی بەداخەوە خەریکە سەر لە نوێ پەرە دەستێنێو بەدەنەی حیزبیش دەخوا. ئەوە بوو کە فکری ئەوەمان کردەوە ئێمە کارێکی وابکەین مەرزبەندییەك بکرێ لە بەینی حیزبی دێموکراتو بیروباوەڕی توودەیی، یانی بیروباوەڕی بوروکراتیکی سانترالیستی یا ئیستالینیستی .ئەوە بوو کە "کورتە باسێك لەسەر سوسیالیزم"مان ئامادە کرد بۆ کونگرەی شەشەم. لە واقیعدا بوو بە بەینی هەموو ئەو کەسانە کە هێشتا بیروباوەڕی توودەییيان هەبووو بەینی ئەوانە کە بەتەواوی دێموکرات بوونو ڕێگایەکی سەربەخۆو دێموکراتیكو بڵێین "میللی" لەباری کوردایەتییانەوە گرتبوە پێش.

بەڵام "کورتەباس" کە پاش کێشەیەکی زۆر لە کونگرەی شەشەمدا سەرکەوت، مەرزبەندی کرد نەك هەر لەگەڵ توودەئیسمو بڵێین ئیتالینیسم، بەڵکوو دەگەڵ ناسیونالیزمی عەشیرەتییش .چونکە لە واقیعدا لە قەدیمەوە لە جووڵانەوەی کورددا دوو شت هەبووە:، یان حیزبی کومۆنیسنی عێراق هەبوو کە هەر ئەو توودەئیسمە بووەو سەربە سۆڤیەت بووە، یان پارتی هەبووە کە بەتەواوی ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی عەشیرەتی بووە. ئەو شتێکی پێشکەوتووی ئەوتۆی تێدا نەبووە. حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لە ساڵی 49وە کە دەستی بە زیندووکردنەوەی تێکۆشانی ئوسووڵی کردبۆوە، دەیهەویست لە عەینی وەختدا کە حیزبێکی پێشکەوتووەو ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگ نیەو دژی رەوابیتی عەشیرەتی‌یەو حیزبێکی دێموکراتیکە، لە عەینی وەختیش‌دا خۆی لە توودەئیسم بپارێزێ، یانی دەروێش سیفەتو نۆکەری گوێ لەمستی کەس نەبێ، بەهۆی "کورتەباس" لەواقیعدا ئەو مەرزبەندی‌یەمان لە کونگرەی شەشەمدا بەڕەسمی بەجێ گەیاند. هەر بۆیە ئەو دوو فراکسیۆنە لە کونگرەی6دا تا ڕادەیەکی زۆر یەکتریان بەدژی "کورتەباس" گرتبوو. لە کونگرەی شەشەمدا" کورتەباس" سەرکەوتو زەبرێکی گەورەی لە هەردووکی ئەم دوو جەرەیانە لەمێژینەی نێو حیزب دا. بەڵام دیارە دیسان بەتەواوی ریشەکێشی نەکرد .دوای کونگرەی شەشیش شێوەی بیروباوەڕی عەشیرەتی هەرچەند تەقریبەن لەبەین چووبوو، بەڵام شێوەی کاری عەشیرەتی یانی رابیتەی عەشیرەتی تا ئەندازەیەك هەر مایەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بیروباوەڕی توودەییش بەتەواوی لەبەین نەچووبوو و ئەویش هەر مایەوە. بەڵام ئەم دوو جەرەیانە چونکو زۆر کز ببوون، بەناچار بۆ خۆڕاگرتن لە بەرامبەر جەرەیانی ئەسڵی‌و ئوسووڵیی دێموکراتدا، ئەمجارەیان روویان لەیەك کردو بەرەبەرە یەکیان گرت.

بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەن دەزانن کە بیروباوەڕی کەسێکی وەك حوسێن مەدەنی بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بیروباوەڕی کەسێکی وەك جەلیل گادانی یەك ناگرێتەوە. جەلیل گادانی کەسێکی دەروێش سیفەتو هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بوو لە مۆسکۆ چ دەڵێن؟ یانی ئەو شێوە بیروباوەڕە توودەیی‌یە کە لە ساڵەکانی 32 ـ 30 وەری‌گرتبوو، هەر تێی‌دا مابوو. بەڵام حوسێن مەدەنی بیروباوەڕێکی تەسکی ناسیونالیستی‌و زۆر زۆر زیددی سۆڤیەتی هەبوو. بەڵام دیارە لە حیزبدا زۆر دەرنەدەخست، چونکە دەی‌زانی لە حیزبی دێموکراتدا ئەوە ڕێگای نیە. دیارە کاتێك دوو بۆچوونی ئاوا جیاواز لەبەر مەسڵەحەت یەکتر بگرنەوە، بەناچاری سازشکاری‌و ریاکاری‌و عەوامفەریبی دەبێتە خەتی ئەسڵی. یانی شێوەکاری عەشیرەتی‌و بێ‌تەفاوەتی سەبارەت بە ئوسووڵی حیزبی، بێ‌تەفاوەتی بەرامبەر بە هەموو شتێك کە مەربووت بوو بە حیزب، بە ئەموالی حیزب، بە دواڕۆژی حیزبو بە چارەنووسی حیزبە. هەموومان دەزانین کە کۆکردنەوەی ئەفرادی تەمبەڵو بێکارەو ناڕازی، دیاردەیەکی هەرەبەرچاوی ئەو یەکگرتنە ناپیرۆزە بوو کە بەینی دوو جەرەیانی توودەئیستی‌و عەشیرەتی پێك هاتبوو.

دیارە لە کونگرەی حەوتەمدا ئەو جەرەیانە لەباری فکری‌یەوە سەرنەکەوتو تا ڕادەیەکی زۆریش تێك شکا. بەڵام لە مەسەلەی هەڵبژاردنی کومتیەی ناوەندی‌و دەفتەری سیاسی‌دا هێندێ سەرکەوتنی هەبوو. حەسەن رەستگار وەك نموونەی هەرە روونی ئەم جەرەیانە بۆ کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراو پاشان لە سایەی ئەو خووو خسڵەتە عەشیرەتی‌یەوە کە لە هێندێ لە برادەرانی خۆماندا ئێستاش هەر هەیە، بە ئەندامی دەفتەری سیاسییش هەڵبژێرا.

کە حەسنی رەستگار هاتە دەفتەری سیاسی، بە یارمەتی ئەوانی دیکەش لەو باندە کە لە پشتی بوون، وەك فەتتاح کاویانو

حوسێن مەدەنیو ئەبووبەكر رادو نەبی قادری، ئەو جەرەیانە شكڵی گرتو لە واقیعدا بوو بە فراكسیۆنێك بە مانای واقیعی خۆی .یانی ئەو فراكسیۆنە كە ئێستا ئەوان بە ئێمەی دەڵێن! فراكسیۆنێك بە مانای واقیعیی خۆی لەنێو حیزبدا بۆ ئەوەی كە ئەو سیاسەتی بۆ خۆیان پێیان خۆش بوو بەڕێوەی بەرن. تا نزیك بووینەوە لە كونگرەی هەشتەم.

بەرەبەرە كە لە كونگرەی هەشت نزیك دەبووینەوەو ئەوان لە هێندێ بەرخورد لە كومیتەی ناوەندیدا هەستیان بەوە كردبوو كە مەسەلەكەیان لە كونگرەی هەشتەمدا رەنگە مەترەح بكرێ. بەڵام لەمە بەتەواوی دڵنیا نەبوونو پێیان وابوو كە ئەو جارەش وەكوو جارەكانی دیكە بە شێوەیەك مەسەلەكە بە ئیستلاح ماستماڵی دەكرێو دەڕوا. سەرەڕای ئەمە لەبەر ئەوە كە هەستیان بە نیگەرانی دەكرد، دەستیان كرد بە تێكۆشانێكی زیاتر بۆ كۆكردنەوەی خەڵك لە دەورووبەری خۆیاندا. ئێمە دەمانزانی كە مەبەستیان لە پێشدا ئەوەیە رێبەرایەتیی بە دەستەوە بگرن كە نەتیجەكەی دەبوو بە ئەوە كە حیزبەكەمان ببێتە حیزبێكی غەیرە شۆڕشگێڕ، حیزبێكی بێمەسرەفو بێتەفاوەت كە ئەوان دەیانتوانی بەباشی بە ئیمكاناتەكەی "سوواستفادە" بكەن، یانی هەر ئەو كارە كە ئێستا لەو رێكخراوەی بۆیان پێك هاتووە دەیكەن! هەروا بزانە دووكانێكیان بۆ قازانجی شەخسی خۆیانو بۆ قازانجی دەورووبەر داناوە.

ئەو دارو دەستەیە بۆ سەركەوتن لە كونگرەی هەشتدا دوو خەتیان بۆ خۆیان دانابوو؛ یەكێكیان ئەوە كە راستەوخۆ لە هەڵبژاردنی بەڕێوەبەریدا سەركەون، یانی بۆخۆیان بەهێزی خۆیان سەركەون. هەربۆیە بۆ هێنانی لایەنگرانی خۆیان بۆ كونگرە هەوڵێكی زۆریان دا. خەتی دووهەم ئەوە بوو كە لەبەر نفووزی سكرتێر حیزبدا، جارێ هەر سكرتێریان دەگەڵ بێو

لەگەڵ ئەو سەرکەون. بە حیسابی ئەوان ئەودەم سکرتێر یانی من لە دەفتەری سیاسییشدا لە بەرامبەر ئەواندا تەنیا دەبمو هیچم لە دەست نایە!و هەرچی ئەوان بڵێن، سکرتێریش ناچارە جێبەجێی بکا. بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەم شتانە بوو کە ئێمە شێوەی هەڵبژاردنی تازەمان لە کونگرەی هەشتدا هێنایە گۆڕێ. ئەگەر ئێمە مەسەلەکەمان نەهێنابا گۆڕێ، دیارە ئەوان قسەیان نەبوو. چونکە پێیان خۆش بوو بمێننەوە، باندەکەشیان هەبێو وەزعی حیزب هەروا بەرەبەرە بە مەیلی خۆیان بگۆڕن. بەڵام ئێمەش پێمان وابوو کە وەختی ئەوە هاتوە کە هەم ریشەی شێوەی کاری عەشایری کە پاشماوەی زەمانی کۆن بوو، بە یەکجاری لەبەین بچێو، هەم دەورێشی بۆ وڵاتانی سوسیالیستی یانی ئەو بیروباوەڕە چەوتە کە جارێ هەر مابوو، تەواو بێو بڕوا .مەبەستی ئەساسی ئەوە بوو کە بەڕاستی حیزبەکەمان لەو خۆرەیە کە ساڵەهای ساڵە دەیخوا بێتە دەرو، لە بەڕێوەبەریدا یەکگرتوو بێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکەکانی خۆی بەباشی بەجێ بگەیەنێ. چونکە ئەوانەی لە بەڕێوەبەریدا بوون ئاگادارن ئەو وەختە کە ئەفرادی وەك حەسەن رەستگار لە بەڕێوەبەریدا بوون ئەوەی ئێمە بڕیارمان دەدا حەسەن رەستگار دەیشکاندو نەیدەکرد. لە نەتیجەدا ئەفرادی دیکەش دیسیپلینیان بەڕێوە نەدەبرد. پێیان وابوو چونکە ئەو ئەندامی دەفتەری سیاسیەو بڕیار دەشکێنێ، ئەوانیش هەقیانە بڕیار بشکێنن. مەبەستی دیکەمان ئەوە بوو کە پێشبینیمان دەکرد. رەنگە وەزعێکی دژوارتر لە دوارۆژدا بۆ حیزب بێتە پێشو ئەگەر حیزبی ئێمە هەتا زوو خۆی لەم وەزعە رزگار نەکا، ناتوانێ بەرەنگاری وەزعی تازە بێ. من دڵنیام ئەگەر ئێستا شتێك وەك کومتیەی ناوەندی پێش کونگرەی هەشتمان هەبا، ئەو مەسەلانەی ئێمە لە کومیتەی ناوەندیدا بڕیارمان لەسەر داوە بە هیچ جۆرێك نەماندەتوانی بەم شێوەیە بڕیاریان لەسەر

بدەین. دیارە ئێستاش ناڵێم هەموو ئەو بڕیارانە بەڕێوە دەچن، بەڵام ئەگەر موقایسە بکەین بە بێ ئەوەی بمهەوێ تەعارف بکەمو لە خۆمان تەعریف بکەم، دەتوانم بڵێم لەوەتی کە من لە بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا هەم، هیچ ڕێبەرایەتی‌یەك بەقەد ئەو ڕێبەرایەتی‌یەی ئێستا نە شۆڕشگێڕ بووە، نە چالاك بووە، نە بە بیروباوەڕ بووە. چونکە ڕاستە کە هێندێ لەوانەی کە ڕۆیشتوون تەمەنیان زیاتر بووە. بەڵام بە تەمەنانە فەعالییەتی واقیعییان هەر لەو چەند ساڵەدا بووە کە شۆڕش لە جەرەیان دایە، یانی هەر بەقەدەر ئەو برادەرانە بووە کە پاش شۆڕش هاتوونو زیاتر نەبووە.

تەنانەت دەتوانم بڵێم بەقەدەر ئەوانیش نەبووە، چونکە هێندێك لەو بەناو بەتەمەنانە هەر فەعالییەتیان نەبووە، دانیشتوونو هیچ شتێکیش فێر نەبوون. لە جەرەیانی کونگرەی هەشتدا، قسە دەکرا کە بەڵێ ئەو دیکتاتۆری‌یەو ڕێگای نادرێ قسە بکرێو زۆر شتی دیکە. بەڵام ئێستا ساڵێك زیاترە کە ئێمە پێکەوە کار دەکەینو پێم وایە لە هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ئێمەدا باشترین شێوەی دێموکراتیك هەیە. هەموو کەس دەتوانێ قسەی خۆی بکا، هەموو کەس دەتوانێ هەموو ڕەخنەیەك بە ڕاشکاوی بڵێ، هیچ کەسیش لەبەر ئەوە کە قسەیەکی موخایفی گوتوە یا ڕەخنەیەکی گرتوە، تیرۆر ناکرێ، مەبەستم تیرۆری فکریە .ڕەوابیتی دێموکراتیك کە ئێستا لە بەینی ئێمەدا هەیە قەت لە پێشوودا بەم شێوەیە دێموکراتیك پێکەوە ڕەفتار کەینو نەزەری خۆشمان بەڕاشکاوی دەڵێین. ئەوەندە بێ کە ئێوە بزانن لە کوێڕا دەستمان پێ کردوەو گەیشتووینەتە کوێ. ناڵێم ئێستا هەموو شتێکمان تەواوە بەو شێوەیە کە پێمان خۆشە. بەڵام پێم خۆشە کە لانیکەم ئەو حەوت کەسە کە باسم کردون کونفرانسی سێهەم بخەنە بەرچاوو موقایسەی بکەن دەگەڵ ئەوی کە ئێستا لێرە دانیشتوە. دەگەڵ

تەجرەبەیەکی زۆر کە هەموومان بەش بەحاڵی خۆمان بەدەستمان هێناوە. دەگەڵ هەموو گیروگرفتەکانی نێو کومیتەی ناوەندی یا نێو بەڕێوەبەری بەگشتی. وەك ئەوەکە مەربووتە بە فەرماندەرانی هێزو بەرپرسانی کومیتەی شارستانو خوارتر. ئێستا کە ساڵی **1340** وەبیر دێنمەوەو تەماشا دەکەم دەبینم کە فەرقێکی وامان کردوە کە دەتوانین ئومیدەوار بین ئەگەر بەشێکی زۆری ئەو رێبەرایەتی‌یەش نەمێنێ کە ئەو شتێکی سروشتی‌یە، یا شەهید بێ، یا تەمەنی وای لێ بێ کە نەتوانێ کار بکا، ئەمن پێم وایە ئەوجار لە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا ئیدامەکاری بەردەوام دەبێ. یانی ئەگەر پاش کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەڕێوەبەری‌یەك نەما، لە پاشان دیسان بڵێین لە پاش ساڵی **1337** نەما، هەروەها بەتایبەتی ئەو **10** ساڵەی **1339** تا **1349** لە واقیعدا ئێمە رێبەرایەتیمان هەر نەبووە، دەتوانم بڵێم کە زۆر هیوادارم کە ئەمجار ئیتر وای لێ نایە. ئەمە پێم وایە گەورەترین سەرکەوتنی حیزبەکەمانە کە وەزعێکی وای پێك هێناوە کە ئەگەر نەك دوو، بەڵکوو چەند کەس لەو رێبەرایەتی‌یەدا نەبن، دیسان ئەو رێبەرایەتی‌یە بە رێبازی خۆی درێژە دەداو بەکورتی، ئێستا رێبەرایەتی‌یەکی ئەوتۆمان هەیە کە دەتوانین بە هیواوە بڵێین رەنگە ئەو رێبەرایەتی‌یە بێ کە بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا دەتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگەیەنێ .

## چەند پەیڤێک لە گەڵ بەرێزانی بە ناو ڕەوتی ریفۆرمخواز

...............................................................

لە پەراوێزی پرۆپاگەندەی تاقمی حەسەنزادە - ڕەستگار لە سەر ریفۆرم و ڕێفۆرمخوازی

مرۆڤ بە تێروانینێکی کورت و چەند خۆلەک فکرکردنەوە دەتوانێ تاقمی حەسەنزادە - ڕەستگار بە چەند تاقم یان دەستەی دیکە دابەش بکات. ئەمن لەم بابەتەدا ناچمە ناو تاو و توێکردنی هەمووی ئەم وردە تاقمانە، چون هاوکات کە مەبەستی من باس و شیکردنەوەی ئەم دەستە و وردەمەحفەلانە نیە، زۆربەی خەڵکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و بە تایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەم مەحفەلانە باش دەناسن و دەزانن کە فارس گوتەنی چ " وەسڵەیەکی ناجۆرن " کە تەنها دژایەتی لە گەڵ رێبەرایەتی هەڵبژاردراوی کۆنگرەی سێزدە و هەوڵ بۆ کورسی و مەقام و بایەخ نەدان بە رای زۆرینە، ئەوانی پێکەوە " موتەحید " کردووە.

بەڵام لەم " بازاری تاناکۆرادا " دەستەیەک لاوی خوێنگەرم و بەهەست بەر چاو دەکەون کە بە هیوای چاکسازی و ریفۆرم وەدوای تاقمی حەسەنزادە - ڕەستگار کەوتوون. باسی من و بابەتەکەی من، نە لە سەر ئەوان، بەڵکوو بۆ ئەوانە و رووی قسەم لەم لاوانەیە کە بە براوی من فریوی قسەی زل و ئیدیعای بێ بناغەی ئەم تاقمەیان خواردووە.

ریفۆرم، چاکسازی، نوێگەرایی، ڕێزدانان بۆ مافی تاک بە گشتی و مافی لاوان و ژنان بە تایبەتی و تەحەموولی بیری جیاواز، نە

تەنها لە هەر حیزب و ڕێکخراوەیەکی دێمۆکراتیک و شۆڕشگێردا پێویستە، بەڵکوو ئەگەر ئەم تایبەتمەندیانە لەم حیزب و ڕێکخراوانەدا کەم یان لاواز بن، دەبێ لە دێمۆکراتیک بوون و شۆڕشگێر بوونی ئەواندا گومانمان هەبێت. هەوەها کاتێک مرۆڤێکی شۆڕشگێر و ڕۆشنبیر دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوێک، وەک ئەرک لەسەر شانی‌یەتی کە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم تایبەتمەندیانە لە ناو ڕێکخراوەکەیدا هەوڵێکی بێ‌وچان دەست پێ بکات .

هەر وەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە هەموو حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسی و دێمۆکراتیک، هەرچەندەش سەردەمیانە پێشکەوتوو و دێمۆکراتیک بن، دیسان پێویستیان بە ریفۆرم و چاکسازی و هەوڵی بێ‌پسانەوەی ئەندامانیان هەیە، بۆ ئەم ئەرکە پێویست و پیرۆزە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران – یش، وەک هەموو ڕێکخراوەیەکی سیاسی لەم قاعیدە بەدەر نیە و لە باشترین حاڵەتی خۆیدا دیسان پێویستی بە نوێ‌گەرایی و ریفۆرم هەیە. هاوکات جێگای ئاماژەیە کە ریفۆرم و بەرەوپێشچوون و نوێ بوونەوە پێویستی بە جیلی نوێ و فکری نوێ هەیە و ئەم جیل و فکرەش دەبێت بەرپرسایەتی " کلیدی" هەبێت تا بە هەبوونی " قودرەتی ئیجرائی" بتوانێت ئەم فیکر و ریفۆرمە بە کردەوە لە ناو ڕێکخراوەکەی خۆیدا نەهادینە بکات.

ئیستە پرسیاری من لەم چەند لاوە خوێنگەرم و ریفۆرمخوازە ئەمەیە کە بەراستی پێتان وایە کە مەلا عەوڵا حەسەنزادە، مەلا حەسەن ڕەستگار، جەلیل گادانی، حوسێن مەدەنی، فەتاح کاویان، مستەفا مەولوودی، قادر وریا، خالید عەزیزی و هتد مرۆڤی مەیدانی

ریفۆرم و چاکسازین؟
باشە ئەم بەڕێزانە پێش کۆنگرەی سێزدەی حیزب و بۆ ماوەی 10 ساڵ تەواوی ئۆرگانەکانی حیزب و هێزی بڕیاردەر و " قودرەتی ئیجرائی "حیزبیان بەدەستەوە بوو، بۆ نە تەنها تەنانەت بۆ یەک جاریش باسی نوێخوازی و ریفۆرمیان نەکرد، بەڵکوو بە پێچەوانە ئەگەر کەسێکیش ئەم باسەی لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا " مەترەح" کردبا، بە توندی هێرشیان دەکردە سەر و دەمکوتیان دەکرد .

بەڕێزانی بە ناو رەوتی ریفۆرمخواز قەت لە خۆتان پرسیوە کە ئەوکات مەلا عەولا سکرتێری حیزب بوو و زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی لە گەڵ بوو و تۆزقاڵێکیش لە قسەی دەرنەدەچوون، بۆ باسی نوێخوازی و ریفۆرم بڤە بوو؟
کاک خالید عەزیزی کە وەک وتەبێژی ئەم تاقمە لە دەرەوەی وڵات قسە دەکا و لە هەر هەل و مەرجێک بۆ خۆرانان باسی پێویستبوونی ریفۆرم و ئاڵ و گۆڕ دەکا، پێش کۆنگرەی سێزدە و بۆ ماوەی زیاتر لە 3 ساڵ بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات و بەرپرسی حیزب و پێوەندیەکانی حیزب لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. بە قەولی دۆستێک کاک خالید بەرپرسی " بەڕ و بەحر" لە دەرەوی وڵات بوو. بەڕێزانی بە ناو رەوتی ریفۆرمخواز قەت وەبیرتان دێت کاک خالید تەنانەت بۆ جارێکیش بووە باسی ریفۆرملە نێوحیزبدا کردبێت؟ وادیارە بەڕێزان حەسەنزادە و عەزیزی ئەو کات هەست بە پێویستی ریفۆرم دەکەن کە بۆ خۆیان بەرپرسایەتی حیزبی‌یان نەبێت.

بەراستی ئەمن لە ئێوەی لاو و رۆشنبیر دەپرسم کە بەراستی پێتان وانیە کە ریفۆرمخوازی و حەسەنی رەستگار " کجا مرحبا" ؟

دیارە بەرێزان! باسی ریفۆرم تەنها خاڵێکە کە من لەم بابەتەدا باسم کردوە و ئەگینا دەمراستانی ئەم تاقمە هەموو قسە و ئیدیعایەکیان دوور لە راستی و چەواشەکارانەیە. لە بیرمە زستانی ساڵی 2004 لە شاری ئۆربرۆی وڵاتی سۆئید کۆنفرانسێکی بەرین بە ناوی " کۆنفرانسی ورمێ" کە لە سەر کوردستانیبوونی شاری ورمێ گیرابوو و زۆر کەسایەتی حیزبی و سیاسی سەربەخۆی لە چەندین وڵاتی ئورووپایی تێدا بەشدار بوون، کاتێک پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری حیزب، بەرێز مستەفا هیجرییان، بە بۆنەی بەستنی ئەم کۆنفرانسە خوێندەوە، کاک خالید عەزیزی کە یەکێک لە بەشداربووان بوو زۆر بە توندی هەم لە گرتنی کۆنفرانسەکە و هەم لەوەی کە سکرتێری حیزب پەیامی پیرۆزبایی ناردووە رخنەی گرت و گوتی ئەمە بە زەرەرە و دڵی برادەرانی ئازەریمان لە دێشێت. بەڵام ئیستە تەنانەت تەورێزیش بە کوردستان دادەنێت. بە حەق ئینسان بیری ئەم شێعرەی حافیزی شیرازی دەکەوێتەوە کە دەفەرمێت :

<u>واعظان کین جلوه در محراب و منبر میکنند</u>
<u>گر به خلوت میروند آن کار دیگر میکنند</u>

لە کۆتاییدا ئەمن پێموایە هەوڵ بۆ چاکسازی ریفۆرم هەوڵیکی پێویست و سەردەمیانەیە بەڵام بە مەرجێک کە مرۆڤ باوەری قووڵی بە چاکسازی و نوێبوونەوە هەبێت و بەکردوە هەوڵی بۆ بدا، نەک ئەوەی کە لە وانەکانی ریفۆرم، دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ، مافی

**یەکسانی ژن و پیاو، پێویستی حوزووی لاوان لە دەسەڵات و هتد وەک ئامرازێک کەڵک وەربگرێ بۆ بەرژەوەندی شەخسی و شانتاژی سیاسی.** نیما 25-01-2007

**ئایا نەمر د.سادق شەرەفکەندی بەتەمای ڕێککەوتن لە گەڵ تاقمی لادەر و هێنانەوەیان بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو !؟**



**ئامادە کردنی : هێوا**

**ئە م نووسراوە ی کە لە بە ر چاوتاندایە ، بەشێک لە وتوووێژی مانگنامە ی راە آزادی ژمارە 23 ، ئۆرگانی حزب دێموکراتیک مردم ایران ،لە گە ڵ ڕێبە ری شەهید د. سادق شرەفکەندیە کە لە مانگی سێپتامبری 1992 ، چە ند ڕۆژێک پێش شە هید بوونی بە ڕێوە چووە. دیارە وتوووێژە کە بە شێوە یەکی گشتی لە سەر بارووودۆخی ئەوکاتی ئێران و ئوپۆز ێسیۆنی کۆماری ئێسلامی ئێرانە .**

**ئە م بەشە وتوووێژە کە لە بەر دەم ئێوەی بە ڕێز دایە ، ئەو پرسیار و وڵامانەن کە سە بارەت بە ڕۆلی ئوپۆزێسیونی سە را سە ری ئێران لە کوردستان و هەروە ها ڕێکخراوە کوردیە کانە کە بە شێکی زۆری بە نێسبە ت تاقمی لادە ر لە ڕێبازی حیزبی دێمکراتدا هاتوونە تە ئاراوە. تاقمی تازە – لادەر لە پرووپاگەندە کانیاندا هە وڵیان داوە بە و پە ڕی چە واشە کاری وا نیشان بدە ن کە گۆیا**

، ڕێبه ری نه مر د. شه ره فکه ندی ماوه ییَک پێش شه هید بوونی هه وڵی ڕێککه وتنه وه ی له گه ڵ تاقمی کۆنه – لاده ر داوه .

به ڵام به خوێندنه وه ی ئه م وتووووێژه بۆمان دەر ده که وێت که ئه و ئێدێعایه چه نده له ڕاستیه وه به دووره و نیشانده دات که تاقمی کۆنه و تازەی – لاده ر ئاما ده ن بو به ره و پێش بردنی به رژه وه ندی خۆیان ته نانه ت که ڵکی خراپیش له سایەتی د. سه عیدی نه مر وه ر بگرن و وه ک ئامراز به کاری بێنن. هه ر بۆیه ش به پێویستم زانی که ئه م وتووویژه وەر بگێڕمه وه سەر کوردی و بیخەمه به ر چاوی خوێنەران.

پ . له کوردستاندا بێجگه له حێزبی دێمکراتی کوردستانی ئێران ، هێزێکی دیکه به نێوی کۆمه ڵه و هه روه ها چه ند هێزی سه را سه ری ئێران وه ک فەداییانی خه لق و هتد تێکۆشانیان هه بوو . ئێنشێعاب له حێزبی دێمکراتیشدا بوو به هۆی ئه وه که هێزێکی دیکه ش بێته ئاراوه، که له نێو ڕێبه راکانیدا چه ند که سی ناسراوی تێدایه. بارووده‌ۆخی ئه م هێزه چۆنه و ئاستی تێکۆشانیان له چ ڕاده ییَکه ؟

و. هێزه سەراسه ریه کان به گشتی هیچ کات له کوردستاندا پێگه یێکی ئه وتۆیان نه بووه، و هیچکاتیش ڕۆلێکی چاره نووس سازیان له کوردستاندا نەگێڕاوه. سەر کوتی ئه م هێزانه له لایه ن کۆماری ئێسلامیه وه و قه یرانه نێوخۆیه کانی ئه و هێزانه که یه خه ی پێ گرتبوون، بوو به هۆی لاواز بوونی ئه وانه به گشتی و ئه م

لاوازیه له کوردستانیش ڕه نگی ، بۆیه ئێستا تێکۆشانێکی ئه و تۆیان له کوردستاندا نیه .

به ڵام کۆمه ڵه وه ک هێزێکی ناوچه که تێکۆشانێکی به ر چاویان هه بوو ، هه ڵسووڕانی سیاسیان له ساڵانی دووای شۆڕشدا به ر چاو بووه وه ک هێزی دووهه م له زۆر ناوچه ی کوردستاندا وەک سنه و ده ووروبه ری رۆلێکی گرینگیان ده گێڕا. به ڵام له م چه ند ساڵه ی رابۆردوو دا به هۆی برێک کێشەی ناو خۆیی و تێکه ڵ بوون به حیزبی کۆمونیستی ئێران و پاشان جیا بوونه وه ی به شێکی زۆر له و ڕێکخراوه بوو به هۆی ئه وه ی که تێکۆشانیان زۆر کز بێت . ئێستا له ڕاستیدا نفووزێکی زۆر به ر ته سکیان له کوردستاندا هه یه .

به ڵام ئه و که سانه ی که له حیزب جیابوونه وه هه ر له سه ره تا وه هێزێک نه بوون. به پێچه وانه ی قسه ره واڵه تیه کانیان ، ئامانجی ئه سڵی ئه وان ته نیا چۆڵ کردنی گۆڕه پانی خه بات بوو ، ئه ویش به هۆی ماندوو بوونیان له خه بات و ڕۆشتن بو ده ره وه ی وڵات بوو. حیزبی دێمکرات ده یویست له گۆڕه پانی خه باتدا بمێنێیه وه ، به ڵام ئه وان دژی ئه وه بوو ن ، هه ر چه ند به ئاشکرا باسیان نه ده کرد. ئه فرادی ناسراو به قه وڵی جه نابت ، ئێستا له گه ڵ بنه ماڵه کانیان هاتوونه ته ده رێ و په نابه رن. له ئاکامد ا ئه مانه نه بوونه ته هێزێکی سیاسی، و نه ده شبن به هێزێک .

پ. به ڵام ئه م لایه نه برێک پرسیان هێناوه ته گۆڕێ که وا ئه وان له

ێو حیزبی دێمکراتدا کێشه ی هزری و سیاسیان هه بووه. بو نموونه له یه که مین بڵاو کراوه ی ئه واندا باس له وه ده که ن که وا حیزبی دێمکرات له ڕوانگه ی سۆسیال دێمکراتیه وه ده ڕوانێته پرسه کان و وه دووای سۆسیال دێمکراته کانی ئۆرووپا که وتووه. رخنه کانیان زیاتر له زاویه ی چه په وه یه .

و. ئه گه ر مه سه له کان له دووره وه و له ڕێگای نووسراوه کانه‌وه بناسیت ده کرێت ئه و به رداشته‌ی لێ بکه یت. به ڵام حیزبی دێموکرات هیچ‌کات ڕوانگه‌ی خۆی له مه‌ڕ سۆسیالیزم و دمکراسی نه شاردۆته‌وه. سه یر ئه وه یه هه موو ئه و که سانه‌ی که له کاتی ئینشیعابدا حیزبی دێموکراتیان له زاویه ی چه په وه خستبووه به‌ر ڕه‌خنه ، که سانێک بوون که ئه‌ساسه‌ن دژ به سۆسیالیزم بوون ، وه ته نا نه ت له نێو حیزبدا زیاتر به ناسیونالیستی کورت نه‌زه ر ناسراو بوون. له ڕاستیدا بێجگه له یه‌ک دوو که‌سیان ، ئه‌مانه به‌گشتی دژبه سۆسیالیزم و بیری چه پ بوون .دیاره ئه و کات ئه وه مـۆد بوو، ده با یا بۆ ئه و ئینشیعابه که به ڕاستی زیاتر هۆی شه خسی هه بوو ئیستێدلالی سیاسی و هزری بێننه گۆڕێ، به‌ڵام دوواتر ئه‌زموون نیشانی دا که ئه م قسه و ئیدیعایانه چه نده بێ بایه‌خ درووست کراو بوون .

پ. ئایا ئیمکانی ئه وه هه یه که له گه ڵیان یه ک بگرنه وه؟

دیاره ئێوه نێوی ئه وانه ده نێنه هێز ، له ڕوانگه ی ئێمه وه ئه مانه هێز نین ، ئه مانه که سانێک بوون که به هۆی شه خسی ڕیزەکانی حێزبیان به جێ هێشت ، پاشانیش به دووای ئامانجی ئه سڵیاندا ڕۆشتن بۆ ده ره وه .

سه باره ت به یه کگرتنه وه ده گه ڵ ئه وانه ، من به پێویست نازانم هه موو ئەو کەسانه که له وڵاتێکدا دەژین له نێو حێزبێکدا کۆببنه وه .

پ. به ڵام ئه وانه که سانێک بوون که چه ندین ساڵ له نێو حێزبدا تێکۆشانیان هه بووه .

و. ئه وه ڕاسته، بەڵام ده شکرێت ئه ندامانی هه ر حێزبێک زه مانێک به هۆی جۆراوجۆر باوەڕیان به حێزبەکەیان نه مێنێت یا ن به گشتی له خه بات ماندوو بن . دیاره که سێک که ده بێته ئه ندامی ڕێکخراوێکی سیاسی هیچ پێویست ناکات هه موو ژیانی له گه ڵ ئه و ڕێکخراوه بمێنێته وه. ئه م جەماعه ته پاش ئێنشێعابیش هیچ شتێکی تایبەتیان پێ نه کرا و زیاتر به شێوه ی مه حفه لی له م ناوه ماونه ته وه. ئێمڕۆ من هیچ هۆیه ک نابینم که ئەوانه دیسان بگه ڕێنه وه نێو ڕیزەکانی حێزبی دێموکرات. به ڵام ئەگەر کەسانێک به شێوەی تاکه کەس بیان هه وێت بگه ڕێنه وه و چوارچێوه ی سیاسه ته کانی حێزبی ئێمه یان قه بووڵ بێت ، ده توانن سەر له نوێ داوای ئه ندامه تی له حێزبی دێموکرات بکه نەوه. بەڵام وەک کۆمه ڵ، ئه مانه که سانێک بوون که هێزی درێژه

دانی خەباتیان نە مابوو هە ر بۆیە ش لە حیزب دا نە مان و ڕێگای خۆیان لە ڕێگای حیزب جیا کردەوە .

.....................................................................
..................

دوو لەت بوونی حیزبی دیموکرات: خاڵە پۆزەتیڤ ونەگەتیڤەکانی لە ڕوانگەی دکتۆر روئیا تلوعی
1 Feb 2007 بیروڕای ئازاد



دوولەت بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان و
خاڵەپۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکانی لە ڕوانگەی : دکتۆر روئیا تلووعی !
لەخوێندنەوەی راگەیاندنی لەت بوونی حیزبی دیموکرات، بێ ئیختیار بە دەنگی بەرز گریام. وەک ئەو کاتەی لە سلوولی تاکەکاسی بەدەنگی بەرز دەگریام.....
کچەکەم لێی پرسیم:
مەگەر تۆ ئەندامی حیزبی دیموکراتی وا خەمباری؟
وتم نا کچم، بەڵام حیزبی دیموکرات یادگارەکەی قازی، هی گشتمانە. من ناتوانم بێ خەیاڵ بم...
سەرەتا دڵم ببوو بە بورکانێک و ئاگری هەست و ئیحساسی لێ دەپرژا. مەنتیق و لۆژیک کاری نەدەکرد. بە هەر بیرەوەریەک شەپۆلێک فرمێسک دەپرژایە سەر گۆنام:

بازجوو وتی:
. پیوەندیت لەگەڵ حزبی دیمۆکرات هەیە؟
. نا
. چەند جار چووی بۆ حیزب؟
. وتم خۆ، پێوەندیم نیە . قەت نەچووم.
. دووپاتی دەکەمەوە، پێوەندیت لەگەل حیزب چۆنە؟
. منیش دووپاتی دەکەمەوە، پێوەندیم نیە.
لەوان ئیسرار و لە من ئینکار....
شەپەلاغەیەک وەها لە گۆنام درا کە هەستم کرد بۆ چرکەیەک بەرچاوم تاریک بوو. سەربازجوو "رێزوانی" بە دەنگی بەرز بەسەرمدا قیژاندی:
. تۆ نەچووی بۆ حیزب؟ تۆ پێوەندیت لەگەڵیان نیە؟؟ ئەوە کێ بوو لە سالۆنەکەی هۆتێل پالاس دوو سەعات پیکەوە قسەتان دەکرد؟ حەتمەن دەڵێی ئەویش ناناسی ها؟ ئەی ئەوانی دیکە؟ ئەوانیش ناناسی ها !!!!!!!!؟؟؟؟؟؟؟؟؟
دەمووچاوی رەشی " رێزوانی " دوو ئەوەندە رەش هەڵگەڕابوو. بەو چاوە دەڕپەڕیوانەیەوە پڕ لە نەفرەت سەیری دەکردم . هەستم دەکرد ئەم نەفرەتەم جارێکی تریش دیوە.
دیسان قیژاندی:
. منت لە بیرە؟ فستیوالی گەلاوێژ؟ سالۆنەکەی هۆتێل پالاس؟ ناتوانی درۆ بکەی .خۆم تۆم دیوە....
راست بوو. من ئەو چاودەرپەڕیوە پڕ لە نەفرەتەم لە سلێمانی دیبوو و نەمزانیبوو کێیە و بۆ وا بە نەفرەتەوە سەیرم دەکات.پێم وا بوو

ئەو کابرا رەشە ناشرینە بێدەنگ و مەرمووزەش هەر میوانی
فستیڤاڵی هەشتەمی گەلاوێژە
دنیایەکی سەیرە....
من چەندین جار میوانی حیزب بووم و لەسەر سفرەیەک هەم لەگەڵ
مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە و هەم کاک مستەفا هیجری نانمان
خواردوە و وتووێژمان بوە. وەک چالاکێکی سەربەخۆی مافی ژنان،
هەر وتوومە ئەی بەشداری ژنانی حیزب لە ئاستی باڵادا بوو بە چی
؟ ئەوانیش هەر وتوویانە ئاخر ژنی وا لێهاتوومان مان تێدا نیە!!!!
( تا دنیا دنیایە گلەیی بێ لە هەردووکیان، چونکە ژنی ئازایان
زۆرە لە ریزەکانی حیزبدا).
من لەنێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا ژمارەیەکی زۆر دۆستی بەرێزم
هەیە بەتایبەتی ژنە ئازا و تێکۆشەرەکانیان. ئێستا ئەو ئازیزانەی
من هێندێکیان لەملان و هێندێکیشیان لەولا.
زۆر دنیایەکی سەیرە....
من قەت ناتوانم قەڵەمێک هەڵگرم و خەتێک لە نێوان
ناوەکانیاندا بکێشم و لێکیان جیا بکەمەوە. هەموویان بەشێکن لە
پەیکەری خەباتی نەتەوەکەمان .
هەروەها کە بیری زیندانیە سیاسییەکان دەکەمەوە کاتێک بازجوەکان
بە تەحقیرەوە پێیان دەڵێن ئەوەش حیزبەکەتان بوو بە چەند
لەت، وەختە دڵم بوەستێ . لە شادی و پێکەنینی ئیتلاعاتییەکان
خەمبارم.بەداخەوە منیش بەش بە حاڵی خۆم هەوڵێکی بێ ئاکامم
دا کە ئەم جیا بوونەوە روو نەدات بەڵام هیچم پێ نەکرا.
ئاواتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتوویی تەواوی هێزە

سیاسییەکانیەتی چ کۆمەڵە، چ دیموکرات، چ پژاک، چ پارتی ئازادی و هتد ە،بەڵام بەداخەوە ئیستا حیزبەکانیشمان پارچە پارچە دەبن.کێشەکە لە چیدایە؟ ئایا ئەم پەرتەوازە بوونە دژ بە خەباتی نەتەوەیی و هەروەها خەباتی دیموکراسی خوازی نیە؟ ئایا شەپۆڵیک لە نائومێدی و بێ دنەیی لە گەنجان و لاوانماندا بەدی ناهێنێ؟

بەهەرحاڵ ئەوەی نەدەبوو ببێ بوە.وردە وردە بورکانی هەست و ئیحساس دەنیشێتەوە و ئێمە ناچارین رووبەڕووی واقیعی رووداوەکە ببینەوە.منیش لێرەوە دەمەوێ هەست و ئیحساس وەلا نێم و بە لۆژیکەوە بچمە سەر دووچەمک و لە سۆنگەی ئەو دوو چەمکەوە بڕوانمە کێشەکە:

یەکەم : " فرەحیزبی"

" پۆپر" فەیلەسوفێکی بە ناو بانگە و لەسەر ئەزموونی چالاکی و ژیانی خۆی لە وڵاتانی دیمۆکراتیکی رۆژئاوایی _ وەک بەریتانیا_ دژ بە فرەحیزبییە. لە هەمان کاتدا کە فرەحیزبی دەتوانێ واتای پلورالیزم بێت، پۆپر پێی وایە فرەحیزبی دەبێتە هۆکاری بەدیهاتنی دەوڵەتگەلی هاوپەیمانی (ائتلافی) کە حیزبەکانی ئەو هاوپەیمانەتییە بەرپرسایەتی تەواویان لە بەرامبەر خەڵکدا نیە. دەوڵەتی هاوپەیمانی بە دەوڵەتێکی لاواز دەزانێ کە هەردەم لەوانەیە هەڵوەشێتەوە و هەروەها ئەو حیزبانەی کە دەنگی زۆریان نەهێناوە و بەس بۆ پێکهێنانی کابینە بەشدارن، هەست بە بەرپرسایەتی سەرەکی لە بەرامبەر خەڵکدا ناکەن. دیارە ئەم ئەزموونە لە نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکاندایە. ئێمەی کوردی

ڕۆژهەڵات کە هێشتا دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆمان نیە و لەم هەلومەرجەدا گەورەترین پێویستیمان بە یەکگرتووییە_ کە بەداخەوە تا ئیستا پێکنەهاتوە و هەر ڕۆژ حیزبێکمان بۆ ساز دەبێ حاڵمان چۆنە؟

لە لایەکەوە زۆرتر بوونی حیزبەکان و پێکهاتنی حیزبگەلی بچووک ئیمکانی یەککەوتن کەمتر دەکات چونکە بیروڕاکان و سەلیقەکان هەر ڕۆژ زیاتر و جیاوازتر دەبن. هەروەها هیچکام لەم حیزبە بچووکانە نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر لە خەڵک ناکەن و پێکهاتەی پێداویستییە گرنگەکان لە ڕوانگەی زۆربەی خەڵکەوە نین.
فاکتەرێکی گرنگی تریش کاریگەرە و ئەوەش دووری حیزبەکانە لە وڵات. دووری حیزبە سەرەکییەکان وەک دیموکرات و کۆمەڵە بەو مێژووە 61 و 30 ساڵەوە زیانی زۆری بۆیان لێ کەوتۆتەوە چ بگات بەو حیزبانەی کە لەدەری وڵات و بەدوور لە ئەزموونە نوێکانی خەڵکی دانیشتووی وڵات پێکهاتوون.دیارە بۆشایی دووری حیزبەکان لە وڵات بە هۆی ڕێگا نەدانی کۆماری ئیسلامی بە دروست بوونی حیزبگەلی نوێ لەو ناوچە کە بە شێوازی ئاسایی بتوانێ چالاکی بنوێنن، پڕ نەبۆتەوە ( لێکۆڵینەوە لەسەر پڕاک لێرەدا ناکەم چونکە بابەتی تایبەتی خۆی پێویستە). هەروەها ئەم دووریە بۆتە هۆکاری دووری حیزبەکان لە ئاڵوگۆڕە نوێکانی ناو کۆمەڵگا و هەروەها بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی بە گشت تەنگ و چەڵەمەکانیەوە.
هاتوچۆ و بەربڵاوتر بوونی پێوەندییەکانیش بە هۆی ئینتەرنێتەوە

جاریَ نەیتوانیوە فەزای سوننەتی زاڵ بەسەر حیزبەکاندا بە تەواوی بشکێنێت چونکە حیزبە سەرەکییەکان لە نەبوونی مەودای حیزبایەتی لە ناو خۆی وڵات، خۆیان بە تاقە مەیداندارى حیزبایەتی زانیوە و رەقیبێکی ئەوتۆیان بۆ رکەبەرایەتی و نویَ بوونەوە نەدیوە.ژنان و گەنجان هێشتا مەودای بەشداری لە ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی حیزبییان بە شێوەی گونجاو و شیاو پێنەدراوە.کەم نین ئەو گەنجە رۆشنبیرانەی چوونەتە ناو ریزی حیزبەکانەوە و دوایی بە نائومێدی ناچار بە کۆچکردن بوون.
لە لایەکی ترەوە فرەحیزبی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەمان کاتدا کە دە توانیَ هۆکاری ئالۆزی زیاتر و یەکنەگرتن بیَ، دەشتوانی مەزنایەتی سوننەتی گەورە حیزبێک بشکێنیَ،واتە کوسپێکی سەر رێگای یەکگرتن و پێکهاتنی بەرە لە ناو بەرێت چونکە کەس نەتوانیَ خۆی بە نوێنەری زۆرینەی خەڵک بزانیَ. ئیستا هاوکات لەگەڵ مەترسی دەرگیری و شەڕی ناوخۆ، ئەگەری ئەوەش هەیە کە دوو لەتی حیزبی دیموکرات لە رکەبەرایەتی یەکتریش بوە خۆیان نویَ بکەنەوە و هاوکات لەگەڵ رێگا دان بە گەنجان و ژنان بۆ چالاکی و دەسەڵاتداری لە ئاستی باڵادا و گویَ گرتن و مەیدان دان بە رۆشنبیران تەنانەت بۆ پێکهێنانی مەشرووعییەت ، هەنگاوی کاریگەر بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کوردی (راستەقینە نە کارتۆنییەکە ) هەڵگرن. دیارە ئەوەی زووتر ئەم هەنگاوانە هەڵگریَ پێگەی خۆی پتەوتر دەکات. جا دەکریَ ئەو بەرە بشوبهێنین بەو دەوڵەتە هاوپەیمانە کە پۆپر لە کۆمەڵگای دیمۆکراتیکی رۆژئاوادا بە دڵی نیە، بەڵام مەرج نیە لە بارودۆخی

ئیستای نەتەوەی بێ دەوڵەتی ئێمەدا کاریگەر نەبێ.
دووەم: چەمکی " سێکولاریزم"
کاتێک باسی سێکولاریزم دەکرێ زۆربەی خەڵک دەڵێن جیایی دین لە دەوڵەت. لە وتارێکی بەڕێز " شاهۆ تۆفیق" کە هاوڕێی ڕۆژنامەوان ،" عەدنان حەسەن پوور" وەریگێڕابوو بۆ سەر زمانی فارسی و لە هەفتەنامەیەکی سنەدا چاپی کردبوو زۆر بەجوانی باسی " سێکولاریزم " کراوە. عەدنان بە فارسی دەڵێ: "سکولاریسم یعنی تقدس زدایی از قدرت". واتە سێکولاریزم سڕینەوەی پیرۆزایەتییە لە دەسەڵات.دیارە مەرج نیە ئەو دەسەڵاتە هەر دەسەڵاتی ئایین بێ بەڵکو هەموو چەشنە دەسەڵاتێک ،تەنانەت دەسەڵاتە توتالیتارە کۆمۆنیستییەکانیش دەگرێتەوە. هەر شتێک کە پیرۆز و مەزن بکرێتەوە و وەک ئامێرێک بۆ دەسەڵاتداری بەسەر خەڵکدا بەکار بێت، جا ئەوە شتێکی ناسیۆنالیستی بێ ( وەک کەمالیستەکانی تورکیا ) یان ئایینی یان کۆمۆنیستی یان تەنانەت کەسایەتییەکی مەزن وەک سەمبۆلێک بەکار بێت بۆ دەسەڵاتداری تاقمێک بەسەر خەڵکدا. ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئێمەی کورد سێکولارین؟
دیارە کۆمەڵگای ئێمە هەرچەند نە بە تۆخی ناوچە مەزهەبییەکانی ئێران، بەڵام بە گشتی کۆمەڵگایەکی مەزهەبییە. ئەمەش خۆی گەورەترین و یەکەم لەمپەری سێکۆلاریزمە. لەوانەیە بڕێک ڕۆشنبیری سێکولارمان ببێت، بەڵام جارێ کۆمەڵگایەکی سێکولارمان نیە.
پیرۆز کردن و پیرۆزایەتی هەر باوە . هەرچەند کە بەهۆی

دەسەڵاتداری ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییەوە داخوازی سێکولار بوون لە لایەن نوخبەکان و رۆشنبیرانەوە زیاتر بوە. ئەویش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ داخوازی جیا کردنەوەی دین لە دەوڵەت و سیاسەت، نەک سڕینەوەی پیرۆزایەتی بە گشتی و ئازاد کردنی زەینییەتەکان. واتە تابۆی پیرۆزایەتی لە زەینەکاندا جارێ بە تەواوی نەشکاوە. کوردیش وەک زۆربەی مرۆڤەکانی تری ئەم جیهانە شتی پیرۆزی هەیە.حیزبە کوردییەکانی هەر چوار پارچەش لەسەر بنەمای پیرۆزایەتی ئیش دەکەن ، جا چ پیرۆزایەتی ئایدیۆلۆژیا ( بۆ نموونە چەپ ) بێ یا پیرۆزایەتی کەسایەتی بێ وەک ئاپۆ ( ئاپۆیسم)، ژنرال بارزانی یا خۆدی مام جەلال. یەکێک لە شتە پیرۆزەکانی کوردی رۆژهەڵات رێبەرانی شەهیدن کە گیانی خۆیان فیدای ئامانج کردوە ،بۆ نموونە رێبەرانی نەمر قازی محەمەد و دکتۆر قاسملو و دکتۆر شەرەفکەندی.دیارە ئەم ئوستوورانە زۆر لای ئێمە پیرۆز و مەزنن، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێ ئاگادار بین کە هیچ کەس ناتوانێ تەنیا خۆی بە میراتداری ئەوان بزانێت و ئەوانی تر لەم میراتە بێبەش کات. لەم روانگەوە ئیدیعای هەر دوولەتی حیزب لەسەر ئەوەی کە ئەوان درێژەدەری رێگای رێبەرانی شەهیدن و لایەنەکەی تر وا نیە، بە عەوامفەریبی واتە کڵاو سەر خەڵک کردن دەزانم . روون و ئاشکرایە دوای تیرۆری رێبەرانی کورد بە تایبەت دکتۆر قاسملو ،پشتی کوردی رۆژهەڵات چەمایەوە و ئیتر کەسایەتی وا لێهاتوومان نەبۆتەوە.کەسایەتییەکی گەورە وەک دکتۆر قاسملو بەو بینش و زانستە سیاسییەوە کە بووی ،لەم هەلومەرجە هەستیارەدا دەیتوانی ئەرکی رێبەرایەتییەک نەک هەر بۆ کورد،

لەوانەیە بۆ ئێرانیش بگرێتە ئەستۆ.مەخابن دکتۆر قاسملو نەماوە و کەسایەتی خاوەن توانایی واشمان بۆ گێڕانی دەوری رێبرێک لە کۆمەڵگادا نیە.ئیستا ئایا دەبێ راوەستین تا قاسملویەکی تر لە دایک بێتەوە یان درێژەدەری رێگای خەبات بین؟ لە درێژە پێدان بە رێگای خەباتدا ،دەبێ زانستی ئەمڕۆییمان بێ یان لەسەر وتەکانی دکتۆر قاسملو لە 18 ساڵ لەمەوبەردا رابوەستین؟ ئەگەر دکتۆر بمایە ئایا لەم زەمەنەدا کە جیهان لەهەر خولەکێکدا رووبەڕووی شتێکی تازە دەبێتەوە رێگای تازەی بۆ گەیشتن بە ئامانج دیاری نەدەکرد؟

بەڕای من ناتوانین خەبات راگرین و ناتوانین لەگەڵ رەوتی ئالوگۆڕەکانی ئەمڕۆ خوێندنەوەی نوێمان نەبێ و ناشتوانین ماتڵی لە دایک بوونی کاریزمایەک بین. کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری قاسملو زەربەیەکی گەورەی لێمان دا، ئیستاش لە کەمین دایە لەم دەرفەتی جیابوونەوە کەڵک وەرگرێ و براکوژی رێبخات.ئیستا ناچارین و دەبێ ئێمەی بێ قاسملو ، بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ئەو،و هەروەها گەنجینەی فکری و خوێندەواری کۆمەڵێک گەنجی پێگەیشتوو هەرچۆنێکە رێگای خۆمان بدۆزینەوە و پێشکەوین.

لێرەدا بەڕای من ئیتر ناتوانین کێشەی لەت بوونی حیزب بە هەموو گرفت و ناخۆشییەکانییەوە بە گشتی نەگەتیڤ بزانین، بەڵکوو خاڵی پۆزەتیڤیشی تێدا بەدی دەکرێ:

ئەوەی کە دوولایەن هێمنایەتیان تا ئەم کاتە پاراستوە و هیوادارم هەر بیپارێزن، قسە لە دەسکەوتێکی گەورە دەکات. کەسایەتی

سیاسی کوردی رۆژهەڵات بەرەو لۆژیکێک چوە کە ڕێگا لە توند و تیژی دەگرێ و ئیتر بە دەمارگرژی و شەڕە تفەنگ و براکوژی وەڵامی کێشەکان ناداتەوە. کەواتە هیوای ئەوە هەیە لە داهاتوی رزگاری رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا براکوژی دووپات نەبێتەوە. *

برێک رچە خەریکە دەشکێت و وردە وردە مەزنایەتی و پیرۆزایەتی کەمڕەنگ دەبێتەوە و پێویستی بە زانستی رۆژ ،جێگای خۆی دەکاتەوە.واتە خەریکین بەرەو سێکولاریزم بە مانای سڕینەوەی پیرۆزایەتی لە دەسەڵات هەنگاو دەنێین. دیارە لە سەرەتای ڕێگادارین و راوەستان لە بەرامبەر ئەمەدا هەیە بەڵام، فکری نوێ خەریکە دزە دەکات.

بەڕای من دەروێشایەتی لە حیزبدا خەریکە زۆر کەمڕەنگتر دەبێ.

ئیستا دوو سکرتر کەوتوونە بەر رەخنە و ئەمەش هەرچەند بەداخەوە ئاوێتەی تەوهین و سووکایەتی تاقمێک بوە، بەڵام دیسان هەنگاوێکە بۆ سرینەوەی مەزنایەتی و ئازاد کردنی فکر و ئەندێشە و چوونە سەرەوەی ئاستی شەهامەت و نەترسی.

ئەگەر رەوتی رووداوەکان هەر بە هێمنی بچێتە پێش و دوولایەن بکەونە کێبەرکێی سیاسی ،هیوای چاکسازی و نوێبوونەوە و بە تایبەت هاتنە مەیدانی ژنان و لاوانی توانا تا ئاستی سەرکردایەتی زۆرتر بوە.

هەروا کە پێشتریش باسم کرد دەکرێ هەنگاوی زۆر جیدی بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردی هەڵگیرێ و تەنانەت بەرەش پێک بێ. دیارە ئەگەر نەیکەن هەردوولا خەڵک لە خۆیان بێزار دەکەن.

دوای سووکایەتییەکی زۆر کە ناڕاستەوخۆ لەهەر دوولایەنەوە بە

یەکتر کرا چەشنێک بێزاری و ماندوویی لەم کردەوە ناحەزە دەبیندرێ کە ئەویش دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ رێگرتن لە نەرێتی ناشرینی سووکایەتی و تۆمەتبار کردنی مۆخالیف.

خاڵە نەگەتیڤەکان بریتین لە:

شەپۆلێکی نائومێدی و خەمباری لەم کاتە هەستیارەدا لە ناو خەڵکانی دانیشتووی وڵات و هەروەها کوردەکانی دەرەوە پێک هاتوە . دیارە خەڵک خوازیاری یەکگرتووین نەک جیا بوونەوەی زیاتر. لەوانەیە ئەم شەپۆلە کاتی بێ ، بەڵام تێپەڕینی ئەم شەپۆلە زیرەکی و هۆشیاری پێویستە . نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەم شەپۆلە بەهێزتر دەکات.

هەروەک باسم کرد مەترسی ئەوەش هەیە کە بە زۆرتر بوونی حیزب و لایەنەکان لێک تێگەیشتن و یەککەوتن دژوارتر ببێت.

گەورەترین زیانی ئەم لەت بوونە لێک دابڕانی کۆمەڵێک شۆرشگێڕ و خەباتکارە کە تا دوێنێ هاوسەنگەری یەکتر بوون. لەبیرمان نەچێ مەترسی شەڕی ناوخۆ هەر هەیە، بەڵام بە خۆشییەوە تا ئێستا باش پێش چوە و بەری پێ گیراوە.

بەداخەوە ماوێکە هێزی خەباتکاران لە جیاتی ململانێ لەگەڵ دژمنی سەرەکی رووی کردۆتە ململانی لەگەڵ خۆ. ئەم رەوتە ئەگەر ماوێکی زۆر بخایەنێت بە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامییە.

بەداخەوە ئەنگێزەی ئەم لەت بوونە زیاتر لە شەڕی هەردوو باڵدا بۆ کورسی و دەسەڵات خۆی نواندوە. هەرچەند هۆکاری سەرەکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی سوننەت و مۆدێڕنیتە لە دەورانی تێپەڕین لە نەریەوە بەرەو مۆدێڕنەدا، بەڵام دیارە گەنجانی نوێخواز ئەو

تواناو هێزەیان بۆ بەدیهێنانی کەلێن لە پەیکەری سوننەتی دەسەڵاتی حیزبیدا نەبوو . هەبوونی مامۆستا حەسەن زادە بە ئەنگێزەی بەشدار بوون لە دەسەڵاتدا و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە پێوەندییەکانی مامۆستا توانی ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنێ .بەهەرحال مامۆستا جەسارەتی ئەوەی بوو خۆی بخاتە بەر توندترین هێرش و رەخنەکان بە تایبەت توانبار بوون بە دەسەڵات پەرستی.

خاڵێکی هەرە نەگەتیڤ هیوادار بوون بە هێرشی ئەمریکا یان ئاڵوگۆر لە ناوچەکەدا بەدەست ئەمریکاوەیە.وەک بڵێی ئەمریکا وا خەریکە هێرش دەکات و ئێران دەگرێت و دەڵێ فەرموون ئاغایان حکوومەت بکەن.جا برادەران پەلەیانە زووتر ئەو کورسییە خەیاڵییانە ریزێرڤ بکەن!!! ئەوەڵەن ئەوەندەی من وەک چالاکێکی مافی مرۆڤ هاتوچۆی ناوەندە سیاسییەکانی ئەمریکا دەکەم، سیاسەتی داهاتوو سەبارەت بە ئێران جارێ هیچ روون نیە. هەرچەند لە دنیای سیاسەتدا هیچ شتێک حیسابی لەسەر ناکرێ، بەڵام ئەوەی دیومە کوردی رۆژهەڵات خاوەن بەشێکی بەرچاو لە سیاسەتی ئەمریکادا نین. کوردی رۆژهەڵات لێرە بەداخەوە کاری سیاسی کاریگەری نەکردوە، تەنانەت نەیتوانیوە لۆبییەکیش بە پارە ساز بکات.ئەوەی دەبیندرێ هەر وەک بەشێک لە بزووتنەوەی دیمۆکراسی خوازی ئێران چاوی لێدەکرێ و خۆی خاوەن شوناسێکی تایبەت نیە.ئەوەش بزانن پارەیەکی ئەوتۆی بۆ تەرخان نەکراوە. کوردی رۆژهەڵات لە ئەمریکا پێویستی بە کاری جیدییە کە بەداخەوە کەسایەتییە جیدییەکانی خۆیان کەمتر لەو کێشە دەدەن و

زیاتر خەریکی ژیان و ئابووری خۆیانن. مەخابن ئێمە لێرە سیاسەتوانی بە توانامان نیە.

دوایین خاڵی نەگەتیڤی کێشەی حیزب و دوولەت بوونەکەی، لەدایک بوونی سیاسەتوانانێکی درۆیی و هەلپەرستە کە تا ئیستا هیچیان لەدەست نەهاتوە، بەڵام لە سایەی کەلێنی ناو حیزب و دژایەتی لایەنەکان، خۆیان بە لایەنێکەوە هەڵواسیوە و ئیدیعای کارناسیی سیاسی دەکەن. هەڵبەت گەنجانی خوێندەوار و رۆشنبیری ئێمە زوو مستی هەلپەرستان دەگرن و پێیان دەزانن.بەتایبەت کە ئەم کارناسە کتوپڕانە، شارەزای زانستی سیاسی نین و لەم بارەشەوە هیچ خوێندنەوە و نووسینێکیان نەبوە و نیە.

لەکۆتاییدا ئیستا کە بەداخەوە لەت بوونەکە رووی داوە چەند پێشنیارم هەیە:

1. کورد وتەنی هێشتاش نەچوە بچێ و بەڕای من کات بۆ یەکگرتنەوە هەر ماوە.تا درەنگ نەبوە لەسەر نوێکردنەوەی حیزب یەک کەون و ئاڵوگۆر بەسەر هەڵەکانی رابردوودا بێنن.

2. لە جیاتی کاک مستەفا بوومایە یەکگرتوویی حیزبم بەسەر کۆرسی خۆمدا هەڵدەبژارد و سەربەرز و قارەمانانە دەستم لە کار دەکێشایەوە با کۆنگرە پێک بێتەوە. دیارە نە تەنیا ئەمە نیشانەی شکستی کاک مستەفا نیە کە بە پێچەوانەوە دەیکات بە کەسایەتییەکی لە خۆ بوردوو.

3. ئەگەر هەر یەک ناگرنەوە و بڕیاری ئاخر لەسەر جیابوونەوە دراوە، لە جیاتی مامۆستا بم قەت نابم بە سکرتر. بەم شێوەیە تاوانی دەسەڵات پەرستی دەسڕێتەوە و بە پێچەوانەوە شانازی

نەترسی و شەهامەت بۆ بەدی هێنانی زەمینەی ئاڵوگۆڕی نوێ دەدرێتە پاڵی.
4. لە جیاتی هەردوولا بم رێگا بۆ گەنجانی خوێندەوار و رۆشنبیر و بە تایبەت ژنان دەکەمەوە و تەنانەت لە هەڵاوردنی پۆزەتیڤ بە بەرژەوەندی ژنان کەڵک وەردەگرم.**
5. یەکەم کار و گرنگترین کار پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کوردە.هیوادارم هەردوولا وەخۆکەون و زووتر بۆ ئەم کارە هەنگاو هەڵێنن.
6. سڕینەوەی دروشمگەلی "بمرێ فلان" و "خاین فلان کەس" و "ئیمە هێزی پێشرەوین" و " سەرکەوێ خەباتی نەتەوایەتی بە رێبەرایەتی ئێمە" و هتد. ئەم دروشمانە زۆر کۆنن و لەگەڵ دنیای ئیمرۆدا نایەنەوە.
7. گومان لەوەدا نیە حکوومەتی ئیرانیش لەو نێوەدا بۆ بەرژەوەندی خۆی دەگەڕێ. دیارە بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی، هێمنایەتی و هەڵسوکەوتی دیموکراتیک لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ حیزبەکانی تر و هەروەها ئەندامان زۆر گرنگە.
8. کەڵک وەرگرتن لە خولی فێرکاری و وۆرکشاپی فێرکاری "خەباتی مەدەنی دوور لە توندوتیژی" و هتد بە یارمەتی رێکخراوە مەدەنییەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و ئاسیا دەتوانێ لە بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاری ئەندامان زۆر گرنگ و بە نرخ بێت.
9. دیسانەوەش پێشنیاری یەکەم دووپات دەکەمەوە.
بەم وتارە رادەگەیەنم من وەک چالاکی مافی مرۆڤ و بە تایبەت مافی ژنان هەروەک ئەندام و لایەنگری هیچ حیزبێک نەبووم ،

لایەنگری هیچکام لە لایەنەکانی حیزبی دیمۆکراتیش نیم و دوستایەتیشم لەگەڵ هەموو ئازیزان لە هەر لایەنێک بن بەردەوامە. ئەم وتارەش دیارە کەم و کورتی هەیە بەڵام هەوڵم داوە کێشەکە لە روانگەی خۆمەوە هەڵسەنگێنم و هیوادارم هیچکەس و هیچ لایەنێک دڵگران نەبێ.بەهەرحاڵ ئازادی بەیانە......

تێبینی:

* ئەم وتارەم لە سەرەتاکانی رووداوی لەت بوونی حیزبدا نووسیبوو و بڵاوم نەکردبۆوە. بەداخەوە ئیستا برێک توند و تیژی و کردەوەی زۆر ناحەز پێشهاتوە کە لەوانەیە بۆ خوێنەری بەرێز جێگای پرسیار و سەرسوورمان بیت. بە هەر حاڵ ئیستاش هیوادارم ئەو توند و تیژییە کۆتایی پێ بێت.

** وەک ئەندامیکی بزووتنەوەی ژنان، هاوکات لەگەڵ دەربڕینی ئامادە بوونی خاتوو شکۆفەی قوبادی بۆ کارگێری لە ئاستی باڵای حیزبی، و هەروەها باوەڕم بە توانایی خاتوو خەدیجەی مەعزووری و خاتوو کوێستانی فتووحی، پێوەندیم بە بەرێزان مامۆستا حەسەنزادە و کاک مستەفای هیجرییەوە کردوە و داوام لێکردوون، چ بە یەکگرتنەوە، چ بە کاری جیاواز، دەستی کەم ئەم خاتوونانە لە ئاستی دەفتەری سیاسیدا بەکار بگرن.لێرەشەوە دیسان پشتیوانی خۆم وەک چالاکێکی مافی ژنان لەم مەسەلە دەردەبڕم ......

...........................................................................

.........

بەرێز ڕوئیا تلووعی لەو نووسراوەیدا، لەگەڵ ئەوەیدا کە ئاماژە بەهەندێک کەمو کووڕی وپلەو کورسی مەلاعەولا دەکا، بەڵام خۆی

لەیاساو قانوونی حیزبێکی سیاسی لا داوەو باسی کۆنگرەو یاسای هەڵبژاردن و زۆرینەی دەنگ ناکات! لانیکەم دەبوایە یاساو ڕێسای کۆنگرەی حیزبێکی سیاسی بەتایبەتی پێڕەوی نێو خۆی حیزب و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئاماژێکی پێ بکات . پێموایە کەسێکی سیاسی نابی بەخاتری ئەوەی کە میوانی بنکەی ئەوان بووە، چاوپۆشی لە ڕاستییەکان بکات و ئاوا سادەو ساکار بەسەر گیروگرفتەکاندا تێپەڕێ و هێڵ و خەتە ئەسڵیەکان باس نەکرێت !
من بەرگری لە کاک مستەفاهیجری ناکەم و بێشک ناوبراو بێکەم و کوڕی نییە و کەسێکیش کاربکات بێکەم و کوڕی نابێ ، بەڵام کاک مستەفا لە ڕێگای قانونیەوە هەڵبژێردراوی کۆنگرەیەو خودی مەلاحەولا لەو کۆنگرەیەدا وێڕای ئەوەی دەنگی داوە پیرۆزباییشی پێگوتووە .

..................................................................................

## دروشمی ڕێفۆرم و .....                    شەمزین جیهانی

بێ گومان هەبوونی کێشە لە ناو هەر حیزبکدا دەتوانێ ، ڕۆڵێکی باشی هەبێت بۆ ئاڵ و گۆڕی و بە خۆ داچوونەوەی ئەم حیزبە ، بەڵام بە مەرجێک کە کێشەکە، کێشەیەکی سیاسی بێت ، چونکە ئەگەر ئەم کێشە یە لە ناو هەر حیزبێکدا چوارچێوەی سیاسی خۆی دەرباز کرد ، ئەوکاتە ئیتر ئەمە کێشەی سیاسی بۆ پێشکەوتی ئەو

حیزبە نییە و تەنانەت بۆنی سازکردنی کارەساتیشی لەگەڵدا دەبێت.
هەر وەک ئاگادارین دوو مانگێک دەبێت کە بە داخەوە لە ناو حیزبی دایک و خاوەن ئەزموون و مێژوو پاکی کوردستان واتە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا، جیبیا بوونەوەیەک لە لایەن چەندین هاوڕێی لە مێژینەی ئەم حیزبە دا رووی دا و دیارە بەر لە ڕاگەیاندن و وەرگرتنەوەی ئەندامیەتیان لە لایەن هاورەیانی کۆنگرەی سێزدەهەمەوە ، هاورێیانی جیابووەی حیزب لە بەیاننامەیەکی داخوازی پێکهاتوو لە بیست مادە بۆ بەرێوە بەرانی کۆنگرەی سێزدەی حیزبدا، بە ناوی" ئۆپۆزسیۆن" ئێدەعای دژبەرایەتی کردنی کۆنگرەی سێزدەی حیزبیان دەربریبوو و لە پاشان بە دروشمی "پێکهێنانی ڕێفۆرم" ، کەوتنە سەر مناقشە و دواندن ، هەڵبەت دیارە کە بەرێووەبەرانی کۆنگرەی سێزدەی حیزبیش وڵامی ئەو بیست مادەیەی بە قەبووڵکردنی هەڤدە خاڵ پەسەند کردبوو و لە بەیاننامەیەکیتر دا ڕاشیانگەیاند.
بە هەر حاڵ ئەو ڕەوشە هەر وا دەوامی کرد و هەر قسەیەک لە لایەنی ئۆپۆزسیۆن و وڵامێک لە لایەنی رێوەبەرایەتی کۆنگرەی سێزدەوە ، ئیتر بوو بە هۆی ئەوەیکە لە ڕێکەوتی شەشی سێپتێمبری دووهەزار و شەشدا ، لە لایەن بەرێوەبەرایەتی کۆنگرەی سێزدەوە لە بەیاننامەیەکی فەرمی حیزبدا، جیبیا بوونەوە و لێوەرگرتنەوەی ئەندامیەتی لە هاورێیانی حیزب بە ناوی ئۆپۆزسیۆن، راگەیەندرێت و هەر بە دوای ئەم ڕووداوەش ، بە گشتی ئەم ڕەوشەی حیزب بوو بە ڕۆژەڤی زۆربەی مێدیاکانی کورد و فارس کە هەتا

ئێستاش هەر دەوام دەکات و دیارە لە سەرەووەی هەموشیان تۆری ئینتێرنێتە .
کاتێک کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ، وەک حیزبی دایک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناو بانگی دەرکرد بێت و خاوەن ڕابرِدوو و ئەزمونێکی تایبەتی سیاسی و خەباتی شۆرشگێرانەی لە بۆ بزوتەنەوەی رزگاری خوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوبێت ، هەبوونی هەر جۆرە کێشەو ناکۆکیەک و یان بە پێچەوانەکەیەوە ، هەر جۆرە پێشکەوتێک لە ناو ئەو حیزبە دا بێ گوومان ،کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بە سەر خەڵک و حیزبەکانیتری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا دەبێت،جا ئەو ڕەنگدانەوەیە کاریگەر پۆزێتیڤی دەبێت یان نێگەتیڤ، دەکرێت کە لە هەر دوو ڕوانگەوە باسی لێوەبکرێت و شی بکرێتەوە.

لە کاتێکدا کە ئێمە وەک کورد ، بە دەیان جار، چ لە مێژوی ڕابردوماندا و چ لەمێژوی ئێستاماندا بۆمان دەرکەوتووە و بە باشی دەیزانین کە نەتەوەیەکی ژێر دەست و لە هەمانکاتدا سیاسەتی ئاسەمیلاسیۆنی نەتەوەیی بە سەرمان دا هەبووە و هەشە، بێ گوومان یەکێتی و یەکریزی لە ناو خەلکی کورددا و لە هەمان کاتدا هەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان حیزبە کوردیەکاندا دەتوانێت کاریگەریەکی بە هێزی هەبێت لە بۆ بەرژەوەندی و ویست و داخوازەکانی ئێمە وەکو کورد بەڵام ئاخۆ کەی یەکریزی و یەکگرتوویی لە ناو ئێمەی کورد و حیزبە کوردیەکاندا پێک دێت وە

یان خود چۆن و به چ شێوەیەک و به کامه خاڵی هاوبەش دەتوانێ پێک بێت ؟! ئەمەش خۆی باسێکی تایبەت به خۆی هەڵدەگرێت .
که بێ گومان ڕەوشی به پێچەوانەکەشی کاریگەریەکی تەواو به دوور له بەرژەوەندی میلەتی کوردی دەبێت .
بەڵام لەم بابەتەدا دەمهەوێ زۆر کۆنکرێت و ئێکسکلۆزیڤ تیشک بخەمە سەر کاردانەوەی دروشمی "ڕیفۆرم "ی لایەنی ئۆپۆزسیۆن، که گەلۆ کاردانەوەی پۆزێتیڤی هەبووە یان نێگەتیڤ؟
ویان خودبه چ مەبەستێک پێک هاتووە؟
و یان هەتا ئێستا تا چەند ئەم ڕیفۆرمه تیۆریزەکراوەیه ، توانراوە پراکتیزە بکردرێت؟
ئاشکرایه پێکهێنانی ڕیفۆرم ، پێویستی به پرۆسەیەکی زەمانی هەیه و پرۆسەیەکی درێژخایەنه ، به تایبەت ئەگەر باس له گۆڕانکاری بناخەی فکری- سیاسی هەروەها گۆڕانکاری ڕێکخستنی و تەشکیلاتی و گرینگیدان به پرسی ژنان و گەنجان و ئەکتیڤ کردنیان له بۆ هەبوونی ڕۆڵی بەرچاوتیریان له ناو حیزبێکدا بێت .
بەڵام له حاڵێتێکدا ڕیفۆرم له ناو حیزبێکدا پێک دێت ، که ئەم ڕیفۆرمه له ناو خودی ئەم حیزبەدا بێت ، واته چون دەتوانی به جیبیا بوونەوە لەم حیزبەدا بڵێی که ئاڵوگۆڕی و ڕیفۆرم لەم حیزبەدا پێک دێنی ؟
ئەگەر وا نەبێت ئەوا دەکرێت که به بێ ساز کردنی هیچ ئاڵۆزی و کێشەیەک ، لەژێر ناوێکیتر و نوێدا ، نه تەنییا ئەوەیکه هەنگاوێکت له بۆ دوورکردنەوەی ئەگەری کۆمەڵێک کارەسات

هەڵێنابێتەوە ، بەڵکوو دەتوانرێت ئەم دروشمانە لە ناو حیزبێکی نوێیتردا دابمزرێنی و خەباتێکی پیرۆزیشی بۆ بکەی وهەروەها ئەوکاتە وەک ئۆپۆزسیۆنێکی نوێی کوردی ، وێڕای هەبوونی تەجروبەیەکی سیاسی لە ڕابرِدوی تێکۆشانت لە ناو حیزبێکی کوردیدا بیتە مەیدانی خەبات و شان بە شانی ئۆپۆزسیۆنەکانیتری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە گشتی لە وڵاتی ئێرانداخەبات و چالاکی بکەی و تەنانەت وەک ئۆپۆزسیۆنێکی نوێ لە بەرەیی یەکگرتووی کورد دا ئەگەر پێک هات بەشداریش بیت ، هەروەها لە لایەکیتر ڕیفۆرمخوازانی کورد دەتوانن هەوڵی پراکتیزە کردنی دروشمە تێۆریزەکراوانیشیان بدەن .

بەڵام ئەگەر ئەم ڕیفۆرمە بە نرخی ئاڵۆزکردنی خەباتی نەتەوەیی کوردبوو و ئەویش درووست لەم کاتەدا کە مەسەلەی دەوڵەتی ئێران لە فیناڵ دایە وهەروەها ئەویش ڕیفۆرمێک کە بە هاتنە دەرەوە لە حیزبەکەدا و لە هەمانکاتیشدا کۆپی کردنی ناوی حیزب و یان ئیزافەکردنی خەتێکی تیرە بە ناوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا کە وەک یەکەمین ڕیفۆرم خۆی نواند، کە ئەم خەتی تیرەیەش کۆمەڵێک گومان و پرسیار و ڕەخنەی جیدی بە دوای خۆیدا هێنا و یان کۆپی کردنی ناوی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ....

ئایا دەکرێ ناوی ڕیفۆرمی لە سەر دابندرێت ؟

هەروەها لە هەمووی گرینگتر و زەقتر ئەمەیە کە کێ ئەم ڕیفۆرمە پێک دەهێنێت ؟

ئەوکەسەی کە تەواوی تەمەنی لە ناو ئەو حیزبەدا بووە و تەنانەت لە بەڕێوەبەرایەتی ئەم حیزبەش دابوویێت ، بەڵام تازە

وه هوشيار بوونەوەی هاتبێت و بڵێت کە دەبێ لە ناو ئەم حیزبەدا ڕێفۆرم پێک بێت و دەبێ هەڵگری دروشمی ڕێفۆرم بین ،جا بە هەر نرخێک کە دەبێت با ببێت

بەڵام لە ڕاستیدا،حەتا ئێستا ئەم جیبیا بوونەویە بە مەبەستی پێکهێنانی ڕێفۆرم و نوێکاری چ بەرژەوەندیەکی بۆ ئێمە وەک کورد هەبووە ؟!

هەبوونی ناکۆکی لە ناو حیزبەکان و ئاڵۆزی لە ناو حیزبێکی کوردی و بە تایبەت حیزبێکی کە دوژمن دڵی لەی پڕە لەقین و تۆڵە،چەندە مزگێنیەکی پڕ بەهایە بۆ کۆماری ئاخووند پەروەری ئێران ؟!

هەروها تا کەی کورد دەبێ هەر جارێ و بە بەهانەیەک و لە ژێر ناوی دروشمێکی نوێدا،خۆی خەریکی چارەسەر کردنی شەڕ و کێشەکانی ناو خۆی بکات؟!

لە کاتێکدا کە دڕندەرێن کۆمارەکان ،مافە هەرە سەرەتاییەکانیان لە ئێمەی کورد پێشێل کردووە.

شەمزین جیهانی 07/02/2007

به نێو سایتەکاندا دەگەڕێم بۆ زیاتر هەواڵی جیابوونەوەی حیزبی دێموکڕات . چونکە زیاتر هەواڵ و بەڵگە وەدەست هێنان پتر نرخی نووسراوەکە دەباتە سەر . یەکجار زۆر شت نووسراوە، بەڵام پێم خۆشە شتەکان وێک نەچن و یەکنەواخت نەبن ، تووشی سایتی دیمانە دەبم و دەبینم بە ئەدەبیاتێکی پڕ لە دڵسۆزی و بە تام و چێژ بابەتێکی چوار لاپەڕە بە نێوی ئاگرین نووسراوە . وەک لاپەڕەکانی پێشتر دامبەزاند، فەرموون بیخوێننەوە، هیوادارم ئەو تام و چێژە برین کولێنێتەوە , بۆ ئێوەی‌بەڕێزیش‌ئەوکارگەریەی‌هەبێ. نووسەر .

..........................................

هاوارێک لە نەفرەت : کۆیە . *ئاگرین* 2007.02.24

**لە پەراوێزی جیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

کۆیە فەزایەکی تری بەسەردا زاڵە. قسە و قسەڵۆک، تۆمەت و بێحورمەتی، ناهومێدی و هەست بە دۆڕان، بێزاری و پەشیمانی و خۆزگە بۆ «جیابوونەوە» داخوازی هەموانە. "ڕەوتی ڕیفۆرم" بەرژەوەندی خۆی لە گرتنی هەڵوێستێکی سەربەخۆ دەزانێ. هەمووشیان ئیدیعای خۆشەویستی قازی و ... تاد لێ ئەدەن. هەموویان ناڕازین. ڕازییەک لە دەشتی کۆیە بەدی ناکەی!

ئ. ج.، ژنەپێشمەرگەیەکی هەورامانی، دەڵێ: "تۆ نازانی کەوتووینەتە نێو چ گێژاوێک. کەس تین و تاوی کار و خەباتی نەماوە، «جیابوونەوە» تەنیا ڕێگەچارەیە. ئاوارەی شاعیر سەر بە باڵی کاک مستەفای‌هیجری‌یە."

ڕ. ل. بەرپرسی "ڕەوتی ڕیفۆرم" دەڵێ: "چەند مانگە نەمتوانیوە وتارە نیوەچڵەکانم تەواو بکەم. هەموو توانای ئێمە سەرفی ناکۆکیی نێوخۆیی بووە، لەبیرمان کردووە بۆچی وڵاتمان بەجێهێشتووە."

ڕەسووڵ، گەنجێکی بۆکانی کە پێنج ساڵە پێشمەرگەیە، لە هەموویان تووڕە ترە: "بیر لە پاییزی 1376 دەکەمەوە، بیر لە پاییزی 1378 دەکەمەوە کە بە تاوانی چالاکیی سیاسی بۆ حیزبی دێموکرات دەسبەسەر دەکرێم. بیر لە چەند مانگ ئینفرادی دەکەمەوە. بیر لە دوورکەوتنەوە لە یەکەم ئەوین، ژیان و خوێندن دەکەمەوە. بەسەر هەموو ژیانی ئالودەی دەردی کوردبوونم دەڕشێمەوە."

ئەدەبیاتی سەرکردایەتیی باڵەکان ئەدەبێکی شۆڕشگێڕانە و نەتەویی نییە. وەک ڕۆژنامەنووسێک هەڵدەستم بە دیداری هەردوو باڵ. میوانی مامۆستا حەسەنزادەم، مامۆستا گەر دیموکرات و ساڵەهاش سرکردە نەبایە دیسان خۆشەویست بوو، چونکە خزمەتێکی کەموێنەی بە وشە و ئەدەب و کەلتوری کوردی کردووە. مامۆستا باسی زۆر شت دەکات، پەیتا پەیتا جگەرە دەکێشم و هەست بە کارەساتی بۆشایی ناوداری کورد لەنێو حیزبی دێموکرات دەکەم. ڕوانگەکانی حەسەنزادە وەردەگرم. تەلەڤزیۆنی ماڵەکەیان ڕۆژهەلات تیڤی پەخش دەکات. لەپشت سەری مامۆستادا وێنەی دوکتۆر قاسملوو هەڵواسراوە. لەژێر وێنەکەدا نووسراوە "باشترین پاداش بۆ شەهیدان، درێژەدانی ڕێگای ئەوانە". تووشی گومان دەبم. گومان بەرامبەر بە هەموو شتێک. دیمانەکەم بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان ڕاپۆرت" تەواو دەبێ.

کاک جەلیل گادانی دەبینم. گادانی سەرباری ئەوەی لە کتێبەکەیدا د. قاسملوو بە "دیکتاتۆر" ناوزەد دەکات بەڵام لە دیمانەکەدا هەموو گەلی کورد بە قەرزداری قاسملوو دەزانێ. تەسەور ناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم دوو کەسایەتییە دژبەیەک بووبێتن. ماڵی گادانیش وێنەی د. قاسملووی تێدایە. ئەو بێحورمەتی بە باڵی کاک مستەفا ناکات.

کاک حسێنی مەدەنێ دەبینم. پێش دیتنی، کتێبەکەیم "کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان" چەند جار خوێندۆتەوە. مەدەنی جیا لەوەی پێشمەرگە بێ، نووسەر، بیرمەند و ناسیونالیستە و حیزبایەتی بۆ خزمەتی کوردایەتی هەڵبژاردووە. لە ماڵەکەیدا وێنەی قاسملوو نابینم! پاش قسەوباسێکی زۆر، دڵم تەنگ دەبێ. نەرم نەرم دەگریم. کۆیە بۆنی سنە و مەهاباد نادات. منیش تا دڵم تەنگ دەبێ ڕوو لە دەشتی کۆیە و هەرمۆتە دەکەم.

خەمەکانم، خەمەکانی دووری لە بنەماڵە دادەمرکێن. ڕا و بۆچوون و گلەیی و گازندەی ئەوان وەردەگرم و دەچم بۆ سکرتاریەتی حیزب. کاک مستەفای هیجری، کاک حەسەنی شەرەفی، کاک چەکۆ، بەرپرسی کۆمیتەی ئەمنیەتی حیزب، و کاک محەممەد نەزیفی قادری لە حەوشەدا دانیشتوون؛ چاکوخۆشی دەکەین، ئەمانیش هەروەک مامۆستا و... ڕێز و حورمەتی تایبەتم بۆ دادەنێن. تووڕە دەبم و بەسەر دەفتەری سیاسیدا دەگوڕێنم. مەسعود بابایی، وەرگێڕ و نووسەری لاو، دانیشتووە. بە سەرسووڕمانەوە سەیرم دەکات. سەیری هەمووان دەکات.

دژی سزادانەکەی مەدەنی دەوەستم؛ دژی ئەو پەرێشانییە بەسەر حیزبدا هاتووە. ئاخر حیزبی دێموکرات بە بەشێک لە شوناس و هەویەتی گەلی کوردستان لە ئێران دەزانم. تووڕەبوونم کڵپەدەستێنێ. بێجگە لە کاک مستەفا هەموان بێدەنگن. تەردید و خەم بە سیمای هیجرییەوە دەبینم. کاک مستەفا دەڵێ: "جگەرەیەکی تر داگیرسێنە!" هیجریش وەک گادانی سنوورەکانی ئەدەب و ئەخلاقی شۆڕشگێرانە نابەزێنێ. ئەودیوی ئەو هەرایە ناخوێنمەوە. کاک مستەفا ماچم دەکات و جێمان دەهێڵێ.

دواتر کاک حەسەنی شەرەفی ورد ورد وڵامی یەک بە یەکی قسەکانم کە بە جۆرێک گلەیی و گازندەی باڵی کەمینەیە ئەداتەوە. بۆنی توندی شەڕی دەسەڵاتپەرستی ئازارم ئەدات. شەڕ، شەڕی فیکر و عەقڵییەت و میکانیزم و ستیراتیژی نییە. شەڕ، شەڕی پێشخستنی حیزب یاخود چارەدۆزینەوەیەک بۆ دەربازبوون لە کارەساتی زەوینگیربوون لە دەشتی کۆیە نییە. شەڕ، شەڕی خوێندنەوەی جیاواز لەسەر "کورتەباس" و ڕێبازی قاسملوو نییە. شەڕ، شەڕی هەڤبرکێ بۆ گۆڕینی ژیانی سیاسی نییە. شەڕێک ناشەرعی، نائینسانی، دژیگەلی، دژی حیزبی، دژی نیشتمانی. شەڕی دەسەڵاتدانانی مەزادخانەیە کە بۆ سالانێک حەیاتی سیاسی، مەزادخانەیەک بۆ حەراجکردنی مەزاری دوکتۆرەکان لە پێرلاشێزی پاریس، لێیان تێکچووە حیزب، حکومەت نییە! ڕەوتی ڕیفۆرمیش سیاسیانە سەرقاڵی مامەڵەیە. کێ داخوازەکانیان دابین بکات لەگەڵ

ئەوە؟ هیجری وەک حسێن یەزدانپەنا دەڵێ: "دوورە لە هەر چەشنە سەودایەکی نارەوا."

سەرگەردان بەنێو سکرتاریەتی حیزبدا دەخولێمەوە. لەبیرم کردووە من ڕۆژنامەنووسێکم و هیچی تر. خەمێکی کوشندە ئەوکی گرتووم. هەست بە ئامادەبوونی لایەنگرانە مەلکەچەکانی مەنسور حیکمەتی دژی کورد لەودیوی ئەم وەزعەوە دەکەم. ساڵانی براکوژی کۆمەڵە و دێموکرات وەبیردێتەوە. نە، یەکڕاست بەرەوپیری مەرگ چوونی قازی محەممەدم بیردێتەوە و لەگەڵ ئەو فەشەلهێنانە بەراوردی دەکەم! بیر لە غوربەتی قاسملوو دەکەمەوە. بیر لە هەموو خەمەکان دەکەمەوە. بەلامەوە سەیر نییە. مانەوە و ئیستایی گەندەڵی لێ شین دەبێ. ئێرە کۆیەی کوردستانە! شاری دڵدار و حاجی قادر. شاری هەیبەت سوڵتان و نەوت. شاری ئەسمەرانی وڵات ئەمڕۆ کۆیە، هەواریک لە نفرەتە. بیر لە هۆکارانی ئەم شەوەزەنگە سامناکە دەکەمەوە. کارم نییە بە قورسایی حیزبەوە. کارم نییە بە ڕابردووی حیزبەوە، من ناسلامەتی لەنێو گۆڕەپانی ڕۆشنبیریدام. هەقیقەت لای من بان- حیزبییە. بەڵام ویژدان حوکم دەکات ڕاشکاوانە بڵێم، حەسەنزادە بوو بە قوربانی سەودایەکی مافیایی و تیجارەتێکی ترسێنەر. مامۆستا حەسەنزادە بوو بە قوربانی ئەو بەڵێنانەی بە هەڵیکرد. ویژدان حوکم دەکات بڵێم: جیابوونەوە زەبرێکی کوشندەی لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران و دابڕاوەکان دا. گەرچی گڵۆپی هیچ بینایەک، بە ڕۆیشتنی چەند کەس ناکوژێتەوە و هیچ ڕەشماڵێکی بەر ڕەشەبا و بۆران بۆنی گەورەماڵ نادات.

بەرلەوەی دەشتی کۆیە بەجێ بێڵم و بەرەو هەولێری خاوەن کەرامەت

بگەڕێمەوە، بیر لە نووسینی وتارێک دەکەمەوە: "کۆمیدیای بەرەی کوردستانی!" ئێمە دۆڕاندمان و کردمان بە شایلۆغان. ئێمە هەرەسمان هێنا و لەدووی پاساوێکی شەرعی گەڕاین. ئێمە هەرەسمان هێنا و بۆی نووستین. ئێمە چ پاڵەوانێکین لە ئاژاوەگێڕی دژی یەکتر. چما ئێمە و خۆخۆری لفەدوانەی مێژووین. با فەراموش بکەین. ئاخ چ لەزەتێک لە فەرامۆشیدایە.

کۆیە : ئاگرین .

......................

تۆ بڵێی ئەو شەڕانەی کە تائێستا ڕوویانداوە درێژەی درێژەی بێت و سەرئەنجامێکی خراپی لێ نەکەوێتەوە ؟؟؟

بڵێی حیزبێک پاکانە بۆخۆی بکات و تاوانی ئەو شەڕانە بەسەر کسی تر دابێنێ و خۆی تەبرەئە بکات ؟؟؟

لە خوارێ بیخوێنەوە !

..................................................................................

سیاسەتی شەر فرۆشی بە مەبەستی خۆناساندن

ئیفلاسی سیاسیە

تاقمی کاک حەسەنی رەستگار، دوای راگەیاندنی جیابوونەوەکەیان لە حیزبی دی موکرات، لە جیاتی تی کۆشان و دار شتنی بەرنامەی نوی ! بە دژی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ناساندنی خۆیان بە کۆمەلا نی خەڵکی کوردستان، ریگای شەر فرۆشی بە پی شمەرگەکانی حیزبی دی موکراتیان هەڵبژاردووە.

کەسانی سەر بە لایەنی ئەو تاقمە بە پیی ئەو سیاسەتە جارێکی دیکە رۆژانی جومعەو شەممە (11و12ی رەشەممە) لە بنکەکانی حیزب لە دیگەڵەو جیژنیکان دوای بەهانە پیگرتن و تەنانەت تەقە کردن بە سەر

پێشمەرگەکاندا بوونە هۆی شەر و پی کدادان و بە دوای ئەوەدا بە خێرایی وەک ئەوەی هەلێکی زێرینیان بۆ رەخسابی جارێکی دیکە لە سەر راگەیەنە گشتی یەکان دەستیان بە هات و هاوارو "مەزڵوم نمایی" کردو بازار ی خۆیان پی گەرم کرد
جێگای سەرنجە کە زیاتر لە دوو مانگە بۆ دوور خستنەوەی شوێنی نیشتەجی بوونی بنەماڵەو کاری ئەوان لە حیزبی دێموکرات، لە لایەن نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمەوە جێگایان بۆ دیاری کراوە، بەلا م هەموو رۆژێ بە بەهانەیەک دوورکەوتنەوەکەیان وەدرەنگی دەخەن و تا ئیستاش ملیان نەداوە بۆ بەجی هێشتنی شوێنەکانیان، ئەوەیش لە بەر ئەوەیە کە دەزانن دوور کەوتنەوەیان« مەیدانی شەر فرۆشی و لە ئاکامدا تەبلیغاتەکانیان بەرتەسک دەکاتەوە
ئێمە خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە حیزبی دی موکراتی کوردستانی ئێران بە هەست بە بەرپرسایەتی تەواو لەو پی وەندیيەدا هەڵس و کەوت دەکاو، ئەگەر تا ئیستا ولا می شەر فرۆشی یەکانی ئەم تاقمەی داباوە لەوانەبوو رووداوی چاوەر وان نەکراوی لی کەوتباوە.
بۆ بەرگری لەو چەشنە رووداوانەو، نەهێشتنی بەهانە بە دەست تاقمی مەلا حەسەنەوە، داوا دەکەین حکوومەتی هەرێم جیددیترو بەرپرسانەتر ئیقدام بکەن بۆ دوورخستنەوەی ئەو جەماعەتە

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
سکرتاریا 05 – mars 2007

دڵشاد جەمشیدی

پێش لە حیزبی بوونم من کوردم و کوردبوونم هانیداوم کە حیزبی بم. حیزب ئەتوانێت ئەندامیەت لە من وەرگرێتەوە بەڵام باوەڕی منو ئامانجی من نەکارتی ئەندامیەتین نە مەسئولیەتی حیزبی نە ... کە حیزبێک بتوانێت لێمیان وەرگرێتەوە

ڕاگەیاندراوی 1385.12.20ی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن، بەڕێزتان لە خزمەت کام هیوای گەلەکەماندایە؟ شازدە جار ڕاستەوخۆ ناوی مام جەلال لە ڕاگەیاندنەکەی حدک- ئ دا هاتووە. سەیر ئەوەیە بیستجار ئاماژەی ڕاستەوخۆ بەناوی یەکێتیی نیشتیمانی دراوە، ئەمە جیا لەو پاراگرافانەن کە بە لایەنی کوردی باسی لێوە دەکەن. هەفت جار ناوی مامۆستا حەسەنزادە و مام جەلال لەپاڵ یەکدا هاتووە. پازدە جاریش ناوی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە هاتووە.

چۆن لام وایە گەورەترین هەڵە بۆ ئەندامی حیزبێکی سیاسی ئەوەیە کە وا بیر بکاتەوە کە تەنیا حیزبەکەی خۆی شۆڕشگێڕە و تەنیا کێشەی کورد بە سیاسەتە حەکیمانەکانی حیزبەکەی ئەو چارەسەر ئەکرێت، هیچ کاتێک نەمتوانیوە خەبات و تێکۆشانی هیچ لایەنێک یان تاکێک بە کەم یان هیچ وەسف بکەم. گرینگ گەیشتن بە ئامانج و هیواکانمان، ئەگەر وا بیربکەینەوە بە دڵنیاییەوە یەکەم شت کە دەمرێت شەڕی براکوژی و لە یەکتر ترازانی ڕیزی خەباتگێڕانە.

ئێمە وا بیرمان نەکردەوە بۆیە وامان بەسەرهات. ئێمە هەمووکمان بیرمان

له "منایەتی" دەروونی خۆمان کردەوە، بۆیە ئارام ئارام لە گشتایەتی دوورکەوتینەوە و بووینە دەستەی منەکانی هاوچەشنو هاوڕەنگو زۆر جاریش هاوشاریی خۆمان. منایەتیلەنەبینینیبەرانبەرەکانداماناادەبەخشێت. خۆپەرەستی دەرئەنجامی بەرانبەر نەویستییە.

ئێمە لە من بوونی خۆماندا ئەخنکاین بۆیە لە پەلەقاژەکانی پێش نوقمبووندا تەنانەت ئەو پیرۆزایەتیانەی کە منایەتیان پێ بەخشیوین دەکەینە قوربانی دوو هەناسەدانی زیاتری ناوبانگی منایەتیمان. ئێستاش لاموایە ترسناکترین هەڵە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جەرەیانی دابڕاو لەو حیزبەیش کە ئەوانیش بە ناوی حیزبەوە تاکو ئەهاکە درێژە بە خەباتی خۆیان ئەدەن، خۆپێناسەکردنە لە خۆبەراوردکردن لەگەڵ یەکتر یان هەمان خۆ بە عەیاری هەڵسوکەوتی یەکترین هەڵ سەنگاندنە.

ناکۆکی لە بەرژەوەندیی کێدایە؟

ڕێکەوتی 1385.12.20 کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان – ئێران واتە کەمایەتی پێشوو، لە دوو تویێ بابەتێکدا کە هەر هەمان ڕۆژ لە ماڵپەڕی ناوەندی ئەو جەرەیانەدا بڵاوکرایەوە زۆر نادۆستانە و بگرە زۆر نابەرپرسانەیش هەوڵی ئەوەی داوە کە دۆستایەتی لەمێژینەی دوو هێزی سیاسیی کوردی بخاتە بازنەی گومانێکی دەستکردی خۆێەوە. بە دڵنیاییەوە لە یەکتر ڕەنجانی دوو هێزی سیاسیی کورد لە هەموو حاڵەتێکدا تەنیا قازانجی دوژمنی کوردی لێدەکەوێتەوەو لێیکەوتووەتەوە، بەڵام لەبەر چ هۆکار گەلێک ڕاگەیاندنی باڵی دابڕاو

له حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرجەم تواناکانی خۆی تەرخان کردووە بۆ نانەوەی ناکۆکی لە مابەین یەکێتیی نیشتیمانی و حیزبی دێموکراتدا؟ پرسیارێکە کە لام وایە وەڵامەکەی لای سیاسەتداڕێژەرانی ئەو جەرەیانە یان نووسەرانی ئەو جۆرە بابەتانە دەستدەکەوێت.

**کاتێک پێناسەی تاکەکان دەبێتە پێناسەی گرفتەکان.**

هەموو کات لە پرسێکدا یان کێشەیەکی تەشکیلاتیدا بابەتەکان یان ناکۆکییەکان ورد دەبنەوە و لە کەسایەتییەکاندا بەرجەستە ئەکرێن. نووسین لەمەڕ کێشەگەلێک کە بنەمای فیکریان نەبێت، نەخوازراو نووسەر ئەخاتە بازنەیەکی چکۆلەی ململانێی تاکە کانەوە. چۆن لە قەیرانەکانی ئەم دوایانەی حیزبدا بنەما یان بناخەی کێشەکە فیکری نەبوو، تەواوی ئەو کەسانەی کە سەبارەت بەم قەیرانە نووسیان ناچار بوون لە پێناسەکردنی کەسایەتییەکانەوە قەیرانەکەیش پێناسە بکەین.

لێرەدایە کە بینیمان بەدرێژایی ماوەی دوای کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزب تاکاتی جیابۆوەوەی ڕەوتی مامۆستا حەسەنزادە و تەنانەت دواتریش تەواوی ئەو بابەتانە نووسران و سەبارەت بەم قەیرانە یەکتر تاوانبارکردن بوون. من لام وایە گرفتێک کە بنەمای فیکری نەبێت چارەسەرکردنی زۆر ئاستەمە. قەیرانێک کە بەرۆکی تەشکیلاتی حیزبی گرتبووەو زیاتر لەوەی کە لە بنەڕەتدا لەسەر ئەساسی دڵسۆزی زیاتر بۆ حیزب و ئامانجەکانی حیزب و نەتەوەی کورد بنیادنرابێت، خوڵقای تەوەهوم یان جۆرێک یەکتر تەحەمول نەکردن بوو.

**فتنەنگاری**

لێرەدایە کە سیاسەتی دەرپەڕاندن یان کارشکێنی ئەبێتە ستراتیژی لایەنە لەیەکترتووڕەبووەکان. بە باوەڕی من دەکرێت ڕاگەیاندراوی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی ح.د.ک.- ئ کە ڕێکەوتی 1385.12.20 بڵاوکرایەوە بە ترسناکترین نمونەی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتکردنە دابنرێت.

ئەم بابەتە دەکرێت بە نمونەیکی تەواوی بێ بنەمایی لە لێکدانەوەی بابەتیانەی گرفتەکاندا بنرخێندرێت کە تاکو نەهاکە لەلایەن دوو باڵی ناکۆک و نەهاکە دوو حیزبی ناکۆکەوە ڕاگەیەندراوە. بابەتێک کە سەرتاسەر تاوانبارکردنی لایەنی بەرانبەر و پاکانەکردن بێت بۆ خۆ، لە گشت حاڵەتێکدا ئەو قورسایەی نییە کە وەڵام بدرێتەوە. بابەتێک کە یەکێک لە فاکتەکانی بۆ سەلماندنی تاوانباربوونی لایەنەکەی بەرانبەر ئەوە بێت کە چۆن نووسەری بابەتێک خۆی بە ناوی خوازراوی "هەیشور" ەوە ناساندووە و "تەیمور" لەسەر وەزنی "هەیشور"ە دەگاتە ئەو ئاکامە کە خاوەنی ئەو بابەتە تەیمور مستەفاییە ئاخۆ بۆ ئەوە دەبێت کە لەژێری بنووسرێت، "کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان-ئێران" یان دەبوا هەوەک جاری جاران بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئەو حیزبە ئەم بابەتەیشی بە ناوی نهێنی ڕ. ئەمینی یان ئاکام بڵاو بکردایەتەوە.

فتنەنگاری هەوێنی سەرەکی ئەم ڕاگەیاندنەی باڵی مامۆستا حەسەنزادەیە بۆیە من وەڵامی ئەدەمەوە. هەوڵدان بۆ دوژمن داتاشین بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجی سەرەکی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاگەیاندنەیە بۆیە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

### کێ دوژمنی یەکێتیی نیشتیمانیيە؟

نووسراوەکەی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حدک- ئ کە گوایە ویستوویەتی ڕوونکردنەوە یان بە ئیسلاحی خۆیان بەدرۆخستنەوە بدات لە سەر قسەکانی نوێنەری حیزب لە سلێمانی، کە سەبارەت بە وتووێژی مامۆستا حەسەنزادە لەگەڵ گۆڤاری لڤین چەند دێڕی نووسیبوو، بە کردەوە هەوڵدانێکە بە دوور لە گشت بنەما ڕەوشتییەکان بۆ تاوانبارکردنی حیزبی دێموکرات بە دوژمنایەتیکردن لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستا. و بەتایبەت کەسایەتیی بە ڕێزمام جەلال.
مرۆڤ بە خوێندنەوەی ئەو بابەتە بەو نەتیجە دەگات کە قسەکانی نوێنەرایەتی حیزب لە سلێمانی تەنیا کراونەتە بەهانە بۆ هەڵڕشتنی ناخی نووسەری ، ڕاگەیاندنەکە و لە درێژەی بابەتەکەدا دەردەکەوێت کە ئەوەی کە هێرشی کراوەتەسەر تەواویەتی حیزبی دێموکراتە و ئەوەیش تاوانبار کراوە. هەموو دەفتەری سیاسی حیزبە و تاوانیش کە دەدرێتە پاڵی کەسایەتییەکان تاوانی دژایەتیکردنە لەگەل یەکێتی و مام جەلال و عەبدوڵڵا حەسەنزادە.

شێواوی و بەلارێداچوونی نووسەر و نووسراوەکە و بەلارێداچوونی لە پێکانی ئامانجەکانیدا، ئەو گومانە ساز دەکات کە نووسەری بابەت تەنیا ئەرکی میرزابنویسی پێدراوە و بیرۆکەکە بیرۆکەیەکی پێشنیارکراوی کەسانێکی ترە لە دەرەوەی بازنەی تەشکیلاتی ، یان ڕاگەیاندنی جەرەیانەکەی حەسەنزادەدا. نووسەر یان دارێژەری کروکی بابەتەکە لە ڕەستە بە ڕەستەی نووسراوەکەدا هەوڵی ئەوەی داوە کە بە جۆرێک حەسەنزادە و مام جەلال بکاتە خاوەنی یەک پرسی هاوبەش و نوقتە ئیشتیراکێک لە مابەینی ئەو دوو کەسایەتییەدا ببینێتەوە. بۆوێنە ئەم چەند ڕەستەیە:

" ئەو برادەرانە هەمیشە ئێمەیان بە خەیانەتکار زانیوە، وتوویانە لە ناوچەی سلێمانی 300 کەس کوژراوە، هەمووی بە دەسیسەی عەبدوڵڵاحەسەنزادە و جەلال تاڵەبانی بووە"

(کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حدک - ئ)

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەم کە ئەمە دەقی قسەی حەسەنزادەیە کە ئەو ڕاگەیاندنە هێناویەتەوە کە لە وتووێژی خۆیدا لەگەڵ گۆڤاری لڤین کردوویەتی.

1. دەبێت هەم مامۆستا حەسەنزادە و هەم کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی جەرەیانەکەی باش لە مانای وشەی " شەهید" بگەن و پێویست بەوە ناکات کە من بۆیان ڕوونکەمەوە کە باشتر وایە لەباتی وشەی کوژراو بۆ پێناسەکردنی قوربانییەکانی دەستی تیرۆریستانی سپای پاسداران لە خاکی کوردستانی باشووردا شەهید بەکاربێنن.
ئاخۆ ئەم گۆڕینی ئەدەبیاتی باوی پارتی شۆڕشگێڕی کورد یان شێواندنی پێناسەی ئەو قوربانیانە تەنیا دەکرێت بە هەڵەیکی لەفزی یان هەڵخزینێکی قەڵەمی باسی لێوە بکرێت یان هەڵدەگرێت بەوردی ئاوڕی لێ بدرێتەوە؟

**کاتێک دڵت بۆ وشەکان ئەسووتێت.**

ئەوان هیچ کات ئەو ئازایەتییە سیاسییەیان نەبووە نیازی ڕاستەقینە و زۆر لە ئیددیعاکانیان بە ڕەسمی و بە ناوی خۆیان و لە ڕاگەیەنە

ڕەسمییەکانیاندا دەربڕن. چونکە لەلایەکەوە ئیدیعاکانیان درۆن لەلایەکی دیکەوە پێیان وایە بەخاوەنکردنی ئەم درۆ و دەنگۆیانەیان لە باری سیاسی و پێوەندییەکانیانەوە بۆیان بە گران تەواو دەبێ. لە ئاکامدا نەک هەر حاشایان لێکردوون، بە پێچەوانەی نیەتی دەروونیان، ڕیاکارییەکی زۆریشیان بەرامبەر ئەو لایەنانەی وەک دوژمن سەیریان کردوون. (2 هەمان سەرچاوە)

ئەمەی سەرەوە چەند پاراگرافێکی تری نووسراوەکەی بەشی ڕاگەیاندنی حدک- ئ ە. ڕۆژی 17ی سەرماوەز من لە کۆیە بووم و لە نەخۆشخانەی حیزب تەرمی پێنج شەهیدی نەمری ئەو گەلەم بینی. ڕۆژی 17ی سەرماوەز سێ ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزب و دوو پێشمەرگەی قارەمانی ئەو حیزبە شەهید بوون. مامۆستا حەسەنزادە ئەوکات ڕێبەری حیزب بوو. ئاخۆ ئازایەتی سیاسی هەبوو کە نیو ئەوەندەی ئەو هەڵوێستە ئازایانە بە قسەی خۆی لە بەرانبەر بالی مستەفا هیجریدا دەیگرێ لە بەرانبەر بکوژانی ئەو قارەمانانەی حیزبەکەیدا بیگرێت. ئاخۆ مامۆستا هەستا هاوچەشنی وتووێژە چاپەمەنییەکەی کە بە دەیان ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنی لە هوتێل هەورامان لە خۆ خڕکردبوونەوە بۆ مەحکومکردنی مستەفا هیجری، کۆنە هاوسەنگەری، هەنگاوێکی هاوچەشن بهاوێ بۆ مەحکومکردنی بەرپرسیاران لە شەهیدکردنی پێشمەرگەکانی حیزبدا؟

بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو جۆرە ئازایەتیانەمان لە مامۆستا بدیبایە من بۆخۆم نەهاکە دڵم بە وشەی ئازایەتی نەدەسووتا، بەڕاست وشەکان داماون. چونکە لە لایەکەوە ئیدیعاکانیان درۆن، (هەمان پاراگراف)

بەداخەوە نووسەری بابەتەکە چۆن بەتەنیا ئینشای نووسیوە و بیرۆکەکە هی خۆی نەبووە لێرەدا دیسان بۆشایی ئەدات و دیاری ناکات کام یەک لە ئیدیعاکان درۆن. بە وتەی خۆتان "کوژرانی 300 کەس" شەهید بوونی 300 کەس؟ کاتێک ئێوە لە سەرەوە باسی ئیدیعاکانی یان تاوانەکان دەکەن کە خراونەتە پاڵتانەوە باشتر وایە باسی ئەوە بکەن کام بەشی بە قسەی خۆتان لەم ئیدیعانە درۆن.
ئەو برادەرانە هەمیشە ئێمەیان بە خەیانەتکار زانیوە، وتوویانە لە ناوچەی سلێمانی 300 کەس کوژراون، هەمووی بەدەسیسەی عەبدوڵلاحەسەنزادە و جەلال تالەبانی بووە (کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حدک- ئ ) ئایا درۆیە کە بە سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزب لە کوردستانی باشوور شەهید کراون؟ ئەوەی کە پێشمەرگەی حیزب شەهیدکراوە و بە درۆ زانینی ئەو ئیدیعایە ئاخۆ چ نییەتێکی لەپشتەوە بێت؟ ئەکرا ڕاگەیاندنی ئەو برادەرانە باس لە درۆبوونی بەشێک لەو ئیدیعانە بکات و باس لەو تۆمەتانە بکات کە دەخرێنە پاڵ ناوی مامۆستا حەسەنزادە، و بە دڵنیاییشەوە بەرگریکردن لە مام جەلال کە خۆی وەک سەرۆککۆماری عێراق نەتەنیا بەرگری لە مافی کوردی باشوور بەڵکو بەرگری لە مافی نەتەوەکانی نیشتەجێی عێراق دەکات، نە کاری ئێوەیە و نە ئەرکی ڕاگەیاندنی ئێوە.

1. تا ئەو جێگایە من بزانم ئێوە هیچ کامتان شەهادەی پارێزەریتان نییە و لە هیچ ڕاگەیاندنێکی یەکێتیی نیشتیمانیشدا ئێوە بە پارێزەری بەرژوەندییەکانی ئەوان نەناسێنراون تاکو نەهاکە.
2. مام جەلال وەک ڕێبەرێکی کورد لام وایە ئەوەندە دەزگای ڕاگەیاندنی هەمەڕەنگی لەبەردەستایە و لە خوا بەزیاد بێت کادێریشی کەم نین کە

ئێوه دەتانەوێت بە لەتە ماڵپەڕێکەوە ئەرکی پارێزگاری لە مام جەلال و یەکێتی وەئەستۆ بگرن و ببن بە دەمڕاستی خەڵک یان باشترە بڵێم بە دەم و گوێ بۆ دەزگای زانیاری یەکێتیی نیشتیمانی و دوژمنەکانیان پێ بناسێنن. بە پێچەوانەی نیەتی دەرونیان ڕیاکارییەکی زۆریشیان بەرامبەر ئەو لایەنانەی وەک دوژمن سەیریان کردوون.
(2 هەمان سەرچاوە).
لێرەدایە کە من هەستدەکەم کە نووسەر دیسان خۆی لە بابەتێک داوە کە کاری ئەو نییە. ئاخۆ ئێوە چۆن ئاگاتان لە نیەتی دەرونی خەڵکی تر هەیە؟ پێم ناڵێن ئێوە لە کەنگێوە بوونەتە دەرونناس یان پسپۆر لە هیپنۆتیزمدا؟ دیسان دڵم بە وشە ئەسووتێ کاتێک باسی ڕیاکاری دەکەن، (کافر همه را به کیش خود پندارد). کاتێک من چاو لە باڵای نووسراوەکەتان دەکەم ڕیاکاری لێ دادەچۆڕێ کەچی خەڵکی تاوانبار دەکەن بە ڕیاکاری.

کاتێک بۆن بە هەناسەکانمانەوە دەکەن.
بە سەرنجدان بەو ناسیاوییە، بۆ ئێمە هیچ سەیر نییە کەسانێک کە لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبیی چەند ساڵی ڕابردوودا هەر بۆ ئەوەی تانە و تەشەر لە دۆستایەتی و پێوەندیی حەسەنزادە و حیزبی دێموکرات لەگەڵ مام جەلال و یەکێتیی نیشتمانی بدەن، بە شایەدیی دەیان کادر و پێشمەرگە کە ئێستا لەنێو حیزبدا ماون، مام جەلالیان وەک بکوژی دوکتۆر قاسملوو و یەکێتی‌یان وەک هاودەستی کۆماری ئیسلامی لە شەهیدکردنی سەدان تێکۆشەری دێموکرات و کوردی ئێرانی ناساندووە، ئێستا داوا لە یەکێتیی نیشتمانی و مام جەلال بکەن ببن بە قەڵغانی

دەستی ئەوان بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ لایەنی بەرامبەریان (هەمان سەچاوە).

نازانم حدک- ئ ( کەمایەتیی ) باسی کام ناسیاوی دەکات؟ یان باس لە کام کۆڕ و کۆبوونەوە دەکات کە لەوێدا تەشەر لە ماموستا دراوە کە بۆ لەگەڵ مام جەلال دۆستایەتی هەیە؟
1. ڕۆحیەتی مامۆستاییزم لێرەدا خۆی ئاشکراتر دەکات و تاکێک کە مامۆستایە لەگەڵ حیزبێەک کە حیزبی دێموکراتە دەخاتە یەک ڕەستەوە، واتە نرخاندنی کەسایەتی مامۆستا و ئیعتیباری حیزبێک کە خاوەنی 61 ساڵ خەبات و هەزاران شەهیدە بە پێوانیەک و هەر هەمان کردەوەیش لەبۆ پێناسەکردنی یەکێتیی نیشتیمانی ئەنجام ئەدا.

وەک بڵێی حیزب مامۆستایە و مامۆستایش حیزبە و خۆی لەو ڕاستییە گێل دەکات کە پۆستی ڕێبەرایەتیکردنی حیزب ئەرکێک بووە کە کۆنگرە بە مامۆستای داوە، و مامۆستا تاکێکە کە بۆ قۆناخێک یان ماوەیکی دیاریکراو ئەرکێکی حیزبی پێسپێردراوە. هەروەک چۆن ئێستاکە ئەو ئەرکە یان ئەمانەتە دراوەتە دەستی کاک مستەفا هیجری.

2. دەڵێن درۆزن زوو شتی لەبیردەچێتەوە، بەڵام من دەڵێم درۆزن هەیە و درۆ زانیش هەیە. برادەرێک دەیگێڕایەوە کە برادەرێکی بووە درۆی بۆ کردووە بە بەڵگەوە. من ئەو جۆرە کەسانە کە بابەتێکی درۆیین وا دەگێڕنەوە کە وەک ڕاستی بچێت بە درۆزان دەزانم و نووسەری ئەم بابەتەیش یان کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حدک- ئ بە درۆزن دەزانم. ئاخۆ کاکی نووسەر یان قەڵەم بەدەستی بەڕێز پێم ناڵێت تاکو نەهاکە کێ

توانیویەتی بڵێت بکوژی دوکتۆر قاسملوو مام جەلال بووە؟ خۆ هەموو کوردێک ناوی سەحرارودی لەبەرە و ئەزانێت کە بکوژانی شەهید قاسملوو چ کەسانێک بوون.

3. لە قۆمانی یان ڕوودانی جینایەتێکدا یان هەر تاوانێکی تردا، ئێمە لەگەڵ قوربانی "شاکی" لەلایەک و "تاوان وەپاڵدراو" لەلایەک و "شاهید" لەلاکەی تر بەرەوڕووین. لە جەرەیانی شەهیدبوونی کاک دوکتۆر قاسملوودا هەتاکو نەهاکە کە هێشتا دادگایەکی خاوەن سەلاحیەت بواری بۆ نەرەخساوە حوکم لەسەر ئەو کەسانە بدات و تاوانبارەکان بە تەواویەتی لە پرۆسەیەکی دادگایکردنی یاساییدا دیاری بکات و سزاکەیشیان بۆ دیاری بکات. لەڕاستیدا هەتاکو نەهاکەیشی لەگەڵدا بێت لەگەڵ ئەوەی کە بەڵگەی زۆر ڕوون و ئاشکرایش هەن کە کۆماری ئیسلامی داڕێژەر و بەڕێوەبەری ئەو جینایەتە بووە، بەڵام دیسان ئێمە تاوانبارمان بە مانای یاسایی لەو پەروەندەدا موشەخەس نییە، واتە گومان لێرەدا تا کاتی مەترەحبوونی ئەو پەروەندەیە و کۆتاییهاتنی بە پرۆسەی دادگاییکردنەکەی بوونی هەیە و هەر کەس ئەتوانێت گومانی هەبێت و بە ڕای خۆی لە دەروونی خۆیدا مەسەلەکە لێک بداتەوە.

ئەوەی کە مام جەلال وەک لایەنی ناوبژیوان لە دەوری یەکەمی دانیشتنی دوکتۆر قاسملوودا لەگەڵ نێردراوەکانی ڕێژیمی ئێران ئامادە بووە و لە دەوری دووەمدا کە شەهید دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی شەهید دەبن بە بیانووی ئەوەوە کە مام جەلال نهێنیپارێز نییە لەلایەن نێردراوەکانی ڕێژیمەوە وەلادەنرێت. بمانەوێت و نەمانەوێت هۆکارێکە کە ناوی مام جەلالیش لەو باسانەدا هێناوەتەگۆڕێ کە سەبارەت بە جەرەیانی

شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو کراون. ئەمە لە پەروەندەی ئەو جنایەتەدا هەیە لەلایەن پارێزەرانەوە باس کراوە، مام جەلال خۆی باسی کردووە، حیزبیش باسی کردووە، مامۆستاش وەک ئەندامێک و ڕێبەرێکی حیزب کاتی خۆی ئاماژەی پێداوە. جیا مرۆڤەکان لام وایە سەربەستن چۆن بیر دەکەنەوە.

4. شەهید دوکتۆر قاسملوو کاتی خۆی ناوبژیوانی یەکێتیی نیشتیمانی و ڕێژیمی بەغدای کردووە. ئایا گەر لە میانەی دانیشتنەکانی ئەو دوو لایەنەدا مامجەلال تیرۆر کرابایە و دواتر خەڵکی باشوور بیانگوتبایە کە دوکتۆر قاسملوو دەستی لە شەهیدبوونی مام جەلال دا هەبووە، حیزب چ پاساوێکی دەهێنایەوە؟

5. بەڵام ئەوەی کە زیاتر ناڕاستبوونی ئەم ئیدیعایەی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران دەردەخا ئەوەیە کە نووسراوەکە ئاماژە بەوە ئەدا کە لە زۆر کۆبوونەوەدا تەشەری ئەوە لە مامۆستا حەسەنزادە دراوە کە لەگەڵ مام جەلال، بکوژی دوکتۆر قاسملوو، دۆستایەتی هەیە.
من لێرەدا لە گشت ویژدانێکی ئازاد دەپرسم ئاخۆ دەچێتە ئەقڵەوە کە مامۆستا حەسەنزادە کە تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەی کە ڕەوتەکەی دەنگی نەهێنایەوە ئیعلامی ئینشیعابی کرد و حیزبی بەو دەردە برد، لە کاتێکدا کە خۆی ڕێبەری حیزب بووە و زۆرایەتی کۆمیتە ناوەندیشی لەگەڵ بووە ئیزنی دابێت کە لە کۆبوونەوەی حیزبیدا تەشەری وای لێ بدەن! خۆزگە تەنیا و تەنیا یەک نمونەیان وەکو بەڵگە لەو تەشەرانە باس بکردایە!

له درێژەدا بابەتەکە باس له ئازایەتی مامۆستا دەکات و پێ لەسەر هاودەردبوونی مامۆستا و مام جەلال دەکات و ڕوونیشی ناکاتەوە مام جەلال له کام لای کێشەکە وەستاوە کە وا پەیتا پەیتا ناوی مام جەلال و مامۆستا حەسەنزادە شانبەشانی یەکتر دەهێنن؟

لایەنی ناوبراو هەر تیرۆر و جینایەتێکی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی له چەند ساڵی ڕابردوودا له دژی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات له کوردستانی عێراق ئەنجامیان داوە، کردوویانە بە بەرهەمی پێوەندیی حەسەنزادە لەگەڵ مام جەلال و یەکێتیی نیشتمانی (هەمان سەرچاوە). نازانم مامۆستا و حیزبەکەی دەیانەوێت بەم جۆرە مەنتیقە تازەیەوە چ ئامانجێک بپێکن؟

تاوانباربوونی خۆیان ئیسبات دەکەن یان بێتاوانی یەکێتی؟ دیاردەی ژانئاویە ئەوەیە کە ئەوان باسی قۆناخێک له مێژووی حیزب دەکەن کە خۆیان بەشێک بووگن له جەستەی ئەو حیزبە و بگرە بەشی زۆرینەیش بووگن. یەکێتیی نیشتیمانیش دەسەڵاتدار بووە لەو ناوچانە کە کادر و پێشمەرگەی حیزبیان تێدا شەهید بووە، واتە ئەمانە ناتوانن ببنە لایەنێکی هاوشانی کێشەکە. من نازانم چۆن هەستی خۆم سەبارەت بەم نەفەسنزمیە بخەمە سەر کاغەز، چون بەڕاستی نازانم لەپێناو کام دەسکەوتدا مامۆستا و حیزبەکەی ئامادە بووگن ئاوا تێکەڵنووسی یان "فتنە نگاری" بکەن.

کێ دوژمنی یەکێتیی نیشتیمانییە؟

زۆر لەو بابەت و نووسینانەش کە خۆیان و کەسانی دیکە بە دژی حەسەنزادە و ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی پێشوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی لە سایتەکانی دیکەدا بڵاویان کردۆتەوە، لە "مەهاباد ئینفۆ"دا دایانناون و لینکیان بۆ کردوون (هەمان سەرچاوە) هێندێک لە نووسەرانی دیکەی ئەو سایتەش وەک مەنسوور عەزیزی، دڵشاد جەمشیدی و عادل ئەلیاسی و... لە فالانژە ناسراوەکانی ئەم لایەنەن کە بەدوای بڵاوبوونەوەی "دستورالعمل"ی مانگی گەلاوێژی ڕابردووی سکرتاریاکەیان بۆ شاهۆ حوسێنی و خوسرەو بەهرامی و بە مەبەستی ئیفشاگەری لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ، ئەم جۆرە سایت و وێبلاگانەیان وەڕێخست (نۆسخەی ئەسلی هەمان سەرچاوە 1)

لام وایە کە لانیکەم لە خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی کە من نووسیومن کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حدک- ئ خراپ تێگەیشتووە، یان ویستوویەتی خراپ تێبگات و بەداخەوە ئەو خراپتێگەیشتنەی ئەوان کە بە ئەنقەست بووە و وەڵامدانەوەکانیشیان کە کاتی خۆی بە ناوی نهێنییەوە لە ماڵپەری 4،ڕۆژهەڵاتیاندا بڵاودەکرایەوە، هۆکارگەلێک بووگن بۆ خراپ حاڵیبوونی هێندێک لە خوێنەرانی ماڵپەڕە کوردییەکان لە مەبەستی من.

من بۆخۆم و تا ئەو جێگایەش کە بیری لێ ئەکەمەوە کەسی ڤین لە زگ بەو واتایە کە ئێوە باسی دەکەن بەرانبەر بە ڕەوتەکەتان یان حیزبەکەتان نیم.

تۆ هەر هەوڵ بدە بڵێ من و مام جەلال و ئێمە و یەکێتیی نیشتیمانی بەڵام بەلای منەوە مام جەلال مام جەلالـە و هیچ کات لەگەڵ مامۆستا

حەسەنزادەدا لێم تێک ناچن. یەکێتیی نیشتیمانیشم لەگەڵ ئێوەدا لێ تێک ناچێت. جا تۆ هەر هەوڵ بدە من بترسێنیت لەو تەوەهۆمە یان خەیاڵەی خۆت کە کەسێک دژی ئاکارەکانی ئێوەی نووسی واتای ئەوەیە دژی یەکێتیشی نووسیوە.

یەکەم جار کە لەسەر ڕاگەیاندراوەکەی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی ڕای خۆم نووسی چەند جار تەلەفۆنم بۆ کرا و هەڕەشەی ئەوەم لێکرا کە "ئەگەر پیاو بین بە شەقی ئاسایشی یەکێتی دەمت دەشکێنین، پیاوی وەرەوە بۆ کوردستان ..." من لەو تەلەفۆنانە و ئەو قسانە سەرم سووڕدەما و لام وا بوو لایەنێکی دەرەکی هەوڵی ئەوە ئەدات کە من تیژ بکاتەوە بەرانبەر بەو بەرادەرانەی کە ئەوکات ئۆپۆزیسیۆنی نێو حیزب بوون.
بەڵام ئەهاکە لە دێر بە دێر و وشە بە وشەی ئەم بابەتەی ئێوەدا بۆنی ئەو هەڕەشانە دەکەم. هەوڵدانتان بۆ ئەوەی کە یەکێتیی نیشتیمانی بکەن بە لایەنێک لە کێشەکانی دەسکردەی خۆتان و هەوڵدانتان بۆ تێگەیاندنی دڵشادەکان لەو ناواقیعە کە مام جەلال و مامۆستا لەلایەکی کێشەکەن و ئێوە لەلایەکن، من ناترسێنێت بەڵکو هەموو وجودم دەکاتە خەم و پەژارە سەبارەت بەم هەموو تێکەڵکردنەی ئێوە.

من دوژمنی زگ لە ڤینی ینک نیم. بۆ؟

پێش لە حیزبیبوونم من کوردم و کوردبوونم هانیداوم کە حیزبی بم. حیزب ئەتوانێت ئەندامیەتی لە من وەرگرێتەوە بەڵام باوەڕی من و ئامانجی من نە کارتی ئەندامیەتین نە مەسئولیەتی حیزبی نە ... کە

حیزبێک بتوانێت لێمیان وەرگرێتەوە. ئەوەی کە من لەسەر ماڵپەڕەکان هەستام بە دژایەتیکردنی زیادەخوازی ئێوە، تەنیا و تەنیا دەرئەنجامی ئەو هەڵسوکەوتە نامەسئولانەی ئێوە بوو کە گرفتە تەشکیلاتییەکانی حیزبتان خستەسەر لاپەڕەی ماڵپەڕەکان و سنووری تەشکیلاتیبوونی گرفتەکانتان بەزاند.

من هەوڵمدا هەر لەو ماڵپەڕانەی ئێوەدا بنووسم بەڵام بەڕێوەبەری ماڵپەڕەکانتان نامەیان بۆ ناردمەوە کە بابەتەکانی تۆ بێحورمەتیان تێدایە و بۆ بڵاوکردنەوە نابن. لێرەدا بوو کە ئێوە تەنانەت ڕێتان نەدا بە ئێمە لە دیوێکدا لە لاپەڕێکدا بەیەکەوە بنووسین، بگرە ئەوکات ئەگەر واتان نەکردبایەت نە مەهاباد ئینفۆ ئەکرایەوە نە ماڵپەری تر...

بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕەکانی ئێوە کە ئەوکات منیان تاوانبار دەکرد بە سووکایەتیکردن بە بەڕێزتان خۆیان وێنەی ڕێبەرانی حیزبیان دەسکاری دەکرد و کاک شاهۆیان بە کۆڵێک دۆلارەوە سواری پشتی کاک مۆستەفا دەکرد و بڵاویان دەکردەوە، هەر هەمان کەسانیش نەهاکە لە ئەورووپادا کاری دیپلۆماسی حیزبەکەتان دەکەن و لە شێواندنی وێنەکانەوە پەڕیونەتەوە بۆ بواری دیپلۆماتیک. من کە سەبارەت بە ئاکارەکانی ئێوە چەند بابەتم نووسین ئایا ئەوەی کە من سەبارەت بە قەیرانێک کە بەرۆکی حیزبی گرتووەتەوە هەڵوێستم گرتووە بۆ دەبێت بخرێتە خانەی دوژمنایەتی لەگەڵ مام جەلال و مامۆستا حەسەنزادە و ئاخۆ ئەم دوو کەسایەتییە دەتوانێت چ هۆکارێک وا بە قایمی کە ئێوە لێکتان گرێداون پێکەوە گرێیان بدا.

من دژی هەڵسوکەوتی ئەم دوایانەی ئێوە بووم بەڵام ئاخۆ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە من موافقی سەرجەم نەزەرات و ئاکارەکانی ئەو حیزبە و رێبەرایەتی ئەو حیزبەیش بم کە تێیدا ئەندامم. خۆزگە ڕوونتان کردبایەتەوە پێوانەی ئێوە بۆ دیاریکردنی ڕادەی فالانژی کەسێک چییە. ئێوە ناتوانن بە هیچ ئەندامێکی حیزبێکی تر بڵێن فالانژ چون بە کردەوە ئێوە ئێستاکە لە دەرەوەی بازنەی تەشکیلاتی حیزب و لایەنەکانیدیکەدان و ئەمە شتێکی سروشتییە کە بە حوکمی ئاگادارنەبونتان لە بەربەرەکانییە فیکرییەکانی دەرون تەشکیلاتی لایەنێکی تر ناتوانن حوکمی فالانژ بوون یان نەبوونی تاکێک کە سەر بە جەرەیانێکی ترە بدەن. جیا لەوە باسی ڤین لە زگی من دەکەن، نازانم لە کەنگێوە ئێوە ئاگاتان لە ناوەوەی زگی من یان کەسانی تر هەیە کەوا خەڵکی ئاگادار ئەکەنەوە کە پڕە لە ڤین، ئەمەیش بۆخۆی دیاردەیەکی شازی ترە.

سەبارەت بە یەکێتیی نیشتیمانی و گشت ئەو لایەنانە کە بە جۆرێک ناویان لە فایلی سەربەمۆرکراوی ئەنفالی تێکۆشەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ساڵەکانی نەوەددا دەهێنرێت. من لام وایە کە لە میانەی ئەو پیلانە دارێژراوەی سپای پاسداراندا کە بەوردی لە ساڵەکانی نەوەددا لەسەر ئاخی کوردستانی ئازاد پیادە کرا، لەبەر زۆر هۆکاری لەیەک جیاواز هێندێک لە ئەندامانی لایەنە کوردییەکان و بەتایبەتی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانی تێوەگلاون.

ئەنفالی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات فایلێکی بە ئەنقەست پشتگوێخراوە کە دەبێت ئێستا کە کوردستانی باشوور و دەسەڵاتی کوردی لەو بەشەدا لە

ئەوجی دەسەڵاتی خۆیاندان ئاوڕێکی لێ بدەنەوە. ئەگەر لەبیرتان بێت من کاتی خۆی نووسیم کە خاوەنانی ڕاستەقینەی ئەم فایلە و داواکارەکانی ڕاگەیشتن بەم فایلە لەبیرکراوە هەموو خەڵکی کوردستانن و کاک مستەفا هیجری و مامۆستا حەسەنزادە بۆیان نییە لەپێناو مانەوەیان لە قەلای هەرمۆتە هۆکارێک بن بۆ زیاتر فەرامۆشکرانی ئەم دۆسیەیە.

یەکێتی و گشت ئەو پارتانەی تر کە بە جۆرێک تاوان خراوەتە پاڵ بەشێک لە ئەندامانیان دەبێت بە ناساندن و دادگایکردنی ئەو کەسانە لاپەڕێکی تری پڕشنگدار لە مێژووی خەباتی خۆیاندا تۆمار بکەن. ئایا ئەمە قین لە زگبیە یان ئەوپەڕی دڵسۆزییە بەرانبەر بەو لایەنە کوردیانە؟

من گوتوومە یەکێتی بە بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە تاوانبارەکان بە خەڵک بناسێنێت تاکو خۆشەویستی و پرستیژی لەنێو خەڵکدا دووقات بێت. تۆ دەڵێیت مامۆستا و مام جەلال ئاوا هاتن و ئاوا چوون. تۆ دەتەوێت دوژمن داتاشی بۆ یەکێتی. من پێشنیار دەکەم کە زیاتر لە هەموو کاتێک خۆی بکاتە جێ متمانەی خەڵکی کورد. تۆ ئەتەوێت من بە دۆستایەتی خۆت لەگەڵ یەکێتی بترسێنیت. من هەوڵ ئەدەم لە میانەی دیالۆکێکی شارستانییەوە بە یەکێتی و حکومەتی هەرێم بڵێم کە کاتی ئەوە هاتووە ئاوڕێک لە دۆسیەی شەهیدکرانی 304 تێکۆشەری کورد بدرێتەوە. ئێوە بانگەشە بۆ کوردستانیبوونی زیاتر و کوردبوونتان ئەکەن و خەڵک بە وڵاتفرۆش و سەد شتی تر تاوانبار دەکەن، بەڵام بەداخەوە وا خەریکن دەبنە هۆکارێک بۆ لە یەکتر وەدەنگهاتنی دوو حیزبی کوردی.

لە کۆتایدا بە باشی دەزانم بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەو بیرۆکەیە کە لە پشتی ڕاگەیاندنی ئەو لایەنەوە هەیە و بۆ زیاتر تیشکخستنەسەری ڕاستییەکانی دوو توێی ئەو بابەتە چەند پاراگرافێکی تری ئەو

نووسراوەیە بۆ نمونە لێرەدا دەقاودەق دانێم.
"ئەم سایتە تەنیا خۆی تەرخان کردووە بۆ داکۆکی لە تاقمی پاوانخواز و شەڕفرۆش و هێرش بردن بۆسەر کەسایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مام جەلال و یەکیەتیی نیشتمانی." (هەمان بابەت)

1. "هێڵی سەرەکیی درۆ و چەواشەکارییەکانی ئەم سایتە بریتییە لەوە کە کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی مام جەلال و یەکێتیی نیشتمانیی‌یەوە و بە هاودەستیی عەبدوڵڵا حەسەنزادە حیزبی دێموکراتیان بەم ڕۆژە گەیاندوە." (هەمان بابەت)

2. "بەڕێوەبەرانی ئەم سایتە جگە لەوەی بۆخۆیان هەرچی لە دژایەتی لەگەڵ مام جەلال و یەکێتیی نیشتمانی و عەبدوڵڵا حەسەنزادە و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە قەڵەمیاندا هاتووە لەو سایتەدا بڵاویان کردۆتەوە، زۆر لەو بابەت و جنێونامانەش کە خۆیان و کەسانی قین لە زگی دیکە بە دژی حەسەنزادە و ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی پێشوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیتیی نیشتمانی لە سایتەکانی دیکەدا بڵاویان کردۆتەوە، لە مەهاباد ئینفۆدا دایانناون و لینکیان بۆ کردوون." (هەمان بابەت/؟)
3. "هێڵی تەبلیغاتیی دروستکردنی سێ گۆشەی "کۆماری ئیسلامی"، "مام جەلال و یەکێتیی" و عەبدوڵڵا حەسەنزادە و حیزبی دێموکراتی کوردستان"دان." (هەمان بابەت)

4. بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە لە کۆڕی بابەتێکی وادا کە کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حدک- ئ بڵاودەکاتەوە.

- هەفت جار ناوی مامۆستا حەسەنزادە و مام جەلال لەپاڵ یەکدا هاتوون.
- پازدە جاران ناوی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە هاتووە.
- شازدە جار ئاماژە بە ناوی مام جەلال دراوە (ئەمە تەنیا بە ناو).
سەیر ئەوەیە بیست جار ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە ناوی یەکێتیی نیشتیمانی دراوە، ئەمە جیا لەو پاراگرافانە کە بە لایەنی کوردی باسی لێوە دەکەن.
ن دلنیام تەنانەت لە ڕاگەیاندنەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیشدا لە هیچ لایەکدا بەو بەرفراوانییە ناوی یەکێتی نەهاتووە. بەڵام بەداخەوە کە ئەوەندەی ناوی یەکێتیی نیشتیمانیان هێناوە و ڕاستەوخۆ نووسیویانەتەوە ئەوەندە باسی خۆیانیان وەک پارتێکی سیاسی نەکردووە و بوونیان لە کەسایەتی مامۆستادا پێناسە کراوە.
جێی ئاماژەیە کە ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حدک- ئـ 1385.12.20 بڵاوکراوەتەوە. لە ماڵپەڕی ناوەندی ئەو حیزبەدا و سەرجەم ماڵپەرەکانی تریاندا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها جێی ئاماژەیە کە لە نوسخەی ئەسڵی ئەو ڕاگەیاندراوەدا کە چەند ڕۆژێکیش لەسەر ماڵپەڕەکەیان بوو، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و و ناوی چەند کەسیان لێ دەرخست. من سەرچاوەکەم نوسخەی یەکەمی ئەو بابەتە بووە.

## مەلاعەولا بەتەفرەقەو ناکۆکی دەیەوێ ئاوی پاک شلوێ بکات ؟

لە وتوو ویژێکدا لە گەڵ گۆفاری ژمارە ٩٤ی" لڤین" مەلا عەولا رستەیەکی بۆ ساردی و دژایەتی پێکهێنان لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێراندا بەکار هێناوە هیچ نەیارێک ڕێگا بە خۆی نادات لە نێوان دوو ڕێکخراو براو دۆستی کۆنی کوردستانیدا فیتنەی ئاوا بگێڕێ و دەسکە گوڵی ئاوا بە ئاو دابدات !!

ناوبراو بێجگە لەو فەرمایشانەی کە بۆ حدکا هەلدەبەستێ ، لە نێو قسەکانیدا دەڵێت:

(300 کەس کوژراوە بە دەستووری جەلالتاڵەبانی و بە دەسیسەی عەبدولا حسنزادە )

مەلاعەولا بە سێ مەبەست ئەو وتە پڕلە تەفرەقەو ناکۆکیانە هەڵدەبەستێ

١ = وا بنوێنێ کە ناوبراو شان بەشانی بە ڕێز مام جەلال حیسابی لە سەر دەکرێ و، وەکو ئەو ئیعتباری جیهانی هەیە !

٢ = بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان بسەلمێنێ، کەس لە مەلاعەولا بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دڵسۆزترنیە و هەرخۆی دەتوانێ زەربە لە حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بدات .

٣ = وا نیشان بدات کە حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران ، یەکێتی نیشتمانی بە هۆی ئەو تاوان و ترۆرانە دەزانی کە لە باشوور کراون !

الف = دیارە قسەکانی مەلاعەولا ماناو مەفهوومی زۆر لەوە زیاترە ، بەلاّم داخوا ئەوە لە نییەت و ڕوانگەی خۆی سەرچاوە ناگرێ کە دەیەوێ بەزۆر لە سەری حدکا هەڵسوێ خۆی لەشایعەسازی دەساڵیی ڕابردو تەبرەئەبکات ؟؟

دڵسۆزانی یەکێتی نیشتمانی باش دەزانن کە ئەو قسانەی مەلاعەولا بە زیانی سیاسی کوردو تەشکیلاتی یەکێتی نیشتمانی یە .
ب – باوەرو مەنتیقی مرۆڤ وای هەڵدەسەنگێنێ کە کادرو دڵسۆزانی یەکێتی نیشتمانی ئەووی مەلا عەولا بۆ بەڕێز مامجەلالی هەڵدەبەستێ، لە سەتاسەت مەنفی بافیەو بۆ جەزبی پشتیوانی مام جەلال و دژایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە ، بەڵام بێشک بۆ زۆربەی دڵسۆزانی یەکێتی دەبێتە پرسیار لە مەلا عەولا کە ناوبراو بە چ بەڵگە و سەنەدو نووسراوەیەک ئەو تۆمەتانە بە زمانی حیزبی دێموکڕات لە دژی یەکێتی نیشتمانی دەکات ؟ بلێی بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی ئەوەندە ساویلکە بن بە بێ دەلیل و بەڵگە ئەو فەرمایشانە لە مەلا عەولا وەر بگرن ؟!
کوردی ڕۆژهەڵات بیر لەوە دەکاتەوە و دەڵێ : بلێی یەکێتی نیشتمانی بە تایبەتی شەخسی بەڕێز مام جەلال ئەو قسانەی مەلاعەولا سەرنجی ڕابکشێ بۆ تێکدانی ڕیزی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕات پشتیوانی لە مەلا عەولا بکات و باری نەتەوایەتی نێوان کوردی باشوورو ڕۆژهەڵات لە نەزەر نەگرێ و بەو قسانەی مەلاعەولا کە لە باری تاریخیشەوە لە ناوەرۆکی هێزی پشتیوان کەم کاتەوە گوێ بداتە ناوبراو ؟؟
وەڵامی وتوو وێژێکە کەمەلا عەولا بۆدژایەتی لەگەڵ گۆڤاری لڤینی پێک هێناوە .

**ئەو ڕۆژانە باس و خواسەکان لەسەر گەڕانەوە زۆری قسە لێدەکرێ و لەسەری دەنووسرێ،ئەگەر بە بیرو بۆچوونێکی ژیرانە لێک بدرێتەوە بە مانای ئەوەیە؛ باری ناسکی کوردو هەلوومەرجی جیهانیو بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لێک دراوەتەوەو براوردێکی قازانج و زەرەری کورد هەڵسەنگێندراوە. ئەگەر گەڕانەوەی هاوڕێیان لەو ڕووەوە بێت ؟ دەبێ بە فاڵی نیکی بگرین و بەسەرکەوتنێکی بۆکورد بزانین و جێژنەی بۆ بگرین . یان ئەگەر بە قەولی هێندێک برادەر پێچەوانەی ئەوە بێت ، وەکوو ئەوەی هێندێک هاوڕێ ماناو تەعبیری دیکەی لێ هەڵدێنجن ، ئێتر خوا نەخواستە شتی ئاواو نیازی ئاوا کارەسات و جێگای داخە . بۆ نموونە یەکێک لە نووسراوەکان دەخەمە بەر ڕوانگەی خوێنەران .**

........................................................

### ئاکامی گەڕانەوە بۆ ناو حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران

**ئاگاداربووم کە پاش کەمتر لە ٤مانگ لە دابرانی بەرێزتان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵوێستی گەڕانەوەتان گرتۆتەبەر بۆناو ریزەکانی حیزب ، بێشک هەڵوێستی ئاوا زۆر جێگای رێزە ،بەڵام ئەوەی سەرسورمانە ئەوەیەکە ،لەو ماوە کورتەدا کە هێشتا حەدیەتان هەڵنەهاتووە و زامەکانی دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەوهەڵوێستەتان ساریژ نەبۆتەوە و هێشتائاوبە ئاگر دانەکراوە و تەندوریش سارد نەبۆتەوە دەبی چی قەومابێت کە لەبڕیارکەتان پاشگەز بونەوە! لەبواری ئیحساسات ەوە ئەگەر سەیری ئاکاری گەڕانەوەتان بکەین، جێگای دڵخۆشیە ،تەبایی و یەک ریزی زور خوشە و ناتەبایی و دابڕانتان ئەگەر کەمیشن هەرناخۆشە ،بەڵام ئاگەر بچینە ناو بنچ و بناوانی گرفتەکە و لە بواری مەنتقی سەیری ئاکاری گەڕنەوەتان بکەین هیچ هۆکارێکی سیاسی بەرچاو و دەرەتانی گونجاو نابینرێت وهیچ بارو دۆخێکی لەبار لە ناوپێشمەرگەکانی لاوی کەم ئەزمونی تازە بە سەر یەک هەڵپرژاو بە دی ناکرێت، یان دەبێت پاش دابڕانتان گۆڕانکاری بەسەر بیروڕای ئەندامەکانتان داهاتبێت ،و بەکردەوە بۆیان دەر کەوتبێت کە درۆتان لەگەڵ کردون و قسە و بەڵێنی نوێ بوونەوە تان هەمو چەواشەکاری بوون و نەبوونی ئازادی و. . . . لە ریزەکانی حیزب هەڵبەستراو بوون . یان دەبێت دوای جیا بوونەوەتان گۆڕانکاری بەرچاو بە سەر تەرکیبی سەرکردایەتی حیزب دا هاتبێت ،یان بیر وڕایان سەبارەت بە ئێوە گۆڕابێت ، بەڵام نەگۆڕانی بەرچاو لە سەر کردایەتی حیزب بەدی دەکرێت ،نە بەوجۆرەی لە پلۆنیۆمی نائاسایی دا دەرکەوت بیرو رای حیزب گۆڕاوە. ئەگەر دەلێن لەبەر بەرژەوەندی نەتەویی رێگای گەرانەوە و یەک ریزیمان هەڵ بژار دووە ،یەکەم :قەت رێگای گەڕانەوەتان نەگیراوە وبە پێی بڕیاری حیزب هەر کام لە ئێوە دەتوانن تا ٦ مانگ بە خاوەنایەتی هەمووپلەو پایەی پێشوتان لە رێگای داواکاری تاکەکەسەی بگەڕێنەوە ناو ریزە کانی حیزب ودوای بەسەر چوونی ماوەکەش بە مەرجی تایبەت دەرگای حیزب هەر ئاواڵەیە،دووەم:بۆ بەر لە جیابوونەوەتان بەرژەوەندی نەتەوەییتان لەبەر چاو نەدەگرت ، حالا چرا؟ ئێستا پاش ئەوەی دوژمنانی نەتەوەی کوردتان بە حیزب خۆشەویستی خەڵک خۆش کرد و تەواوی نهێنیەکانی ناو ماڵتان لە دەرەوە هەڵرشت ،ئەوەی نەدە بوو بیکەن و بیلەن ، کردتان ،تۆ بڵەی ئەگەر سەرتان وە بەردی ئەلحەد نەکەوتبا ،ئەگەر بە بن بەست نەگەیشتبان،رێگای گەرانەوە تان هەڵدەبژارد؟ چوونکە ئەگەر ر وژێک بیرتان لە گەڕانەوە و بەرژەوەندی نەتەوەیی کردبا ،لە هەڵسوکەوتی دوای دابڕتاندا شتێکتان تێدا دە هێشتەوە ، کە دوای گەڕانەوەتان ، ڕوتان هەبا ،چاو لە چاوی هاو سەنگەرانی پێشوتان بکەن . ئەوە حیزبی دێموکراتە،، کە بیر لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی دەکاتەوە و لە گەرمەی تەندوری دابرانتاندا، بریاری گەڕانەوەتان بۆ ناو ریزەکانی حیزب لە پلۆنیۆم دا پەسەند دەکات، بێشک ئەو حیزبە نەتەوەییە لە هەڵسوکەوتی دوای دابڕانتانیش دا ڕەچاوی**

هەموو شتێک دەکات، قەت کارێک ناکات کە دوای گەڕانەوەتان چاوی لەبەرتان هەڵ نەیەت و هەڵەو نهێنی یەکانتان نەبینن کە تەنیا خۆتان دەزانن چین ،تا کاتی خۆی پارێزراو دەبێت . نەک ئێوە ،کە دوای دابرانتان دەستتان لە هەموو کونێک راکرد ،هەموو ئەسول و پرەنسیپی حیزبتان بەزاند ،پەناتان بۆ کۆمەڵی ئیسلامی و پژاکی سەر بە پەکەکە برد ،بەڵام ئەویش بێسوود بوو.

ئێستا بە خۆشێوە رەوتی وتو وێژ بە مەبەستی گەڕانەوەتان پەسەند دەکرێت ،بەڵام فکر ناکەن ئەگەر ئاکامی گەرانەوەتان وەکو پێشو ،پێش بە ڕەوتی خەباتی حیزبەکەمان بگرێت و بە تاقم و دەستە بمێنەوە ولە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا، هەم بەشداری دەسەڵات بن و خۆشتان بە ئۆپۆزسیۆن بزانن ،ئەوە دیسان کارەساتە نەک هەر گەڕانەوەتان لە بەرژەندی گشتی دا نابێت ،بگرە لە لایەک ئەگەری پێک هەڵپڕژانی هێندێک پێشمەرگەی لاوی کەم ئەزمون هەیە، کە گرفت دروست بکەن و لەلایەکی تر رەوتی مودیریەت کز بکات ، بە چەشنێک وەکو پێشو نەکرێت تەنانەت جاش و تاوانباری سەربە رێژیمیش کەبە مەبەستی کردەوەی ترۆریستی لەلایەن رێژیم ڕەوانە کرابن ،سەزا بدری نەوەک سەرلەنوی پشتگیری بکرێنوتەنا نەت ئەگەرخۆشیان دانیان بە تاوانیان دانابێت ،پاساوی ئەشکەنجە دانانیان بۆ بێننەوە، وسەدان گرفتی تر...
ولە ئاکامی گەڕانەوەتاندا ، حیزب لە خەبات و چالا کی بە دژی رێژیم بەردەوام بێت و ئێوە نەک هەر هاوکار نەبن ،بگرە ببنە کۆسپ و رێگر لە بەردەم بەرێوە چونی خەبات ،پلۆنیۆمەکان تەحریم بکەن و تاقم و دەستە بازی و ناوچەگەرایی پەرە پێبدەنەوە ،

ئەو کات گەڕانەوەتان ئەگەر لەبواری ئیحساساتەوە ،دڵخۆشکەر بێت ،لە ناوەڕۆکدا تێکدەر دەبێت،و لە بەرژەوەندی نەتەوەیی دا نابێت، ئەگەربە راستی هۆکاری گەڕانەوەتان ،نەتەوەییە بۆ بە هەمان پلە و پایەی پێشو بە تاکەکەس ناگەرێنەوە سەر شوێنەکانی خۆتان ؟، بێشک ئەو کەسانە ،لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا وشەی لادەریان لی دەشۆرێتەوە ،و وەفا داری پتری خۆیان بە رێبازی شەهیدانی رێبەر بە کردەوە زیاتر دەسەلمێنن و لە ناو هاو سەنگەرانیان دا بە رێزتر دەبن،چوون گەڕانەوەی برادەران بۆ ناو ریزەکانی حیزبدا ،زوو یان درەنگ حاشا هەڵنەگرە. دەست پێشخەری ڕوسوریتانە.

رە ندۆڵە Email rendole@yahoo.com

## هاوپەیمانیتی قەیران ساز" لە بەردەم هەڵوەشانەوەدا !

حیزبی خاوەن ڕابردووی پڕ لە سەروەری دێموکرات، لە مێژووی سەردار خەباتی خۆیدا ئەزموونو وانەی زۆری لە هەنبانەی حیزبیو لە کۆنەستی نەتەوەکەیدا کۆکردۆتەوەو لەم مێژووە پڕ شانازیەدا چەندین جار کەوتۆتە بەر ئەزموونی مێژوویی کە بڕیاردان لە سەریو دەرباز کردنی ئەو قۆناغە، بووە بە راوەستانو هەڵوێستەیەکی گرنگ لە کاتو ساتێکی مێژوویدا.ماوەیەکی چەند مانگیە کە قەیرانێکی دیکە بەرەو ڕووی حیزبی دێموکرات بۆتەوەو گرفت و کێشەیەکە وای لێ هاتووە کە چاوی هەموو لایەک بڕاوەتە حیزبی دێموکرات کە بزانن حیزبی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی ئەم لاپەڕە مێژوویيە چۆن کۆتایی دێنێ؟ خەڵکی کوردستان بە چاوێکی پرسیارکەرو دڵێکی نیگەرانەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە پەرۆش و هەست بە بەرپرسایەتییەوە، نەیاران و ڕکەبەرانی حیزب بە دڵەخورپەی سەرنەکەوتنی پیلانەکانیان و... بە کورتی هەموو چاوەکانی نێو گۆڕەپانی کوردستان بڕاونەتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بۆ تێگەیشتن لە هەر کێشەیەک و ناسینی هەر دیاردەیەک پێویستە کە هەموو لایەنەکانی لێک بدرێنەوەو بە تایبەت بۆ ناسین و تێگەیشتن لە گرفتێکی ئەوتۆ لە حیزبێکی سیاسیدا پێویست بە پێداچوونەوە بە ڕەگ و ڕیشەکانی ئەو کێشەو هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو دەکا. لە دوو بەشی وتارێک بە ناوی " لە مێژو....." ویستم کە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی ئەم قەیرانە دوایيەی نێو حیزبەوە کە ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی دەیەمی ئەم حیزبە، هەوڵێکی سەرەتاییم بۆ ئەم مەبەستە داو دەمەویست درێژەی وتارەکە بە

ڕووداوەکانی دوای کۆنگرەی دەیەم و یازدەو... تا دەگاتە کۆنگرەی سێزدەهەم، تیشک بخەمە سەر قوژبنە نارووونەکانی ئەم کێشە .بەڵام بۆ ڕێزدانان بۆ ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی حیزب کە داوای کردبوو کێشەکانی نێو حیزب لە سایت و ویبلاگەکان دا بلاَو نەکرێتەوە، پرۆژەکەم ڕاگرت کە ئەڵبەت لە دەرفەتێکی دیکەدا پرۆژەکە درێژە دەدەم.ئەوەی کە هانی دام ئەم باسە نوێیە بکەمەوە، بێ پرەنسیپی‌یەکانی تاقمی سەرەڕۆ بوو کە تەنانەت دوای ڕاگەیەندراوەکەی دەفتەری سیاسیش) چاوەڕوانی‌یەکی باش نیە، چوون سەرەڕۆیان پابەند بە هیچ پرەنسیپێک نین و هیچ ئۆرگانێکی حیزبی‌یان قبووڵ نیە) وازیان لە بلاَوکردنەوەی تەوهین و بێ حورمەتی‌یەکانیان نەهێناو درێژەیان بە چەواشەکاری و ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستی‌یەکان دا.لەم چەند ڕۆژەی دوای ڕاگەیەندراوەکەی دەفتەردا بە زۆر ناوی خوازراوی جۆربەجۆرەوە بابەتی بێ پێزو ڕێزەکانیان بلاَوکردەوە کە هەموویان بە باشی دەناسم و دەزانم کە شۆرش سەقزیی درۆینە لە ڕاستی‌دا کێیەو ئاکام نەغەدەیی ڕق لە دڵ کێیە کە شەرمەزاری ناوەکەی خۆیەو ... پێویست بە درێژەدان بە دوانی زیاتر لە سەر ئەو ڕشانەوەیان نیە، ئەوەی کە مەبەستی ئەم باسەیە پێشنیاری ڕێبەری حیزب بۆ چارەسەریی کێشەکانە کە چەند ڕۆژ پێش بلاَوبۆتەوەو لەوێدا بەوپەڕی دڵفراوانی و هەست بە بەرپرسیارەتیی مێژوویی‌یەوە لە 17 خاڵ دا هەم ڕێگا چارەی کێشەکانی دیاری کراوەو هەم پێی لە سەر پرەنسیپ و ئوسووڵەکانی حیزبەوە داگرتۆتەوە. هاوڕێیانی بەڕێزی کەمینەبەسلاَوی گەرمو برایانە!بە هەست بە بەرپرسایەتیی زۆرایەتی حیزبو ڕێزدانان بۆ هەوڵو تێکۆشانی دۆستانو دڵسۆزانی حیزبەکەمان لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی یەکڕیزی تێکۆشەرانی حیزبو لە سەر بناغەی هەموو ئەو دانیشتنو باسانەی کە بۆ

لەنێوبردنی گیروگرفتە نێوخۆیی‌یەکانی حیزب ئەنجام دراون‌و هەوڵەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە پێناو یەکڕیزیی حیزبدا، نەزەری خۆمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کە بەشێکی بەرچاوی داخوازی‌یەکانی کەمینەی لەخۆ گرتووە رادەگەیەنین. هیوادارین ئێوە هاوڕێیانی کەمینەش بە هەست بە بەرپرسایەتی تەواوەوە وەری بگرن‌و کارێک بکەین کە موژدەی لەنێوچوونی گیروگرفتەکانی نێوخۆی حیزب بە هەموو دۆستان‌و دڵسۆزانی حیزب بدەین‌و دوژمنانی حیزبەکەمان لەگەڵ ناهومێدی بەرەوڕوو بکەین.1 . سەبارەت بە ئازادیی رادەربڕین:الف: ئازادیی رادەربڕین پرنسیپێکی دێموکراتی‌یە کەزۆر لەمێژە لە حیزبی ئێمەدا جێگای گرتووە، بۆیە هەموو ئەندامانی حیزب بۆیان هەیە لە کۆڕو کۆبوونەوەی حیزبی‌دا لە سەر بابەتە تەشکیلاتی‌و فیکری‌یەکان راشکاوانە بیروڕای خۆیان دەرببڕن یا لە "تێکۆشەر" نامیلکەی نێوخۆیی حیزبدا بڵاوی بکەنەوە. ب: بۆ کەس نیە لە دەرەوەی حیزب باس‌و بابەتە نێوخۆیی‌ۆ تەشکیلاتی‌یەکان باس بکا، بەڵکوو هەموو ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی حیزب دەبێ دیفاع لە سیاسەت‌و بڕیارەکانی حیزب بکەن.2. هەیئەت لە زۆرینەو کەمینە دەستنیشان بکرێ کە بە سکاڵای هەر کادرو پێشمەرگەیەکی حیزب رابگا کە پێی وایە لە باری سزادان‌و پلەی تەشکیلاتی‌یەوە مافی لە بەرچاو نەگیراوە.3. وەرگرتنی پ.م لە پەزیرش بە پێی بڕیاراتێک بە هەیئەتێک ئەسپێردراوە کە لە نوێنەرانی ئۆرگانەکانی پێوەندی‌دار پێک دێ، دەکرێ دیاری‌کردنی نوێنەرانی ئەم ئۆرگانانە جۆرێک بێ کە نەزەری گشتیی دابین بکا.4. یەکیەتیی‌یەکانی ژنان‌و لاوان‌و خوێندکاران‌و هەموو رێکخراوە دێموکراتی‌یەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات پێوەندیی ئۆرگانیان لەگەڵ حیزب بە پێی ئوسوولێک دامەزراوە کە تا ئێستا پێڕەوی لێ‌کراوە بۆیە بۆ هیچکەس‌و جەمعێک نیە کە بۆ هیچ مەبەست‌و بەرژەوەندی‌یەکی

تایبەتی دەست لە کاروباری ئەم ڕێکخراوانە وەربدا.5. کاری تەشکیلاتی نێوخۆی ولاَت هەر ئێستاش بە شێوەی هاوبەش بەڕێوە دەچێ.6. بۆ تەشکیلاتی ئاشکرا چوارچێوەیەک دیاری دەکرێ کە سنووری کارکردنی ناوەندەکان لەو بەشەداو بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای کومیسیۆنی سیاسی . نیزامی بە روونی دیار بێو ڕێکخستنی ئەندامانی حیزبی ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ دیاری بکرێ.7. دوایین دەوری دانی پلەی کادر کە بە شێوەیەکی دەقیقو لە سەر بناغەی ریزە پێوانەیەک لە لایەن کومیسیۆنی سیاسی . نیزامی‌یەوە کە ئەندامانی لە کەمینەو زۆرینە پێکهاتووە دیاری کراوە، بەو حاڵەش هەر پێشمەرگەیک هەست دەکا مافی لە بەرچاو نەگیراوە دەتوانێ سکالاَی خۆی بدا بە هەیئەتی لێکۆڵینەوەو ئەو هەیئەتەش ئاکامی کاری خۆی بداتەوە بە دەفتەری سیاسی.8. ئەو کەسانەی تا ئێستا چەند جار داوایان لێکراوە ئەرکو بەرپرسایەتی وەربگرن بەلاَم ئامادە نەبوون کاری پێشنیارکراو قبووڵ بکەن ئەگەر ئامادە بن ئەرک وەئەستۆ بگرن، بە پێی لێوەشاوەیی هەرکامیان کاری شیاویان بۆ دیاری بکرێ. تەشخیسی ئەم لێوەشاوەیی‌یە بە ئۆرگانەکانە.9 . ئاییننامەکان چاویان پێدا بخشێندرێتەوەو ئەگەر مەوردی وا هەبێ کە بەر بە چوونەپێشی کارو ئەرکەکان بگرێ دەستکاری بکرێن. بۆ ئەو مەبەستە هەر کەسو هەر ئۆرگانێک دەکرێ پێشنەهاداتی خۆی بدا بە دەفتەری سیاسی.10. لە کونفرانسەکانی دەرەوەی ولاَت، هەوڵ بدرێ لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەدا موشارکەتی گشتییو "انسجام"ی تەشکیلاتیی پێوە دیار بێ.11. هەروەک پێشتر هەوڵ درا کە بەرپرسی ناوەندی 2 ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی سەر بە کەمینە بێ بەلاَم قبووڵ نەکرا ئێستا کە ئەوە یەکێک لە داواکانی هاوڕێیانە موافقین ئەم بەرپرسایەتی‌یە بە ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی سەر بە کەمینە بدرێ.

12. بڕیارێک کە سەبارەت بە خوێندنی ئەندامانی ڕێبەرایەتیو کادرو "پ.م"ی حیزب پێش کۆنگرەی 13 دراوە ئەوەندەی بکرێ جۆرێک تەنزیم بکرێتەوە کە هەم دەرەتانی زیاتر بۆ ئەو مەبەستە بڕەخسێو هەم ڕێگا بە بەڕێوەچوونی کارەکانی حیزب نەگرێ.13. لە ئەساسنامەی حیزبدا ئوپۆزیسیۆن نەهاتووە بۆیە ناکرێ بە رەسمی بناسرێ.14. هەموو کادرو پ.مو ئەندامی حیزب دەبێ پەیڕەوی لە ئەساسنامەو ئاییننامەکانی حیزب بکەن.15. لە هەموو هەلومەرجێکدا دەبێ پرنسیپە دێموکراتیکەکانی حیزب بپارێزین.16. هەمووماان بەرعۆدە بین کە بەرانبەر بە بێکاریو کەمکاریو کارشکێنی هەڵوێست بگرین.17. پاش ساغبوونەوە لە سەر ئەم خاڵانە هەمووماان بە روحی برایەتیو یەکڕیزی بۆ بەرەوپێش بردنی بەرنامەو بەرژەوەندییەکانی حیزب هەنگاو بنێین.13852006/9/6-27-11 ئەم ڕێگا چارەیەی ڕێبەری حیزب کە وەڵامێکی بەرپرسانەو هەست بە بەرپرسیارەتیی مێژوویی لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان دایە، " هاوپەیمانێتی قەیران ساز"ی تووشی قەیران کردووە. لە پێش دا با ڕوونکردنەوەیەکی کورت بدەم کە بۆچی پێیان دەڵێم " هاوپەیمانیی قەیران ساز" ئەو کەسانەی کە ئەم کێشە تازەیەیان بۆ حیزب دروست کرد دەبێ پێناسە بکرێن و بیانناسین. چاو لێ کردن لە پێکهاتەکەیان و لەو کەسانەی کە تێیان دان بە ڕوونی چەند شتمان بۆ دەردەخا کە گرنگترین شت ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆریان ئەزموونی جارێک لادان لە ڕێبازی ڕاستەقینەی حیزب کە ڕێبازی دێموکراتی نوێخوازەو قازی و قاسملوو شەرەفکەندی سەرقافڵە بوون. ئەم تاقمە سەرەڕۆیە لە نێویاندا دەتوانین بە چەند دەستە پۆلێنیان بکەین:دەستەی یەکەم: ئاژاوەگێرانی بە ئەزموون کە ڕابردوویەکی دوورو درێژی کارشکێنی و ئاژاوەگێرییان هەیەو هەردەم ئامادەی لادان لە ڕێبازی خەبات و

تێکۆشانن. ئەم دەستەیە بە دەستەی بنازۆ ناودێر دەکەین کە پێکهاتووە لە کەسانی جیابۆوە لە کۆنگرەکانی پێشووی حیزب و کەسانی زۆر دەسەلاَتخوازی بەرچاوتەنگی دەسەلاَت لە دەست داو.دەستەی دووهەم : ڕەوتی نزیک بە واقیع گرا کە بۆ ئاژاوەنانەوە تا سنوورێکی دیاریکراو لەگەڵ دان، بەلاَم لەو سنوورە بەولاوەتر ناڕۆن و لە کاتی ناسک دا پاشەکشە دەکەن.دەستەی سێهەم: ئاژاوەگێرانی سوێندخواردوو کە هەردەم بۆ ئاژاوەگێڕیو کارشکێنی بە فتوای مەلا ئامادەن و بە فتوای ئەویش دادەمرکێنەوە. گۆپاڵ بە دەستانی خزم و خێشی مەلان و خودی مەلاش لەم دەستەیەدایە کە بێ ئاژاوە ناژی بەلاَم لە بەر ترسەنۆکی ( نەک نیاز پاکی) ناوێرێ لە گەڵ هێندێک کەسی تایبەتی!! لە حیزب بڕواتە دەر.نانی ئەم دەستەیە و بە تایبەت مەلا، لە ئاژاوەدایە. مەلا بە ئاژاوە و دووبەرەکی دەژی و ئەو کاتەی کە خۆی بە بێ لایەن دادەناو دەیگووت کێشەی نێو حیزب کێشەی هیجری و ڕەستگارەو چ ئێستا کە ناچار بووە دەمامکی بێ لایەنی هەڵ داتەوەو ببێ بە سەرۆکی ئاژاوەگێران.تاقمی سەرەڕۆ ئاژاوەچی، پێکهاتووە لەم سێ ڕەوتەی کە باسمان کردو چونکە هەر سێ دەستەکە لە خاڵی ئاژاوەنانەوە و قەیران خوڵقاندن دا هاوبەش و هاوپەیمانن، پێیان دەڵێین " هاوپەیمانی قەیران ساز". ئەم هاوپەیمانەتیەیە بە بلاَوکردنەوەی نامەیەکی شوومی پڕ لە سووکایەتیی کە لە 20 خاڵ دا خۆی دەبینێتەوە، لووتکەی هاودەنگی و هاوڕایی خۆیان لە سەر ئەو دەسکەوتانەی کە دەبێ بە دەستی بێنن و لە نێوان خۆیان دا دابەشی بکەن، ڕاگەیاند و لەو ڕۆژەوە تا ئێستا بەها، پڕەنسیپ، ئەسڵ ، یاسا، ڕێساو بەڵێن نەما کە ژێر پێی نەنێن و تا جیاکردنەوەی کۆمیتەو ئۆرگانەکانی حیزبی و دامەزراندنی ئۆرگانی تایبەتی خۆیان و .... ڕۆیشتن و بە پێی دەنگۆکان، بە ڕەسمیش لە

نووسراوەیەک دا، لادانی خۆیان لە ڕێبازی حیزب بە ڕێبەری حیزب ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەم هاوپەیمانەتی‌یە لەرزۆکە کە لە سەر ئەساسی هەلپەرەستی و بەرژەوەندی تاک و باند دامەزراوە لە دوای دوایین پێشنیاری ڕێبەری حیزب بۆ چارەسەریی کێشەکان کەوتۆتە بەر ئەگەری هەڵوەشاندنەوە.لەو پێشنیارەی حیزب دا کە لە 17 خاڵ دا ڕیز کراوە، هەندێک ڕێوشوێن و پێداگرتنەوە لە سەر پرەنسیپە دێموکراتیکەکان هاتووە و ڕێگای بۆ تەواو کرانی قەیرانەکانی نێو حیزب نیشان داوە کە ئەو هاوپەیمانەتی‌یە لە بەرامبەری دا تووشی دابڕان لە یەک و دارزان و هەڵوەشاندنەوەی دەکا.تاقمی سەرەڕۆ بە ڕواڵەت لە وەڵامێکی دا، هەڵوێستی یەکدەستی خۆیان دەربڕیوە بەڵام کە بە وردی چاو لەو وەڵامە دەکەیەوە دەبینی کە سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی و نا هاوئاهەنگیی پێوە دیارە ئەویش ئاکامی هەڵوێستی جیای ئەو سێ ڕەوتەی نێو هاوپەیمانەتی‌یەکەیە.دەستەی یەکەم بە هیچ شێوەیەک مل بۆ ئیرادەی گشتی ڕاناکێشێ و بە هەر شێوەیەک و بە هەر بیانوویەک لە بیری لادان و پەرتەوازە بوونەو گەر هەموو داواکانی بۆ جێبەجێ بکرێ تازە سەرەتای بیانوو گرتنی بۆ جیابوونەوەیە.دەستەی دووهەم کە تا سنوورێکی دیاریکراو بۆ ئاژاوە نانەوە هاوپەیمانیان بووە بەم ڕیزە پێشنیارە کە لە ڕاستی‌دا دیاریکرانی سنووری نێوان مانەوەو نەمانەوە لە چوارچێوەی حیزب دایە، ویستی بادانەوە و مانەوەی لە چوارچێوەی حیزبی دا هەیە.دەستەی سێهەم کە لە ڕاستی‌دا مەلای خوتبەو فتوایە، نە دەیەوێ لە گەڵ هاوپەیمانەتی‌یەکە بڕوا چوون چاک دەزانێ کە چلۆن هاوپەیمانەتی‌یەکە، نە حەزیش دەکا حیزبی دێموکرات بێ کێشە بێ. ئەو کە وا دەزانێ کەوای سکرتێری تەنیا بە باڵای ئەو دووراوەو ماوەیەک دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی میراتەکەیان خواردبوو بە ناحەق

کاک مستەفا ببوو بە جێگری دوکتور سەعید، ئێستا کە لە کۆنگرەی 13 ی حیزب داو بە بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایەتیی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی حیزبی بە دژی مەلا، وا دەزانێ میراتەکەیان بۆ جارێکی دیکە لێ زەوت کردوەو هەروەک سوێندی خواردبوو، ئیجازە نادا دەورانی سکرتێری کاک مستەفا هیجری بە خۆشی و بێ گرێ تەواو ببێ، بۆیە مەلا بە هیچ پێشنیارو میکانیزمێک ڕازی نابێ مەگەر ئەوەی کە تەزمینی تێدا هەبێ کە ئەو دەتوانێ ببێ بە سەرۆک و وەلیی فەقیە و هەموو ئەندامانی حیزبی بڵێن کە لە لابردنت پەشیمانین و تەنیا تۆی کوێخای ئەم دەرو دەشتە!!" مەلا تۆبی خودا لەم فیکرە کۆنە لابدە"بۆیە هاوپەیمانیی قەیران ساز لە لێواری هەڵوەشاندنەوە دایەو لە داهاتوودا دەبینین کە دەستەی یەکەم بۆ جارێکی دیکە لە حیزب لا دەدەن و دەستەی دووهەم پەیوەست دەبنەوە بە ڕیزەکانی حیزب و لەم نێوەدا دەستەی سێهەم و مەلایە کە هەموو ڕیسەکەی لێ دەبێتەوە بە خوری و ئەو بارەگای خەیاڵاوییە کەی لە ئەندێشە پەرێشانەکەی دا بۆ خۆی درووستی کردووە بەسەریدا دەرووخێ و چەندین ساڵ خزمەتی لە نێو ڕیزەکانی حیزب دا لە ئاخری پیریدا ئاگری پێوە دەنێ و خۆشی پێوە دەسووتێنێ .

سەردار موکری

**حەسەنزادە، چێژێکی چێشتی مجێورو سەودایەکلە بانێک و دوو هەوا**
**دیسامبری ٢٠٠٦**

لە ئامێزی کۆمەڵگای ئێمە بیری پێشکەوتووخوازانە پێدەگرێت و بە گووتەی دۆست و دوژمن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێگرتووی ئەو میکانیزمە گونجاو و دارێژراوەیە کە پێکهینەرانی کۆمەڵەی ژ_ک لە رابردوویەکی لە ئامێزی سەدەی بیستەم نیشتوودا توانییان ئەو میکانیزمە بکەنە بناغە بۆ لە دایکبوونی .

هەنبانەی 61 ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پڕە لە ئەزموون! ئەزموونی چارەسەرکردنی کێشەکان، خۆ گوونجاندن، فێربوونی زیاتر بۆ گواستنەوەی هەنگاوی بە کردەوە لە پێناو دۆزی رەوای گەلەکەمان بە گشتی و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی !

حیزبی دێموکرات لە نوێکردنەوەی خۆی قەت ترسی نەبووە و مێژووی ئەم حیزبە پیشانی داوە و دەدات کە لە پێناو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی، هەردەم ئامادەیی ئەوەی هەبووە ، نرخی پێویستیش بدات! لە راستیدا ئەو نرخدانە بەو مانایە نە کە کەسێک یان کەسانێک لە ئەندامانی خۆی بکاتە قووربانی و ئامادەبێت دەستبەرداریان بێت! بەڵکوو نواندوویەتی کە گەر کەسێک یان کەسانێک لە ئانێکی مێژووییدا بیانەوێت بە قازانجی خۆیان حیزب بە لاڕێدا بەرن، پێشیان پێ بگرێت و قەت پاڵ بەوەوە نەدات کە خۆ ببەستێتەوە بە ناز و ئانفلوانزای سیاسی کەسێک یان کەسانێک! نموونەی ئەو جۆرە کەسانە دەتوانێت تاقمی حەوت کەسی و لە سەرەوەی هەموویان غەندی بلووریان و پاشان لادەرانی دوێنێ و لەمڕۆشدا لادەران+ کلکەی ئوپەراسیۆنی تێکدەر !

ئەو یاری کتک و مشکەی کە مەلا حەولا دەیەوێت شاییەکەی بگێڕێت ، لە راستیدا گەر بە لاپەڕە باسی بکەین و لە سەری بدوێین، دەبێت بە قەدەر

پەرتووکی " حەمە دۆک" ی وەرگێڕاو لە لایەن مەلا گەورەی سەر مینبەری کێشە و دووبەرەکی، واتە خوودی حەسەنزادە، لە سەری بنووسین و بدوێین !

مەلا لە هێنانەوەی ئەو داروەدەستەیە دەستێکی باڵای هەبوو بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێت ببێ بەرێبەری حیزبی دێموکرات .ئەو کە پشتیوانی بڕیاری دوو دەورە سکرتێری بوو، لە راستیدا لە بەر ئەوە نەبوو کە دڵی بۆ دێموکراستی دەسووتێت و دەیەوێت زوڵفی سەرکەوتنی دێموکراسی لە نێو حیزبدا شانە بکات !

یەکەم ئەوەی کە ئەو شاگەشکە ببوو بەوەی کە بووە بە سکرتێر و دڵی خۆش بوو کە ئەو دوو دەورە قەت تەواو نابن .

دووەم ئەوەی کە لە گەڵ ئەو کۆیەی هاتنەوە نێو حیزب رێکەوتبوو لە سەر ئەوەی ، گەر دوو دەورەکە تەواو بوو پشتیوانی ئەو بکەن لەو پێناوەدا کە ببێتە رێبەری حیزبی دێموکرات و ئەو میکانیزمە لە نێو حیزبدا بگونجێنێت .

سێیەم ئەوەی کە بە راستی مامۆستا و هاوڕێیانی مامۆستا، بە تایبەت لادەران، هەر وەک لەم دواییانەدا لە هەڵوێستەکانیاندا روون بووەوە چاویان بە برا و خوشکەکانمان لە باکوور و باشووری کوردستانی ئێراندا هەڵنایەت کە رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەن! ئەوەش لە نامە نهێنییەکەی مەلا حوسێن مەدەنی هاوڕێی خۆشەویستی مەلا حەوڵا حەسەنزادەدا بە روونی بەدیدەکرا !

نازانم بۆ ئەنگۆ لە روانگەی خۆتانەوە چاو لە سیاسەت و حیزبایەتی دەکەن! منی خەڵکی سەردەشت یان هەر جێگایەتی دیکەی کوردستان و خۆشەویستێک لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، دەبێ چ جیاوازییەکمان هەبێت لە روانگەی ئێوەوە بۆ ئیدارەکردنی حیزبی دێموکڕات؟ بۆ دەبێ بۆ

ئێمە ڕەوا بێت کە حیزب حیزبی ئێمە بێت، بەڵام بۆ خەڵکی کرماشان و ئیلام و سنە و سەقز و... ڕەوا نەبێت؟ بۆ دەبێت تۆوی دووبەرەکی لە نێو ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بچێنن؟ ئایا حیزبی دێموکڕات هەر تایبەت بە ئێمەی ناوەندە؟ پێشەوا ئاوای فەرمووە، کاکی مەلای ئەندازیاری کێشە و بەڵا! با پەنا بەرین بۆ دەربڕینێکی پیرۆز کە دەڵێ: احسن لناس کما تحسن لنفسک! ئەو رستە حەرەبییە پیرۆزە رستەیەکە کە مەلا بە زمانی مەلایی لێی تێدەگات و بۆ خۆشی لە مێژە ئاماژەی بەوە داوە کە باش لە زمان و دەربڕینی ئایینی حاڵییەو تانوپۆی لێکدەداتەوە !

لە راستیدا ئەو شێوە سیاسەتکردنەی مەلای ئێش و ئازار، سەرلێشێواوییەک زیاتر نییە! وەک ئەوەی کرماشانییەکان دەڵێن: وەسەر پیری ماجەرا دیری !

لە ماوەی چەند دەورە سکرتێری خۆیدا دونیای بە کەیفێ بوو! هەربۆیە هەموو ئەو هاتو هاوار و رخنانەی نێو حیزبی دەدایە بن کەواکەی و دەیەویست بڵێ کە ئاسمانی سیاسەتەکانی ئەو سامانە و پەڵە هەورێکی لێ بەدیناکرێت! بەڵام ئایا وابوو؟! بێگوومان مەلا هەر ئەودەمیش دەیزانی کە وا نییە! کۆنگرەی سێزدەش بە کردەوە پیشانیدا کە وا نەبوو! لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی مامۆستا و کاک مستەفا لە ناوەندی سێی شوومالی کوردستان، جارێک مامۆستا گووتی : من و کاک مستەفا هیچ کێشەمان نییە و !... بەڵام لە نۆرەی کاک مستەفادا، ئەو گووتی: بە پێچەوانەوە، ئێمە کێشەمان هەیە و خاوەن بۆچوونی جیاوازین، بەڵام لە هەمانکاتدا پێکەوە کاردەکەین و خزمەت بە حیزبەکەمان دەکەین! بەڵام ئەو کاتانە قەت مستەفای هیجری پەنای نەبرد بۆ درکاندنی نهێنییەکانی حیزب و ئامادە نەبوو ، نە ئەو و نە هاوبیرانی ، کە

حیزبی دیموکرات بکەن بە شاری بێ دەروپەیکەر و هەرکەس بتوانێت بە کەیفی خۆی لێی بێتە ژووری !
پێموایە هیچکەس ئەو راستییە نەزانێت، مەلا بۆ خۆی دەزانێت و هەربۆ خۆشی ئەو شتانەی لە بیرە کە من باسیان دەکەم و گەر هەر دەڵێت لە بیرم نییە و شتی ئاوەها نەبووە، لە ئەرشیڤی حیزبیدا ئەو دکیومێنتانە بە دەنگ و رەنگ دەست دەکەون! بێگوومان چێشتی مجێور ووشەیەکە کە حەیاکی باشی لێتێدەگات! هەربۆیە پێویستە بڵێم کە مامۆستا لە خوێندنەوەی پێناسەی سیاسەتدا ، هەشتەی تێکەڵ بە مەشتە کردووە و نازانێت چۆن لە بازنەی ئەو هەرەسە سیاسییە بێتە دەرێ! دەسەڵاتخوازی وای لێکرد کە بە بێ گرەو بوو بە عەسای دەستی حوسێن مەدەنی و حەسەن رەستگار و ئێستا بێباوەڕی رووی تێکردووە و دەزانێت گەر حیزب بە جێ بێڵێت، ئەوان هەر ئەوەندە دەیانەوێت کارەکانی خۆیانیانی پێ جێبەجێ بکەن و پاشان پاڵێکی پێوە دەنێن! لە لایەکی دیکەوە هاوڕێیانی دیکە وەک کاک قادر وریا و کاک ئیسماعیل بازیار و خووشکە خەدیج و ... ئەوانیشی تووشی سەرلێشێواییەک کردووە کە لەو کەین و بەینەدا ، دڵنیام ئەوانیش نایانەوێت هەرچی حوسێن مەدەنی و رەستگار و جەلیل دەیڵێن، جێبەجێی بکەن! لە بەر ئەوەی باش دەزانن کە ئەوانە کێن و "س" ینی سووئال و " ج" یمی جەوابیان لە کوێ ئاو دەخواتەوە! ئەمەیە چێشتی مجێور کە مجێورێک ئێستا خەریکە لە نێویدا دەخنکێت! بۆ نەخنکان لەو قەیرانە، بێگوومان هیممەتێکی دەوێت کە توانای ئەوەی هەبێت داوای لێبووردن بکات! بەڵام ئایا مەلا دەتوانێت داوای لێبووردن بکات!؟ بە باوەڕی من مەلا ئەوەندە لووتبەرزی لە سیاسەتدا دەنوێنێت کە ئامادەیە سەکتە بکات ، بەڵام داوای لێبووردن نەکات! سەد حەیف و مەخابن! کورد دەڵێت :

**له جێی بازان کۆرکۆره وازان**

**یەکێکی دیکە لە بابەتە سەیروسەمەرەکانی حەیاکی ئەوەیە ،دەبیستریێت کە دەڵێ: من نامەوێت کۆرپەی خۆم لەت بکەم! کە مەبەستی لە حیزبی دێموکراتە! راستە ئەو نایەوێت کۆرپەی خۆی لەت بکات، بەڵام دەیەوێت تووشی نەخۆشی دەروونی بکات و لە ناخەوە بیخنکێنێت! ئەو دەیەوێت زیرەکانە رای گشتی بە لارێدا بەرێت! دەیەوێت بە شێوەیەک ئەو کۆرپەیە بکووژێت کە هیچ شێوە ئەسەرێک لە چۆنیەتی کووشتنەکەی لێ بە جێ نەمێنێت، بۆ ئەوەی جێگا قامکەکانی خۆی دەرنەکەون لە کووشتنی ئەو کۆرپەیەدا! هەرچەند من دژی ئەوەم کە ئەو بە حیزبی دێموکرات دەڵێت : کۆرپە! بە پێچەوانەوە، ئەوە مەلایە کە یەکێک لە کۆرپە سەرەڕۆکانی ئەو حیزبەیە و دەبێ ژێر بێت و لە چوارچێوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبدا خۆی بهێڵێتەوە، دەنا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو سەرەڕۆ و ئاژاوەگێڕە لە خۆیدا جێگا نادات! لێرەدایە کە ئەو دەیەوێت سیاسەت و ساتوسەودای قوومارانی بانێک و دوو هەوا بکات کە دڵنیام بە تەپڵی سەردا بەردەبێتەوە گەر بێت و ئاوەها بەردەوام بێت! مێژوو دەبێتە داوەر و دەشبینین کە مەلا قامکەکانی خۆی دەگەزێت .**

**خدر سەردەشتی** DESEMBR 2006

**<u>روونکردنەوەی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر چەواشەکارییەکی دیکەی تاقمی مەلا حەسەن</u>**

**دیسان چەواشەکاری!**

**جەماعەتی مەلا حەسەن رەستگار لە راگەیەندراوێکدا کە رێکەوتی 1/17 /1386 (2007/4/6)، بە ناوی کومیسیۆنی راگەیاندنەکەیان بڵاویان کردۆتەوە، جارێکی دیکە شەڕو کێشەی نێوان چەند پێشمەرگەیەکیان کردۆتە هەوێنی تەبلیغاتێکی نوێ. لەو راگەیەندراوەدا لە لایەک ویستوویانە هۆی ئەم کێشانە بەتەواوی بدەنە پاڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو خۆیان بێخەتا نیشان بدەن.**

**لەو پێوەندییەدا وەک ئەوەی کە ئەو هەلەشیان بەباشی قۆزتبێتەوەو چاوەڕوانی ئەو هەڵکەوتە زێڕینە بووبن، جارێکی دیکە چوونەتە سەر رووداوەکانی پێشووو چەواشەکارییەکانیان دووپات کردۆتەوە. وادیارە رێبەرایەتیی ئەو لایەنە باوەڕیان بەم وتەیە هێناوە کە "درۆ تا گەورەتر بێ خەڵک زیاتر باوەڕی پێدەکا".**

**بە پێچەوانەی چەواشەکارییەکانی ئەو تاقمە، ئێمە وێڕای بەداخبوون لەو تێکهەڵچوونانە، رادەگەیەنین کە لە سەرجەمی ئەو کێشانەدا هۆیەکان زۆرتر دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەوان، چوونکە ئەم تاقمە پێیان ناخۆش نیە بەم هۆیەوە لە ناو خەڵکدا خۆیان بنوێنن، لە ژمارەی ئەو پێشمەرگانەش کە لەو ماوەیەدا بریندناربوون یان لێیان دراوە، زۆربەیان پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، بەلا م ئێمە لەو باوەڕەدا نین کە ئەو مەسەلانە لە راگەیەنەکاندا بڵاوبکەینەوەو هۆی نیگەرانیی زیاتری خەڵک فەراهەم بکەین.**

له لایەکی دیکەوە ئەو راگەیەندراوە باس لە پێشوازی لە داوای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکا بۆ "پێکەوە کارکردن لە چوارچێوەی یەک حیزبدا". ئەو ئیددیعایەی تاقمی کاک مەلا حەسەنیش ناڕاستە چوونکە لە لایەکەوە لەجیاتی خۆشکردنی هەلومەرج بۆ پێکەوە کار کردن، کێشەی دوو پێشمەرگە گەورە دەکەنەوەو دەیکەنە خۆراکی تەبلیغاتیو لەشکرکێشی بۆ سەر بنکەکانی حیزبو، لە کردەوەدا ئاڵۆزکردنی ڕەوشی ئێستای بنکەکان لە لایەکی دیکەوە ئاگادارکردنەوەی لایەنگرانی خۆیانو باسی وردەکارییەکانی دانیشتنی هەیئەت لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێم بە شێوەی نووسراوو، باقی ناوەرۆکی بڵاوکراوەکە لە سەر ئینتێرنێت لایەنی تەبلیغاتی چەواشەکارانەی ئەو بلا وکراوانە بە باشی دەردەخا. لەو ئاگادارکردنەوەدا ئەو هەموو مەرجو شەرتانەی کە بۆ "کارکردن لە یەک حیزبدا" هێناویانە، بۆ هەموو خوێنەرێکی بڵاوکراوەکە بە روونی نیشان دەدا کە ئەو مەرجانە وەک داوا بیست خاڵییەکەی پێش جودابوونەوەیان لە حیزب، نەک هیچ زەمینەیەک بۆ پێکەوە کارکردن نایەڵێتەوە بەڵکوو کەلێنەکە گەورەتر دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە سەرەتاوە تا ئێستا خوازیاری یەکگرتوویی حیزب بووەو هەیە، لەو باوەڕە دایە کە پێویستە کێشە وردەکان لە جیاتی گەورەکردنەوە ڕێگاچارەی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوەو بە کردەوە . نەک بە هاتو هاوار . زەمینە بۆ دۆستایەتیو یەکگرتوویی ئامادە بکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتاریا

2007-04-07

**حەسەنزادە و سادیزمی سیاسی**

**مەجید حەقی** 2007.03.23

**[پێداچوونەوەیەک بە دیمانەی بەڕێز حەسەنزادە لەگەڵ وەشانی لڤین]**


مەجید حەقی

**لە دەسپێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە مێژووی مرۆڤایەتی تەژیە لە ڕووداو و تەنگەژە ناخۆشەکان، کە بە شێوەی جۆراوجۆر ئاقاری بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانە پێشگرتن لە ڕەوتی پێشڤەچوونی کۆمەڵگە بەرەو ئاستێکی باشتر بووە. گەلی کورد وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەداخەوە تووشی زۆرترین ڕووداو و دیاردە ناخۆشەکانی ئەو جۆرە تەنگەژە کۆمەڵایەتیانە بووەتەوە. بەتایبەت دووپاتکردنەوەی دیرۆک و ڕووداوەکان کە زۆربەی هەرە زۆریان شکستن لەلایەن گەلی کوردەوە، بوونەتە بەشێک لە چاندی سیاسی و مێژوویی.**

**لە پێوەندی لەگەڵ ئەو جیابوونەوەیەی کە بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سەپا، لایەنی جیابووەوە سەرەڕای وادە، بەڵێنی و دروشمە زریقەدارەکانی خۆی کە تەنانەت هەندێک ڕۆشنبیری "بەپەلە"ی بۆلای خۆی ڕاکێشا، هەڵسوکەوتەکانی دواتری ئەو دۆستانە بەجیاتی خوێندنەوەیەکی نوێ لە سیاسەت و فێربوون لە مێژوو بەرەو ئاقارێکی بەتەواوی دوور لە لۆژیک دەڕوا کە دەکرێ**

بەکورتی ناوی سادیسمی سیاسی لێ بنرێت. لەباتی بەشدارییەکی ئاوەدانکەرانە و کۆنستراکتیڤ لایەنی جیابووە بە گرتنەپێشی سیاسەتی ماجەراجۆیانە و سەرەڕۆیانە لە هەوڵی قرێژکردنی چەمکی کاری سیاسی و بەجیاتی دۆزینەوەی ڕێگای دەربازبوون لە گرێکوێرەی کە لەو هەلومەرجە ناسکەدا بۆ بزاڤی کوردیان پێکهێناوە، هەڵمەتی سووککردنی خەباتی سیاسیی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکردووە. ڕەوتی جیابۆوە لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەشوێنی ڕوونکردنەوەی سیاسی و چارەسەری گرفتی ناسنامەیی- سیاسیی خۆی لەدەستی بێئامانجی و پارادۆکساڵی شیکردنەوەی خۆی وەک خۆی دەناڵێ، ئەمەش لە وتەکانی بەڕێز حەسەنزادە، لە دیمانە لەگەڵ گۆڤاری لڤین (ژمارە 49، فێبرووەری 2007) دەردەکەوێ.

گەندەڵیی سیاسی- ڕێکخراوەیی دیاردەیەکی نەخوازراوە کە لەگەڵ دەسپێکی سکرتێری بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە ڕووی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و لە ماوەی زیاتر لە دە ساڵ خەریک بوو تانوپۆی حدکا لێک هەڵوەشێنێتەوە. لەڕاستیدا لە سەردەمی مامۆستادا بە پێڕەوی لە فەرهەنگی باوی سیاسیی ناوچە ئەو گەندەڵییەی بەرەبەرە جێگای بە نرخەکانی سیستەمی دیموکراتیک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنگ دەکرد و حدکا لە حیزبێکی پرۆئاکتیڤ، دیموکرات و خاوەن داهێنانی سیاسی بەرەو حیزبێکی کۆنسێرڤاتیڤ کە لەودا باوکسالاری و بنەماڵەسالاری جێگای یاساسالاری دەگرتەوە، دەڕۆیشت. ئەو ڕەوشە بوو بە هۆی ناڕەزایەتی گشتی لە نێوخۆی حیزبدا کە ئاکامەکەی

کۆنگرەی سێزدەی لێکەوتەوە. بەداخەوە مامۆستا گوێی بیستنی "دەنگی شۆڕش"ی نەبوو و لە ئاکامدا بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی، خۆیگوتەنی هەوڵیدا "حیزب وەسەریەک بخاتەوە".

مامۆستا لە وەڵامی یەکەم پرسیاری لڤین دا دەڵێ: "پێمان وایە ئێمە وەکو دوو حیزب کە نەمانتوانیوە پێکەوە کار بکەین، دەتوانین لە چوارچێوەی دوو حیزبدا کار بکەین...". لەوەدا کە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا حیزبێکی دیکە هەبووە کە خاوەنی دەسەڵاتی موازی بووە مامۆستا ئەگەر بە هەڵەشی لەسەر زاری دەرپەڕیبێت ڕاست دەکات. لە ڕۆژی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی دەیەم بە قازانجی خۆی - لە بەدەستهێنانی کورسییەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب – مامۆستا بە کردەوە بە گوتنی ئەوەی کە "ئێمە دوو تیم بووین، تیمێک بردیەوە و تیمێکیش دۆڕاندی" حیزبی دێموکراتی کردە دوو بەش. کاتێک حیزبێک بە دوو تیم دابەشکرا، سروشتییە کە کەلتوری دوو حیزبی لەنێو ئەو تیمانەدا کە هەرکامیان لە هەوڵی بەهێزکردنی تیمی خۆیاندان بۆ نەدۆڕان لە "گەمەکانی داهاتوو"دا گەشە دەکا.

تێکچوونی حافزەی مامۆستا لە هەڤپەیڤین لەگەڵ لڤین، مرۆڤ لە "جیددیەتی" وتووێژەکە دەخاتە گومانەوە. لەلایەک مامۆستا باس لە تەرحێک دەکات کە گۆیا پێنج ساڵ و نیو بەر لە ئێستا نووسیویەتی و لەلایەکی دیکەشەوە لە ماوەی کەمتر لە دە چرکەدا لەبیری دەچێت و ڕێکەوتی دانی تەرحەکەی بە کۆمیتەی ناوەندی دوای سێ مانگی دیکە بە سێ ساڵ و نیو کەم دەکاتەوە! ئەوەی لەو پێوەندییەدا

جێگای سەرنجە ئەوەیە کە مامۆستا دەڵێ: "من لە کۆنگرەی سێزدەش کە لێرە گرتمان، وتم من هەموو تواناکانم دەخەمە خزمەتی ئەو حیزبە بە مەرجێک ئەم حیزبە بەرنامەی هەبێت و حیزبی هەموومان بێت". بڵێی مامۆستا لە بیری چووبێت کە بەر لە کۆنگرە بۆخۆی سکرتێری گشتیی حیزب بوو، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە ئامادەی کردبوو و لەو ڕاپۆرتەدا هێڵە گشتییەکانی حیزب بۆ خەبات و چالاکیی داهاتوو پێشنیار کراون کە دوای پەسەندکردنی کرانە بەرنامەی کاری حیزب. داخوا مامۆستا لە بیری چووە کە کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردەر، یاسادانان و بەرنامەداڕێژی حیزبە و ئەویش تا ئەوکات وەک بەرپرسی پلەیەکەمی حیزب ئەرکی پێشنیارکردنی بەرنامە بۆ کاری داهاتوو بەئەستۆ بووە. ئەوە چ حیزبێکە کە تازە دوای کۆنگرە بکەوێتە هزری داڕشتنی بەرنامە؟

مامۆستا لە پێوەندی لەگەڵ هاوکاریکردنی لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەڵێت: "پێمگوت تۆ زۆر کارشکێنی منت کردووە بۆ ئەوەی سەرنەکەوم، وتی وایە، من وتم من بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەم کە تۆ سەربکەویت و پێش هەموان چەپڵەت بۆ لێدەدەم." ئەوە کە تا چ ڕادەیەک ئەو فەرمایشانەی مامۆستا ڕاستن ئۆبالی بە ئەستۆی خۆی، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ بەشی دووەمی وتەکانی واتە "من وتم من بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەم کە تۆ سەربکەویت و پێش هەموان چەپڵەت بۆ لێدەدەم" بۆ ئەوە دەشێ پێداچوونەوەیەک بە ڕەفتاری مامۆستا لە ماوەی دوای کۆنگرەی سێزدە و تەنانەت بەر لە

کۆنگرەی دەیەمی حیزبیش بکرێت. بە شاهیدی هاوبیران و پێڕەوانی خۆی مامۆستا سوێندی خواردبوو کە ڕێگا نەدات بەڕێز هیجری هەرگیز ببێتە سکرتێری حیزب. دوای کۆنگرەی سێزدەش مامۆستا لە گشت پەیوەندییەکی تاکەکەسی، دەرەوەی حیزبی و تەنانەت ئەو کەسانەی کە ڕۆژگارێک لەلایەن ئەوەوە بە نامەحرەم دەزانران هەموو کارێکی کردووە بۆ کەمکردنەوەی "ئێعتباری" سکرتێری گشتی و ڕێبەرایەتی حیزب بەگشتی. بەر لە کۆنگرەش مامۆستا لە دوایین سەفەری خۆی بۆ دەرەوەی وڵات بەجیاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی سکرتێری گشتیی حیزب، ئەرکی ڕێکخستنی "تیمی خۆی" بەڕێوەدەبرد و بەو بیانووەی کە من سکرتێرم و مافی خۆمە پێوەندی لە وڵاتان بە کێوە دەگرم هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی بە پێچەوانەی ئاییننامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی پەراوێز دەکرد بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی بوون بە ڕێبەری "مادام العمر"ی حیزب و مسۆگەرکردنی جێگای "ولیعهد"ەکەی. پرسیارێک کە دەبێ لە مامۆستا بکرێت ئەوەیە کە ئەو ڕێکەوتی لەتبوونی حیزب کە دەفەرموێ "لەمێژە لەت بووە" بۆ کەنگێ دەگەڕێنێتەوە؟ بۆ کۆنگرەی دەیەم ئەو کات کە بۆخۆی ڕایگەیاند "تیمی ئێمە بردویەتیەوە" یاخود ڕێکەوتێکی دیکەش هەیە؟

مامۆستا یا بەهۆی دەسترانەگەیشتنی بە سەرچاوە سیاسییەکان و نەناسینی خەباتی گەلانی دیکەی جیهان ئەوانەی کە بۆ خودموختاری یان فیدرالیزم هەوڵیان داوە یان بۆ ئەوەی کە خۆی لە بەرپرسایەتی سەرەکی بدزێتەوە و دژایەتی خۆی لەگەڵ "بەرە" یان "جەبهە" لەژێر بەهەڵەزانینی ئەو پێشاژۆیە بۆ یەکگرتنەوەی هێزە

سیاسییەکان دەشارێتەوە و دەڵێ: "من بەرە بە دروست نازانم بۆ هاوپەیمانییەکی کوردستانی،..." پرسیار لە بەڕێزیان ئەوەیە چۆنە ئەگەر بەو هۆیەی کە ئێوە لە دیمانەی خۆتاندا فەرمووتانە "وشەی بەرە" بە دروست نازانن لەنێو حیزبێکدا کە نە لە پێڕەوی نێوخۆیی و نەش لە بەڵگەکانی کۆنگرە و تەنانەت لە ئاییننامەکانی نێوخۆیش ناوێک لە ئۆپۆزیسیۆن نەهاتووە و تا ئێستاش لەنێو هیچ حیزبێکی جیهانیدا ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی حیزب نەبووە بە سیاسی، دەزانی و دەستدەکەی بە سازکردنی ئۆپۆزیسیۆن و بە قسەی خۆت "دوو حیزبی پێکەوە"؟ گەلۆ بڵێی مامۆستا تووشی سەرلێشێواوی دەورانی نەهاتبێت؟

بۆ مرۆڤێک کە زیاتر لە 50 ساڵ لە تەمەنی خۆی لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەسەربردووە، جێی تێڕامانە بۆچی تا ئەو ڕادەیە لە نرخ و بەهاکانی ڕابردووی خۆی دادەبەزێت و دەست بە چەواشەکاری دەکات؟ مامۆستا لە بارەی کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسیدا دەفەرموێ "دەیان کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی کراوە بەبێ ئامادەبوونی ئەو ئەندامانەی کە لەگەڵیان هاوبیر نەبوون، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کراوە بەبێ بەشداری ئەوان". گەلۆ سەرۆکی "لەتکردنەوەی" حیزب ناڵێ بۆچێ ئەو کەسانە بەشداری کۆبوونەوە نەبوون؟ داخوا نەبوونی "حەوسەڵەی بەشداریکردن لە کۆبوونەوە"کانی مەکتەبی سیاسی و بایکۆتکردنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ئۆباڵی دەگەڕێتەوەسەر ئەستۆی کێ؟

حەسەنزادە جیاوازیی نێوان حیزب و "ماددەیەکی جامد"ی لێ

تێکچووە و جیابوونەوەی خۆیان بە "لەتبوون" ناودەبات. هەرچەند لەوانەیە شیکردنەوەی ئەو باسە بۆ مامۆستا و دەوروبەری چەندان کەڵکی نەبێت چونکە مرۆڤ کە بڕیارێکی دا هەڵوێستێکی تایبەتی هەبێت و وەک مامۆستا لاقی لە یەک کەوش کرد، ئەوکات لۆژیک کەمترین واتای دەمێنێ. بەو حاڵەش شیکردنەوەی هەڵەبوونی مامۆستا لانیکەم دەتوانێ کۆمەک بە کەسانێک بکات کە جارێ لەسەر دووڕێیانی بڕیارداندان. لەتبوون پێڤاژۆیەکی فیزیکییە کە بۆ هەندێک لە شتە "جامد"ـەکان بەکار دەبردرێت. بۆ نمونە سێو لەت دەکرێت، پرتەقاڵ لەت دەکرێت بەڵام لەتبوون لە هەموو "جامد"ـەکاندا ڕەوایی نییە؛ شیشە لەت ناکرێ دەشکێ یان ورد دەبێت. دوای شکانی شیشە لەتە شیشەکان واتایان هەیە. لەتبوون بۆ نمونە بۆ ماددە ئاوییەکان (مایعات) و گازەکان بەکار نابردرێت بەهۆی ئەوەی کە شکڵێکی "جامد"یان نییە. حیزب هیچکام لە حاڵەتەکانی ماددی "جامد، ئاو و گاز" نییە بۆیە بەکاربردنی لەتبوون بۆ حیزبێک لە پلەی یەکەمدا هێنانەخوارەوەی نرخی ئینسانی ئەو کەسانەیە کە تەنانەت لەگەڵ ڕەوتی مامۆستا-ڕەستگار کەوتوون.

هەروەک "بەرە" کە بە وتەی مامۆستا لە ڕووی سیاسییەوە هەڵەیە، لەتبوونی حیزبیش شازییەکی سیاسییە کە داهێنانی مامۆستایە. ئەویش بەهۆی دووربوونی لە تێگەیشتنی قووڵایی پێڤاژۆیەکان سەرچاوە دەگرێت. جیا لەوە بە "فەرزی مەحاڵ" ئەگەر قەرارە حیزب لەت بێت، ئەو بڕیارە لە کۆنگرەدا دەتوانرێ بدرێت کاتێک کە بەشدارانی کۆنگرە بەو ئاکامە گەیشتن کە حیزب دەبێ "ئینشعیابی"

تێدا ڕوو بدات. مامۆستا و هاوبیرانی بەداخەوە حیزب و پارچە زەویان لێ تێکچووە و لەو بارەدا گەورەترین زوڵم لە کەسانی سەر بە خۆیان دەکەن.

من لە سەرەتای هاتنەبەرباسی دامەزراندنی تەلەڤزیۆن چ دوور چ نزیک تێکەڵی ئەو مەسەلەیە بووم. بۆیە بەشداری نەدانی "نامەحرەم" بە وتەی مامۆستا بە تەواوی بە دوور لە ڕاستی دەزانم. ئەو کاتەی کە بەڕێز حەسەنزادە لە دەرەوەی وڵات بوو چەندین جار داوای لێکرا بۆ بەشداری لە بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن و دیمانە لەگەڵ تیشک؛ نەتەنیا ئامادە نەبوو بەڵکو زۆر کەسی هاندا بۆ هاوکاری نەکردن لەگەڵ تەلەڤزیۆنێک کە تازە دەستی بەکار کردبوو. دەبێ لە مامۆستا پرسیار بکەین هاندانی خەڵک بۆ بەشداری نەکردن لە پرۆژەیەکی نەتەوەیی، هاوکاری نەکردن لەگەڵ ئەو کاناڵە لە خزمەتی کام ئامانجدا بووە؟ جگە لە تێکدانی ڕیزەکانی حیزب و لێکپچڕاندنی تواناکان.

بەڕێز حەسەنزادە وا دیارە لەو ماوەیەدا بۆتە کارناسی بواری "ئامارگرتن" و ئیدعا دەکات کە "لە سەدا بیستی" ئەوانەی کە توانای نووسین و وەرگێڕانیان هەیە لەگەڵ "لایەنەکەی ئەوانن"! ئەو شێوە ئامارگیرییەی مامۆستا بۆ ئەوە دەشێ لە ڕێکخراوی تۆمارکردنی "داهێنانی" جیهانی تۆمار بکرێت بۆ ئەوەی کە کەس دەستی بەسەردا نەگرێت. لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ: "لە هەر جێگەیەک کاریان کردووە بە جوودایی کاریان کردووە، خەڵکێکی زۆریان لا بردووە و ناچاریان کردووە بە دەرکردن." گەلۆ لە ئەورووپا، ئەوە چ کەسانێک

بوون کۆبوونەوەی مەحفەلیان دەگرت و پەیتا پەیتا ئەو وڵات و ئەو وڵاتیان دەکرد؟ ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون یان کەسانی سەر بە ماموستا و "حیزبەکەی" ماموستا کە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێکیهێنابوون؟

ماموستا یان بەڕاستی لێی تێکچووە یاخود بەهۆی پیری و ماندوویی لە ڕادەبەدەر هێزی لێکدانەوەی مەنتقی نییە بۆیە سەرانسەری وتووێژەکەی لەگەڵ لڤین پڕە لە دەربڕینی دژبەیەک. ماموستا فەرمایش دەکات: "هەر کاتێک بوو بە کەمینە و سوژدەی بۆ ئیرادەی میللەت برد، ئەوکات دەردەکەوێت کە حیزبێکی دیموکراتە." داخوا لایەنگرانی ماموستا لە خۆیان پرسیوە "سەروەر" تۆ کە لای‌لایە دەزانی بۆ خەوت لێ نەکەوت. کاتێک لە کۆنگرە بوویت بە کەمینە تۆ چەندە دیمکراتێک بوویت کە نەتتوانی سوجدە بۆ ئیرادەی حیزبەکەت بەری؟ لە وەڵامی پرسیاری لڤین دا کە بۆ چاوەڕوانی کۆنگرەتان نەکرد؛ دەڵێ "ئەو زۆرینەیەی کە لە کۆنگرەی سێزدەدا بەدەستیانهێنا بە ڕێگایەکدا بەدەستیانهێنا کە کۆنگرەی دوازدە بە تاوان و تا سنووری خیانەتی دەزانێ، دوای پێنج مانگ لە کۆنگرە، ئەندامێکی باڵایان لە کۆبوونەوەیەکدا وتوویەتی، نیگەرانی کۆنگرەی چواردە مەبن، لە ئێستاوە دەزانین ئەو کورسیانە کێیان لەسەر دادەنیشێ، ئەوان ئاوا دەچنە کۆنگرەی چواردەوە، تەنانەت لە کۆنگرەیەکدا یەکێیان وتبووی بڕۆ تا هەشت ساڵی دیکە، واتە زەمانەتمان کرد تا هەشت ساڵی دیکە."

ئەگەر ئەو فەرمایشانەی کە دەڵێی ڕاستن، بۆچی لە کۆنگرە وەک

سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزب هەڵنەستای بۆ ڕاگەیاندنی نایاساییبوونی کۆنگرە؟ جیا لەوە خۆ لایەنی بەقەوڵی خۆت زۆرایەتی وەک جەنابت ئەوکات سکرتێر نەبوو لە دەرەوەی وڵات خەریکی ئامادەسازی بۆ بەشداری لە کۆنگرە بێت. مامۆستا کە وا دیارە سیاسەت و شیعر و هەستی لێ تێکچووە، بە دەربڕینی کەسێک کە "نیگەرانی کۆنگرەی چوارده نەبن"، دەستدەکاتە جیاکردنەوەی حیزب و دژایەتی بە کردەوە لەگەڵ حیزبێک کە بۆخۆی زیاتر لە 50 ساڵ لە تەمەنی تێدا تێپەرکردووە. بۆخۆی وەڵام ناداتەوە کاتێک لە ساڵی 2002 داوای لێکرا با هەوڵ بدرێ لە دەرەوەی بازنەی جیناحەکان چارەسەرییەک بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە چۆن هەڵسوکەوتی کرد و بەدەستی خۆی نووسی: "نیگەران مەبن، میکانیزمێکمان بۆ حیزبی دێموکرات دروست کردووە کە قەت کێشە لەنێو حیزبدا سەرهەڵنەدا." داخۆ ئەو میکانیزمەی هەمان پەرەپێدانی پرۆژەی دوو تیمی هاوسان کە لەودا مامۆستا کاپیتانی هەمیشەیی تیمی براوە بێت، نەبوو؟

لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ناودا مامۆستا وا دیارە بەڕاستی ئاگای لە جیهان نییە. لەو بارەدا فەرموویەتی: "ئەوان ناویان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئێمە ناومان حیزبی دێموکراتی کوردستانە، لە دونیادا چەندان ناو وەک یەک هەیە و کێشەشی دروست نەکردووە". لە هێلە گشتیەکانی خۆیاندا مامۆستا و هاوبیرانی خۆیان بە پێڕەوی پێڕەو و پرۆگرامی حیزب پەسەندکراوی کۆنگرەی سێزدە دەزانن. مامۆستا کە وا دیارە شارەزایی لەسەر یاسا هەیە و خۆی بە "باوکی" ئەساسنامەی حیزب

دەزانێ ناڵێ بەپێی کام بەندی ئەساسنامە ئەو هەڵساوە بە گۆڕینی ناوی حیزب؟ کام ئۆرگانی یاسادانان، کام کۆنگرە ئەو مافەی بە مامۆستا داوە ناوی حیزب دەستکاری بکات و بەندی یەکەمی پێرەوی نێوخۆی حیزبێک کە مامۆستا ئیدعا دەکا لەسەر "شان و ملی" ئەو گەیشتۆتە ئەو کاتە لەژێر پێ بنێ. بڵێی مامۆستا و لایەنگرانی ئەوەندە لەو بارەدا خاو بن کە نەزانن تەنانەت یەک وشەی ئەساسنامە نابێ بەبێ بڕیاری کۆنگرە بگۆڕدرێت؟ ئەی چۆنە ئێوە لەناکاو بوونە "حیزبی دێموکراتی کوردستان؟" مامۆستا لە وەڵامی هەمان پرسیاردا نهێنییەکی دیکەشی درکاندووە: "ئایا ئەو حیزبە لەسەر شان و ملی کێ گەیشتووە ئەم کاتە؟ لەسەر شان و ملی ئەوان یان هی ئێمە؟" حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ملکی بنەماڵەی هیچ کەس و لایەنێک نییە. ئەو حیزبە بە خوێنی هەزاران شەهید بە خەبات و کاری هەزاران کادر و پێشمەرگە، ئەندام و لایەنگری حیزب گەیشتۆتە ئێرە. لە یاسای هەموو وڵاتێک هەر شارۆڤەندێک چ بە تەمەن چ لاو تا ئەو کاتەی کە ڕێز لە یاساکان بگرێت لە چوارچێوەی یاسادا خاوەنی هەموو مافێکی بەرانبەری شارۆڤەندییە، ئەوە بۆ حیزبەکانیش هەمان دیاردە میسداقیەتی هەیە و درێژایی تەمەنی ئەندامەتی بچووکترین پاساوێک نییە بۆ خۆبەخاوەنکردنی حیزب. بەڵام لە دەربڕینی مامۆستادا نهێنییەکی دیکەشی تێدایە ئەویش زاڵبوونی فەرهەنگی باوکسالاری و عەشیرەیی، بە جۆرێک کە چونکە بۆخۆی زۆرتر لە بۆنموونە منی تەمەن 35 ساڵ ئەندامی حیزبی بووە، کەوابوو ئەو دەبێ ببێتە خاوەنی ئەو حیزبە! مامۆستا لەو فەرمایشانەدا ئاستی دیموکراتبوونی خۆی بە جوانی نیشاندەدات بۆیە لە هەمان وتووێژدا

بەشداری لاوان و ژنان لە ڕێبەری "حیزب"ـەکەی خۆیدا بۆ دە تا پانزدە ساڵی تر دوادەخات.

لەدرێژەی فەرمایشەکانیدا لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ناوی حیزب دەڵێت: "کاک مستەفا دەڵێت بەپێی یاسای هەموو دونیا ئەوان حیزبی دێموکرات نین، با قانوونی یەک وڵاتم بۆ بێنی من قبووڵی دەکەم و دەستبەجێ دەیگۆڕین."

لە هەر سیستەمێکی دەوڵەتی و نادەوڵەتی یاسای بنەڕەتی و لە سیستەمی حیزبیدا پێڕەوی نێوخۆ بڕیاردەری نیهاییە لە پێوەندی لەگەڵ دیاریکردنی جۆری پێوەندیی نێوان ئەندامانی کۆمەڵدا. مامۆستا یان بەڕاستی ئاگاداری یاسای وڵاتان نییە یان ئاگادارە و دەیهەوێ لە کەم ئاگایی دەوروبەری خۆی کەڵکوەرگرێ. دەربڕینی ئەوەی کە "لە دونیادا چەندان ناوی وەک یەک هەیە و کێشەیەکیش دروست نەکردووە" دەتوانێ لە دوو شت سەرچاوە بگرێ، یان مامۆستا لە یاسای "نسبیت" تێناگات یان تێدەگات و خۆی لێ نامۆ دەکات. "دونیا" بەسەر چەندین یەکەی سیاسی و جوغرافیدا بەشکراوە، کە ئێرانیش یەکێک لەو یەکە سیاسیانەیە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک یەکەیەکی جوغرافی لەخۆدەگرێ. ئەگەر مامۆستا دەتوانێ بۆ نمونە لە یەکە سەربەخۆیەکان کە یاسا خاوەن دەسەڵاتە شێوەیەکی وەک "داهێنانی مامۆستا" بدۆزێتەوە، ئەوکات دەبێ "کەشفی" مامۆستا بۆ نۆبێل کاندید بکرێت.

مامۆستا یان بەڕاستی ئاگاداری یاسای وڵاتان و سیستەمی

دیموکراسی نییه یان ئاگای لێیه و دەیهەوێ بە حوکمی "پێشەی سەرەکیشی بوو‌بێت" تەنیا ئەوە بسەلمێنێ کە بۆخۆی پێیوایە. نزیک بە تەواوی ئەو وڵاتانەی یاسای "ئەحزابیان" هەیە رێوشوێنێکیان بۆ چالاکیی سیاسیی حیزبەکان داناوە. لەو بارەدا تەنیا ئاماژە بە بەندی یاسایی چەند وڵاتی ئەوروپایی و بۆ ئەوەی کە بیانوو بە دەستی مامۆستا نەدرێت چەند وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە جارێ وەک بەڕێز حەسەنزادە و هاوبیرانی فرچکیان بە دیموکراسیەوە نەگرتووە، دێنینەوە: یاسای حیزبەکان لە فینلاند[1] ناوی هاوتەریب و هاوشێوە لەسەر دوو حیزب قەدەغە دەکات و لە پێوەندی لەگەڵ دارایی و سەرمایەی رێکخراوەکان بەپێی هەمان یاسا "تەنیا کۆنگرە" بڕیار دەدات لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتی حیزب لەگەڵ دارایی خۆیدا. ئەویش بە مەرجێک حیزب بڕیار بدات هەڵوەشێتەوە و ئەو کات هەموو داراییەکانی تەنیا دەبێ لەپێناو ئامانجەکانی رێکخراوەکەدا بەکار ببردرێت نەک وەک مامۆستا دەفەرموێ لە نێوان بەشەکانی یان ئەندامانی. حیزب مڵکی گشتییە و "شیرکەتی خسووسی نییە" بۆیە مڵکی گشتییش ناتوانێ لە نێوان چەند کەسێکدا دابەش بکرێن. بەپێی بەندی "ئا"ی ماددەی 6ی یاسای حیزبەکانی لوبنان[2] ناو و دروشمی هیچ حیزبێک ناشی بە هیچ شێوەیەک وەک ناو و دروشمی حیزبێکی دیکە بێت. هەروەها بەندی 2ی ماددەی 8ی یاسای حیزبەکانی ئەفغانستان[3] دوو حیزبی هاوناو و هاوئارم قەدەغە دەکات. بەپێی پاراگرافی 4ی یاسای حیزبەکان لە ئاڵمانیا (بووندێستاگ 2002) چالاکیی دوو حیزبی هاوناو و هاوچەشن لە باری بەرنامە و ئارمەوە قەدەغەیە. بەپێی بەندی "ئا"ی پاراگرافی 9ی یاسای حیزبەکان لە وڵاتی

یەمەن[4] دوو حیزب ناتوانن خاوەنی یەک ناو و نیشان بن.
ماددەی 7ی یاسای حیزبەکان لە کۆماری ئازەربایجان[5] (30 دیسامبری 2003) دوو حیزبی هاوچەشن و هاوناو قەدەغە دەکات. هەروەک لە نمونەکانی سەرەوەدا دەبینرێت بەپێی یاسای نزیک زۆربەی وڵاتان کەسێک ناتوانێ بێت و ناوی حیزبێک کە ئەکتیڤە و هەڵنەوەشاوەتە "چەواشەکارانە" بەکاربێنێ.

من لە وتارێکدا کە بەبۆنەی یادی دەساڵەی[6] هاتنەوەی دۆستانی ڕێبەرایەتی نووسیومە هۆیەکانی لایەنگری مامۆستا بۆ ئەو "یەکگرتنەوەیەم شیکردۆتەوە" بۆیە دووبارەکردنەوەی بە پێویست نازاندرێت.

مامۆستا لە بەشێک لە هەڤپەیڤینەکەی بۆ ئەوەی کە شانازیی سازکردنی دوژمنایەتی نێوان یەکێتیی نیشتمانی و حیزبی دێموکرات بە ناوی خۆیەوە تۆمار بکات دەڵێ: "دەڵێن لە مەنتیقەی یەکێتی 300 کەس کوژراوە بە دەستوری جەلال تاڵەبانی و دەسیسەی عەبدوڵڵا حەسەنزادە." ئەوە کە مامۆستا ئەو شەهیدانە بە "کوژراو" دەزانێ، هیوادارم بۆخۆی شیکردنەوەیەکی هەبێت، لانیکەم بۆ ئەوەی کە برینی قووڵی بنەماڵەی شەهیدان ژانئاوی تر نەبێت، بەڕێز حەسەنزادە دەبێ شیکردنەوەیەک بە بنەماڵەی ئەو خەباتکارانە بدات کە بوونە قوربانی سیاسەتی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی.
بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئیدعایەی جەنابی "سەروەر": دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ کاری سیاسی و بوونی زیاتر لە 40 ساڵ ئەزموونی بەشداری لە ڕێبەرایەتی حیزبدا سەیرە ئەگەر مامۆستا

جارێ هەڵوێستی ڕەسمی و "شایعات" لێک جیانەکاتەوە و ئەوەندە پەلە لە سازکردنی دوژمنایەتی نێوان دوو حیزبی برا و لە ڕابردوودا هاوسەنگەر دەکات، کە نیو ئەوەندە پەلە لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نەکات. کەس نالێ ئەگەر "بە فەرزی مەحاڵ" ئەو قسەیەی حەسەنزادە ڕاست بێت؟ لە ئاکامی دوژمنایەتی لایەنەکانی کوردی چ کەسێک جگە لە کۆماری ئیسلامی قازانج دەکات؟ نەکا "ڕەساڵەتی" ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێت و خەبات دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی "واجب تر" ببینێت؟

پاشان جەنابی حەسەنزادە وەک دۆنکیشۆت تەنانەت سێبەرەکەش لێی دەبێتە جێگای گومان، دەفەرموێ: "لە ئەورووپادا بڵاویانکردبووە کە هەموو عەمەلیاتی ئەنفال بە دەسیسەی عەبدوڵلا حەسەنزادە کراوە." مرۆڤ ئەگەر ئەفسانەش ساز بکات لانیکەم شتێک بڵێ کە شاهیدی زیندووی بۆ نەدۆزرێتەوە. لە سەردەمی کارەساتی ئەنفال مامۆستا حەسەنزادە بۆخۆی کادرێکی دەرەجەدووی حیزبی بوو و لە ئینتیشاراتی بۆڵی جگە لە ئەندامەتی دەستەی نووسەرانی کوردستان ئەرکێکی دیکەی نەبوو. نەکا "ئاواتی" مامۆستا خەریکە دەکرێتە "دەنگۆی خۆساز" بۆ ئەوەی کە ماوەیەک زۆرتر سەرنجی دەوروبەر بەرەولای خۆی ڕاکێشێ.

لە وەڵامی پرسیاری ڤین لە پێوەندی لەگەڵ "چەندایەتی" دابڕاوان لە حیزب مامۆستا دیسان فۆرمۆلێکی تازەی ئەژمێر دادەهێنێت، کە بۆ ئەوە دەبێت بەڕاستی ببێتە کاندیدی نۆبێلی "ریاضی". دەفەرموێ:

"له ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا کە کاک مستەفای هیجری بۆخۆی پرسیارەکان و وەڵامەکانیشی پێشتر نووسیبوو - وا دیارە مامۆستا ئیمدادی غەیبیشی هەیە، ئیمدادی غەیبی تەنیا لە بەرەکانی شەڕی ئێران و عێراق بە هانای لەشکەری ئێرانەوە هات، حەسەنزادەشیان لەبیرماوە - دەڵێت لە کۆمیتەی ناوەندیدا شەش کەسن و لە بەدەنەدا کەمتریش، یانی لە واقیعدا پێنج کەس". هەروەک دەبیندرێت بۆ مامۆستا خوێندنەوەی دروستی وشەکان زەحمەتە و "بەراوردی ماتماتیکی" بۆ زۆر قورسە. سادەترین مرۆڤ دەزانێت کاتێک کاک مستەفا دەڵی لە کۆمیتەی ناوەندیدا شەش کەسن واتە 26 لە سەدی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ دابڕاوان چووە و لە بەدەنەش لەو نیسبەتە زۆر کەمترە. بۆ ئەوەی کە مامۆستا ئاگاداری چاکتری لەسەر ڕادەی ڕاستی خۆی هەبێت ئاماژە بەوە لەوانەیە بەس بێت کە لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکا و ئوسترالیا ڕادەی ئەو کەسانەی کە ئەندامی حیزب بوون و وەدوای مامۆستا کەوتوون کەمتر لە 340 کەسە، ئەو ڕادەیە کەمتر ژمارەی ئەندامانی حیزب تەنیا لە یەکێک لە وڵاتانی سکاندیناڤییە کە هەروەک دەبیندرێت مامۆستا لە حیسابکردنی ئەو ڕاستییەدا لەگەڵ زەحمەت بەرەوڕوویە.

بە خوێندنەوەیەکی خێرای هەڤپەیڤینی بەڕێز حەسەنزادە کە پڕە لە "چەواشەکاری" و شتی دژبەیەک و دوور لە مەنتق. کە تا وردتر بکرێت ناوەرۆکی سادیسمی سیاسیی مامۆستا زۆرتر دەردەکەوێت. وەک کۆتاییش ئاماژە بە پرسیاری بەر لە دوایین پرسیار نیازی دابڕاوان ڕوونتر دەکاتەوە. لە وەڵامی پرسیاری "کەی کۆنگرە دەگرن و

سکرتێر بۆ حیزب هەڵدەبژێرن؟" مامۆستا وەک ئەوەی کە هەستی بە تاوانباری خۆی کردبێت دەفەرموێ: "هیچ ڕێبەرییەکی تازەمان هەڵنەبژاردووە و هەر ئەوانەن کە لە کۆنگرەی سێزدەدا دەرچوون، بەڵام پێمان خۆشە دەستمان ئاواڵە بێت و زوو بگەینە کۆنگرە." داخوا کەس هەیە نەزانێ کە ئێستا مامۆستا ڕۆڵی "ڕێبەر"ێک کە دەسەڵاتی لە سەرەوەی یاسایە دەگێڕێ و هەر ڕۆژ کەسێک دەبێتە کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی و لە ئۆرگانە جیاجیاکانی "گروپی خۆیدا" بەبێ هەڵبژاردن و بە شێوەی ئینتسابی دەبێتە خاوەن "پۆستی" بەخشراو. تا بەو شێوەیەش بڕوا دەستی مامۆستا لە چاندنی تۆی چەندبەرەکی لە نێوان حیزبە کوردستانییەکاندا ئاواڵەیە و تا کاری لەو چەشنە زۆرتر بێت کات ئەوەندە خێرا دەڕوا کە مەودای گەیشتن بە کۆنگرە هەست پێناکرێت. بەوەش مامۆستا دەتوانێ کەلتورێکی بەتەواوی باوکسالار لە نێوخۆیدا پەرەپێبدا و بەو جۆرە ژمارەیەکی زۆر لەو پتانسیەلەی کە دەیتوانی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا خزمەت بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانی حیزبەکەی بکات، بەفیڕۆ بدات.


سەرچاوەکان

[1] L 31.12.1986/1048 - HE:69/1986; L 24.11.1989/1007 - HE:158/1989; L 20.7.1992/653 - HE:57/1992 و ڕێکخراوەکانی فینلاند 26.5.1989/1503*

[2] kinghussein.gov.jo/pol-parties.html &

kinghussein.gov.jo/pol-parties.html

[3]
azadiradio.org/en/specials/elections/political
partylaw.pdf

[4]
scer.org.ye/english/politicalpartieslaw.htm

[5] venice.coe.int/docs/2004/CDL(2004)043-
e.pdf

[6]
dengekurd.com/index.php/2007/01/12/17.ht
ml

بەرگی هەوەڵی کتێبی ئەلەکترۆنی کۆتایی هات کە بریتییە نیزیک لە ٢٨٠ لاپەڕە بە نووسراو و مەقالاتی کۆ کراوە .
بەرگی دووهەمی ئەو نامێلکەیە لەبەر ئەوەی کێشەی باسکراو کۆتایی نە هاتووەو پێموایە ئەو هەویرە تا بلێی ئاو هەڵگرەوو بۆنەدامەتی گەلی کورد وا دیارە پلانێکی بەرین لە لایەن دوژمنانی داگیرکەری کوردستان دارژاوە ،هیوادارم وا نەبێت ! کە دەیانەوێت لە دژی پارتو ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بەگشتی و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی بەکاری بێنن. لەگەڵ هێندێک تێبینی و وڵام و چەند مەقالەو لێکۆڵینەوەیەکی دیکە، بەو زوانە لە بەرگێکی دیکەی دووهەمی ئەو کتێبەدا پێشکەشی هاوڕێیان و دۆستانو گشت خوێنەرانی کورد دەکرێت . بە هێوای ئەو ڕۆژە و سوود لێوەرگرتن .

سەعیدکاوە ( کوێستانی )
٢٥ مارسی ٢٠٠٧ ی زاینی
said.kurdland.com
خاکە لێوەی ١٣٨٦